حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو.

# رۆڵی نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام لەنێوان ساڵانی

# (٥٦٤-٦٦٢ك/١١٦٨-١٢٦٣ز)

**نامەیەکی ماستەرە لەلایەن:**

**ئاکۆ حەیدەر ئەکبەر**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست

**بە سەرپەرشتی:**

**پ. د. عطا عبدالرحمن محي الدين**

١٤٤٤ کۆچی ٢٠٢٣ زاینی ٢٧٢٣ کوردی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(ئاکۆ حەیدەر ئەکبەر) بە ناونیشانی (ڕۆڵی نەوەکانی ئەسەدەدین شیرکۆ لە ولاتی شام٥٦٤-٦٦٢ک/١١٦٨-١٢٦٣ز) بە چاودێری ئێمە لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو، پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: عطا عبدالرحمن محي الدين

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ٢٧/ ٢ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی. د. هاوار کمال میرزاعبدالله

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

ڕێکەوت: ٢٧ / ٢ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (ئاکۆ حەیدەر ئەکبەر) بە ناونیشانی (ڕۆڵی نەوەکانی ئەسەدەدین شیرکۆ لە وڵاتی شام٥٦٤-٦٦٢ک/١١٦٨-١٢٦٣ز)، گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (                ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست) پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: ئاراس فەریق زەینەل

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٥/٢

واژۆ:

ناو: رابعە فتاح شیخ محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٤/٣٠

واژۆ:

ناو: رسول ابراهیم رسول

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٤/٣٠

واژۆ:

ناو: عطا عبدالرحمن محي الدين

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٤/٣٠

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی- پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٦/٥

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە:

- بە ڕوحی باوکم، کە گیانی خۆی بەخشی لە پێناوی خاک و نیشتمان.
- بەیەکەم مامۆستای ژیانم (دایکی ئازیزم) هەم دایک و هەم ئەرکی باوکایەتی ئێمەی لە ئەستۆ بوو .
- بە هاوسەری ژیانم(دڵنیا عاصی).
- بە جگەرگۆشەکانم (ئـانـا و نمـــا).
- بە ڕوحی سەرجەم شەهیدانی خاک و نیشتمان.
- بە ڕوحی پاکی یەکەم مامۆستام (مامۆستا هوشیار)، کە هەمیشە بە چاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانیم.
- بە هەموو ئەوانەی خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە.
- بەسەرجەم مامۆستاکانم لە قۆناغەکانی خویندنم.

## سوپاس و پێزانین :

- سوپاسی بەڕێز (پ.د.عطا عبدالرحمن محی الدین) ئەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆگرت و یارمەتیدەرم بوو، سەرەنج و تێبینییەکانی هۆی سەرکەوتنی توێژینەوەکەم بوو.
- سوپاسی سەرۆکایەتی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلیمانی دەکەم، بەڕێزان (پ.د.پشکۆ حمە تاهیر عبدالرحمن ، پ.ی.د.هاوار کمال میرزا ) .
- سوپاسی سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانم دەکەم لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، بەڕێزان (پ.د.ئاراس فەریق زەینەڵ ، پ.د.شوان عثمان ، پ.د.صلاح کانەبی ، پ.د.کەیوان ئازاد ، پ.د.زریان حاجی ، پ.د.یاسین خالد)
- سوپاس بۆهاوسەری ئازیزم (م.دڵنیــا عاصی) ، کە هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرم بووە.
- هەردوو مامۆستای بەڕێز (م.اکرم عباس) و (م.سیوان محمد) و برازای ئازیزم (میعاد نەجات) ، کە لەماوەی خوێندنم و هەروەها نوسینی ئەم توێژینەوەیەشدا زۆر هاوکارم بوون.
- سوپاس سەرجەم هاوڕێیانم دەکەم لە بەشی مێژووی لە قۆناغی خوێندنی ماستەر، مامۆستایانی بەڕێز (ئامانج نعمت ، سەرکۆ ناجی ، نهاد جلال ، ئاشتی جمال ، شیرین صابر ، هێشو صلاح ، بەرهەم محمد ، ڕێکەوت عزیز ، بیلال حمە صالح).
- سوپاس سەرجەم سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم لە هەرقۆناغێکی خوێندنمدا یارمەتیدەرم بوون.

# ليستی هێما كورتكراوەكان

| هێما كوردییەكان | |
|---|---|
| لاپەڕە | ل |
| لاپەڕەكان | ل ل |
| چاپ | چ |
| بەرگ | ب |
| وەرگێڕان | و |
| ساڵی زاینی | ز |
| ساڵی كۆچی | ک |
| بێ ساڵی چاپ | ب.س |
| بێ شوێنی چاپ | ب.ش |

| هێما عەرببیەكان | |
|---|---|
| الصفحة | ص |
| الصفحات | ص ص |
| الطبعة | ط |
| جزء | ج |
| مجلد | مج |
| ترجمة | ت |
| تحقيق | تح |
| سنة ميلادية | م |
| سنة هجرية | هـ |
| دون طبعة | د.ط |
| دون سنة طبعة | د.س |
| دون مكات طبعة | د.م |

# ناوەڕۆک


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| شیکردنەوەی سەرچاوەکان | ٥ |
| دەروازە: کورتەیەک لەسەر ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکان ودەرکەوتنیان | ١١ |
| بەشی یەکەم :بارودۆخی سیاسی و سەربازی ولاَتی شام وسنوری قەڵەمڕەوی نەوەکانی اسدالدین شیرکو | ٢٦ |
| باسی یەکەم : بارودۆخی سیاسی و سەربازی شام لەنێوان ساڵانی(٥٦٧-٥٧٠ک/١١٧١-١١٧٥ز) | ٢٧ |
| تەوەری یەکەم : ململانێی نێوان صلاح الدین و نورالدین محمود | ٢٧ |
| تەوەری دووەم : بارودۆخی سیاسی ولاَتی شام لە دوای مردنی نور الدین محمود | ٣٠ |
| تەوەری سێیەم : هەوڵەکانی صلاح الدین بۆ یەکخستنی مصر وشام | ٣٣ |
| باسی دووەم :کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو و سنوری قەڵەمڕەوییان | ٣٩ |
| تەوەری یەکەم: کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو | ٣٩ |
| تەوەری دووەم : سنوری قەڵەمڕەوییان | ٥٠ |
| بەشی دووەم: ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو و ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی ولاَتی شام(٥٧٠-٥٨١ک/١١٧٤-١١٨٥ز) | ٦١ |
| باسی یەکەم : بارودۆخی ماڵباتی اسدالدین شیرکو دوای مردنی ناوبراو | ٦٢ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی ناصر الدین محمد لە ڕوداوەکانی ولاَتی شامدا | ٦٥ |
| تەوەری یەکەم: هەوڵەکانی ناصرالدین محمد بۆ دەسەلاَت | ٦٥ |
| تەوەری دووەم: ڕۆڵی سەربازی ناصرالدین محمد | ٦٧ |
| باسی سێیەم : مردنی ناصر الدین محمد(٥٨١ک/١١٨٥ز) | ٧٥ |
| بۆچوونی مێژوونووسان لەبارەی ناصر الدین محمدەوە | ٧٧ |
| بەشی سێیەم: ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو الثاني و کوڕ و نەوەکانی لە ولاَتی شام لە نێوان ساڵانی(٥٨١-٦٦٢ک/١١٨٥-١٢٦٣ز) | ٨٧ |
| باسی یەکەم : ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لە شام(٥٨١-٦١٥/١١٨٥-١٢١٨ز) | ٨٨ |
| تەوەری یەکەم:ڕۆڵی لە ڕووبەڕووبوونەوەی خاچییەکاندا | ٩٠ |
| تەوەری دووەم: ڕۆڵی لە ململانێی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دەسەلاَت | ٩٢ |
| تەوەری سێیەم:پەیوەندی لەگەڵ الملک العادل(٥٩٦-٦١٥ک/١١٩٩-١٢١٨ز) | ٩٥ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لەنێوان ساڵانی(٦١٥-٦٣٧ک/١٢١٨-١٢٤٠ز) | ٩٧ |
| تەوەری یەکەم: پەیوەندی لەگەڵ الملک الاشرف کوڕی الملک العادل (٦١٥-٦٣٥ک/١٢١٨-١٢٣٨ز) | ٩٧ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندی لەگەڵ الملک المعظم کوڕی الملک العادل (٦١٥-٦٢٤ک/١٢١٨-١٢٢٧ز) | ١٠٠ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ الملک الکامل کوڕی الملک العادل (٦١٥-٦٣٥ک/١٢١٨-١٢٣٨ز) | ١٠٣ |
| تەوەری چوارەم: پەیوەندی لەگەڵ سەلجوقییەکاندا | ١٠٦ |
| تەوەری پێنجەم:ڕۆڵی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتیدا | ١٠٨ |
| باسی سێیەم : الملک المنصور ابراهیم(٦٣٧-٦٤٤ک/١٢٤٠-١٢٤٧ز) | ١١٢ |
| تەروەری یەکەم: ڕۆڵی لە ڕووبەڕووبوونەوەی خوارزمییەکاندا | ١١٢ |
| تەوەری دووەم : پەیوەندی لەگەڵ صالح نجم الدین ایوب فەرمانڕەوای مصر | ١١٦ |
| باسی چوارەم : الاشرف موسى (الاشرف مظفرالدين ابوالفتح موسى) (٦٤٤-٦٦٢ک/١٢٤٧-١٢٦٣ز) | ١١٨ |
| تەوەری یەکەم : پەیوەندی لەگەڵ صالح نجم الدین ایوب فەرمانڕەوای مصر (٦٤٤-٦٤٧ک/١٢٤٧-١٢٥٠ز) | ١١٨ |
| تەوەری دووەم : پەیوەندی لەگەڵ (الملک ناصر)ی فەرمانڕەوای حەلەب(٦٤٤-٦٥٨ک/١٢٤٧-١٢٦٠ز) | ١٢٠ |
| تەوەری سێیەم : پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلەکان | ١٢٢ |
| تەوەری چوارەم : ڕۆڵی لە شەڕی عین جالوتدا | ١٢٦ |
| تەوەری پێنجەم : پەیوەندی لەگەڵ مەمالیکەکاندا | ١٢٨ |
| ئەنجام | ١٣١ |
| لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان | ١٣٣ |
| پاشکۆکان | ١٤٨ |
| پوختە | ١٥٩ |
| ملخص | ١٦١ |
| Abstract | ١٦٢ |

# پێشەکی

نەوەکانی (اسدالدین شیرکو) لقێکی گرنگ بوون لە نێو زنجیرە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی ئەیوبی، لە نێوان ساڵانی (٥٧٠_٦٦٢ك/١١٧٤-١٢٦٣ز) واتە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی گرنگی وڵاتی شامدا هەبووە، کە شاری حمص ناوەندی دەسەڵاتەکەیان بوو، لەماوەی فەرمانڕەوایەتییان دا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی شام، هەروەها لەڕووبەڕبوونەوەی خاچییەکان هەبووە، هەربۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بەڕۆڵی (کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو لە وڵاتی شام لە نێوان ساڵانی ٥٦٤-٦٦٢ك/١١٦٨-١٢٦٣ز).

**گرنگی توێژینەوەکە:** پسپۆڕانی مێژوو تاڕادەیەک لقێکی گرنگی نێو ئەم بنەماڵەیان فەرامۆش کردووە، کە ئەویش نەوەکانی (اسدالدین شیرکو)ی مامی (صلاح الدین)ە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵدراوە ئەو لقە گرنگە و ڕۆڵ و هەوڵەکانیان بە تایبەت لە شام باس بکرێت و بخرێتەڕوو، لە ڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی دەوڵەتەکەیان، وەک خاچییەکان و سەلجوقی و خوارزمیەکان، هەروەها ڕۆڵیان لە ململانێکانی نیوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبییەکان باسکراوە، جیا لەوانەش ڕۆڵی (اسدالدین شیرکوی دووەم) لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی باسکراوە .

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە** : هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، لە پێش هەموویانەوە حەزێکی تایبەتی توێژەر بۆ شارەزابوون لە ڕۆڵی نەوەکانی شیرکو لە شام، هەروەها تێبینی کراوە، سەرەڕای پێگەوگرنگی نەوەکانی شیرکو لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی شام لە سەدەکانی (٦-٧ك/١٢-١٣ز) هەتاوەکو هەنوکە لە چوارچێوەی نامەیەکی ئەکادیمی و بەتایبەت بە زمانی کوردیبایەخی پێنەدراوە، جگە لەوەی نوسینی و قسەکردن لە سەر ڕۆڵی مێژوویی کورد لە شام لەو قۆناغەدا پێویستییەکی گرنگی نێو کتێبخانەی ئەکادیمی کوردییە، هۆکارێکیشە بۆ خزمەتکردن بە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هەرکاتێک باسی بنەماڵەی ئەیوبییەکان دەکرێت، ڕاستەوخۆ خوێنەر یان گوێگر بیری بۆ لای (صلاح الدین) و نەوەکانی یان برا و برازاکانی دەچێت، هەر بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئەوە بخرێتە ڕوو لەنێو بنەماڵەی ئەیوبییەکان تەنها نەوەکانی (نجم الدین أيوب) ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکو شانبەشانی ئەوان کوڕ و نەوەکانی (اسدالدین شیرکو)ش ڕۆڵی گرنگیان لەم دەوڵەتەدا هەبووە، بەتایبەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش دروست بوونی دەوڵەتەکە، کاریگەری (اسدالدین شیرکو)مان بۆ دەردەکەوێت بە جۆرێک پێمان وایە ئەو لە جێی (صلاح الدین) دەبووە دامەزرێنەر و کاریزمای نێو مێژووی ئەیوبییەکان .

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بە پێی تایبەتمەندی و سروشتی توێژینەوەکە و بەو پێیەی توێژینەوەکەمان، باسکردنە لەکەسایەتی ودەسەڵاتدارەکانی سەر بەبنەماڵەی و ئەیوبی و بەتایبەتیش ڕۆڵی کوڕو نەوەکانی (اسدالدین شیرکو) لە ڕووی بەشداریکردنیان لە ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان، لەم ڕووەوە پشت بە ڕێبازی (میتۆدی مێژوویی ـ گێڕانەوە ــ وەصفی ـ شیکاری) بەستراوە، بەپشت بەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و نزیک لە ڕوداوەکان و وێرای بەکار هێنانی ژێدەری تایبەت بەم بوارە، بە تایبەتی لە شیکاری بیروڕا و دیدگا جیاوازەکان.

**گرفتی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ کارێک بەدەر نی یە لە گرفت و بە ئاسانی ئەنجام نادرێت، بە تایبەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی، بە تایبەت تریش توێژینەوەی مێژوویی، چونکە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی سەرچاوەکان کارێکی ئاسان نییە، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە، بەشێک لە مێژوونوسانی هاوسەردەم لایەنگر و بەشێکی تریشیان دژ بە دەسەڵات بوون، ئەمەش وادەکات تاڕادەیەک زانیاری دژ بەیەک لە هەمبەر ڕووداوەکان بخرێتەڕوو(بۆنمونە بۆچوونەکان سەبارەت بەمردنی ناصرالدین محمد)، هەروەها یەکێکی دیکە لە گرفتەکان ئەوەیە وەک ئاماژەمان پێکرد ئەم بنەماڵەیە تاڕادەیەک پەراوێزخراون جا بەمەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، لەوانەشەبە بەمەبەست پشتگوێ خرابن، چونکە وادەردەکەوێت ئەوان خۆیان لە(صلاح الدین) بەشایستە تر زانیوە بۆ فەرمانڕەوایەتکردنی دەوڵەتی ئەیوبی، ڕەنگە ئەوەش وایکردبێت لەلایەن مێژوونوسانەوە ڕادەیەک پشتگوێ خرابن، ئەو زانیاریانەش هەن لەسەریان پەرش و بڵاون و یەکخستن و کۆکردنەوەیان هەروا کارێکی ئاسان نەبووە .

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی(**بارودۆخی سیاسی و سەربازی وڵاتی شام و سنوری قەڵەمڕەوی کوڕ و نەوەکانی شیرکو)** ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم بەناونیشانی(**بارودۆخی سیاسی و سەربازی شام لەنێوان ساڵانی(٥٦٧-٥٧٠ک/١١٧١-١١٧٥ز)** ) خراوەتە ڕوو، کە لەو ماوەیەدا هەندێک ڕووداو ڕوویانداوە، شایەنی ئەوەیە لەسەریان بنوسرێت، لەوانە پەیوەندی نێوان (نورالدین محمود) و (صلاح الدين)، هەروەها مردنی دوا خەلیفەی فاطمی(العاضد لدين الله٥٥٥-٥٦٧ک/١١٦٠ز-١١٧١ز)، هەروەها مردنی (نورالدين محمود الزنكي) لە ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز)، کە وایکرد بارودۆخی سیاسی شام بە تەواوی تێکچوو، ئەویش بەهۆی هەوڵدانی دەسەڵاتداران بۆ گەیشتن بە پایەی دەسەڵات، هەروەها هەوڵەکانی (صلاح الدين) بۆ یەکخستنی مصر و شام دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی لێکەوتەوە. باسی دووەم بەناونیشانی (**کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو و سنوری قەڵەمڕەوییان)**.

ناونیشانی بەشی دووەم **(ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو و ڕۆڵی لە شام لە نێوان ساڵانی(٥٧٠-٥٨١ك/١١٧٤-١١٨٥ز) ).** ئەم بەشە بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە: باسی یەکەم: تایبەتکراوە بە **(بارودۆخی ماڵباتی اسدالدین شیرکو لەدوای مردنی ناوبرا)**لە باسەدا گۆڕانی هەڵوێستی (نورالدین محمود)باسکراوە و تیایدا هۆکارەکانی گۆڕینی هەڵوێستی باسکراوە بەرامبەر کوڕی نزیکترین کەسی باوەڕپێکراوی، کە ئەویش (ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو) بوو، کە دوای مردنی (شیرکو) سەرجەم ناوچەکانی لە کوڕەکەی وەرگرتەوە و هەروەها خستبوویە ژێر چاودێریەوە، هەر لەم باسەدا تیشک خراوەتە سەر منداڵەکانی دیکەی شیرکو (کوڕ و کچەکانی)، کە پێکهاتوون لە کوڕ و کچێک.

باسی دووەم لە ژێر ناونیشانی **(ڕۆڵی سیاسی و سەربازی ناصر الدین محمد لە ڕوداەکانی وڵاتی شامدا)** لەم باسەدا هەوڵەکانی (ناصرالدین) بۆ دەسەڵات خراوەتە ڕوو، بەو پێیەی (ناصرالدین) خۆی بە شایستەتر لە (صلاح الدین) بۆ دەسەڵات زانیوە و هەوڵیشی بۆ داوە، هەروەها ڕۆڵی سەربازیشی لە شام باسکراوە، لەڕووی پاراستنی (صلاح الدین) و هەروەها هەڵمەتەکانی سەر موصڵ، کە بریتی بوون لە سێ هەڵمەت، کە لە هەرسێ هەڵمەتەکەدا بەشدار بووە شان بە شانی ئامۆزاکەی، ناونیشانی باسی سێیەمیش (**مردنی ناصر الدین محمد**(**٥٨١ك/١١٨٥ز**))ە، ئەم باسە تایبەتکراوە بەمردنی (ناصرالدین محمد)، چونکە لە مێژوودا تا ئێستاش مشت و مڕی لەسەرە و جێگەی گومانە، بەجۆرێک مێژوونوسان دابەش بوون بەسەر دوو گروپدا و گروپێکیان پێیان وایە (صلاح الدین) دەستی لە کوشتنیدا هەبووە و گروپێکی تریان ئەو بۆچوونە بە تۆمەت دەزانن و بەرگری لە (صلاح الدین) دەکەن، ئێمە لەم باسەدا بە بەڵگەی مێژوویی شیکردنەوەمان بۆ ئەو ڕووداوە کردووە .

بەشی سێیەمیش : بەناونیشانی **(ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی (اسدالدین شیرکو الثاني) و کوڕ و نەوەکانی لە وڵاتی شام لە نێوان ساڵانی**(**٥٨١-٦٦٢ك/١١٨٥-١٢٦٤ز**) **)**ئەم بەشە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم بەناونیشانی **(ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لە شام**(**٥٨١-٦٦٢/١١٨٥-١٢٦٤ز**) **)** لەم باسەدا ڕۆڵ و پێگەی(اسدالدین شیرکو الثاني) (ئەسەدەدین شێرکۆی دووەم) باسکراوە لە شام لەو ماوەیەدا ، زیاتر ڕۆڵی لە ململانێکانی ناوخۆی ئەیوبییەکاندا هەبووە دوای کۆچی دوایی (صلاح الدین)، باسی دووەمیش بەناونیشانی **(ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لەنێوان ساڵانی**(**٦١٥-٦٣٧ك/١٢١٨-١٢٤٠ز**)**)** لەم باسەدا جگە لەوەی ڕۆڵی هەبووە لە ململانێی نێوان کوڕەکانی (الملك العادل)و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی شام و ڕوبەڕوو بوونەوەی خاچییەکان و سەلجوقییەکان و هەروەها ڕۆڵی لە بواری ئاوەدانکرنەوە و کۆمەڵایەتیشدا هەبووە .

باسی سێیەم لە ژێر ناونیشانی **(الملک المنصور ابراهیم٦٣٧-٦٤٤ک/١٢٣٩-١٢٤٦ز)** ئەم باسە تایبەتکراوە بە ڕۆڵێ (الملک المنصور) لە ڕووبەڕوو بوونەوەی خوارزمییەکان و پاراستنی حەلەب، چونکە لەو ماوەیەدا دا چەندین جار خوارزمییەکان بە هاوکاری بەشێک لە میرەکانی ئەیوبییەکان هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی حەلەبیان داوەو ( الملک المنصور ابراهیم) توانیویەتی زۆر سەرکەوتوانە حەلەب بپارێزێت لە داگیرکاری خوارزمییەکان .

ناونیشانی باسی چوارەمیش**(الاشرف موسی (الاشرف مظفرالدین ابوالفتح موسی)** (٦٤٤-٦٦٢**ک/١٢٤٧-١٢٦٤ز) )** ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ دواین میری بنەماڵەی شیرکو، لەم باسەدا تیشک خراوەتە سەر پەیوەندییەکانی (الاشرف موسی) بە میرەکانی تری ئەیوبییەکان، و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلەکان باسکراوە لەگەڵ ڕۆڵ و گرنگی هەلوێستی لە شەڕی عین جالوت، هەروەها باس لە پەیوەندی (الاشرف موسی) کراوە لەگەڵ مەمالیکەکانی مصر.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی، کە لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین بە خاڵ و بە کورتی باسکراوە و نوسراوە .

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سودمان لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن (المصادر) و هەروەها کۆمەڵێک ژێدەر (المراجع) بینیوە و لێرەدا بە پێویستی دەزانین شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ بەشێک لەو سەرچاوانە بکەین، کە زۆرترین سودمان لێ بینیون، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین سەرچاوەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەبن :

**یەکەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان (المصادر).**

**دووەم/ ژێدەرەکان ( المراجع).**

**یەکەم : سەرچاوە ڕەسەنەکان ( المصادر)**

بەو سەرچاوانە دەوترێن، کە هاوسەردەم یان نزیک لە ڕووداوەکانن، بێگومان ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەیەکی زانستی بنوسین پێویستە گرنگییەکی زۆر بە سەرچاوە ڕەسەکان بدەین، چونکە ئەم جۆرە سەرچاوانە بە کۆڵەکەی سەرەکی توێژینەوەی زانستی دادەنرێن، بەتایبەتی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم سەرچاوانەش بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبن بە پێی ئەو شێوازەی لە نوسەرەکان نوسینەوەی کتێبەکانیاندا پەیڕەویان کردوە، لێرەدا باسیان دەکەین:

**١/ سەرچاوە مێژووییە گشتییەکان:**

ئەم سەرچاوانە بە ناوەکانیانەوە دیارن ئەوانەن بە شێوەیەکی گشتی بایەخیان بە نوسینی تەواوی ڕوداوەکانی مێژووی جیهان داوە، لە نێویشیاندا زۆرینەی مێژووی ئیسلام نوسراوەتەوە تا ئەو سەردەمەی نوسەرەکەی تێدا ژیاوە، لەم جۆرە سەرچاوانەدا نوسەران شێوازی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە لە نوسینەوەی کتێبەکانیاندا، هەندێکیان ڕووداوەکانیان بە شێوەی ساڵ و بە زنجیرەی یەک لەدوای یەک نوسیوە، نمونەش کتێبی ( الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير م:٦٣٠ک/١٢٣٢ز)، ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی، کە سودی زۆری بەم توێژینەوەیە گەیاندووە، ئەگەرچی ئێمە پێمان وایە (ابن الأثير) لە نوسینەکانیدا جۆرێک لە دژایەتیکردنی (صلاح الدين) و لایەنگری زەنگییەکان هەیە، کە ئەمەش کتێبەکەی گرنگتر کردوە، چونکە ئەو جیاوازییەی لە نوسینەکانیدا هەیە وا لە توێژەر دەکات زیاتر بە دواداچوون بۆ ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان بکات و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، بەڵام ئەوی جێگەی سەرەنجە و هەندێک جار وامان لێدەکات ڕەخنە لە (ابن الأثير) بگرین ئەوەیە هەندێک زانیاری نهینی نێو کۆبوونەوەکانی ئەیوبییەکانی گێڕاوەتەوە کە خۆی لەوێ نەبووە، لەوانە گفتو گۆی نهێنی نیوان (نجم الدين أيوب) و کوڕەکانی لە ساڵی (٥٦٨ک/ ١١٧٢ز) لە مصر ئەوکاتەی باسی ئەوەیان کردبوو چۆن ڕووبەڕووی (نورالدين محمود الزنكي) ببنەوە لە ئەگەری هێرشکردنە سەر مصر، (ابن الأثير) باسی ئەو گفتوگۆ و مشت ومڕەی کردووە لەوێدا ڕوویداوە بێ ئەوی باسی ئەوەی کردبێت ئەو زانیارییانەی لەکێ وەرگرتووە، هەروەها لە بابەتی مردنی (ناصرالدين محمد کوڕی شیرکو)دا بە ئاشکرا (صلاح

الدين)ی تاوانبار کردووە، جگە لەوەش باسی ئەو سەرچاوانە یان ئەو کەسانەی نەکردووە، کە زانیارییەکانی لێوەرگرتوون، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەیری کتێبەکانی (ابي شامة ، ابن واصل یان ابن خلكان ...) بکەین دەبینین ئاماژەیان بەو سەرچاوانە کردووە کە لێیان وەرگرتوە.

یەکێکی تر لەو کتێبانەی سودی زۆرمان لێبینووە کتێبی (مرآة الزمان فی تأريخ الأعيان)ی (سبط ابن الجوزی م:٦٥٤ک/١٢٥٦ز)، کە سەرچاوەیەکی بەسودە و وردەکاری باشی تیایە بۆ توێژینەوەکەمان . هەروەها کتێبی (الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية)ی (ابي شامة م:٦٦٥ک/١٢٦٦ز)، ئەم کتێبە یەکیکە لە سەرچاوە گرنگ و بەسودەکان لە بواری مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی و زەنگی، (ابي شامة) خۆی هاوسەردەمی ئەیوبییەکان بووەو لە نزیکەوە دەسەڵاتدارانی ئەیوبی بینیووە، زۆرترین زانیاری بەنرخی لەمەڕ ئەم دوو دەوڵەتە باس کردووە، ئەوەی وای کردووە ئەم کتێبە زیاتر بەهادار بێت بوونی چەندین نامەی گرنگی (القاضي الفاضل م:٥٩٦ک/١١٩٩ز)ی لە کتێبەکەیدا پاراستووە، کە بۆدەسەڵاتدارانی ئەیوبی ناردوە، بەتایبەت بۆ (صلاح الدین)، جگە لەوەش هەر لەڕێی ئەم کتێبەوە ئەوە زانراوە کتێبی ( البرق الشامی) (عماد الكاتب م: ٥٩٧ک/١٢٠٠ز) حەوت بەرگ بووە، بە داخەوە لە ئێستادا تەنها بەرگەکانی سێ و پێنجی ماوەتەوە، جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی (عماد الكاتب)ی گواستوەتەوە و لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردوە ئەو شیعرە بۆچی مەبەستێک نوسراوە . هەروەها یەکێکی تر لەو نوسەرانەی (أبي شامة) زانیارییەکانی لێوەگرتوە ( ابن ابي طي الحلبي) (٦٣٢ک/١٢٣٤ز).

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی بۆ توێژینەوەکە سودی لێوەرگیراوە کتێبی ( مفرج الكروب في اخبار بني ايوب)ی ( أبن واصل م : ٦٩٧ک/١٢٩٧ز)ە، کە وردەکاری زۆری باسکردوە، هەروەها ئەوەی وایکردوە ئەم کتێبە زیاتر لایەنی زانستی پێوە دیار بێت ئەوەیە، (ابن واصل) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا زیاتر لە دەقێکی بەکار هێناوە و بەراوردی کردون و ڕاستترینیانی هەڵبژاردوە.

هەروەها سەرچاوەی دیکە زۆرن، کە نوسەرەکانیان ئەم شێوازەیان پەیڕەو کردوە، لەوانە: کتێبی (المختصر في اخبار البشر)ی (ابي الفداء م:٧٣٢ک/١٣٣١ز)، وەکو کتێبی(دول الأسلام و العبر في خبر من الغبر)ی (الذهبي م:٧٤٨ک/١٣٤٧ز)و (البداية و النهاية)ی (ابن كثير م: ٧٧٤ک/١٣٧٣ز)، هەروەها یەکێکی دیکە لە کتێبەگرنگەکان ( تاريخ ابن خلدون)ی مێژوونوس (ابن خلدون م:٨٠٨ک/١٤٠٥ز)، هەوەرها کتێبی( السلوک لمعرفة دول والملوک و أتعاظ الحنفاء)ی (المقريزي م:٨٤٥ک/١٤٤١ز) و (النجوم الزاهرة)ی (ابن تغري بردي م:٨٧٤ک/١٤٦٩ز)کە یەکێکی لە کتێبەگرنگەکانی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەماندا، ئەگەرچی ئەم نوسەرانە هاوسەردەمی ئەیوبییەکان نەبوون، بەڵام زانیاری گرنگی خستوەتە ڕوو.

**٢/ کتێبی ژیاننامەکان:**

مەبەست لەم سەرچاوانە ئەو کتێبانەن باسی ژیان و سەربوردەی کەسایەتییە مێژووییەکانیان کردووە، لە توێژینەوەی مێژووییدا ئەم سەرچاوانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەهۆی ئەوەی توێژینەوەی مێژوویی هەمیشە پڕن لە باس و خواسی کەسایەتییەکانی نێو مێژوو، بەتایبەت بۆ ئەم توێژینەوەیە ، چونکە تایبەتە بە باسکردن و ڕۆڵی کەسایییەتی ودەسەڵاتدارانی حمص لەسەردەمی ئەیوبییەکاندا، هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدا چەندین کەسایەتی و دەسەڵاتداری دیکە باسکراون.

گرنگترین سەرچاوەیش لەم بوارەدا سودی زۆرمان لێبینیوە کتێبی (النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية_ سيرة صلاح الدين الأيوبی)ی مێژوونوس (ابن شداد م : ٦٣٢ک/١٢٣٤ز)، ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی بەتایبەت لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم توێژنەوەیەدا سودی زۆری لێ بینراوە، بەتایبەت لە ڕوداوەکانی شام و پەیوەندییەکانی نێوان (ناصرالدين محمد و صلاح الدين)دا، هەروەها کتێبی (تراجم رجال القرنين السادس و السابع)، کەناسراوە بە(ذيل على الروضتين)ی (ابي شامة) ئەم کتێبە زیاتر لە باسی مردنی کەسایەتییەکان سودی لێوەرگیراوە، هەورەها کتێبی (وفيات الأعيان وأنباء ابناء الزمان)ی ( ابن خلكان م : ٦٨١ک/ ١٢٨٣ز)، ابن خلكان) یەکێکە لەو مێژوونووسانەی زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕەگ و ڕچەڵەکی ئەیوبییەکان و هەروەها نەوە یەک بەدوای یەکەکانی ئەیوبییەکانی کردوە، بۆیە ئەم کتێبە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە، بەتایبەت لە باسی ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکان هەرلە دوینەوە تا شام .

یەکێکی دیکە لە گرنگترین ئەوسەرچاوانەی بواری ژیاننامە تایبەت بە بابەتەکەی ئێمە کتێبی (شفاء القلوب في مناقب بني ايوب)،ی ( احمد الحنبلي م: ٨٧٦ک/١٤٧١ز)یە بەناوی ئەم کتێبە زۆرترین زانیاری تێدایە سەبارەت بەنەوەکانی (شیرکو)، بەجۆرێک هەندێک نەوەی ئەم بنەماڵەی باسکراوە، کە لە هیچ سەرچاوەیەکی پێش خۆیدا باس نەکراوە، بۆیە ئەم کتێبە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە .

**٣/ سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی شارەکان:**

ئەم سەرچاوانەش زانیاری گرنگ و پڕبایەخیان تێدایە لە بارەی مێژووی شارەکانەوە، گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ توێژەر، چونکە نوسەرانی ئەم بوارە بە وردی باسی مێژووی شارەکانیان کردوە، چونەتە قوڵایی مێژووی ئەو شارانەی باسیان کردوون، تەنانەت باسی شارەکانی دەور و بەریشیان کردوە، یەکێک لەو کتێبانەی لەم بوارەدا نوسراوە کتێبی ( تاريخ دمشق)ی (ابن عساكر م :٥٧٠ک/١١٧٤ز)، ئەم کتێبە لە بەشی یەکەمدا و بەتایبەت لە باسی دووەم بۆ باسکردن لە بارودۆخی سیاسی شام سودی لێ بینراوە.

هەروەها كتێبی ( زبدة الحلب من تاريخ حلب)ی ( ابن العديم  م : ٦٦٠ك/١٢٦٢ز) زانیاری گرنگی باسكردوە بەتایبەت لە پەیوەندییەكانی نێوان دەسەڵاتدارانی حەلەب لە گەڵ میرو سەركردەكانی دەور و بەر لە نێویشیاندا پەیوەندییەكانییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حمص . یەكێكی تر لە سەرچاوە بەنرخەكانی بواری مێژووی شارەكان كە سودی زۆری لێ بینراوە لە نوسینەوەی توێژینەوەكەدا كتێبی (الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة)ی (ابن شداد م: ٦٨٤ك/ ١٢٨٥ز)ە .

## ٤/ كتێبی گەڕیدە و وڵاتناسان:

ئەم سەرچاوانە گرنگییەكی تایبەتیان هەیە لە نوسینی توێژینەوەی مێژووییدا، كەبە بەهیچ جۆرێك ناكرێت پشتگوێ بخرێن، چونكە زانیاری زۆر گرنگییان تێدایە لە بارەی جوگرافیا و قەڵا و شوێن و شارە مێژووییەكانی چوارچێوەی توێژینەوە مێژووییەكان، كە نوسەرەكانیان خۆیان سەردانیان كردوون، بە جۆرێك هەندێك قەڵا و شار و شوێنی مێژوویی هەیە لە ئێستادا شوێنەوارییان نەماوە، كەچی لەم سەرچاوانە دا باسكراون و زانیاری تەواویان لەبارەوە خراوەتە ڕوو، هەربۆیە سودی زۆریان بۆ توێژینەوە مێژووییەكان هەیە.

لە گرنكترین كتێبەكانی گەڕیدە و وڵاتناسەكان، كە ئیمە سودی زۆرمان لێ بینیون و بە پلەی یەكەم پشتمان پێ بەستوە لە ناساندنی شوێنە مێژووییەكان، كتیبی گەڕیدە و وڵاتناسی سەدەكانی ناوەڕاست(معجم البلدان)ی (ياقوت الحموي م: ٦٢٦ك/١٢٢٩)، هەروەها سودمان لە هەندێكی كتێبی تری ئەم بوارە وەرگرتوە، لەوانە كتێبی ( صورة الارض)ی ( ابن حوقل م: ٣٦٧ك / ٩٧٧ز) ئەگەر چی ئەم نوسەرە نزیكەی دوو سەدە پێش چوارچێوەی سەردەمی توێژینەوەكەی ئێمەیە، بەڵام پشتگوێمان نەخستوە، هەروەها كتێبی ( رحلة ابن جبير)ی ( ابن جبير م : ٦٢٤ك / ١٢٢٧ز). هەروەها كتێبی ( تقويم البلدان)ی ( ابي الفداء).

## ٥/كتێبە ئەدەبییەكان:

ئەگەرچی نوسەرانی ئەم بوارە زۆرجار لە ژێر كاریگەری سەركردەیەك یان ڕۆداوێك هۆنراوەكانیان دەنوسن، بەوەی زۆر جار شاعیران و ئەدیبان بە هۆنراوەكانیان ستایشی ئازایەتی سەركردەكان یان باسی سەركەوتنەكان و یان باسی زوڵم و زۆر و وێرانكارییەكانی دوژمنانیان كردوە، زۆر جاریش كارەساتە سروشتییەكانیان بەهۆنراوە گێڕاوەتەوە، بەڵام دەكرێت سودییان لێ ببینرێت، یەكێك لەو شاعیرانەی هۆنراوەی زۆری نوسیوە لە بواری ستایشی سەركردەكانی ئەیوبییەكانی، ( عماد الكاتب)ە، كە(ابي شامة) بەشیكی زۆری شیعرەكانی لە كتێبەكەیدا (الروضتين) نوسیوە، هەروەها (حسان بن نمير، م : ٥٦٧ك/١١٧١ز) یەكێكی دیكەیە لەو شاعیرانەی سودمان لە دیوانەكەی ( ديوان عرقلة الكلبي) وەرگرتوە، كە لە چەند هۆنراوەیەكدا باس و ستایشی كورەكانی اسدالدين شيركو ( فتح الدين و ناصرالدين محمد)ی كردوە.

**دووەم: ژێدەرەکان ( المرجع):**

ئەم کتێبانەش بەشێکی گرنگی توێژینەوەی زانستین، ئێمەش پشتمان بەچەندین ژێدەری بەنرخ بەستووە، کە سودیان بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆر جار دەستمان بە هەندێک لەسەرچاوە ڕەسەنەکان ناگات، بۆیە ناچارین پەنابەرینە بەر بەکارهێنانی ژێدەرە نوێیەکان، یاخود هەندێکجار ئەم ژیدەراانە شیکردنەوەیان بۆ هەندێک بابەت و ڕوداو کردوە کە دەکرێت سودیان لێوەربگیرێت.

لە نمونەی ئەوانەش، (مملكة حمص في العصر الأيوبي و العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية و العلاقات الدولية في عصر الحروب الصليبية)ی مێژوونوس (منذر الحايک)، ئەگەرچی ئێمە تێبینیمان لەسەر هەندێک بۆچوون و شیکردنەوەی (منذر الحايک) هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا زانیاری گرنگی خستووەتە ڕوو، هەروەها بەهۆی ئەوی خۆی بە ڕەچەڵەک کوردە و خەڵکی شاری حمصە، یەکێکە لەو مێژوونوسانەی زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر شاری حمص کردوە، بەتایبەت لە سەردەمی فرمانڕەوایەتی نەوەکانی (شیرکو)دا، ئەوەشی لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (مملكة حمص في العصر الأيوبي) زانیاری گرنگی لەبارەی ئەم بنەماڵەیەوە خستوەتە ڕوو، هەر بۆیە لەنێو ژێدەرە نوێیەکاندا سودێکی زۆرمان لەم کتێبە بینیووە، بەڵام ئەگەر سەرەنج بدەینە کتێبی(العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية)، ئەو زانیاریانەی لەسەر نەوەکانی( شیرکو) باسی کردون لەم کتێبەیدا هەمان زانیارییەکانی نێو کتێبی پێشوون، بەڵام لە بابەتی کێشە و ململانێ نێوخۆییەکانی نێو ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نەوەکانی (شیرکو) سودمان لێوەرگرتوە.

هەروەها سودمان وەرگرتووە لە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی ) مێژوونووسی کورد (محمد امين زكي م : ١٣٤٥ک/١٩٤٨ز)، و یەکێکی تر لەوکتێبە گرنگانەی بەتایبەت لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا سودمان لێوەرگرتوە کتێبی(ئەسەدەدین شیرکو ژیاننامەوڕۆڵی لە شەڕی خاچییەکاندا)، کە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە (عطا عبدالرحمن محي الدين) نوسیویەتی، هەروەها کتێبی (الأيوبيون و الممالك في مصر والشام)ی (سعيد عبدالفتاح عاشور) سودێکی زۆری لێوەرگیراوە، یەکێکی دیکە لەو ژێدەرانەی لە بواری مێژووی ئەیوبییەکان سودی لێوەرگیراوە کتێبی (تاريخ الأيوبيون في مصر وبلاد الشام واقليم الجزيرة)ەی (محمد سهيل طقوش)ە، هەروەها کتێبی (الأيوبيون بعد صلاح الدين)ی (علي محمد صلابي)یەکێکی ترە لەو ژێدەرە نوێیانەی سودی باشی هەبووە بۆ توێژینەوەکەمان، چونکە لەم کتێبە زۆر بە جوانی ململانێ نێوخۆییەکانی ئەیوبییەکانی باس کردوە، لەنێویاندا ڕۆڵی نەوەکانی شیرکوش باسکراوە.

**نامە زانستییەکان ( نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و توێژینەوە زانستییەکان):**

ئەم سەرچاوانە دەکرێت سودی باشیان هەبێت بۆ توێژەر لە زۆر ڕووەوە، لەوانە دەتوانرێت سود لە ئەزموونەکانیان وەربگیرێت، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە بە زۆر سەرچاوەی گرنگ ئاشنا بین و دەستیان بخەین، ئێمە لەنوسینەوە ئەم توێژینەوەیەماندا سودمان لە چەندین توێژینەوەی پێش خۆمان وەرگرتوە، لەوانە توێژینەوەکەی (غالب محمود سمين) بەناونیشانی (الصراع على السطة في البيت الأيوبي بعد صلاح الدين و اثره في الحروب الصليبية)، کەنامەیەکی ماستەرە زیاتر لە باسی پەیوەندی ململانێکاندا سودی لێوەرگیراوە.

پێش ئەم توێژینەوەیە هەندێک توێژینەوە کراوە، کە باسی نەوەکانی شێرکۆیان کردووە، بۆ نمونە (رشيد عبدالله الجميلي)، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (حمص في العصر الامراء الايوبييون) لە ژمارە(١٠)ی (مجلة المؤرخ العربي) دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها توێژینەوەکانی (عطا عبدالرحمن محي الدين) گرنگترینیان (نەوەکانی شیرکو لە وڵاتی شام، ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لە سەردەسەڵات ، نجم الدين أيوب، مجاهدالدين بهروز الخادم حياته وعلاقته بالأيوبيين)، جگە لەمانەش کتێبی (دراسات عن الأسر و الشخصيات الكوردية في العصور الاسلامية)ی(فائزة محمد عزت)، کە سودی زۆری لێوەگیراوە، بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی (اسدالدين شيركو الثاني) لەگەڵ مەغۆلەکان و سەلاجیقەی ڕۆم، ئەم توێژینەوانە زیاتر بەشێوەیەکی گشتی باسیان لە نەوەکانی (اسدالدين شيركو) کردووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی وردتر ڕۆڵ و کاریگەرییان باسکراوە لە ڕووی پەیوەندیەکان و شەڕ و ململانێ سیاسییەکان و بواری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و ئاوادانیدا.

## دەروازە: کورتەیەک لەسەر ڕەگ و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئەیوبییەکان و دەرکەوتنیان:

ئەیوبییەکان بنەماڵەیەکی کوردی ڕەسەنن و لە تیرەی (ڕەوادی) سەر بە هۆزی گەورەی (هەزبانی)[1]بوون، لەم بارەیەوە (ابن خلكان٦٨١ک/١٢٨٢ز)، کە یەکێکە لەو مێژوونوسانەی زۆرترین زانیاری لەبارەی ئەیوبییەکانەوە نوسیووە، (ابن خلكان)و کۆمەڵە مێژوونوسێکی دیکە لەسەر ئەوە کۆکن ئەیوبییەکان نەوەی (شادی کوڕی مەروان)ن و لە بنەڕەتدا لە کوردانی ڕەوادین و سەر بە هەزبانییەکانن، لەکاتێکدا هەندێک لە مێژوونوسانیش بە(ڕەوەند)یش ناویان بردون، خەڵکی ناوچەی (دوین)[2]بوون، هەروەها دەوترێت ئەم بنەماڵەیە خەڵکی گوندێکن بەناوی (ئەجدانقان)[3] تەواوی خەڵکی ئەم گوندە لە کوردە ڕەوادییەکان بوون، (نجم الدين أيوب)ی باوکی (صلاح الدين) لەم گوندە لە دایک بووە[٤]، بەڵام (ابن ابي طي٦٣٢ک/١٢٣٤ز) [5] ئاماژەی بەوە کردووە (نجم الدين أيوب) لەگوندێک لەدایک بووە بەناوی(سجستان) [6]، بەڵام باسی لەدایک بوونی

---

(١) لە ساڵی (٢٩٣ک/٩٠٦ز) کوردە هەزبانییەکان بەسەرکردایەتی(محمد کوڕی بلال) لە (ابو الهجاء الحمداني) هەڵگەرانەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو لە سەرەتای ساڵی (٣٩٤ک/١٠٠٤ز) (ابو الهجاء) بەهاوکاری خەلیفەی عەباسی توانییان کوشتیارێکی زۆر لە هەزبانییەکان بکەن، بۆیە ئەوانیش ناچار بوون هەڵاتن بەرەوە چیای قەندیل، دواتر بەشێکیان ڕۆیشتن بۆ ئازەربایجان، میرنشینی ڕەوادییان دامەزراند، ئەیوبییەکانیش لەبنەڕەتدا دەچنەوە سەر ڕەوادییەکان .(بڕوانە : مسكوية : تجارب الأمم وتعاقب الهمم ، تح: سيد كسروي حسن ، ط١ ، دارالكتب العلمية ، (بيروت–٢٠٠٣م)ج٤/ص٤٢١ ؛ ئاکۆ بورهان محەمەد : میرنشینەکوردییەکانی سەردەمی عەباسییەکان، چ٢، چوارچرا، ( سلێمانی – ٢٠٢٠ز)، ل٢٠٧).

(٢) دوین : شارێکە لە دەوروبەری ئاران لە کۆتای سنووری ئازەربایجان لە نزیک تەفلیس . ( ياقوت الحموي : معجم البلدان، دارالصادر، (بيروت – ١٩٧٧م )، مج٢ / ص ٤٩١)

(٣) ئەجدانقان : گوندێکە دەکەوێتە دەروازەی شاری دوین . (ابن خلكان : وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان ، تح : احسان عباس دارالصادر،( بيروت – ١٩٧٨)، مج٧/ ص ١٣٩).

(٤ ) وەرگیراوە لە : ابن شداد : النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية ، تح : الدكتور جمال الدين الشيال ، ط٢ ، مطبعة الخانجي ، ( القاهرة –١٩٩٤م ) ، ص٣١ .

(٥) ابن ابي طي:مێژوونووسێکی هاوسەردەمی (صلاح الدين)بووە، چەندین کتێبی لە بواری مێژوودا نوسیوە، یەکێک لەو کتێبانەی(كنز الموحدين في سيرة صلاح الدين)ە، ئەو کتێبەیە، کە(ابی شامة) ناوی هێناوە، بەڵام هەموو بەرگەکانی ئەم کتێبە ون بوونە، تەنها ئەو زانیارییانەی نەبێت، کە (ابي شامة و ابن الفرات) زانیارییەکانیان لێوەرگرتوە. (ابي شامة: الروضتين في اخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ط١، دارالكتب العلمية، (بيروت–٢٠٠٢م)، ج١/ص ص٦٩–٧٠ ؛ موحسن موحەمەد حوسێن: سوپای ئەیوبییان لە سەردەمی سەلاحەدیندا، و:عوثمان علی، چ٢، مطبعة مطابع المستقبل، (لبنان–٢٠١٤ز)، ل٣٠.

(٦)ابن خلكان : وفيات الاعيان ، مج١/ ص ٢٦١ ؛ الحنبلي: شفاء القلوب في مناقب بني ايوب، تح : وزارة الثقافة ، د.ط، (بغداد–١٩٧٨م)، ص ١٩ ؛ الزركلي: قاموس الأعلام تراجم لأشهر الرجال والنساء العرب و المستعربين و المستشرقين، ط٧، دار العلم للملايين، (بيروت–١٩٨٦م)، ج٥/ ص٣٨ ؛ حسين شاكر : کورد لە کتێبی (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان)ی ابن خلكان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، (هەولێر–٢٠١٦ز)، ل١٠٨.

(شیرکو) نەکراوە، کە لە کوێ لەدایک بووە، پێدەچێت ئەویش هەر لە دوین لەدایک بووبێت، چونکە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس لەوە نەکراوە کە ئەم بنەماڵەیە لە شوێنی تر ژیابن.

(ابن کثیر٧٧٤ک/١٣٧٢ز)یش پێی وابووە سەر تیرەی زەرزارین و نوسیویەتی (ئەیوبییەکان لە تیرەی زەرزارییەکانن، زەرزارییەکانیش سەر بە هۆزی گەورەی هەزبانی کوردین)[١]، کەواتە لە هەردوو بارەکەدا دەتوانین بڵێین ئەیوبییەکان دەچنەوەی سەر هۆزی گەورەی هەزبانی کوردی، بەڵام لەو بۆچوونەیدا (ابن کثیر)، کە وتویەتی دەچنەوە سەر زەرزارییەکان، تەنهایە و بۆچوونەکەی بە پەسەند نازانرێت چونکە، سەردەمەکەی دوای سەردەمی مێژوو نووسانی تری وەکو (ابن الأثیر و ابی شامة و ابن خلکان)ە، کە ئەوان لە پێشترن[٢]، هەر سەبارەت بە باوانی ئەیوبییەکان (ابن ابي طي)مێژوونووس پێی وابووە لەسەرووی شادییەوە هیچی تر نازانرێت، هەروەها ( تقي الدین عمر کوڕی نورالدولة شاهنشاه کوڕی ایوب) پێی وابووە شادی کوڕی مەروانە، گوتوویەتی (هیچ یەکێک لە ڕیش سپییەکانی بنەماڵەکەم نکۆڵیان لە مەروان نەکردووە و لەسەر ئەوە کۆک بوون، بیستوشمە وتوویانە مەروان کوڕی یەعقوبە)[٣]، هەروەها (ابن واصل٦٩٧ک/١٢٩٧ز)یش پێی وابووە هیچ ڕاجیاییەک لەوەدا نیە کە (نجم الدین أیوب و اسدالدین شیرکو کوڕی شادی کوڕی مروان)ن، گوتوشیەتی (مروان کوری محمد کوڕی یعقوب)ە[٤]، کە ئەمە بۆچۆنی (الذهبي٧٤٨ک/١٣٤٨ز) مێژوونوسیشە ئەمان پێیان وابووە لەدوای شادی (مروانی کوڕی یعقوب) هاتووە[٥] .

ئەوەی جێگەی سەرەنجە هەندێک لە میر و سەرکردەکانی ئەیوبی نکۆڵییان لەوە دەکرد کورد بن و ڕەچەڵەکی خۆیان بردوەتەوە سەر عەرەب و وتویانە ئێمە عەرەبین دەچینەوە سەر بەنی ئومەیە بەڵام ژن و ژنخوازیمان لەگەڵ کوردەکان هەیە لەوانەش (الملک معز اسماعیل کوڕی سیف الاسلام طغتکین کوڕی ئەیوب) پاشای یەمەن بوو کە نازناوی (المعزالدین الله)ی لە خۆی نابوو و بەناوی ئومەویەکانەوە وتاری دەدا و جل و بەرگی ئەوانی لەبەر دەکرد، کە ئەمەش لە سەردەمی (الملک العادل)دا بوو، بەڵام ئەو نکۆڵی لێکردووە و وتویەتی ئەو ڕاست ناکات ئێمە ناچینەوە سەر ئومەویەکان[٦].

---

(١) البدایة والنهایة، تح : ریاض عبدالحمید، طبعة خاصة بوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامیة، د . ط ، ( قطر-٢٠١٥م)، ج١٤/ ص١٩٧ ؛ دیار غەریب : خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چ٣ ، (ب.ش-٢٠٢٠ز )، ل٢٢٤.

(٢) عطا عبدالرحمن : نجم الدین أیوب، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ٢٠٢١ز، ژ٦٥ / ل٣٣٢ .

(٣) وەرگیراوە لە : صلاح الدین المنجد : رسائل و نصوص ، ط٢، دار الكتاب الجدید ، (بیروت - ١٩٧٨م )، ص٤٣.

(٤) مفرج الكروب في اخبار بني ایوب ، تح : جمال الدین الشیال ، د .ط ، (مصر - د.ت )، ج١/ ص ص ٣-٤.

(٥ ) سیر اعلام النبلاء، تح : شعیب الأرنوط و محمد نعیم القرنقوسي، ط٤، مؤسسة الرسالة،( بیروت - ١٩٨٦م)، ص ص ٥٨٧- ٥٨٨.

(٦) ابن خلكان : وفیات الاعیان، مج٢/ص ص٥٢٤-٥٢٥ ؛ عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ ژیاننامە و ڕۆڵی لە شەڕی خاچییەکاندا، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیر، (سلێمانی-٢٠٠٣ز)، ل ٣٠.

لەم بارەیەوە دەوترێت، کە(صلاح الدین) نکۆڵی لەوە کردوە، کە عەرەب بن و سەر بەهۆزی بەنی ئومەییەی قورەیشی بن، وتویەتی : (لیس لهذا الأصل أصلا)[1] واتا ئەو ڕەچەڵەکە دروستکراوەو هیچ بنەمایەکی نییە، هەروەها دەوترێت (الملک العادل) نامەیەکی گلەیی و سەرزەنشتی بۆ (الملک معز اسماعیل) ناردوە و داوای لێکردوە واز لە درۆکردن بهێنێت کە بووەتە هۆی گاڵتەکردن و پێکەنینی خەڵک چونکە ئەوان هەرگیز ئومەوی نین و داوای لێکردوە بگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆی[2]، بەڵام ئەم فەرمانڕەوایە دواتر بەهۆی ئاکار و ڕەفتاری ناشرینییەوە لە ساڵی (٥٩٨ک/١٢٠٢ز) لەشاری زوبەیدی یەمەن لەلایەن نزیکەکانی خۆیەوە کوژرا[3]، هەر سەبارەت بە ناوی باپیرانی ئەیوبییەکان (ابن ایبک الدواداري٧٣٦ک/١٣٣٥ز) نوسیویەتی : (ڕۆژێکیان لە (ناصرالدین محمد کوڕی الملک صالح اسماعیل)م پرسی لە بارەی (أیوب)ی باپیریەوە پێم وت (أیوب) کوڕی کێیە ؟ وتی : (أیوب کوڕی شادی کوڕی مروان)ە لە کوردەکانی چیای نەهاوەندە، هەروەها وتی مروان) لە سوپای سەلجوقیدا بووە بە ئازا و بە غیرەت و بە هێز ناوی دەرکردبوو)[4].

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە عەرەبەکان ویستوویانە ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکان بگەڕێننەوە سەر عەرەب و پشتێکی دوورو درێژیان بۆ دروست کردوون تا دەیانگەیەننە ئومەوییەکان، کە بەڵگەی هەمووشیان( الملک معز إسماعیل)ە، کە پشتێکی عەرەبی بۆ خۆی دروست کردبوو بەم شێوەیە (ایوب بن شاذي بن مروان بن الحکم بن عبدالرحمن بن محمد بن عبدالله بن مجمد بن عبدالرحمن بن الحکم بن هشام عبدالرحمن الداخل بن معاوية بن هشام بن عبدالملک بن مروان بن الحکم بن ابي العاص بن امية بن عبدالشمس بن عبدمناف)[5] بەم شێوەیە دەیانگەیەننە ئومەویە قورەیشیەکان[6].

ئەمەش لەگەڵ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا یەک ناگرێتەوە چونکە ئەوان دەیانەوێت هەموو کەسایەتی و بنەماڵە دیار و ناودارەکانی ناعەرەب بگەڕێننەوە سەر عەرەب و ڕەچەڵەکێکی عەرەبی بۆ دروست بکەن، کە ئەمەش دەمارگیرییەکی خێڵەکییە، بەڵام ئێمە گەر لە مێژووی دروستبوونی شارستانیەت بکۆڵینەوە، ئەوە دەبینین هەموو نەتەوە جیاوازەکانی نێو

---

(١) ابن خلکان : وفيات الاعيان ، مج٧ /ص١٤١ ؛ محمود محمد الحويري : بناء الجبهة الإسلامية المتحدة و أثرها في التصدي للصليبيين ، ط١ ، دارالمعارف ، (القاهره - ١٩٩٢م) ، ص٩٥ .

(٢)ابن خلکان : وفيات الاعيان، مج٢/ص ص٥٢٤-٥٢٥ ؛ عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ ، ل٣٠.

(٣) شەرەفخانی بەدلیسی : شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار ، چ٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر- ٢٠٠٦ز)، ل ٨٥ .

(٤)کنز الدر و جامع الغرر، تح : سعيد عبدالفتاح عاشور ، د . ط ، (القاهرة - ١٩٧٢م) ،ج٧/ ص ٥ .

(٥)لە بارەی ئەو ڕەچەڵەک و پشتانەی بۆئەیوبییەکان هەڵبەستراون بڕوانە : ابن واصل: مفرج الکروب،ج١ص ص٣-٧.

(٦)عبدالله ناصح علوان : صلاح الدين الايوبي بطل حطين و محرر القدس من الصليبين ، د . ط ، دار السلام، (مصر- د.ت ) ،ص١١ ؛ محمد سهيل طقوش : تأريخ الأيوبيين في مصر و بلاد الشام و أقليم الجزيرة ، ط٢ ، دار النفائس، (بيروت-٢٠٠٨م) ، ص١٦ ؛.

بازنەی ئیسلام بەشدار بوونە لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا، و ئێمەش دەمانەوێت ئەو دەمارگیرییە کوێرانەیە لەناوبەرین هەر وەک خودای گەورە دەفەرموێت : {إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ}[١].

کە ئەوەش شتێکی ئاشکرایە، کە( صلاح الدین کوڕی نجم الدین أیوب کوڕی شادی کوری مروان)ی کوردیە[٢]، هەروەها نزیکترین مێژوونوس لەم بنەماڵەیەوە (ابن الأثیر و قاضي بهاءالدین ابن شداد)ن ئەوان تەنها ناوی (شادی)یان هێناوە (ابن الأثیر٦٣٠ک/١٢٣٢ز ) ئاماژەی بەوە کردووە، (اسدالدین شیرکو و نجم الدین أیوب کوڕی شادی)ن و خەڵکی شاری دوینن کە لە بنەڕەتدا لە کوردە ڕەوادییەکانن کە لقێکن لە هەناوی هۆزی گەورەی هەزبانیین، کە ڕەسەنترین و پایەبەرزترین بنەماڵەی کوردن[٣].

(مینۆرسکی)یش لە بارەی ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکانەوە نوسیوویەتی، (أیوب) وەکو ئێمە بۆ هەمان نەسلی ئاریەکان دەگەڕێتەوە نە تورکە و نە عەرەبە، بەڵکو کوردێکی خێڵی ڕەوادییە کە لە گوندی ئەجدانقان لە نزیک دوین لە دایک بووە، لە دێر زەماندا کوردەکان هەمان ژیانی شوانکارەیی کێوییان لە ڕێچکەی نێو چیاکانی ئێران فارس و ئاسیای بچوکدا بەسەر بردووە[٤].

هەروەها (ابن خلکان) لەبارەی ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە نوسیوویەتی "فەقییەک خەڵکی ڕەسەنی دوین بوو، هەرگیز شتێک دڵنیا نەبوایە باسی نەدەکرد، پێیگوتم لە دەروازەی شاری دویندا گوندێک هەیە پێی دەڵێن ئەجدانقان هەموو دانیشتوانەکەی کوردی ڕەوادین، (نجم الدین أیوب)لەو گوندە لە دایک بووە"[٥].

ئەمەو زۆر سەرچاوەو بەڵگەی دیکە هەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەیوبییەکان کوردی ڕەسەنن و خەڵکی دوین بوونە، ئەمەش ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراوە کە تەنانەت زۆربەی مێژووناسانی غەیرە کورد بە عەرەب و نەتەوەکانی تریشەوە ئەو ڕاستییەیان سەلماندووەو نکۆڵی لێناکەن، ئەوەتا نوسەری عەرەب (عبدالله ناصح علوان) گەیشتووەتە ئەو ڕاستییە و دەڵێت:(دروستکردن و هەڵبەستنی ڕەچەڵەکی عەرەبیی بۆ ئەیوبییەکان وبردنەوەیان بۆ سەر نەتەوەی عەرەب، لەگەڵ ڕێبازی لێکۆڵینەوی زانستیدا یەکناگرێتەوە، بەڵکو تەنها دەمارگیرییەکی خێڵەکییە و تەنها دەیانەوێ ئەو شانازییە بەس بۆ عەرەب بێت)[٦].

---

(١) (باوەڕداران هەموویان برای یەکن، سورة الحجرات ، الآية (١٠)، و.مامۆستا هەژار)

(٢) عبدالله ناصح علوان : صلاح الدین الایوبي ، ص ١١ .

(٣) التأريخ الباهر في الدولة الأتابكية بالموصل ، تح : عبدالقادر احمد طليمات ، د.ط ، دار الكتب الحديثة، (القاهرة – د.ت ) ، ص١١٩ ؛ النوادر السولطانية ، ص٣١.

(٤)چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، و:علی نادر، چ١، چاپخانەی تاران ، (تاران-٢٠٢١ز)، ل ل ١٦٢، ١٧١.

(٥)وفيات الاعيان ، مج٧/ ص١٣٩ ؛ مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک ، ل١٦٢.

(٦) صلاح الدین الایوبي، ص١١ .

لەسەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/دوانزەی زاینی، (شادی) و هەردوو کوڕەکەی (نجم الدین أیوب و شیرکو) ناوچەی دوینیان بەجێهێشتووە و بەماڵ و منداڵەوە ڕوویان لە عێراق کردووە، سەبارەت بەم کۆچکردنەش مێژوونوسان بۆچوونیان جیاوازە و چوون یەک نیە هەندێکیان هۆکارەکەی بۆ نزمی ئاستی گوزەران و بژێوی ژیانی ئەم خێزانە دەگەڕێننەوە[١].

بۆچوونێکی دیکەش باسکراوە، کە دەوترێت هۆکاری کۆچکردنیان بۆ تکریت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەساڵی (٥٢٤ک/١١٣٠ز) (قورتی کوڕی طوغان أرسلان)، کە لەمیرە تورکەکان بوو دەسەڵاتداری بەدلیس بوو، پاش ئەوەی هێرشی کردە سەر ناوچەی (ئانی) و شاری دوینیشی داگیرکرد، کە (فزلون کوڕی أبوالأسوار شاور)(فەزلونی سێیەم) فەرمانڕەوای شارەکە و دوا میری شەدادییەکان پاش حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کردنی شارەکە لەکاتی بەرگریکردندا کوژرا، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئەیوەبییەکان ئەو شارە بە جێ بهێڵن، چونکە ئەیوبییەکان شوێنکەوتەی شەدادییەکان بوون، بۆیە ئەو شارەیان بە جێهێشتووە[٢] .

هەروەها بۆچوونێکی تر هەیە دەوترێت (بهروز الخادم)[٣]، کە لە دوین سەردەمانێک هاوڕێی نزیکی شادی بووە، بەڵام پاش جێهێشتنی دوین چۆتە خزمەتی سوڵتان (غیاث الدین محمد کوڕی ملکشاه ٤٩٨-٥١١ک/١١٠٥-١١١٨ز)ی سەلجوقی ،دوای ماوەیەک لە لایەن سوڵتانەوە کراوە بە (شحنة)[٤]ی بەغداد، دوای وەرگرتنی ئەوپۆستە، ئینجا سوڵتان بەڕێوەبردنی قەڵای تکریتیشی پێ سپارد، بۆیە (بهروز الخادم) ویستی کەسێکی نزیکی خۆی، کەجێی متمانەی بێت بیکاتە سەرپەرشتیاری قەڵای تکریت، بۆیە بیری بۆ لای هاوڕێ کۆنەکەی (شادی) چوو، یەکسەر ناردوویەتی بە دوایدا، هەر بۆیە شادیش بێ دوو دڵی بە ماڵ و منداڵەوە دوینیان بە جێهێشتووە

(١) عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ ، ل٢٠ .

(٢)چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل١٧٠ ؛ احمد كسروي : شهرياران گمنام ، چ٢، چاپخانە نوبهار، مؤسسه انتشارات نگاه، (ایران – ١٣٨٨هـ ش)، ص٣١٣.

(٣) (بهروز الخادم) :- ناوی (مجاهدالدین بهروز کوڕی عبدالله کوڕی حسن) بوو، لەلایەن (سلطتان غياث الدين محمد کوڕی ملكشاه)ی سەلجوقییەوە کرابوو بە سەرۆکی پۆلیسی بەغداد، بەڵام (شەرەفخان) نوسیویەتی: (بهروز الخادم) کۆنە کۆیلەی (شادی باوکی نجم الدین أیوب)بووە، لەلایەن (ملکشاه)ی سەلجوقییەوە دامەزراوە وەک یاریدەدەری لەلەی شازادان، و دوای مردنی لەلە چووەتە جێگەکەی و دوای ماوەیەک کراوە بە والی بەغداد و ئەوسا ناردویەتی بەشوێن (شادی) کۆنە خاوەنیداو تکریتی داوەتە دەست، هەروەها (ابن خلکان) باسی لەوە کردووە(بهروز الخادم) لە دوین توشی ئابڕوچوونێک بووە کە تۆمەتی ئەوەی خراوەتە پاڵ کە لەگەڵ خێزانی هەندێک لەمیرەکانی دویندا بووە، بۆیە لە دوین دەرکراوە، لە ساڵی (٥٤٠ک/١١٤٦ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کرد . (ابي شامة : الروضتين في الاخبار الدولتين النورية و الصلاحية ،ط١، دارالكتب العلمية ، (بيروت_٢٠٠٢م)، ج٢/ ص٣٥٤ ؛ وفيات الاعيان ، مج١/ ص٢٥٦ ؛ شەرەفنامە، ل٨٦ ؛ عطا عبدارحمن : مجاهدالدين بهروز الخادم ، حياته وعلاقته بالايوبيين ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ٢٠١٩ز، ژ٦٠، ل٥٧٥ ) .

(٤) شحنة : سەرۆکی پۆلیس و پارێزەری شار و هەروەها بەرپرسی پاسەوانەکان بوو .( الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٢٣) .

و ڕوویان لە تکریت کردووە، و لە لایەن بهروز الخادمەوە کراوە بە (دزدار)ی[1] قەڵاکە، کە ئەو کاتە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون[2] .

سەبارەت بە کات و مێژووی بەجێهێشتنی دوین لە لایەن ئەم بنەماڵەیەوە هیچ سەرچاوەیەک ئەوەی پشت ڕاست نەکردۆتەوە، کە چیساڵێک ئەو کۆچکردنە ڕوویداوە، بەڵام هەندێک لە مێژوونوسان پێیان وایە کە لە دەوروبەری ساڵانی (٥٢٤-٥٢٥ک/١١٢٩ز_١١٣٠ز) بووە، لەم بارەیەوە (شەرەفخان) پێی وابووە (شادی) هاوسەردەمی (فەزلونی سێیەم) بووە[3]، هەروەها (مینۆرسکی)یش نوسیویەتی: (هیچ مێژوونوسێک بە دیاریکراوی نازانێت لە چی ساڵێکدا شادی و کوڕەکانی دوینیان بەجێهێشتووە، هەروەها ئەوەشی وتووە، یەکەمین مێژووی دیاریکراوی ئەیوبیەکان بریتیە لە ساڵی (٥٢٦ک/١١٣١ز)، و دەڵێت ئەوەمان لە بیربێت کە لە ساڵی (٥٢٤ک/١١٢٩ز) (قورتی کوڕی طوغان ارسلان) کاتێ شاری دوینی داگیر کرد و فەزلونی سێ یەمی کوشت، دەکرێت هەر ئەو ساڵە شادیش ئەوێی جێهێشتبێ)[4]، سەردەمی ئەم میرەش(فەزلونی سێیەم) لە نێوان ساڵانی (٥١٥-٥٢٥ک/١١٢١-١١٣٠ز) بووە، دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە چونکە نائارامی و پشێوی لە ناوچەکەدا ئەنجامی شەڕ و شۆڕی (ئەرمەنی و کەرەج و ڕۆم) لەگەڵ ئەم میرنشینەدا سەری هەڵداوە، تا گەیشتوەتە ئەوەی لە ساڵی (٥١٥ک/١١٢١ز) دوینیان داگیر کرد و سەرباری ئەوەش سەلجوقیەکان بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەکە ئەمەش وایکردووە زیاتر بارودۆخەکەیان لێ بشێوێنرێت، دەکرێت ئەمە هۆکار و بەڵگەی بەهێز بێت سەبارەت بەجێهێشتنی دوین لەلایەن ئەم بنەماڵەوە، سەرباری ئەمەش بۆچوونی دیکە هەیە : هەندێک پێیان وابووە ساڵی (٥٢٠ک/١١٢٦ز) بووە هەندێکی تر بۆ ساڵی (٥٢٢ک/١١٢٨ز) و هەندێکیش بۆ ساڵی (٥٢٣ک/١١٢٩ز) گەڕاندوویانەتەوە، بەهەرحاڵ سەرەتای سەدەی (٦ک/١٢ز) بنەماڵەی (شادی) دوینیان بەجێهێشتووە و چوونەتە تکریت و بوونە دەسەڵاتداری قەڵای تکریت[5]، بەڵام ئەوەی ڕوونە و تەم و مژی لەسەر نییە ئەوەیە، کە بنەماڵەی (شادی) پێش ساڵی (٥٢٥ک/١١٣١ز) کۆچییان کردووە بۆ تکریت، چونکە لەو مێژووەدا ئەوان لە تکریت بوونە و هەروەها ئەوەش سەلمێنراوە (نجم الدين أيوب)کوڕە گەورەی (شادی)

---

(١) دزدار :- وشەیەکی فارسییە و لە دوو وشەی (دز - دار) لێکدراوە، (دز) واتا قەڵا، (دار) واتا پارێزەر، بە واتای پارێزەری قەڵا دێت . هەروەها لە زمانی کوردیشدا بەمانای خاوەن قەڵا هاتووە .( ابن واصل : مفرج الكروب، ج١/ ص ٨ ؛ عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ ، ل ٢٢).

(٢) ابن خلكان : وفيات الاعيان ، مج١/ ص٣٥٤ ؛ مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک ، ل ١٦٨ ؛ محمد أمين زەكی : خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، (هەولێر–٢٠٢١ز)، ب٢/ ل٨٨.

(٣) شەرەفنامە، ل٨٥ .

(٤)چەند لێکۆڵینەوەیەک، ل ل ١٦٨، ١٧٠.

(٥) عطا عبدالرحمن محي الدين : ئەسەدەدین شێرکۆ ، ل ل٢٠-٢١.

له ساڵی (٥٢٥-٥٢٦ک/١١٣٠-١١٣١ز) پارێزەری قەڵای تکریتی پێ سپێراوە، چونکە پێش ئەو وادەیە (شادی) مردووە، هەروەها دەکرێت ناوی ئەندامانی بنەماڵەی (شادی) وەک بەڵگەیەک هاوکار بێت بۆ دەستنیشان کردن یان خەملاندنی مێژووی هاتنیان بۆ عێراق، ڕاستییەکی ڕوونە پێش ئەوەی تێکەڵی میللەتانی تر ببن و لە زێدی ڕەسەنی خۆیان بوون و نەکەوتبوونە ژێر کاریگەری عەرەب و تورکەوە سروشت و مۆرکی خۆماڵی و کوردییان پاراستبوو، بۆ نمونە ناوی (شادی، شیرکو)کە ئەمانە وشە و ناوی کوردی بوون، بە واتایەکی تر (شادی و شیرکو)ی کوڕی لە نێو کوردە ڕەوەندییەکان و لە کەش و هەوای کوردەواری و دوور لەکاریگەری بیانی لە دایک بوون، بەڵام پاش کۆچکردنیان بۆ بەغداد ناو و نازناوی منداڵەکانیان بۆتە وشەی عەرەبی و ئیسلامی وەک : (صلاح الدين يوسف، محمد، الملك العادل و الملك القاهر) و دواتریش، کە لەموصڵ و دیمەشق تێکەڵی ئەتابەگە تورکەکان بوون، ناوی منداڵەکانیان تورکی، وەکو (طغتکین، تورانشا، بوری ) کوڕانی (نجم الدين أيوب)[١] .

دوای جێهێشتنی دوین لە تکریت جێگیر بوون و بە دەسەڵاتدار و پارێزگاری تکریت، لەلایەن خەڵکیەوە ڕێزێکی زۆریان لێگیرا بوون بە خاوەنی شکۆ و شەهامەت و خۆشەویست بوون لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا ئەمەش بە هۆی ئاکاری بەرز و جوامێرییانەوە بوو، دوای ماوەیەک (شادی) لە تکریت کۆچی دوای کرد هەر لەوێش نێژرا و گومبەزێکیان لەسەر مەزارگەکەی دروست کرد، (بهروز الخادم) (نجم الدين أيوب)ی کوڕە گەورەی کردە جێنشینی باوکی لە قەڵای تکریت، بەهۆی ئەوەی پیاوێکی ئاین پەروەر و جوامێر و خێرومەند و چاکە کار بوو، زانایانی خۆشدەویست و لەگەڵ گەورە پیاواندا هەڵسوکەوتی دەکرد زۆر چاک قەڵای تکریت و ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد، دز و ڕێگرانی لە ناوچەکە پەرت بڵاوە پێکردبوو دیاردەی ڕێگری کەمکردبووەوە و وڵاتی ئاوەدان کردبووەوە گوزەرانی خەڵک باش بووبوون و ڕێگەکان ئارام بووبوونەوە[٢].

ئەمەش وایکرد سوڵتان(مسعود کوڕی محمد کوڕی ملکشاه ٥٢٧-٥٤٧ک/١١٣٢-١١٥٢ز) فرمانی چاودێریکردنی کاروبارەکانی ناوچە هاوسنوورەکانیشی پێبسپێرێت، بەمەش پایەی بەرزتر بووەیەوە بە تایبەتیش بە هۆی ڕەفتارەکانیەوە لە نێو خەڵکدا بووە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز و خەڵکی خۆشیاندەویست، هێندە خەڵکانی خاوەن زانستی خۆشدەویست و بە لایەوە گرنگ بوون بە جۆرێک هەر کاتێک یەکێک ئەهلی زانست بە لایدا تێپەڕ بووایە بە پارە و

---

(١) زرار سەدیق : کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا ، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، (هەولێر-٢٠١٣ز) ، ل ل٣٤٨ – ٣٤٩ .

(٢)الحنبلي : شفاءالقلوب ، ص٢٣ ؛ علي بيومي : قيام الدولة الأيوبية في مصر ، ط١ ، دار الفكر والحديث ، (القاهرة – ١٩٥٢م) ، ص ٦٠ ؛ عطا عبدالرحمن : نجم الدين أيوب ، ل٣٣٧ .

پول پاداشتی دەکرد و میوانداریەکی باشی دەکرد و ڕێزێکی زۆری لێدەگرتن کەس نەدەما لە ئاین پەروەرانی شارەکە مووچە و بەراتیان پێنەدات[١].

لە ساڵی (٥٢٦ک/١١٣١ز)دا (عمادالدين الزنكي)[٢]فەرمانڕەوای موصل لە هێرشێکی بۆ سەر بەغداد، لە بەرامبەر سوپای خەلیفەی عەباسی (المسترشد بالله)[٣]و سوپای سەلجوقی شکستی هێنا و ڕێگای ئەوەی نەبوو ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە موصڵ، بۆیە بە ناچاری ڕوویکردە تکریت بۆ لای (نجم الدين أيوب)و (شيركو)ی برای کە فەرمانڕەوای تکریت بوون، ئەوانیش پێشوازییان لێکردن و بریندارەکانیان بۆ چارەسەرکردن، وتراوە (عمادالدين الزنكي) خۆیشی یەکێک بووە لە بریندارەکان، و بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لە تکریت ماونەتەوە تا بەتەواوەتی بریندارەکان چاک بوونەوە، دواتر بەڕێیانکردون بەرەو موصل بەبەلەم لە ڕووباری دیجلە پەڕاندوونیانەتەوە، دەوترێ (اسدالدين شيركو) خۆی لە ڕووبارەکە پەڕاندوونیەتیەوە ، هەرکە ئەم هەواڵە گەیشتوەتە ( بهروز الخادم ) زۆری پێناخۆش بووە، کە دۆستەکانی لە تکریت یارمەتی دوژمنانی سەلجوقییان داوە بەڵام خۆی گرتووە و کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بەرامبەریان نەبووە، لەبەرخاتری (شادی)کۆچکردووی باوکیان[٤].

بارودۆخ بەم شێوەیە مایەوە، تا ڕۆژێک (اسدالدين شيركو) کەسێکی مەسیحی کوشتووە، دەوترێ ئەو کەسە نزیکی (بهروز الخادم) بووە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە گوایە ئەو کەسە دەستدرێژی کردووەتە سەر ئافرەتێکی پرسەدار، ئافرەتەکەش بە گریانەوە پەنای بردووەتە بەر

---

(١) علي بيومي : قيام الدولة الأيوبية ، ص ٦٠ ؛ موحسین محەمەد حوسێن : ژیاننامەی پیاوە دراوشاوەکە سەلاحەدینی ئەیوبی، و . عەبدوڕەزاق بیمار ، چ٢، چاپخانەی ئاراس، ( هەولێر- ٢٠١٢ ز ) ، ل ٩.

(٢) عماد الدين اق سنقر : (عمادالدين کوڕی اق سنقر کوڕی عبدالله ال ترغان) لە هۆزی (الساب يو)ی تورکمانین، باوکی (عمادالدين) یەکێک بووە لە سەرکردە نزیکەکانی (سوڵتان ملكشاه)ی سەلجوقی نازناوی (قسيم الدولة) بوو، بە حاجب بەناوبانگ بوو، عمادالدين فەرمانڕەوای موصڵ و حەلەب بوو، لە ساڵی (٥٤١ک/١١٤٦ز) لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای جەعبەر کوژرا .بڕوانە : (ابن خلكان: وفيات الاعيان ، مج٢/ص٣٢٧ ؛ على محمد الصلابي: السلطان الشهيد عماد الدين زنكي شخصيته و عصره،ط١،مؤسسة اقرا،(القاهرة-٢٠٠٧م) ) .

(٣) المسترشد بالله : ( ابو المنصور الفضل کوڕی ابي العباس المستظهر بالله) لە ساڵی (٥١٢ک/١١١٨ز) بەیعەتی خیلافەتی پێدرا و دوای (١٧ساڵ) لە پۆستی خیلافەتی عەباسی و لە ساڵی (٥٢٩ک/١١٣٤) لە خۆراسان لە لایەن چەند کەسێک لە باطنییەکانەوە کوژرا . (ابن الأثير : الكامل في التأريخ ، تح : عمر عبدالسلام تدمري ، دار الكتب العربي ، د.ط ، (بيروت-٢٠١٢م) ،ج٩/ ص٦٤ ؛ الأزدى : اخبار الدول المنقطعة، تح : علي عمر، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، ( القاهرة-٢٠٠١م )، ص٣٤٩ .

(٤)ابن الأثير : الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٤٢ ؛ ابي شامة : الروضتين، ج٢/ ص ١٦٦ ؛علي محمد الصلابي : الدولة الزنكية ، ط١، دار المعرفة ، ( بيروت-٢٠٠٧ م ) ، ص٩٤ ؛ احمد محمود الخليل : تاريخ الكرد في العهود الإسلامية ، ط١ ، دار الساقي ، ( بيروت-٢٠١٣م )، ص١٨٦ .

(نجم الدين و شيركو)ی برای، (شيركو)ش بێ دوودڵی و ڕاستەوخۆ پیاوەكەی كوشت[1]. ئەمەش شتێكی نامۆ نە بووە بە نیسبەت (شيركو)وە، چونكە ناوبانگی بووە بە ئازایەتی و بەغیرەتی[2]، ئەم هەڵوێستەی (شیرکو) دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی كە بڵێین گەلی كورد هەر لە دێر زەمانەوە بە ئازایەتی و غیرەت ناوبانگی دەركردوە، لەم ڕووەوە لە ستایشی كورد دا (محمد علی الصويركي) نوسیویەتی : كورد گەلێكە بە درێژایی مێژوو بە ئازایەتی و غیرەت و قبوڵنەكردنی داگیركاری و زوڵم ناوبانگی دەركردووە، هەمیشە ڕێزی ئافرەتیان گرتووە و لەگەڵیدا میهرەبان بوونە، شەرەفمەند و ڕاستگۆن، شاعیری ئەرمەنی (ابو فيان) لە بارەی كوردەوە وتویەتی، سوارچاكی ڕۆژهەڵاتن، هەروەها ڕۆژهەلاتناس (هارولد لامی) دەڵێت : كوردەكان تەنها شمشێر دەناسن، وهەروەها كاردانەوەیان خێرایە و زوو بڕیاری پەرچەكردار دەدەن[3] .

(نجم الدين أيوب)بۆ ئەوەی هەواڵەكە بە شێوەیەكی ترنەگاتە (بهروز الخادم) ولە دەمی خەڵكەوە نەیبیستێت نەوەكو خەڵكانێك بە مەبەست شتی دیكەی بۆ زیاد نەكەن و دۆخەكە نەشێوێنن، بۆیە ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەكە خۆی نامەیەكی بۆ ناردوە و تێیدا بارودۆخەكەی بۆ ڕوونكردووەتەوە، وادیارە (بهروز الخادم) پێی باشبوو تكريت جێبهێڵن[4]، چونكە زانیویەتی بەهۆی ئەو ڕووداوەوە خوێنی تر دەڕژێت، چونكە كەسی كوژراو لە ناوچەكەدا خاوەن خزم و كەسێكی زۆر بووە، بۆیە داوای لێكردوون تكريت بەجێبهێڵن، دەكرێت (بهروز الخادم) توڕە و دڵگران بووبێت لێیان چونكە پێشتریش یارمەتی (عمادالدين الزنكي)یان دابوو و ئێستاش كەسێكی نزیكیان كوشتووە، بۆیە ئەم ڕووداوانە وای لە (بهروز الخادم) كردبوو لێیان دڵگران ببێت و لە تكريت دەریكردن، دەشكرێت مەبەستی پاراستنیان بێت بەوەی توشی شەڕ و خوێن ڕشتن نەبن، بەم شێوەیە (نجم الدين أيوب وشيركو)ی برای بە ماڵ و حاڵەوە تكريتیان بەجێهێشتووە، سەرچاوە مێژووییەكان ئاماژەیان بەوە كردووە ئەو شەوەی بنەماڵەكەیان تكريتیان جێهێشتووە و دەرچوون بەرەو موصل، (صلاح الدين) لە قەڵای تكريت لە دایك بووە لە ساڵی (٥٣٢ك/١١٣٧ز)[5].

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التأريخ، ج٩/ ص٣٤٠ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج١/ص٣٥٤ ؛ حسين شاكر : كورد لە كتێبی (وفيات الأعيان وأنباء أبناءالزمان)ی ابن خلكان، ل١٠٨

(٢)عطا عبدالرحمن : نجم الدين أيوب ، ل٣٣٧ .

(٣)وەرگیراوە لە : الصويركي : تاريخ الأكراد في بلاد الشام ومصر ، ط١ ، السفير ، (عمان–٢٠١٠م)،ص ص١٨_١٩.

(٤) ابن الأثير : التأريخ الباهر في الدولة الأتابكيية بالموصل ، ص ١١٩؛ ابي شامة : روضتين ، ج٢/ ص ١٦٥ ؛ عبدالله ناصح علوان : صلاح الدين الايوبي ، ص ١٢.

(٥) ابن شداد : النوادر السلطانية ، ص٣١ ؛ ابن خلكان : وفيات الاعيان ، ج٧/ ص١٤٤ ؛ السبكي : طبقات الشافعية الكبرى ، تح : محمود محمد الطناحي و عبدالفتاح محمد ، د . ط ، دارالاحياء الكتب العربية ، ( سوريا – د . ت ) ،ج٧/ ص٣٤١ ؛ مینۆڕسكی : چەند لێكۆڵینەوەیەك ، ل١٦٩ ؛ سامان نامق : ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، چ١، چاپخانەی نارین، (هەولێر–٢٠١٦ز)، ل٤٠ .

دوای ئەم ڕووداوانە (نجم الدین أیوب)و (شیرکو)ی برای خۆیان گەیاندە موصڵ، هەر کە گەیشتنە ئەو شارە (عمادالدین الزنکی) فەرمانڕەوای زەنگییەکان ڕێزێکی زۆری لێگرتوون و خزمەتی باشی کردن، وەک ئەوەی خۆی بە قەرزاریان بزانێت، چونکە هێشتا ئەو ڕووداوەی بیرنەچووبۆوە، کە لەساڵی (٥٢٦ک/١١٣١ز) بە سەریدا هاتبوو، کە (نجم الدین و شیرکو)ی برای یارمەتییان دابوو[١]، زۆریشی پێخۆشبوو تکریتیان بەجێهێشتووە و چوونەتە موصڵ، چونکە ئەوەی زانیبوو ئەو دووبرایە چەند لێهاتوو و بەتوانا و مەرد و جوامێرن، هەروەها لەوە دڵنیا بوو، کە دانایی (نجم الدین أیوب) و ئازایەتی (اسدالدین شێرکۆ) لە داهاتوودا دەبنە کۆڵەکەی دەوڵەتەکەی و سودێکی باشیان دەبێت بۆ پرۆژەکەی، کە یەکێتی شام و دامەزراندنی دەوڵەتێکی بە هێزی ئیسلامی بوو، بۆیە فرمانی کرد بەڕێز و شکۆوە پێشوازییان لێبکرێت، پاش ماوەیەکی کەم لە شارەزوور ناوچەیەکی باشی بۆ دابڕین، کە ئەمەش لە ساڵی (٥٣٣ک/١١٣٨ز)دا بوو[٢] .

ماوەی ساڵێک لە موصڵ بە ڕێز وشکۆوە مانەوە، دواتر لە ساڵی (٥٣٤ک/١١٣٩ز) (عمادالدین الزنکي) هێرشی کردە سەر شاری بەعلەبەک و لەمانگی سەفەری هەمان ساڵدا دەستی بەسەر دا گرت، و (نجم الدین أیوب)ی کردە فرمانڕەوای قەڵای بەعلەبەک، کە دەتوانرێ ئەمە بە سەرەتا و خاڵی دەستپێکی بەشداریکردنی ئەیوبییەکان دابنرێت لە حکومەتەکەی (عمادالدین الزنکي)[٣] .

(نجم الدین أیوب) فەرمانڕەوای قەڵای بەعلەبەک بوو تا ئەو کاتەی (عمادالدین) لەساڵی (٥٤١ک/١١٤٦ز) لە کاتی گەمارۆدانی (قەڵای جەعبەر)[٤]کوژرا[٥]، دوای مردنیشی کێشە و ململانێ لە نێو کوڕەکانیدا دروست بوو بە جۆرێک وڵاتەکەی بۆ دوو بەش دابەش بوو بەسەر

---

(١) ابن الأثیر : التأریخ الباهر ، ص ١١٩ ؛ ابي شامة ، الروضتین ، ج٢/ ص ١٦٧ ؛ ابن خلكان : وفیات الاعیان ، مج١/ ص٣٥٤ ؛ ابن ایاس : بدائع الزهور في وقائع الدهور، تح : محمد مصطفی ، د .ط، مكتبة دارالباز، ( مكة المكرمة – د . ت)، ص٢٣٧ .

(٢)الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٣٢ ؛ موحسین محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی ، ل ل١٠-١١ .

(٣) الطباخ الحلبي : تاریخ الحلب ، تح : ابراهیم زعرور ، د.ط، ( دمشق – ١٩٨٤م )، ص٣٩٥ ؛ ابن الأثیر: الكامل في التأریخ، ج٩/ ص٣٤٢ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٢٣ .

(٤) قەڵای جەعبەر:قەڵایەک بوو لە بەشی باکوری ڕوباری فورات بەرامبەر(صفین)، شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای(معاویە کوڕی سفیان و علي کوڕی ابي طالب)، سەرەتا ئەم قەڵایە ناوی (دوسر) بوو، بەڵام دوای دەست بەسەرا گرتنی لە لایەن یەکێک لە پیاوەکانی (بني نمیر)بە ناوی( جعبر بن مالک)، ناوەکەی گۆڕا بە قەڵای جەبەر.(یاقوت الحموي:معجم البلدان،مج٤/ص٢٩٠ ؛ كي لسترنج:بلدان الخلافة الشرقیة، ت:بشیر فرنسیي و كوركیس عواد ، د.ط ، مطبعة الرابطة ، (بغداد-١٩٥٤م)،ص١٣٤).

(٥) الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٢٣ ؛ النویري : نهایة الأرب في فنون الأدب ، تح : نجیب مصطفی فواز و حكمت كشلي فواز ، ط١، دارالكتب العلمیة ، (بیروت-٢٠٠٤م )، ج٢٧/ ص١٠٣ ؛ سعید عبدالفتاح عاشور : ناصر صلاح الدین یوسف بن أیوب، الدار القومیة ، (مصر-١٩٦٥م) ، ص٦٨.

هەردوو کوڕەکەیدابەشی خۆرهەڵاتی (سیف الدین غازي) بوو بە فەرمانڕەوای و ناوەندەکەی شاری موصڵ بوو، بەشی خۆرئاواشی لە لایەن (نورالدین محمود)ەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، کە ناوەندەکەی شاری حەلەب بوو، ئەم کێشە و ململانێی نێوان کوڕانی (عمادالدین الزنكي) وڵاتی بەرەو لاوازی بردبوو وای لێهاتبوو دەسەڵاتدارانی دەوروبەریان چاویان تێببڕن وهەوڵی دەستبەسەراگرتنی ناوچەکانیان بدەن، لەم کاتەدا (مجیرالدین آبق)[١]، فەرمانڕەوای دیمەشق چاوی بڕیبووە بەعلەبەک و ویستی داگیر کردنی هەبوو، هەر بۆیە (نجم الدین أیوب)ی فەرمانڕەوای قەڵای بەعلەبەک داوای یارمەتی لە (سیف الدین کوڕی عمادالدین الزنكي) فەرمانڕەوای موصڵ کرد، کە یارمەتی بدات لە پاراستنی بەعلەبەکدا، بەڵام یارمەتیدانی ڕەتکردەوە[٢].

دوای بێ هیوابوونی (نجم الدین أیوب) لە وەرگرتنی یارمەتی لە کوڕانی (عمادالدین) و دەیزانی بەهۆی سەرقاڵییان بە ململانیەی نێوخۆیان و لاواز بوونیان توانای پاراستنی بەعلەبەکیان نییە، هەروەها لەوەش دڵنیا بوو، کە خۆیشی بەو توانا کەمە سەربازییەی هەیەتی توانای پاراستنی بەعلەبەکی نیە هەر بۆیە بیری لە چارەسەری سیاسی کردەوە، دەستی بە گفتوگۆی دیبلۆماسییانە کرد لە گەڵ فەرمانڕەوای دیمەشق و لەگەڵی ڕێککەوت بەعلەبەک بە بێ شەڕ بدات بەدەستەوە لەبەرامبەر وەرگرتنی پارەیەکی زۆر و وەرگرتنی چەند گوندێک لە دەور وبەری دیمەشق، دەوترێت نزیکەی دە گوند بووە ، بێگومان ئەمەش نیشانەی لێهاتوویی و دووربینی (نجم الدین أیوب)بوو، چونکە لەماوەیەکی نزیکدا توانی خۆی لە فەرمانڕەوای دیمەشق نزیک بکاتەوە و ئەویش پاداشتی کرد و کردی بە سەر لەشکری دیمەشق[٣].

هەرچی (اسدالدین شیرکوش) بوو لە خزمەتی (نورالدین محمود) دا مایەوەو بوو بە یەکێک لە کەسایەتی و سەرکردە و نزیکترین هاوڕێی بەجۆرێک لە هەموو کەسایەتی و سەرکردە و میرەکانی دیکەی دەوروبەری لەپێشتر بوو، بەجۆرێک ڕۆڵی وەزیری یەکەمی هەبووە لای، هەروەها لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی و زیرەکی (نورالدین محمود) کردی بە سەرلەشکری حەلەب و بەردەوام پلە و پایە و ڕێزی زیادی دەکرد لای (نورالدین محمود)

---

(١) مجیرالدین آبق:- ناوی (ابو سعید مظفر ابق کوڕی محمد کوڕی بوری کوڕی اتابک ظهیرالدین طغتکین) بوو، ٠طغتکین) لایەنگری (تتش کوڕی الب ارسلان)ی برای (ملکشاه)ی سەلجوقی بوو لەساڵی (٥٦٤ك/١١٦٨ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کرد . (الصفدي : تحفة ذوي الألباب، تح : احسان سعیدخلوصي و زهیر حمیدان الصمصام، منشورات وزارة الثقافة ، د . ط ، ( دمشق – ١٩٩٢م )، ق٢/ص٧٠ ؛ الذهبي : سیر اعلام نبلاء ، ج٢٠/ص ص ٣٦٥-٣٦٦ ؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، ط١، دارالكتب العلمیة، ( بیروت – ١٩٩٢م )، ج٢/ ص٥ ).

(٢) ابن الأثیر: الكامل في التأریخ ، ج٩/ص١٤٢ ؛ سعید عبدالفتاح عاشور : ناصر صلاح الدین یوسف بن أیوب، ص٦٨ ؛ الباز العریني : الشرق الأدنى في العصور الوسطى الایوبیون ، دارالنهضة العربیة ، د . ط ، (بیروت–١٩٦٧م) ، ص ص٢٤ -٢٥ .

(٣)ابن الأثیر : الكامل في التأریخ، ج٩/ص ١٤٩ ؛ موحسین محەمەد حوسێن : سەڵاحەدینی ئەیوبی ، ل١١ .

تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی، کە شارەکانی حومص و ڕەحبەی پێبەخشی، دوای خۆیشی بۆ نەوەکانی مایەوە[1] .

دوای ماوەیەک پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوایانی دیمەشق و حەلەب بەرەو ئاڵۆزی ڕۆشت و کار گەیشتە ئەوەی هەندێ جار هێرشی سەربازییان دەکردە سەر یەکتری و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکانی یەکتریان دەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی (نورالدین محمود) بەهێز بوو و دەسەڵاتی پەرەی سەند، بۆیە بیری لەوە دەکردەوە کە هەموو ناوچەکانی شام بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و یەکێتی شام و بەرەیەکی بەهێز دروست بکات تا ڕووبەڕووی خاچییەکان ببێتەوە، کە پێشتر باوکی هەوڵی بۆی دەدا خەونی پێوە دەبینی، بۆیە چەند جارێک هەوڵیدا دیمەشق داگیر بکات دوا جار لە ساڵی (٥٤٩ک/١١٥٥ز) لەشکرێکی بەسەرکردایەتی (اسدالدین شیرکو) ئامادە کردوو ناردیە سەر دیمەشق و گەمارۆی دا، لێرەدا (نجم الدین أيوب) کەوتە بارودۆخێکی هەستیارەوە کە تیامابوو پارێزگاری لە دیمەشق بکات وڕووبەڕووی براکەی بێتەوە یان وەفای هەبێت بەرامبەر (نورالدین)ی کۆنە هاوڕێی وشارەکەی ڕادەست بکات، کە دواتر ئەمەیانی هەڵبژارد و شاری دیمەشقی ڕادەستی سوپای (شیرکو)ی برای کرد[2].

لەکاتی گەمارۆدانی دیمەشقدا (نورالدین محمود) فرمانی بە (اسدالدین شیرکو) کرد کە نامەیەک بنێرێت بۆ (نجم الدين أيوب)ی برای و داوای لێبکات کە هاوکاریان بێت و شارەکەیان ڕادەست بکات تا خوێنی موسڵمانان نەڕژێت، ئەویش بە نهێنی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵی، پاشان لە سەر ئەوە ڕێککەوتن دیمەشق بە بێ شەڕ و خوێن ڕشتن ڕادەستی (شیرکو) بکرێت، ئەم هەڵوێستە (نجم الدين أيوب)ی لای (نورالدین محمود) کرد بە خاوەن پایە و ڕێزێکی تایبەت و لە هەموو کاروبارەکاندا پرس و ڕاوێژی پێدەکرد، هەروەها پلەو پایەی لە نێوسوپاشدا پێش (شیرکو)ی برای کەوت، تەنانەت هێندە بەڕێز بوو، کە لە کۆڕ و دیوانی (نورالدین)دا بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت دەیتوانی دابنیشێت، لەکاتێکدا هیچ کەسێک بۆی نەبوو ئەوکارە بکات تەنانەت (اسدالدین شیرکو)یش دەبوو بە پێوە بوەستێت تا (نورالدین) مۆڵەتی پێنەدایە[3]، بەم شیوەیە (نجم (نجم الدين أيوب واسدالدین شیرکو)ی برای جارێکی تر بەیەکگەیشتنەوە، و بوون بە کەسی نزیک و کۆڵەکەی دەوڵەتەکەی (نورالدین محمود) و هەموو ئەو تەمەنەی مابوویان لە خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامی و (نورالدین محمود) دا بوون، بەجۆرێک (نجم الدين أيوب)بوو بە کەسی

---

(١) ابن واصل : مفرج الكروب ، ج١/ ص ١٠ ؛ علي محمد الصلابي : الدولة الزنكية ، ص٢٥٩ .

(٢) د. موحسین محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی، ل١١ .

(٣)ابن واصل : مفرج الكروب في أخبار بني ايوب ، ج١/ ص ١٠ ؛ عطا عبدارحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ، ل٣٥.

پلەیەک لای (نورالدین محمود) و کردی بە فەرمانڕەوای دیمەشق و هەروەها (شیرکو)ش بوو بە فەرمانڕەوای حمص و ڕەحبە و چەند ناوچەیەکی دیکە[١].

(اسدالدین شیرکو) لە سەر فرمانی (نورالدین محمود) سێجار هەڵمەتی بردە سەر مصر لە ساڵەکانی (٥٥٩ک ، ٥٦٢ک ، ٥٦٤ک/١١٦٣ز ، ١١٦٦ز ، ١١٦٨ز) [٢]، لەڕاستیدا ئەم هەڵمەتانە دەکرێت بە سەرەتاییەکی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان دابنرێت لە سەر گۆڕەپانی سیاسی ڕوداوەکان[٣]، دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی بە دوادا هات، لەم هەڵمەتانەشدا (صلاح الدین)ی برازای لەگەڵی بوون، بەتایبەت لە هەڵمەتی سێیەمدا، کە لەسەر داواکاری خەلیفەی فاطمی (العاضد لدین الله)[٤] بوو[٥].

ئەوەش کاتێک بوو کە خەلیفە (العاضد لدین الله) زانی وڵاتی مصر لە مەترسیدایە و توانای بەرپێگرتنی خاچییەکانی نییە، بۆیە ناچار بوو نامەیەکی کاریگەر بۆ (نورالدین محمود) بنێرێت و داوای لێکرد فریای ئاینی ئیسلام بکەوێ و ئومەتی موحەمەد (د . خ) لە مصر لە مەترسیدایە، بۆیە (نورالدین محمود) (اسدالدین شیرکو)ی بە سوپایەکەوە نارد بۆ مصر[٦]، ئەویش توانی بەسەرکەوتوویی مصر لە خاچییەکان بپارێزێت و هەروەها (صلاح الدین) لەسەر فرمانی (اسدالدین شیرکو) (شاور)[٧]ی وەزیری فاطمی کوشت، چونکە (شاور) هەوڵی دەرمانخوارد کردنی (شیرکو)ی دابوو، دوای ئەوە لە لایەن خەلیفەی فاطمییەوە نازناوی (المنصور)ی پێدرا و کردی بەوەزیر، ماوەی دوومانگ و چەند ڕۆژێک وەزیر لەو پۆستەدا مایەوە هەندێک دەڵێن دوو مانگ و پێنج ڕۆژبووە، لەهەمان ساڵدا و (لە ڕۆژی شەمەی ٢٢ی

---

(١) مینۆرسکی : چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل١٧٠ ؛ علي محمد الصلابي : الدولة الزنكية، ص٢٦٠.

(٢) ابن عساكر : تاريخ مدينة دمشق، تح : محب الدين ابي سعيد ، د . ط، دارالفكر، ( بيروت–١٩٩٥م )، ج٢٣/ص٢٨٤؛ الصلابى : الدولة الزنكية، ص٢٦٠.

(٣)مهدي صالح سليفاني : الأيوبيون في كتابات المؤرخين السريان، ط١ ، الموكريان، (اربيل – ٢٠١٢م)، ص٥٥.

(٤) العاضد لدين الله : ابي محمد ئیمام عەبدوڵلا کوڕی یوسف کوڕی حافظ لدين الله لەساڵی (٥٤٦ک/١١٥٢ز) لەدایک بووە ، چواردەهەمین و دوا خەلیفەی فاطمییەکان بوو، لە دوای مردنی کوڕە مامەکەی فائز بامرالله ، و لەتەمەنی ٩ ساڵیدا بەیعەتی پێدرا لە ساڵی (٥٥٥ک/١١٥٩ز)، لەساڵی (٥٦٧ک/١١٧١ز)، بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوای کرد .( ابن الأثير : الكامل فى التاريخ، ج٩/ ص ٣٦٤ ؛ ابن اياس : بدائع الزهور، ص٢٣٠ ) .

(٥) سەبارەت بە ژیاننامە و هەڵمەتەکانی شێرکۆ، بڕوانە : (عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ، ل ل ١٠٨–١٢٦) .

(٦)موحسین موحەمەد حوسێن : سوپای ئەیوبییان ، ل٦٨ .

(٧) شاور : ابو شجاع کوڕی مجير السعد هوازنی، وەزیری خیلافەتی فاطمی بوو لە مصر، ابن خلكان ڕەچەڵەکی دەگەیەنێتە سەر نەوەکانی حەلیمەی دایەنی پێغەمبەر (د . خ) (ابن خلكان: وفيات الاعيان، مج٢/ ص٤٣٩ ؛ الذهبي : سير اعلام نبلاء، ج٢٠/ ص ص ٥١٤–٥١٥ )

جەمادی دووەمی ساڵی ٥٦٤ک/١١٦٨ز) دا کۆچی دوایی کرد، هەندێک لە مێژوونوسان پێیان وایەبە هۆی زۆر خواردنی گۆشتی کولاوەوە بووە، لەشاری قاهرە بەخاکیان سپاردووە[١].

(المقريزي) لە بارەی هۆکاری مردنی (شیرکو)وە نوسیویەتی: (جگە لەو هۆکارەی سەرەوە هۆکارێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە، پێدەچێت ژەهر خوارد کرابێت)[٢]، هەروەها (الحنبلي) ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و پێی وابووە هیچ کەسێک دەرمان خواردی نەکردووە، بەڵکو بە قەزاو قەدەر وبە شێوەیەکی کت و پڕ کۆچی دوایی کردووە[٣]، هەرچۆنێک بێت لەدوای پرسەکەی بە سێ ڕۆژ میرەکانی نورییە لە مصر کۆبوونەوە تا کەسێک بۆ شوێنەکەی دەستنیشان بکەن ، دوای هەندێک لە مشت ومڕ دواجار (صلاح الدين)ی برازایان لە جێگەی کرد بەوەزیرو خەلیفە (العاضد)ی فاطمی نوسراوی وەزیری بۆکرد و نازناوی (الملك الناصر)ی پێ بەخشی[٤]، دوای ئەوەی (صلاح الدين) پۆستی وەزارەتی مصری وەرگرت و لەشوێنی (شیرکو)ی مامی بوو بە وەزیر تورکمانەکان و بەشێک لە میرە تورکمانەکان مصریان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ شام، ئەوەی مایەوە لە گەڵ (صلاح الدين) کوردەکان و ئەو کەسانەبون، کە پێیان دەوترا(ئەسەدییەکان)، کە لایەنگرانی شێرکۆی مامی بوون، دواتر سوپایەکی لەوان پێکهێنا بە سەرکردایەتی کەسێک بەناوی (ابو هيجاء) کە بە (الصلاحية) ناسرابوون[٥].

(نجم الدين أيوب)یش لەڕۆژی (٩ی ذی الحجةی ساڵی ٥٦٨ک/١١٧٢ز) هەر لە مصر کۆچی دوایی کرد و لە تەنیشتی (اسدالدين شيرکو)ی برای بە خاک سپێردرا، و دوای چەند ساڵێک تەرمەکانیان لەساڵی (٥٨٠ک/١١٨٤ز) گوازرانەوە بۆ شاری مەدینەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) و لەوێ بە خاکیان سپاردن[٦] .

---

(١)ابن عساكر : تاريخ مدينة دمشق، ج٢٣ / ص٢٨٤ ؛ الأصفهانيي : البستان الجامع لجميع تواريخ اهل الزمان، تح : عمر عبدالسلام تدمري، ط١، المكتبة العصرية للطباعة والنشر ، (بيروت–٢٠٠٢م) ، ص٣٩٨ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ ص٤٧ ؛اليافعي : مراة الجنان و عبرة اليقظان ، ط١، دارالكتب العلمية، (بيروت – ١٩٩٧م )، ج٣/ص٢٨١ ؛ابن خلكان : وفيات الاعيان ، مج٢/ ص ٤٨٠؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة ، ج٦/ ص٥ ؛ ابن سعيد المغربي : النجوم الزاهرة في حلي حضرة القاهرة (القسم الخاص من كتاب المغرب في حلي المغرب) ، تح : الدكتور حسين نصار ، د . ط ، دارالكتب ، وزارة الثقافة ، (الجمهورية العربية المتحدة – ١٩٧٠م)، ص٩٦ ؛ ابن اياس : بدائع الزهور، ص٢٣٢.

(٢) اتعاظ الحنفاء باخبار الأئمة الفاطميين الخلفا، تح :محمد علي محمد احمد ، د . ط،(قاهرة–١٩٩٦م) ، ج٣/ص٣٠٧ .

(٣) شفاء القلوب، ص٤٤ .

(٤)البنداري : سنابرق الشامي، تح : دكتور فتحية النبراوي ، د . ط ، مكتبة الخانجي، ( مصر – ١٩٧٩م)، ص ص٤٢–٤٣ ؛ هاملتون آ.ر.جب : صلاح الدين الأيوبي دراسات في التاريخ الإسلامي ، تح : يوسف ايبش ، ط١ ، المطبعة بيسان ، (بيروت – ١٩٩٦م) ، ص١١٩.

(٥) البازالعريني : الشرق الأدنى في العصور الوسطى الايوبيون ، ص ص ١٥٥ – ١٥٦ .

(٦)الأصفهاني : البستان الجامع، ص٤٠٥ ؛ الصفدي : تحفة ذوي الألباب ، ق٢/ ص٨٠ ؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة ، ج٦/ ص٦٢ ؛ إبن العماد : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، تح : محمود الأرناوط ، ط١ ، دار ابن الكثير، (دمشق، بيروت – ١٩٩٢م) ، ج٦/ ص٣٥٠ ؛ المقريزي : السلوك لمعرفة دول والملوك، تح : محمد عبدالقادر، ط١، دارالكتب العلمية، ( بيروت – ١٩٩٧م)، ج١/ ص١٥٩ .

(اسدالدين شيركو) له دواى خۆى تەنها يەک کوڕ و يەک کچى بەجێهێشت  کوڕەکەى ناوى (ناصرالدين محمد، به (الملک  القاهر) ناسرابوو [1]، هەروەها کچەکەشى ناوى (بابا خاتون) بوو بەپێى سەرچاوەکان هەتا دواى ساڵى (٦٥٥ک/١٢٥٦ز) ژياوە[2]، کوڕێکى تريشى هەبووە ناوى (فتح الدين )بووە، بەڵام لەساڵى (٥٦١ک/١١٦٥ز) کۆچى دوايى کردووە[3].

---

(١) الزبيدي : ترويح القلوب في ذكر الملوک بني أيوب، تح : صلاح الدين المنجد ، ط١، (دمشق-١٩٦٩م)، ص٣٧.

(٢)زامباور : معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي ، د . ط، دارالرائد العربي، (بيروت—١٩٨٠م) ، ص ص١٥٨ — ١٥٩ ؛ عبدالقادر بدران : منادمة الأطلال و مسامرة الأخيال ، د . ط، المكتب الإسلامي للطباعة والنشر، ( دمشق – د . ت) ، ص ص١٢٦ –١٢٧ ؛ محمد خير رمضان يوسف : المرأة الكردية في التأريخ الأسلامي، ط١، دار القادري،( بيروت – ١٩٩٢م ) ، ص٣٢  ؛ منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الأيوبي ٥٦٣ — ٦٦٢هـ ، ط١ ،  دارطلاس ، ( دمشق – ٢٠٠٠م) ، ص٨٥ .

(٣)ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ ص٣ .

# بەشی یەکەم
# بارودۆخی سیاسی و سەربازی
# وڵاتی شام و
# سنوری قەڵەمڕەوی نەوەکانی
# اسدالدین شیرکو

**باسی یەکەم : بارودۆخی شام لەنێوان ساڵانی(٥٦٧-٥٧٠ك/١١٧١-١١٧٥ز)**

**باسی دووەم :کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو و سنوری قەڵەمڕەوییان**

## باسی یەکەم : بارودۆخی سیاسی وسەربازی شام لەنێوان ساڵانی(٥٦٧-٥٧٠ک/١١٧١-١١٧٤ز):

### تەوەری یەکەم : ململانێی نێوان صلاح الدين و نورالدين محمود:

لە ماوەی نێوان ساڵانی (٥٦٧-٥٧٠ک/١١٧١-١١٧٤ز) بارودۆخی لە شام تا دەهات ئاڵۆز دەبوو، بە تایبەتی هەندێک بارودۆخ هاتنە ئاراوە، کە بووبوونە بەهۆی دوودڵ بوونی (نورالدين محمود) لە(صلاح الدين)، چەند هۆکارێک هەبوون وای کرد تا ڕادەیەک ساردی بکەوێتە نێوانیانەوە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو، کە لە ساڵی (٥٦٧ک/١١٧١ز) (نورالدين محمود) داوای لە (صلاح الدين) کرد چیتر وتار بە ناو خەلیفەی فاطمییەوە نەخوێنێتەوە و کۆتایی بە دەوڵەتی فاطمی بهێنێت وبەناوی خەلیفەی عەباسییەوە وتار بدرێت، بەڵام (صلاح الدين) زۆر بەژیرانە ڕەفتاری دەکرد، چونکە لەوە دەترسا خەڵکی مصر دژی بوەستنەوە و لە لایەکی تریشەوە بەگومان بوو لە (نورالدين محمود) کە مصری لێوەربگرێتەوە و لە هەمانکاتدا خودی (صلاح الدين)یش مانەوەی خەلیفەی فاطمی بە لاوازی پێ باشتر بوو تا ئەو کاتەی هەستی بەتوانای سەربازی خۆی کرد، لەهەمان کاتدا خەلیفە (العاضد)ی فاطمیش نەخۆش کەوت ڕاستەوخۆ نێردراوی نارد بۆ لای خەلیفەی عەباسی و کۆتایی بە خیلافەتی فاطمی هینا[١]، بەڵام نەیهێشت خەلیفە بەو بڕیارە بزانێت تا کۆچی دوایی کرد، بۆیە دوای مردنی (العاضد) ڕاستەوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ (نورالدين) نێرداروی ناردە لای خەلیفەی عەباسی، هەروەها بە ناوی ئەوانەوە وتاری دەخوێند و دوای ناوهێنانی خەلیفەی عەباسی و (نورالدين محمود) ناوی خۆی وەکو فەرمانڕەوای مصر هێنا[٢] .

لە لایەکی دیکەوە گرنگترین هۆکاری کێشەی نێوان (نورالدين محمود و صلاح الدين) ئەوەبوو، کە(نورالدين) لە ساڵی (٥٦٧ک/١١٧٢ز) کاتێک ویستی هێرش بکاتە سەر (شوبک[٣] و کەرەک)[٤]نامەی بۆ (صلاح الدين) و نارد داوای لێکرد بە خۆی و سوپاکەیەوە لەمصرەوە بکەونە ڕێ و خۆیشی لە شامەوە، پێکەوە هەردوو سوپا یەکبگرن و دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرن[٥] .

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٣٦٤ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص٩٣ .

(٢)سعيد عبدالفتاح عاشور : مصر و الشام في العصر الأيوبيين و المماليک ، د . ط ، دارالنهضة العربية، ( بيروت – ١٩٧٢م) ، ص٢٦ .

(٣) قەڵای شوبک : قەڵایەکی گرنگ بوو لە شام کەوتبووە نێوان عەمان و ئیلیە و قولزم، نزیکی کەرەک .( الحموي، معجم البلدان، مج٣/ص٣٧٠ ) .

(٤) قەڵای کەرەک : لەبنەڕەتدا گوندێک بووە لە چیای لوبنان . ( الحموي، معجم البلدان، مج٤/ ص٤٥٢ ) .

(٥)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص ص٣٦٧ – ٣٦٨ ؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان في تواريخ الأعيان ، تح:ابراهيم الزيبق ، ط١، دارالرسالة العالمية،( بيروت – ٢٠١٣م )، ج٢١/ص١٧٢

لەم بارەوە (إبن الأثير) پیی وا بووە (صلاح الدین) ترسی لە (نورالدین محمود) هەبووە و لەوە ترساوە  مصری لێوەربگرێتەوە، وکەسێکی دیکە لەجیگەی دابنێت، هەرچەندە ڕاستەوخۆ وەڵامی نامەکەی دایەوە و پێی وت، کە ئامادەیە و بێ دواکەوتن بەڕێ دەکەوێت، هەرکە وەڵامی دایەوە (نورالدین) ڕاستەوخۆ کەوتە ڕێ، بەڵام لە ناکاو (صلاح الدین) نامەی بۆ نارد و داوای لێبووردنی لێکرد، کە ناتوانێت ئامادەی ئەو هەڵمەتە بێت[1]، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بارودۆخی مصر لە مەترسیدایە و ناجێگیرە و پشێوی لە وڵات دروست بووە، بۆیە ناتوانێت ئامادەبێت [2].

لە لایەکی ترەوە هەندێک لەو میرانە لەکاتی چوونیان بۆ مصردا لەگەڵ (شیرکو و صلاح الدین)دا نەمابونەوە گەڕابوونەوە شام بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە تا هەڵوێستی (نورالدین محمود) بەرامبەر (صلاح الدین) بگۆڕن و تەنانەت دەوترێ دوای ئەوی (صلاح الدین) پاشگەز بۆوە لە هێرشکردنە سەر قەڵای شوبک، (نورالدین محمود)بە جۆرێک لێی تورە بوو بڕیاریدابوو مصری لێوەربگرێتەوە، هەرکە ئەم هەواڵە گەیشتە (صلاح الدین) بەپەلە کۆبوونەوەی بە سەرکردە و میرەکانی نزیکی کرد چی بکەن، هەندێکیان لەگەڵ ئەوە بوون کە بەرەنگاری (نورالدین) ببنەوە لە نێوانیاندا (تقي الدين عمر)ی برازای یەکێک بوو لەوانە، بەڵام (نجم الدين أيوب)ی باوکی زۆر تورە بوو وتی (من باوکتم و ئەویش خاڵتە مەبەستی (شهاب الدین الحارم)بوو، پێی وت ئەم خاکە هەمووی خاکی سوڵتان و گەورەمانە و ئێمەش کۆیلە و بەندەی ئەوین ئەو هەر فرمانێک بکات ئێمە ئامادەین تەنانەت ئەگەر فرمانی بدات بە شمشێرەکانمان لە ملمان بدەین هێشتا ئامادەین و فرمانەکەی جێبەجێ دەکەین)[3].

هەربۆیە داوای  لە(صلاح الدین) کرد نامەیەک بۆ (نورالدین محمود) بنوسێت و تێیدا بەندەیی و نۆکەری خۆی بۆ دووبارە بکاتەوە، ئەویش بەقسەی کرد و نامەی بۆ نوسی، بەم نامەیەش (نورالدین) کەمێک هێور بوویەوە و تا ڕادەیەک دڵی ئاوی خواردەوە، بۆیە لە بەرامبەردا ئەویش نامەی بۆ ناردەوە  بۆی نوسی(جگە لە تۆ کەس لە مصر نابێت و تۆ دەستەڕاستی منی، لەوە بەدواوە کەس ناتوانێ بەدگۆیی تۆم لابکات ڕێگە نادەم لە گوڵ کاڵترت پێ بووترێت) [4].

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص ص٣٦٧ – ٣٦٨ .

(٢)ابن الأثير : التأريخ الباهر، ص١٥٨ ؛ العيني : عقدالجمان في تاريخ اهل الزمان عصر الأيوبي ، تح: د.محمود رزق محمود ، ط٢ ، دار الكتب والوثائق القومية ، (القاهرة – ٢٠١٠م)، ج١/ص٩٨ .

(٣)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٣٦٨ ؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢١/ ص١٧٢ ؛ اليافعي : مراة الجنان، ج٣/ ص٢٨٦ .

(٤)سبط ابن الجوزي : مراة الزمان، ج٢١/ص١٧٢ ؛ شەرەفخان : شەرەفنامە، ل٩٣ ؛ محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ ل ل ٩٨ – ٩٩ .

له ساڵی (٥٦٨ک/١١٧٢ز)، (نورالدين محمود) بۆ جاری دووەم داوای له( صلاح الدين) كرد به خۆی و سوپاكەیەوە بەرێ بكەون بەرەو وڵاتی خاچییەكان و به مەبەستی گرتنی (كەرەک) و (شوبک)، هەرچەندە (صلاح الدين) له مصرەوە بەرەو كەرەک بەرێ كەوت و گەمارۆی قەڵای كەرەكی دا، بەڵام هەستی كرد (نورالدين محمود) نیازی وایە هێرش بكاتە سەر مصر و لیێ وەربگرێتەوە و كەسێكی تر بكاتە فەرمانڕەوای مصر بۆیە پاشگەز بۆوە، چونكە دەیزانی هێشتا ڕووداوی ساڵی پێشوتری بیر مابوو، كاتێک بەڵێنەكەی نەبردبووە سەر له یارمەتیدانیدا[1]، هەربۆیە (عیسی هەكاري) نارد بۆلای و له گەڵیدا پارەو سامانێكی زۆری وەكو دیاری بۆی نارد و بەنامەیەک داوای لێبووردنی لێكرد، كە ناتوانێت له گەمارۆدانی كەرەک بەردەوام بێت و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مصر، چونكە باوكی زۆر نەخۆشە، هەرچەندە (صلاح الدين) هۆكاری هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ مصر، چونكە هەر بەڕاستی باوكی بەهۆی كەوتنە خوارەوەی له ئەسپ باری تەندروستی تێكچوو بوو و تاگەیشتەوە مصر كۆچی دوایی كردبوو، بەڵام زیاتر ترسی لەوە بوو مصری لێوەربگرێتەوە، ئەگەر نەخۆشی باوكیشی نەبایە هەر دەگەڕایەوە مصر[2].

(نورالدين محمود) له گەڕانەوەی (صلاح الدين) زۆر توڕە و نیگەران بوو، بۆیە بڕیاریدا بە لەشكرێكەوە بچێتە سەر مصر و دەستی بەسەردا بگرێت و (صلاح الدين) له فەرمانڕەوای لابدات، ئەوەبوو (خالدالدين قيسلاني) خاڵی نارد بۆ قاهرە، ئەمجارەشیان (صلاح الدين) بۆ ڕازیكردنی (نورالدين محمود) دیارییەكی زۆری بە نارد بۆی، كە بریتی بوون لە(پێنج خەتمی زێڕینی قورئان و بەردی بەنرخ و جل وبەرگ و هەروەها بڕی (٢٢٠)هەزار دينار)، بەڵام پێش ئەوەی ئەو دیارییانە بگەنە دەست (نورالدين محمود) لە ڕۆژی چوارشەمە ٢١ی شەوالی ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز) كۆچی دوایكرد[3] .

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٣٦٤ ؛ سعيد عبدالفتاح عاشور : مصر و الشام، ص ص٢٨ – ٢٩ .

(٢)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٣٨٥ .

(٣)ابي شامة : الروضتين، ج٢/ ص٢٠٥ ؛ ابن الوردي : تاريخ ابن الوردي، د . ط، المطبعة الحيدرية ، (نجف – ١٩٦٩م) ج٢/ ص١١٧ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٤/ ص٢٣٢ ؛ محەمەد ئەمین زەكی : خولاصەیەكی تاریخی كوردوكوردستان، ب٢/ ل١٧٧ ؛ عطا عبدالرحمن : نجم الدين أيوب، ل٣٤٣ .

## تەوەری دووەم : بارودۆخی سیاسی وڵاتی شام لە دوای مردنی نورالدین محمود :

دوای مردنی (نورالدین محمود) بارودۆخی وڵاتی شام تێکچوو، چونکە تەنیا کوڕێکی لە دوا بەجێما بوو هێشتا تەمەنی (١١ساڵ) تێپەڕی نەکردبوو، ئەمەش وایکرد کێشە و ململانێ لە سەر دەسەڵات دروست بێت، وڵات توشی دابەشکاریی ناوخۆیی بوو، بە هۆی کەڵەکە بوونی کێشە و ململانێ لەسەر دەسەڵات[١]، هەربۆیە (صلاح الدین) هەستی بەوە کرد، کە پێویستە جوڵە بکات بە ئاراستەی دەستگرتن بە سەر بارودۆخەکەدا، چونکە بارودۆخی سیاسی شام تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو و بەرەو تێکچونی زیاتر دەڕۆشت و وڵات بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و دابەشبوون دەڕۆشت، هەرچەندە میر و سەرکردە سەربازییەکانی شام و جەزیرە پاڵپشتی (صالح اسماعیل کوڕی نورالدین محمود)یان دەکرد و لەهەمان کاتدا (صلاح الدین)یش لە مصر وتاری بەناوی ئەوەوە دەخوێندەوە و سکەی پارەی بە ناوییەوە لێدابوو، ئەمەش وەکو گوێڕایەڵی بۆ نابراو[٢].

لەهەمان کاتدا (صلاح الدین) نەیدەویست کێشەکان زیاتر ئاڵۆز بن و کاتێک گەیشتە شام ڕایگەیاند ئەو بۆ ئەوە نەهاتووە دەست بگرێت بە سەرموڵکەکانی (الملک صالح اسماعیل)دا، بەڵام لە نێوان گەورە میرانی نورییەکاندا کێشە وململانێ دروست بوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە هەریەکەیان دەیویست خۆی ببێتە سەرپەرشتیار (الوصایة)ی ناوبراو و وڵات بەڕێوە ببات، بە تایبەتی ململانێکان زیاتر لە نێوان (ابن دایە)[٣] لە حەلەب و (ابن المقدم)[٤] لە دیمەشق دا بوو، بەڵام لە دوای مشت ومڕێکی زۆر لە کۆتایدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی (صالح اسماعیل) بە (ابن المقدم) سپێردرا تا ئەو کاتەی گەورە دەبێت و پێدەگات تا بتوانی خۆی کاروبارەکانی وڵات بەڕێوە ببات، لە هەمان کاتدا (قاضي کمال الدین الشهرزوري٥٧٢ک/١١٧٦ز) ئاماژەی بۆ (ابن المقدم) کرد، کە لە هەموو کاروبارەکاندا بگەڕێنەوە بۆ (صلاح الدین) ئەمەش وایان لێدەکات کە خوای گەورە سەرکەوتوویان بکات[٥].

---

(١) احمد مختارالعبادي : مێژووی ئەیوبی و مەملوکییەکان، و : نهاد جلال، چ١، نارین، (هەولێر–٢٠١٠ز)، ل٥١.

(٢) ابي الفدا : المختصر في أخبار البشر ، تح : محمد زینهم محمد و یحیی سید حسین ، د . ط ، (دارالمعارف – د . ت) ، ج٣/ص٧٢ .

(٣) ابن دایة : (سابق الدین عثمان کوڕی محمد کوڕی نشتکین) فەرمانڕەوای شیزر بوو، لە ساڵی (٥٩٢ک/١١٩٦ز)، مردووە، دایکیشی بەخێوکاری (نورالدین محمود) بووە. ( ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة ، ج٦/ص٢١).

(٤) ابن المقدم : (شمس الدین محمد کوڕی عبدالملک)، لە گەورە میرەکانی (نورالدین محمود) بوو، هەروەها سەرپەرشتیار(الوصایة)ی (صالح اسماعیل)ی کوڕی بوو، لە ساڵی (٥٨٢ک/١١٨٧ز) لەکاتی حەجدا لە شاری مەکە کوژرا . (الذهبي : العبر في خبر من غبر ، تح : ابوهاجر محمد السعید بن بسیوني زغلول، ط١ ، دارالکتب العلمیة، (بیروت – ١٩٨٥م) ،ج٣/ ص٨٦).

(٥) ابي شامة : الروضتین، ج٢/ص٢٠٨ ؛ ابي الفدا : المختصر،ج٣/ص٧٢ ؛ ابن الأثیر : الکامل في التاریخ ، ج٩/ص٣٩٦ ؛ ابن خلدون : تاریخ ابن خلدون، د . ط ، دارالفکر ، (بیروت–٢٠٠٠م)، ج٥/ص٢٩٧ ؛ محمد سهیل طقوش: تاریخ الأیوبیین، ص٥٢.

مردنی (نورالدین محمود) ڕێگەی بۆ خاچپییەکان خۆش کرد، کە دەست بخەنە نێو کاروبار و کێشە نێوخۆییەکانی وڵاتی شام، هەربۆیە (صلاح الدین) لەمصرەوە بەرەو وڵاتی شام بەمەبەستی جیهاد و پاککردنەوەی وڵات لە خاچپییەکان کەوتە ڕێ و ڕایگەیاند کە مەبەستی پشتگیریکردنی (صالح اسماعیل)ە دژ بە دوژمنی دەرەکی و لە ناوبردنی ئەوانەی هاوکاری و پشتگیری خاچپییەکانیان دەکرد دژی موسڵمانان دەجەنگین[1].

لە لایەکی ترەوە(سیف الدین غازي کوڕی مودود کوڕی عمادالدین الزنكي٥٦٢-٥٧٦ک/١١٦٦-١١٨٠ز)(سیف الدین غازی دووەم)، کە ئامۆزای (صالح اسماعیل) بوو، فەرمانڕەوای موصڵ بوو، ناجێگیری بارودۆخەکە و مردنی (نورالدین محمود)ی قۆستەوە و هێرشی کردە سەر هەندێ ناوچەی ژێر دەستی ئامۆزاکەی وەکو ناوچەکانی (نوسەیبین و حەران و روها سروج و قەڵای جەعبەر و چەند ناوچەیەکی دیکە) و دەستی بەسەردا گرتن، (ابن دایة)ش، کەلە حەلەب بوو نەیتوانی ڕێگە لە هێرشەکانی بگرێت، بۆیە نامەی نارد بۆ دیمەشق و داوای لە (ابن المقدم) کرد، کە (صالح اسماعیل) بنێرن بۆ حەلەب لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو تا بەکاری بهێنێت بۆ ڕێگری کردن لە داگیرکردنی حەلەب لەلایەن (سیف الدین غازي)یەوە بەڵام داواکەی لەلایەن (ابن المقدم) و میرەکانی دیمەشقەوە ڕەتکرایەوە، جگە لەوەش (سیف الدین غازي) هانای برد بۆ خاچپییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە (ڕیمۆندی سێیەم(Raymond III) ٥٣٧-٥٨٣ک/١١٤٠-١١٨٧ز)ی فەرمانڕەوای تەرابلوس[2].

لەو کاتەدا (کمشتکین)[3]، کە جێگری (سیف الدین غازي) بوو لە قەڵای موصڵ، گەیشتە حەلەب، چونکە کاتێک هەواڵی مەرگی (نورالدین محمود)ی پێگەیشتبوو هەڵاتبوو لە موصڵ، هەرکە گەیشتە حەلەب لەگەڵ (ابن دایة) کۆبووەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە بچێت بۆ دیمەشق و (صالح اسماعیل) بهێنێ بۆ حەلەب، بەلام کاتێک ڕۆیشت بۆ دیمەشق (ابن المقدم)ڕێگری لێ

---

(١)ئاراس فەریق زەینەڵ: مێژووی جەنگە خاچپییەکان، چ١، چاپخانەی پەیوەند، (سلێمانی–٢٠١١ز)، ل ل١٤١-١٤٢ .

(٢)سەعید عەبدولفەتاح عاشور : مێژووی ئەیوبی و مەمالیك لە میسر و شام، و: زرار علی، پێداچونەوە : هێمن مەلازادە، چ١، چاپخانەی پەیوەند، (سلێمانی – ٢٠١٤ز)، ل١٠٢ ؛ حمودي عبدالمنعم : دراسات في تاريخ الأيوبيين والمماليك ، د . ط ، دارالمعرفة الجامعية ، (مصر–٢٠٠٠م) ، ص٤١ ؛ عمر موسى : الأدب في بلاد الشام عصور الزنكيين و الأيوبيين والمماليك، ط٢ ، المكتبة العباسية، (دمشق - ١٩٧٢م )، ص٣٣ .

(٣) کمشتکین : ئەم ناوە لە بنەڕەتدا ناوێکی تورکییە لێکدراوی دوو وشەی (گەمشGumus)واتای زیو، هەروەها (تەکینTekin)واتای ئازاد، کەسێکی تایبەت بوو لای (نورالدین محمود) پارێزگاری قەڵای موصل و دواتریش فەرماندەی قەڵای حارم بوو، پاشان بوو بە سەرپەرشتیاری کاروباری حەلەب لە ساڵی(٥٧٣ک/١١٧٨ز) کوژرا.(مهدي صالح سليفاني : الأيوبيون ، ص٨٨ ؛ غالب محمود : صراع السلطه فی البیت الأيوبی بعد صلاح الدین و اثره فی الحروب الصليبية، رسالة ماجستير، كلية التربية والعلوم الانسانية قسم التاريخ، جامعة ديالى، ٢٠١٤م، ص٣٤ ) .

کرد و گەڕایەوە، جارێکی تر هەوڵی دایەوەو توانی بچێتە دیمەشق و ناوبراو لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ حەلەب، هەرکە گەیشتە حەلەب دەستبەجێ (ابن داية) و براکانی گرت و خستنیە زیندانەوە[١]، ئینجا (کمشتکین) بۆ بەهێزکردنی پێگە و جێگەی خۆی لەگەڵ فەرمانڕەوای قودس ڕێککەوتنی کرد، بەهۆی ئەم پشێوی و پاشاگەردانیەی لە وڵاتی شام هەبوون، (صلاح الدين) نامەی بۆ خەلیفەی عەباسی (المستضيء بامرالله)[٢]، نارد و بارودۆخی شامی بۆ ڕوونکردەوە و تێیدا داوای لێ کرد تا ڕێگەی بدات دەستوەردان لەو بارودۆخە ناجێگیرە بکات، کە بەهۆی مردنی (نورالدين محمود)ەوە دروست بووە[٣] .

پێشتریش نامەی بۆ میرەکانی شام ناردبوو، تێیدا وتبووی ئەگەر ئێوە ناتوانن موڵک و وڵاتەکەی (نورالدين محمود) بپارێزن و ناتوانن چاودێری (صالح اسماعيل)ی کوڕی بکەن ئەوا خۆم دێم بۆ یەکلایی کردنەوەی بارودۆخەکە، چونکە من لە ئێوە لە پێشترم، چونکە ئەگەر (نورالدين محمود) زانیبای کەسێک لە ئێوە هەیە کە جێگای من بگرێتەوە یاخود متمانەی پێ بکات وەک ئەوەی متمانەی بەمن هەبوو، ئەوا میسری ڕادەستی دەکرد کە گەورەترین ویلایەتی بوو، ئەگەر مردن پەلەی نەکردایە لەسەری ئەوا بە خێوکردنی کوڕەکەی بەمن دەسپارد[٤].

---

(١) ابي الفدا : المختصر، ج٣/ ص٧٣ ؛ ابن الشاطئ : الدولة الأيوبية، ط١ ، مركز الراية للنشر والأعلام ، (قاهرة – ٢٠٠٥م)، ص١٠٢ .

(٢) المستضيء بالله : (ابو محمد الحسن بن يوسف بن المستنجد بامرالله):لە مانگی شەعبانی ساڵی (٥٣٦ک/١١٤٢ز) لە دایک بووە، لە ڕۆژی (یەکشەمە ٩ی مانگی ڕەبیعی یەکەم) بەیعەتی خیلافەتی پێدراوە، لە ڕۆژی (دووی ذیلقەعدەی) ساڵی (٥٧٥ک/١١٨٠ز)، لە تەمەنی ٣٦ساڵیدا کۆچی دوایی کرد . (الأزدي : أخبار الدول، ص٣٦٤؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢١/ص ص٢٦٦-٢٦٥ ؛ محمد سهيل طقوش : تاريخ الدولة العباسية، ط٧، دارالنفائس ، (بيروت – ٢٠٠٩م )، ص٢٣٥ ) .

(٣) محەمەد ئەمین زەکی بەک : خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ ل١٠١ .

(٤) ابي شامة : الروضتين، ج٢/ ص٢١٢ ؛ عمر موسى : الأدب في بلاد الشام ، ص٣٣ ؛ ابن الشاطئ : الدولة الأيوبية، ص١٠٤ . بۆ بینینی دەقی نامەکە بڕوانە : پاشکۆی ژمارە (٢).

## تەوەری سێیەم: هەوڵەکانی صلاح الدین بۆ یەکخستنی مصروشام:

دوای ئەو ڕوداوانە خەلیفەی عەباسی ڕێگەی بە (صلاح الدین) دا کە خۆی دەستوەردان لە دۆخی سیاسی شام و چارەسەری بارودۆخەکە بکات، لە هەمان کاتدا بارودۆخەکەش زۆر گونجاو بوو تا خەونەکەی بەدی بێنێت و دەست بەسەر شامدا بگرێ و یەکێتی وڵاتی شام و مصر دروست بکات و خۆی یەکلای بکاتەوە بۆ شەڕی خاچیەکان، چونکە لە لایەک وڵاتی شام لە بەردەم مەترسی دابەشبوون و پارچە پارچە بوون و لە لایەکی تر مەترسی خاچییەکان هەبوو، بەمەش یەکیتی وڵاتی ئیسلامی کەوتبووە مەترسیەوە، هەر بۆیە (صلاح الدین) لە ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٤ز) لە مصرەوە بەرەو شام کەوتە ڕێ لەگەڵ کەشتی گەلێ کە وێنای پێشتر نەبووە لەگەڵ چەک و تفاقی زۆر و پێشکەوتووەوە[1] .

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی وای لە (صلاح الدین) کرد لە مصرەوە بەرەو شام بڕوات، مەترسی میر وفرمانڕەواکانی شام بوو لە (کمشتکین) چونکە کەوتبووە ڕەشبگیری و بەشێک لە میرو دەسەڵاتدارانی خستبووە زیندانەوە لەوانە(ابن دایة وبراکانی، ابن خشاب و براکانی) و دەستیشی بەسەر حەلەب دا گرتبوو و (صالح اسماعیل)یشی بردبووە حەلەب و بەکاری دەهێنا و بۆڕاکێشانی هەست وسۆزی خەڵک، هەر بۆیە خێرا نامەیان بۆ (صلاح الدین) نارد و داوایان لێکرد تا زوو فریای بارودۆخەکە بکەوێت و دەستی بەسەردا بگرێت، ئەویش لەمصرەوە کەوتە ڕێ، کە هێزێکی (٧٠٠) سوارەی لەگەڵدا بوو، بە هەر شار و شارۆچکەیەکی مصردا تێدەپەڕی خەڵک بە خۆشیەوە پشتگیری و پێشوازیان لێدەکرد، لە هەر جێگەیەک دایدەکوتا کۆمەکی پێ دەگەیشت پیر و گەنج و پیاوانی شاران بە پیرییەوە دەچوون، لەوانە (شمس الدین جاولي) حکومڕانی بصرا، هەروەها (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزای کە لەو کاتەدا لە مصربوو، لەگەڵ (سعدالدین کوڕی معین الدین٥٨١ک/١١٨٥ز) والی پێشووی دیمەشق، هەروەها نوێنەنەرانی (ابن المقدم) و سەرباز و سوپاکانی دیمەشق خۆیان گەیاندێ[2].

(صلاح الدین) لە ڕۆژی دووشەممەی کۆتایی مانگی (ڕبیعی یەکەم) گەیشتە دیمەشق و بەبێ هیچ شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەیەک چووە نێو شارەکەوە، هەروەها لەلایەن (جمال الدین ریحان الخادم) بەرپرسی قەڵای دیمەشق و زیندانەکان شارەکەی ڕادەستکرا، کلیلی قەڵاکەشی درایە دەست، دواتر ئەویش دایە دەست (سیف الاسلام طغتکین)ی برای و ڕایگەیاند، کە هاتووە بۆ ئەوەی ئەرکی پەروەردەکردنی (صالح اسماعیل) لە ئەستۆ بگرێت و پارێزگاری لە موڵک و

---

(١) ابن کثیر : البدایة والنهایة، ج١٤/ص٢٥٩ .

(٢)ابي الفدا : المختصر، ج٣/ ص٧٣ ؛ موحسین محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی، ل٤٨ .

دەسەڵاتەکەی بکات و دواتر چووە خانووەکەی پێشووی باوکی کە بە (دار العقيقي) ناسرا بوو، شەوەکەی لەوێ بەسەر برد[١] .

پاشان (صلاح الدين) فەرمانی کرد باجی-(مكوس)[٢] هەڵبگیرێ، خەڵکی ئەو ناوچانە بەهاتنی تەواو دڵخۆش بوون و شاعیران پیاهەڵدانیان بۆ کرد، ئەویش لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا ئاماژەی بەوە دەکرد، کە لە ژێر فەرمانی (صالح ئیسماعیل)دایە و بۆ ئەوە هاتووەتە شام تا مافەکانی ئەو کورە و یەکێتی وڵات بپارێزێت لە دەستدرێژی و خاچییەکان ڕزگاری بکات، وتاری هەینی بەناوەوە دەخوێندەوە و سکەشی بە ناوەوە هێشتەوە[٣] .

لەدوای دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق و ڕێکخستنی کاروبارەکانی لە سەرەتای مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی(٥٧٠ک/١١٧٥ز) بەرە و ناوچەکانی باکووری شاری حمص بەڕێ کەوت، کە لەو کاتەدا شارەکانی (حمص ، حەمما ، قەڵای بەعرین ، سلمیە، تل خالد، روهاو ... هتد ) لە ژێر فەرمانڕەوای (الأمير فخرالدين مسعود الزعفراني)دا بوون بەڵام لە دوای مردنی (نورالدين محمود)، بەهۆی خراپی هەڵس وکەوتەکانییەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا نەیتوانی بووپاریزگاری لە مانەوەی بکات بەسەر ئەو ناوچانەوە[٤]، ئەوەش دەرفەتی دایە دەست(صلاح الدين) لە ڕۆژی (١١ی جمادی دووەمی ساڵی٥٧٠ک/١١٧٤ز) ڕوو بکاتە شاری حمص، سە رەتا نامەی بۆ ناردن و داوایکرد بە ئاشتی شارەکەی ڕادەست بکەن، چونکە ئەو بۆ شەڕ نەهاتووە و نایەوێت خوێنی موسوڵمانان بڕێژێت، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە شارەکەی بدەنە دەست، هەر بۆیە ناچار بوو بەشەڕ دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، بەڵام بە هۆی ئەوە بەرگرییەی لە قەڵاکەیان کرد نەیتوانی دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە بەشێک لە سوپاکەی بەجێهێشت تا بەردەوام بن لە

---

(١)البنداري : سنابرق الشامي، ص٨١ ؛ ابي شامة : الروضتين، ج٢/ ص٢٢٢ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٨٤ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة في تاريخ الحروب الصليبية، د.ط ،دارالفكر(دمشق-١٩٩٥م) ، ج١١/ص٣٠٨ ؛ مهدي صالح سليفاني : الأيوبيون في كتابات المؤرخين السريان، ص٨٧.

(٢) مكوس : - لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئارامییە کۆنەکانە تێکەڵ بە فەرهەنگی عەرەبی بووە، جۆرە باجێک بوو لە فرۆشیارانی بازاڕ بازرگانانی سەر سنور وەردەگیرا، ئەم جۆرە باجە هی سەردەمی پێش ئیسلام بوو، کە لەسەردەمی خیلافەتەکانی ئومەوی و عەباسیش کاری پێدەکرا، بەڵام (صلاح الدين) ڕێگری لێکرد . ( ابي شامة : عيون الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية ، تح : احمد البيسومي ، د . ط، منشوراة وزارة الثقافة، (دمشق-١٩٩١م)، ق٢ / ص٣٢٠ ؛ ابن منظور : لسان العرب، د.ط، دارالمعارف، (القاهرة-د . ت)، ص٤٢٤٨ ؛ عبدالقادر طويلب : الضرائب والمكوس ببلاد المغرب الإسلامي في العهد الموحدين و الدويلات من القرن ٦هـ إلى القرن ٩هـ (١٢-١٥م) ، اطروحة دكتوراه ، جامعة وهران١ ، (الجزائر-٢٠٢١م) ، ص٤ )

(٣)هاملتون آ.ر.جب : صلاح الدين الأيوبي، ص١٢٥ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة، ج١١/ص٣٠٨ ؛ موحسين محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی ، ل٤٩ .

(٤)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ص٤٠٦ ؛ ابي الفدا : المختصر، ج٣/ص٧٣ ؛ ابن الوردي : تاريخ ابن الوردي، ص١٢٠ ؛ هاملتون آ.ر.جب ، صلاح الدين الأيوبي ، ص١٢٣ .

گەمارۆدانی قەڵاکە و خۆی بەشێکی دیکە لە سوپاکەی ڕۆشتن بەرەو حەما، کە (عزالدین جردیک) فەرمانڕەوای بوو، (صلاح الدین) داوای لێکرد کە شارەکە بدەن بە دەستەوە سەرەتا ڕازی نەبوون وبەرگرییان لە شارەکە کرد، بەڵام دواتربۆی ڕوونکردنەوە، کە مەبەستی شەڕ و داگیر کردنی شارەکە نیە و ملکەچی (صالح اسماعیل)ە، هەربۆیە بەبێ شەڕ شارەکەیان دابە دەستەوە، بەڵام قەڵاکەی ڕادەست نەکرد، پاشان (صلاح الدین) داوای لە (عزالدین جردیک)کرد، کە بچێت بۆ حەلەب تا داوا لە فەرمانڕەوای شارەکە بکات ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی خوێنی موسوڵمانان نەڕێژرێ و شارەکەی ڕادەست بکات، ئەویش ڕۆشت بۆ حەلەب براکەی لە شوێنی خۆی دانا بە فەرمانڕەوای حەما تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە، بەڵام هەرکە گەیشتە حەلەب لەلایەن (کمشتکین)ەوە دەستگیر کرا و خرایە زیندانەوە، هەرکە ئەم هەواڵە گەیشتە براکەی ڕاستەوخۆ قەڵاکەشی دایە دەست (صلاح الدین)، بەم شێوەیە (صلاح الدین) بەبێ شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی بەسەر حەماشدا گرت[١] .

دوای گرتنی حەمما (صلاح الدین) ڕووی کردە حەلەب لە ڕۆژی سێی جەمادی دووەمی ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٥ز)، گەیشتە حەلەب و گەمارۆی شارەکەیدا، بێگومان سەرەتا مەبەستی شەڕی نەبوو، وەک پێشتر باسمان کرد، لەم کاتەدا (کمشتکین) (صالح اسماعیل)ی بەکارهینا بۆ بزواندنی هەستی خەڵکی، کە خۆی لە پێشکەشکردنی وتارێکدا دەبینییەوە لەلایەن (صالح اسماعیل)ەوە بۆ خەڵکی شار و بە گریانەوە گوتی: (خەڵکینە بینیوتانە( صلاح الدین) چۆن چاکەی باوکم دەداتەوە و هاتووە وڵاتەکەی داگیر بکات)، ئەمەش وایکرد خەڵکەکە دەستیان بە گریان کرد و بڕیاری ڕووبەڕوو بوونەوەی (صلاح الدین)یان دا و لە شار بۆی دەرچوون و شەڕێکی سەخت روویدا لە نێوانیاندا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران[٢].

لەم کاتەدا (کمشتکین) نامەی بۆ (شیخ الجبل راشدالدین سنان)، فەرمانڕەوای (ئیسماعیلییەکان)[٣]نارد و پارەیەکی زۆری پێدا تا (صلاح الدین)ی بۆ بکوژێت، ئەویش ژمارەیەک

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٤٠٧ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٨٦ .

(٢)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٤٠٧ ؛ ابن شداد : النوادرالسلطانية ، ص ص ٩٤ – ٩٥ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەک : خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ ل١٠٣-١٠٤.

(٣) ئیسماعیلیەکان : گروپێکی شیعە مەزهەب بوون، لە دوای مردنی ئیمام (جعفر الصادق) (١٤٨ک/٧٦٦ز) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە ئیمام (جعفر الصادق) بۆ (اسماعیل)ی کوڕی دوای خۆی وەک جێنشینی خۆی دیاریکردبوو، بەڵام لە ساڵی (١٤٣ک/٧٥٢ز) کۆچی دوایی کرد، هەربۆیە ئیمام (جعفر الصادق) کوڕێکی دیکەی بە ناوی (موسی کاظم) دەستنیشان، بەڵام ئەوان دانیان پێدا نەدەنا، هەربۆیە بەهۆی لایەنگرییان بۆ (اسماعیل)ناویان لێنرا ئیسماعیلییەکان (سعد رستم : الفرق والمذاهب الإسلامية ، ط٢ ، الأوائل للنشر والتوزيع، (دمشق - ٢٠٠٥م)، ص٨٧ ؛ سهيل نجم دهش : الحركة الإسماعيلية في بلاد الشام للفترة من (١٥٠هـ/ ٧٧٢م / ٦٧٢هـ / ١٢٧٨م)، رسالة ماجستير، كليةالاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٦م، ص٦)

سەربازی خۆکوژی بۆ ئەنجامدانی کارەکە نارد، بەڵام پیلانەکەیان ئاشکرا بوو هەموو سەربازەکانی (سینان) لە لایەن سەربازانی (صلاح الدین)ەوە کوژران[1].

(صلاح الدین) بەردەوام بوو لە گەمارۆدانی حەلەب تاکو سەرەتای مانگی ڕەجەب، بەڵام لەو کاتەدا خاچپییەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ (کمشتکین) هێرشیان کردە سەر شاری حمص، بۆیە ناچار بوو دەست لە گەمارۆدانی حەلەب هەڵگرێت و فریای حمص بکەوێت، کە گەیشتە شارەکە و توانی هێرشی خاچپییەکان تێکبشکێنێ و مەترسی لەسەر شارەکە هەڵگرت، دواتر بەعلەبەکیشی گرت، دوای ئەو بارودۆخە (صالح اسماعیل) نێردراوی نارد بۆ لای (سیف الدین غازي) ئامۆزای فەرمانڕەوای موصڵ داوای هاوکاری لێکرد ئەویش دەستبەجێ سوپاکەی بە سەرکردایەتی (عزالدین مەسعود)ی برای ئامادەکرد و یەکێک لە گەورەترین میرەکانی لەگەڵ نارد، کە (عزالدین محمود) بوو، کە بە (سلفندار)بە ناسراو بوو، داوای لێکردن بچن بەرەو حەلەب و ڕووبەڕووی (صلاح الدین) ببنەوە، بەڵام ئەو نەیویست شەڕیان لەگەڵ بکات تا زیاتر خوێنی موسڵمانان بەدەستی یەکتر نەڕێژرێت[2]، بەڵکو داوای ڕێککەوتنی لێکردن و بەڵێنی پێدان هەموو ئەو ناوچانەیان پێبداتەوە، کە گرتوونی جگە لە دیمەشق، لەوێش بە ناوی (صالح اسماعیل)ەوە حوکمی دەکات، بەڵام ئەوان داوای ڕەحبەیان لێکرد، بەڵام (صلاح الدین) بەم داوایەیان ڕازی نەبوو وتی ئەمە موڵکی (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزامە چۆن لە پێناو قایلکردنی ئێوە زیانی پێبگەیەنم[3]، ئەمەش وایکرد (کمشتکین و صالح اسماعیل) ڕازی نەبوون ڕێککەوتن بکەن، ئەویش بە ناچاری بڕیاریدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە، لەناوچەیەک پێی دەوترا (قرون حەما)[4]سوپای هەردوولا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، دوای شەڕێکی سەخت، سەرەنجام (صلاح الدین) توانی بە سەریاندا سەرکەوێت و سوپای تێکەڵەی حەلەب و موصل بە خراپی تێکشان ژمارەیەکی زۆریان یە دیل کەوتە دەست (صلاح الدین)[5]، (سیف الدین غازي)یش هەڵات بۆ موصڵ سوپاکەی (صلاح الدین) دوایکەوتن، بەڵام دوای گەیشتنەوەی بە موصل جارێکی تر سوپاکەی

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ ص٤٠٧ ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەک : خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ ل ل ١٠٣-١٠٤ .

(٢)بن خلدون : تاريخ ابن خلدون، ج٥/ص٣٠٠ ؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط، تح : عمر عبدالسلام تدمري ، ط١ ، جروس برس، (طرابلس - ١٩٩٣م)، ج١/ ص١٤٠ ؛ سوزي حمود : الفاطميون والزنكيون والايوبيون والمماليک و صراعهم حول السلطة في المشرق العربي ، د . ط، دارالنهضة العربية، (بيروت-٢٠١٠م)، ص ص ٥٢-٥٣ .

(٣) ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٤/ص٢٦٤؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٨٧ .

(٤) قرون حەمما : دوو گرد یان دوو چیای بەرامبەرن بەناوەکانی (زین العابدین و کفر راغ) لە باکوری خۆرهەڵاتی حەما، کە لە دیمەشقەوە نزیکەی پێنج ڕۆژ و لە حەلەبەوە چوار ڕۆژە ڕێ دوور بوون . (یاقوت الحموي : معجم البلدان، مج٢/ص٣٠٠ ؛ حایک : مملکة حمص فی العصر الآیوبی، ص١٠١ ) .

(٥)البنداري : سنابرق الشامي، ص٨٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية ، ج١٤/ص٢٦٤ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٨٧؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط، ج١/١٤٠.

ڕێکخستەوە، بۆجاری دووەم سوپای (صلاح الدين) توانی تێکیان بشکێنی و ژمارەیەکی تری لێ بە دیل گرتن ئەوانەشی مابوونەوە ڕایان کرد بۆ حەلەب، دوای ئەم سەرکەوتنە (صلاح الدين) (قەڵای بەزاغە) و (مەنبەج) و (ئەعزاز)[1]ی گرت و گەڕایەوە بۆ گەمارۆدانی شاری حەلەب[2]، جارێکی تر گەمارۆی شارەکەی دایەوە، ئەم جارەیان توند تر لە جارەکانی تر، لەکاتی گەمارۆکەدا (صالح اسماعيل) خوشکێکی بچوکی ناردە لای (صلاح الدين)، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرت و دیاریی گرانبەهای پێبەخشی و پێی وت کەس وکاری چییان دەوێت، گوتی (عەزازیان) دەوێت، ئەویش پێی بەخشی دواتر لێی پرسی چیترت دەوێت، وتی دەمەوێت بگەڕێمەوە حەلەب، (صلاح الدين)یش زۆر بەجوانی بەڕێی کرد تابەردەرگای شارەکە خۆی لەگەڵیدا ڕۆشت، هەروەها لەبەر خاتری ئەو کەسی ئازار نەداوە و هەرچی دیلیش لایان بووە ئازادی کردوون، بریندارەکانتیشی تیمارکرد و ئازادی کردن[3]، بەهۆی بەردەوامی لە گەمارۆدانی شارەکە سەرەنجام حەلەبییەکانی ناچارکرد کرد داوای ڕێککەوتن بکەن، ئەویش ڕازی بوو ئەوەی بە دەستیەوەیە بوو بە ناوی خۆیەوە حوکمی بکات ئەوەشی بەدەست (صالح اسماعيل)ەوەیە بە ناوی ئەوەوە بەڕێوە ببرێ[4].

ئەم ڕووداوانە وای لە (صلاح الدين) کرد، کە بیر لەوە بکاتەوە کە چیدی کە بە ناوی (صالح اسماعيل)ەوە فەرمانڕەوای نەکات و ناوی لە وتار و سەر دراو بسڕێتەوە و ڕاستەوخۆ لە دوای ناوی خەلیفەی عەباسی ناوی خۆی بهێنرێ، هەربۆیە زۆری پێنەچوو نێردراوی نارد بۆ لای خەلیفەی عەباسی (المستضيء بامرالله)داوای لێکرد، کە دان بە دەسەڵاتیدا بنێت وەک فەرمانڕەوای مصر و شام و ڕاستەوخۆ بە ناوی عەباسییەکانەوە وتار بخوێنێتەوە و کۆتایی بە ناوی زەنگییەکان بهێنرێت، وا دیارە خەلیفەی عەباسی دانی بە دەسەڵاتی (صلاح الدين) بەسەر شامدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەناوە، بەڵکو بە ئەنقەست دەستەواژەی (الإضافة ـ زیادکردن)ی بەکارهێناوە، بەواتای زیادکردنی دەسەڵاتی (صلاح الدين) لەو ناوچانەی بەدەستییەوەیە وەک (مصر و یەمەن و چەند ناوچەیەکی شام )، هەروەها نوێنەری نارد بۆ لای و دیاری بۆ نارد، بەڵام یەک شمشێری بۆ نارد ئەمەش مانای ئەوەبوو تەنها فەرمانڕەوای مصرە، و لەگەڵ ئەوەشدا نوسراوێکیشی نارد کە تێیدا وەک فەرمانڕەوای کاتی شامیش ناسێنرابوو، ئەمە لە

---

(١) لە بەرگی دووەمی کتێبی خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستانی محەمەد ئەمین زەکی دا لە لاپەڕەی ١٠٥ نوسراوە (ئغزار) پێدەچێت هەڵەی چاپ بێت .

(٢)ابن شداد : النوادر السلطانية، ص٩٦ ؛ محەمەد ئەمین زەکی : خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ ل١٠٤ ؛ سەعید عەبدولفەتاح عاشور: مێژووی ئەیوبی و مەمالیک لە میسر و شام، ل١٠٢.

(٣)موحسین محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی ، ل ل٥٣–٥٤ ؛ محمد رجب البيومي : سەلاحەدینی أیوبی تێکشکێنەری خاچپەرستانی دوژمنکار، و:محمد حسن سەرگەنێلی، چ٢، نوسینگەی تەفسیر، (هەولێر–٢٠٢٠ز)، ل١٢٢.
(٤)ابن الوردي :تاريخ ابن الوردي ، ج٢/ ص١٢١؛ موحسین محەمەد حوسێن : سەلاحەدینی ئەیوبی ، ل ل٥٣–٥٤.

کاتێکدا پێشتریش لە ساڵی (٥٦٧ک/١١٧٢ز) دو شمشێری نارد بۆ (نورالدین محمود) ئەویش وەک ئاماژەیەک بۆ دانتان بەدەسەڵاتیدا لە مصر وشام[١] .

دوای جێگیر بوونی دەسەڵات لەشام (صلاح الدین) حەمای بەخشی بە (شهاب الدین محمود)ی کوڕە خاڵی، هەروەها شاری حمص و دەورو بەری دابڕی بۆ (ناصرالدین محمد کوڕی شیرکو)ی ئامۆزای، کە پێشتر هی (اسدالدین شیرکۆ)ی باوکی بوو دوای مردنی، (نورالدین محمود) لێس وەرگرتبووەوە[٢]، لەوە بەدوا و بۆماوەی نزیکەی سەدەیەک بەدەستی کوڕ و نەوەکانی (اسدالدین شیرکو) وە بوو .

---

(١) مضر عدنان طلفاح : اعتراف الخلافة العباسية بقيام الدولة الأيوبيية، مجلة مؤته للبحوث والدراسات، سلسلة العلوم الإنسانية والإجتماعية ، جامعة مؤتة، ، (الأردن-٢٠١٧م)، مج٣٢، العدد الثاني، ص٦٥-٦٦؛ سوزي حمود : الفاطميون والزنكيون والايوبيون والمماليک، ص٥٣ .

(٢)ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٤/ص٢٦٦ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٨٧ .

## باسی دووەم: کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو وسنوری قەڵەمڕەوییان[1]:

## تەوەری یەکەم:کوڕ و نەوەکانی اسدالدین شیرکو:

### یەکەم: فتح الدین:

لە سەرچاوە میژووییەکاندا شتێکی ئەوتۆ لەسەر فتح الدین نەنوسراوە تەنها ئەوە نەبێت، کە دەڵێن (اسدالدین شێرکۆ) کوڕێکی هەبووە کە ناوی (فتح الدین) بووە ، و هەر بە منداڵی و لە سەردمی ژیانی باوکیدا و لە ساڵی (٥٦١ ک / ١١٦٦ز) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی نەجمیە لە پاڵ گۆڕی (شاهانشای کوڕی أیوب)[2]ی کوڕە مامیدا لە دیمەشق بە خاکیان سپاردووە[3]، بە گوێرەی ئەوەی، کە واباسکراوە هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کردووە، پێدەچێت کوڕی بچوکی بوو بێت، چونکە کاتێک (شێرکۆ) لە ساڵی (٥٦٤ک) دا کۆچی دوایی کردووە کوڕەکەی تری، کە ناوی (ناصرالدین محمد) بووە تەمەنی منداڵ نەبووە، بەڵکو یەکسەر کراوە بە جێنشینی باوکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی باوکی پێدراوە و فەرمانڕەوایەتی تێدا کردووە، هەر لەبارەی کورەکانی (اسدالدین شیرکو)وە (حسان بن نمیر) شاعیری ناوداری عەرەب بە هۆنراوەیەکی کورت ستایشی (ناصرالدین محمد و فتح الدین)ی کردووە و نوسیویەتی :

لله شبلا أسد خادر     مافيهما جبن ولا شح
ما أقبلا إلا و قال الورى     قد جا ء نصر الله الفتح[4]

---

(١) بۆ بینینی سنوری قەڵەمڕەوییان لەسەر نەخشە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٣).

(٢) شاهنشاه کوڕی أیوب : برای (صلاح الدين) بوو لە ساڵی (٥٤٣ک/١١٤٨ز) لە کاتی گەمارۆی خاچییەکان بۆ سەر دیمەشق کوژرا. (ابي شامة : الروضتين، ج٢/ص٣ ؛ ابن خلكان : وفيات الاعيان ، مج٢/ص٤٥٢).

(٣) ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ ص٣ : منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الايوبي، ص ٨٥ .

(٤) ديوان عرقلة الكلبى ، تح : احمد الجندي ، د.ط ، دار الصادر ، ( بيروت - ١٩٩٢م ) ، ص ص ١٩-٢٠ ؛ عطاعبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ، ل٣٧.

ئای لەو دوو بەچکە شێرەی لانە     کە هەرگیز ترس و ڕەزیلیان تێدا نیە
بە هاتنی ئەو دووانە بۆ گۆڕەپانی شەڕ   دەڵێن وا سەرکەوتن دەستەبەر بوو

## دووەم: بابا خاتوون:

لە سەرچاوەکاندا تەنها ناوی یەک کچی (اسدالدین شیرکو) هاتووە، کە ئەویش ناوی (بابا خاتوون)ە بەپێی بەڵگەکان تا دوای ساڵی (٦٥٥ک/١٢٥٧ز) لە ژیاندا ماوە ، چونکە لە مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا هاوکاری (زهرة خاتون)[١]ی لە دروستکردنی قوتابخانەی عادلیەی بچوک (مدرسة العادلية الصغرى) کردووە، کە لە دیمەشق دروستکراوە[٢].

ئەم قوتابخانەیە سەرەتا حوجرە بووە و ناوی (خانەی ابن موسک) بووە، دواتر تایبەتکراوە بە قوتابخانە و پێشتر خاوەندارێتی دەگەڕایەوە بۆ (عیصمةالدین زوهرة خاتون کچی الملک العادل ابو بكر کوڕی ایوب) دواتر خاوەندارێتی گواستراوەتەوە بۆ (بابا خاتوون) دەوترێت کڕیویەتی، کە لە بەرامبەردا هەر یەکە لە ( گوندی کامد) بەشێک لە گوندی (البرقوم) لە نزیک حەلەب بوو، لەگەڵ بەشێک گوندی (بیت الدیر)، حەمامێک، کە ناسراو بوو بە حەمامی (ابن موسک) بەخشیووە بە (زوهرە خاتوون)، هەروەها ئەم قوتابخانەیە مامۆستا و یاریدەدەر و پێشنوێژ و بانگدەر و دەرگاوان ونزیکەی بیست فەقێی هەبووە[٣].

## سێیەم: ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو:

سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە دوای مردنی (اسدالدین شیرکو) تەنها کوڕێکی وەک میراتگری دەسەڵاتەکەی لەدوا بەجێما، کە ئەویش ناوی (ناصرەدین محمد) بووە ، بە (الملک القاهر ) ناسرابوو[٤]. لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٥٦٤ک/١٢٦٩ز) ڕاستەوخۆ لە لایەن (نورالدین محمود)ەوە کرا بە دەسەڵاتداری ناوچەکانی (حمص و رەحبە) کە پێشتر باوکی دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە بوو، بەڵام دوای چەند مانگێک (نورالدین محمود)هەموو ئەو ناوچانەی لێ وەرگرتەوە[٥].

(ناصرالدین محمد) خاوەن کەسایەتیەکی بەرز و ئازا و سەرکردەیەکی جوامێر و بوێر بووە مێژوونوسان بە ئازایەتی و چاونەترسی ستایشیان کردووە، بە جۆرێک هاوشێوەی باوکی لە

---

(١) زامباوار (زهرة خاتون)ی وەک برازای بابا خاتوون ناساندووە ، بەلام لە ڕاستیدا کچی (الملک عادل کوڕی نجم الدي ایوب)ە، واتا باوکی (الملک الكامل) ئامۆزای (بابا خاتون)ە، هەروەها قوتابخانەکەشی بەناوی (الملک العادل)ە، لە بنەماڵەی شێرکۆ (العادل)ناوی تێدا نیە. بڕوانە: (معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي، ص ١٥٩، حاشية ٦ ) .

(٢) زامباوار : محجم الانساب ، ص ١٥٨– ١٥٩.

(٣)الدمشقي : الدارس فی التاریخ المدارس ، ط١ ، دار الكتب العلمية ، (بيروت–١٩٩٠ م) ، ج١/ص ص٢٧٨–٢٧٩ ؛ عبدالقادر بدران : منادمة الاطلال ، ص١٢٧ ؛ منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الايوبی ، ص ص ٨٥– ٨٦ ؛ محمد خير رمضان : المرأة الكردية فی التاريخ الاسلامي ، ط١، دار القادري ، (بيروت_١٩٩٢م) ، ص ٣٢.

(٤) ابن خلكان : وفيات الاعيان، ج٢/ص٤٨٠ ؛ الذهبی:العبر، ج٣/ص٤٣ ؛ عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ ، ل٨٤.

(٥) بڕوانە : توێژینەوەکە، ل٦٢.

ئازایەتیدا باسکراوە، هەروەها (صلاح الدین)ی ئامۆزای هەمیشە ڕێزی لێگرتووە، دەوترێ هەمیشە خۆی لە(صلاح الدین) بە شایستەتر زانیوە بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە و ببێتە دەسەڵاتداری ئەیوبییەکان، هەربۆیە (صلاح الدین) تا ڕادەیەک لێی ترساوە و حسابی تایبەتی بۆ کردووە[1].

تەنانەت دوای ئەوەی (نورالدین محمود)ئەو ناوچانەشی لێوەرگرتەوە ، بەڵام لە ئەرک دووری نەخستبۆوە، لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی (ناصرەدین) زۆر جار ئەرکی گرنگی پێ سپاردووە، بۆ نمونە پاراستنی ئەو وەفدەی، کە لە ساڵی (٥٦٦ک/١١٧١) بەسەرکردایەتی (عماد الأصفهاني) ڕۆشتن بۆ دیوانی خیلافەت لە بەغداد[2]، کە ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئازایەتی (ناصرالدین)ە، کە ئەوە دەسەلمێنێ (نورالدین محمود)سوودی لە توانا و ئازەیەتیەکەی وەرگرتووە و درکی پێکردووە، ئەگینا ناکرێ ئەرکی پاراستنی وەفدێکی وا گرنگ بە کەسانی ئاسایی بسپێردرێ، ئەمەش مانای ئەوە بووە (ناصرالدین) کەسێکی تایبەت بووە لای (نورالدین محمود) لە ڕووی ئازایەتیەوە.

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی (ناصرالدین محمد) ئەوە بووە، کە کەسێکی بەخشندە و میهرەبان بووە لە بەخشین دەست بڵاو بووە بەتایبەتی بەرامبەر زانا و شاعیران و زۆر جاران یارمەتی و بەخشیشی شاعیرانی کردووە هەر بۆیە (حسان بن نمیر) شاعیری دیار و ناوداری عەرەب لە چەند شوێنێک لە دیوانەکەیدا بە شیعر ستایشی (ناصرالدین)ی کردووە نوسیویەتی:

أمالي على الاحباب يا سعد مسعد    ولا منجد لما أغاروا و أنجدوا

عذرت العذاري في صدودي و لم اقل    خليلي لم حظي من البيض أسود[3]

دوای ئەو بارودۆخە قورسەی (ناصرالدین محمد) بەسەریدا تێپەڕی لە شام، بۆیە هەستی کرد پێویستە شام بەجێبهێڵێت وەکو ئەندامانی تری بنەماڵەکەی بەرە و مصر کۆچبکات، کە زۆربەیان لە ساڵی (٥٦٥ک/١١٦٩ز) لەسەر داوای (صلاح الدین) ڕۆیشتن بۆ مصر، بەڵام نازانرێ (ناصرالدین محمد) لە چ ساڵێکدا ڕۆشتووە بۆ مصر، بەڵام ئەوەندە هەیە تا ساڵی

---

(١)الذهبی : العبر ، ج٣/ ص٨٣٢ ؛ الصفدي : الوافی بالوفیات ، تح : احمد الارناوط و ترکی مصطفی ، ط١، دارالتراث العربي، (بیروت–٢٠٠٠م) ، ج٣/ص١٢٧ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٤٨ ؛ عبدالسلام الترمانيني : احداث تاريخ الإسلام بترتيب السنين ، ط١، برقيا طلاسدار، (دمشق–١٩٩٤م)، مج١/ج٣/ص٥٦٤ .

(٢)بڕوانە: توێژینەوەکە، ل٦٣.

(٣) دیوان عرقلة الكلبي ، ص ص ٢٨– ٣٠.

(بەخۆشبەختییەوە ئومێدم لەسەر خۆشەویستانم هەڵچنیوە    کەچی ئیرەییان پێبردم کەس بەهانامەوە نەهات

تەنانەت سڵم لە ئافرەتە داوێن پاکەکانیش دەکردەوەو    هەرگیز نەموتوە بۆ بەختم ڕەشە

هیچ جێگەی سەر سوڕمانیش نیە بۆ بەساڵاچوویەک    کە هۆگری ڕق وکینە بێت، لەشێوەو ڕوخساردا سپی بێت)

(٥٦٦ك/١١٧٠ز) له شام بووه، و لەساڵی (٥٦٩ك/١١٧٣ز) له مصر بووه به بەڵگەی ئەوەی (اسدالدين شيركو)ی کوڕی لەو ساڵەدا له مصر له دایک بووه[١].

بۆیه دەکرێ ساڵی (٥٦٧ك/١١٧٢ز) یان (٥٦٨ك/١١٧٣ز) بۆ ڕۆیشتن و گەیشتنی به مصر دیاری بکەین، چونکه وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد به پێی گێڕانەوەیەکی (عماد الأصفهاني) له ساڵی (٥٦٦ك/١١٧١ز) ناصرەدین له شام بووه[٢].

## چوارەم: اسدالدين شيركو کوڕی ناصرالدين محمد (شێرکۆی دووەم):

(اسدالدين شيركو) کوڕی تاقانەی (ناصرالدين محمد) بوو، له ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) له مصر له دایک بووه، لەوکاتەدا خێزانەکەی و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی لەو وڵاته بوون[٣]. له دوای مردنی باوکی له ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) جێگەکەی گرتووتەوەو بووه به فەرمانڕەوای ناوچەکانی حمص و دەوروبەری، و ئەو ناوچانەی، که پێشتر هی باوکی بوون، لەگەڵ سەروەت و سامانێکی زۆر، هەروەک (عمادالدين الاصفهاني) گێڕاویەتەوە: (له ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) کاتێک (صلاح الدين) له نەخۆشییەکەی چاک بووەوە، له گەڕانەوەماندا له حەرانەوە بۆ دیمەشق، به حمصدا تێپەڕین فرمانی به (العادل)ی برای کرد سەروەت و سامانی (ناصرالدين)ی ئامۆزای بەسەر میراتگرەکانیدا دابەش بکەن، ئەویش فرمانەکەی جێبەجێکرد، نازناوی (اسدالدين)ی به (شیرکو) پێبەخشی، که هەمان نازناوی باپیری بوو، سەرباری ئەوەی (شیرکو) کەسێکی زیرەک و وریا و لێهاتوو بوو، بەڵام به هۆی کەمی تەمەنییەوە پێویست بوو کەسێکی باوەڕپێکراو و دەستپاک سەرپەرشتی کاروبارەکانی حمص بکات تا ئەو کاتەی (شیرکو) گەورە دەبێت، بۆ ئەو مەبەسته کەسێکی له مەمالیکەکانی (اسدالدين شيركو)ی باپیری راسپارد تا ئەو ئەرکە له ئەستۆ بگرێت، ئەویش کەسێک بوو به (أرسلان بغا) ناسرا بوو، هجگە لەوە کەسێکی تریشی به ناوی (الأمير حاجب بدرالدين کوڕی شروة الهكاري) کرد به والی قەڵای حمص، تا ئەوکاتەی (اسدالدين

(١)ابن خلكان : وفيات الاعيان، ج٢/ ص٤٨ ؛ ابن الفوطي : الحوادث الجامة والتجارب النافعة في المائة السابعة ، تح : مهدي النجم، ط١، دارالكتب العلمية ، (بيروت–٢٠٠٣م )، ص ١١٦ ؛ منذر الحايك: العصر الايوبي قرن من الصراعات الداخلية ، ط١، دار الصفحات ، (دمشق – ٢٠١١م) ، ص٧٠.

(سەبارەت به مێژووی کۆچکردنی ناصرەدین بۆمصر زۆر گەڕام به نێو سەرچاوه ڕەسەنەکان و هەروەها سەرچاوه نوێیەکانیشدا ، هیچ دەقێک یان بەڵگەیەکم دەست نەکەوت که بیسەلمێنێت له چ ساڵێک و به چ هۆکارێک ڕۆشتووه بۆ مصر) .

(٢)بروانه : البنداري : سنابرق الشامي ، ص ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ص١١٠ .

(٣) ابن خلكان : وفيات الأعيان ، ج٢/ص٤٨٠ ؛ ابن الفوطي : الحوادث الجامعة ، ص١١٥ ؛ الزبيدي : ترويح القلوب، ص٣٧ ؛ منذر الحايك : العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية ، ص٩٢ .

شیرکو) دەگاتە تەمەنێک، کە توانای بەڕیوەبردنی وڵاتی هەبێت و بتوانێت خۆی سەر پەرشتی کاروبارەکانی وڵات بکات)[١].

(ناصرالدین محمد) جگە لە(اسدالدین شیرکو) کچێکیشی هەبوو ناوی (سعدیة خاتون) بوو، صلاح الدین لە(الأفضل)ی کوڕە گەورەی مارەی کرد، بێگومان ئەم ژنخوازییە لە سەردەمەکانی دواتردا ڕەنگی دایەوە لە پەیوەندی نێوان (الأفضل) و (شیرکو) دا، بەجۆرێک لە زۆربەی ڕووداوەکاندا پشتیوانی یەکتریان دەکرد، و دوای ئەوەی (صلاح الدین) کۆچی دوایی کرد (شیرکو) خۆی گەیاندە لای (الافضل) و دڵنیای کردەوە لە پاراستنی پەیوەندی پتەوی نێوانیان[٢].

(اسدالدین شیرکو) لە نێو بنەماڵەکەیدا بە ئازایەتی و چاونەترسی و خاوەن کەسایەتییەکی توند و یەکلاکەرەوە ناوبانگی هەبوو، لە ماوەی ئەو پەنجا و شەش ساڵەی کە ئەو فەرمانڕەوا بوو(٥٨١-٦٣٧ك/١١٨٥-١٢١٩ز) نمونەیەکی جوانی لە بەڕێوەبردن و کارکردن بەئاراستەی بنەبڕکردنی کاری تاوانکاری ڕێکخستنی سیستەمی باج و سوککردنی باج و بارگرانی سەرخەڵک و بازاڕ، بۆنمونە لابردنی باجی(مکوس) [٣] .

دەوترێت فەرمانرەوایانی ئەیوبی هەمیشە لێی ترساون، چونکە ئەو خۆی بە شایستەی پادشای ئەیوبییەکان دەزانی و پێی وا بوو (اسدالدین شیرکو)ی باپیری مصری ڕزگار کردبوو، بەڵام تەمەن ڕێگەی پێنەدابوو بگات بەو پلەیەی خۆی بە شایستەی دەزانی، هەروەها باوکیشی بە هەمان شێوە بارودۆخ یارمەتی نەدا تا بگات بەو خەونەی  هەوڵی بۆی دەدا، هەربۆیە ئەمیش زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لە گەڵ بارودۆخەکە دەکرد، چونکە دەیزانی هیچ یەکێک لە خێزانی ئەیوبییەکان بەوە ڕازی نابن (شیرکو) بیر لە دەسەڵاتی گشتی بکاتەوە و بگرە دژایەتیشی دەکەن و هەروەها ئەوەشی دەزانی، کە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەیوبییەکانی نییە[٤].

(شیرکو) کەسیکی بە ئیرادە بوو، هەمیشە کاروبارەکانی وڵاتەکەی ڕێکخراو بوو، هەورەها کەسێکی دیندار و لە خوا ترس و پاک بوو، زۆر پەرۆشی نوێژ و پەرستشە ئاینییەکان بوو، دەوترێت هەرگیز لەتەمەنیدا شەراب و مەی نەخواردووەتەوە،  سەرەڕای ئەوەی دراوسێی خاچییەکان بوو بەڵام لەماوەی دەسەڵاتیدا هەرگیز ڕێگەی پێنەداون سنوری وڵاتەکەی ببەزێنن و وڵاتەکەی داگیر بکەن، هەرکاتێک خاچییەکان  یان خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە هەر جووڵەیەکیان بە ئاراستەی داگیرکردنی وڵاتەکەی بکردایە، بەهۆی بەهێزی هەواڵگرییەوە ئەو پێشوەخت پێی

---

(١) وەرگیراوە لە : ابي شامة : الروضتين ، ج١٦٣/٣ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب، ج٢/ص١٧٧ ؛ البنداري : سنابرق الشامي ، ص٢٧٧ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٢٣١ .

(٢) سامان نامق : ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، ل ل ١٣١–١٣٢ .

(٣)المنذري : التكملة، ط٣، تح : الدكتور بشار عواد، مؤسسة الرسالة، (بيروت–١٩٨٤م)، مج٣/ص٥٣٥ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب، ج٥/ ص ص٢٥٤-٢٥٦ .

(٤)ابن كثير : البداية و النهاية ، ج١٥/ص٢٢٨ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الايوبي ، ص ص ١٢٠–١٢١.

دەزانین و ڕووبەڕوویان دەبۆوە، بەردەوام ڕێگای نێوان دیمەشق و حمص پارێزراو بوو لە سەردەمی ئەودا بەدرێژایی ڕێگاکە پاسەوانی دانابوو[1] .

هەرسەبارەت بە کەسایەتی (اسدالدین شیرکو)، دەوترێت کەسێکی زانستخواز بووە، گرنگییەکی زۆری دەدا بە فێربوونی زانست بەتایبەتی زانستە ئاینیەکان وەک فێربوونی قورئان و هەروەها فێربوونی زانستی فەرموودە ناسی، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە باوکی گرنگییەکی تایبەتی بە پەروەردەکردنی دەدا لە بواری فێربوون و خوێندن و لای چەندین زانای بەناوبانگی مصر و شام خوێندوویەتی، لەوانە لای زانا بەناوبانگەکانی دیمەشق و حمص خوێندویەتی وچووەتە لای زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمە (الفضل بن حسین الحمیري)[2]، و گوێی لە وانەکانی گرتووە، هەروەها لای زانای گەورەی مصری (عبدالله بن بري النحوي)[3] و چەند زانایەکی دیکەی مصری، لە دیمەشقیش لای زانای بەناوبانگ (محمد کوڕی علي الحراني)[4] و چەندین زانای دیکە خوێندویەتی، بێگومان ئەم پەروەردە ئاینییە (شیرکو)ی کردبووە خاوەن چەندین خووڕەوشت و خەسڵەتی جوان، بۆنمونە دەوترا کەسێکی ئایندۆست و زیرەک بوو، هاوڕێ و هاودەمی زانا و فەقیهەکان بوو، هەمیشە لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا بەشدار بووە و گرنگی تایبەتی پێدەدان، مێژوونووسان لەبارەیەوە وتوویانە : "موسڵمانیکی ژیر بوو، هاونشینی زانایان و پیاوانی ئاینی بوو، بەخشندەو دەستکراوە بوو"[5]، هەرروەها یەکێکی دیکە لە خەسڵەتەکانی ئەوە بووە دەوترێت هەرگیز زیندانیەکانی نەکوشتوە تەنانەت زۆر جار لەبیری چووە کەسێک لە

---

(١) الحنبلي : شفاء القلوب، ص٢٣١ ؛ الزبيدي : ترويح القلوب ، ص٣٧ ؛ الصويركي : معجم اعلام الكرد في تاريخ الإسلامي والحديث في كردستان و خارجها ، د .ط، مطبعة مؤسسة حمدي للطبع والنشر ، (السليمانية–٢٠٠٦م )، ص٣٥٣ .

(٢) الفضل بن الحسين الحميري : زانایەکی بەناو بانگی دیمەشق بوو، ناوی (الشیخ ابو المحاسن سلیمان کوڕی الشیخ ابوالمجد الفضل کوڕی حسین ابراهیم کوڕی سلیمان الحمیری) بوو، کە بە (ابن البانیاسي) ناسرابوو، لە ساڵی (٥٥٠ک/١١٥٦ز) لەدیمەشق دایک بوو و لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز)، کۆچی دوایی کرد . (المنذري : التكملة، مج٢/ص٤٢٩) .

(٣) عبدالله بن بري :زانایەکی بەناوبانگی مصری بوو، بەناوی (ابو محمد بن ابي الوحش بري بن عبدالجبار المقدسي الشافعي النحوي)، لە مصر لە دایک بوو، و لە ساڵی (٥٨٢ک/١١٨٧ز) لەمصر کۆچی دوایی کرد . (المنذري: التكملة لوفيات النقلة، ج١/ ص ص ٥٨–٥٩).

(٤) الحراني: زانای دیمەشقی (الشيخ الصالح ابو عبدالله محمد بن ابى الحسن علي بن محمد الحران(٥٨٢ک/١١٨٧ز)، بوو، هەروەها بازرگانی قوماش بوو لە نێوان دیمەشق و بەغداد . (منذر الحايک: العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية، ص٩٣) .

(٥)المنذري : التكملة لوفيات النقلة، مج٣/ص٥٣٦ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٢٣٢ ؛ الزبيدي : ترويح القلوب ، ص٣٧؛ الزركلي : الأعلام، ج٣/ص١٨٣ ؛ منذر الحايک : العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية، ص٩٣.

زیندانەکانیدایە، بەڵکو لێیگەڕاون تا ئەوکاتەی پێویست بوو لە زیندان دەمایەوە و دواتر ئازاد دەکرا[١].

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر بەخەمی پاراستنی خەڵک و شکۆمەنییانەوە بووە، بەتایەبت پاراستنی شکۆی ئافرەتان، تاڕادەی ڕێگەگرتن لە چوونە دەرەوەیان بە تەنها لە شار، هەروەک بەشێک لەسەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لەماوەی ئەو (٥٦) ساڵەی فەرمانڕاوییدا نەیهێشتوە ئافرەتان بەتەنیا لە دەرگای شاری حمص بچنە دەرەوە[٢]، بەڵام لە بارەی ئەم بۆچوونەوە مێژوونوس (منذر الحایک)، کە خۆی خەڵکی شاری حمصە و زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم بنەماڵەیە کردوە بۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێت: (کارەکە بەو جۆرە نییە، کە بەدرێژایی سەردەمی حوکمڕانی شیرکو نەیهێشتبێت ئافرەتان لە شار بچنە دەرەوە، بەڵکو ئەوکاتانە بووە، وڵاتەکەی لە بەردەم مەترسی هێرشی خاچییەکان و عەرەبەکاندا بووایە)[٣] ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە شیرکو زۆر پابەند بووە بە پاراستنی ئایین و خاک و خەڵکەکەیەوە و بەتایبەت پاراستنی ئافرەتانی مەملەکەتەکەی کردوە بە ئەرک بە سەر خۆیەوە.

## پێنجەم: الملک المنصور ابراهیم:

(الملک المنصور ابراهیم کوڕی اسدالدین شیرکو) لە دەور و بەری ساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٧ز) لە حمص دایک بووە، ئەویش بەگوێرەی گێڕانەوەی (ابن تغری بردی)، کە لە باسی مردنی (الملک المنصور)دا نوسیویەتی: (لە ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە)[٤]بەم پێیەش بێت ساڵی لە دایک بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٧ز)، لەدوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی (٦٣٧ک/١٢٣٩ز) ڕاستەوخۆ بەبێ ڕکابەر بوو بە جێنشینی باوکی، ئەویش بەو پێیەی کوڕی گەورەی (اسدالدین شیرکو) بووە، هەر بۆیە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا (المنصور ابراهیم)ی وەکو جێنشین خۆی (ولي عهد) دیاری کردبوو[٥] .

بەگوێرەی سەرچاوەکان باوکی گرنگیەکی تایبەتی بە پەروەردەکردنی داوە چ لە ڕووی سیاسی چ سەربازییەوە، چونکە جێنشین بوو، بۆیە دەیویست ئامادەی بکات بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە دوای خۆی، ئەمەش وایکردبوو زۆربەی کات لەگەڵ خۆی بوو زۆر جاریش وەکو نوێنەری خۆی دەینارد بۆ لای میر و سەرکردەکانی دەوروبەر و ئەرکی سیاسی و دیپلۆماسی و هەندێ جاریش سەربازی پێ سپاردووە، بۆ نموونە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٦ز)، کاتێک(کمال الدین کیمیار)

---

(١)ابن واصل : مفرج الکروب، ج٥/ ص٢٥٦ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ٢٣٢ .

(٢) سبط ابن الجوزي : مراة الزمان، ج٢٢/ ص٣٦٩ ؛ ابن واصل : مفرج الکروب، ج٥/٢٥٦ ؛ ابن کثیر : البدایة و النهایة ، ج ١٤/ ص ٣٨٩ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٢٣٢.

(٣) مملکة حمص في العصر الأیوبي، ص١٢٠ .

(٤) النجوم الزاهرة ، ج ٦ / ص ٣١٥ .

(٥) ابن واصل: مفرج الکروب، ج٥/ص٢٥٧ ؛ المقریزي: السلوک، ج١/ص٤٠٠؛ الصویرکي: معجم اعلام الکرد ، ص١٢.

دادوەری (ارزنجان) و نوێنەری سەلجوقییەکانی ڕۆم ڕۆشت بۆ لای (الاشرف موسی) فەرمانڕەوای جەزیرە، لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی خۆی(اسدالدین شیرکو) چاوی پێکەوت، کە(المنصور ابراهیم)یشی لەگەڵ بوو، وەکو (ولي عهد) بەشدار بوو، هەر لەو ساڵەدا، کاتێک (المعظم عیسی) هێرشی کردە سەر حەلەب، کە (ناصر داودی کوڕی) فەرمانڕەوای بوو داوای یارمەتی لە (الاشرف موسی)ی مامی کرد، ئەویش داوای هاوکاری لە (اسدالدین شیرکو) کرد ئەویش خێرا (المنصور ابراهیم)ی کوڕی بە سوپایەکەوە نارد بۆ حەلەب و پێکەوە حەلەبیان لە هێرشی (المعظم عیسی) پاراست[١] .

## کوڕەکانی دیکەی (اسدالدین شیرکو) شێرکۆی دووەم:

**١. الملک الصالح** : (صالح اسماعیل کوڕی شیرکو) بە (نورالدین) ناسرا بوو لە حمص لە دایک بووە[٢]و پێگەیشتووە، بەڵام لە دوای مردنی باوکی حمصی بەجێهێشتووە و چۆتە لای (الملک ناصر یوسف)ی فەرمانڕەوای حەلەب، چونکە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵی هەبووە، ماوەیەکی زۆر لای ئەو بووە، مێژوو نوسان لە ستایشیدا کردووە بەوەی کەسێکی دانا و ژیر و توند و هەروەها سیاسییەکی لێهاتوو بووە[٣] .

(صالح اسماعیل) پەیوەندی لەگەڵ پاشماوەی خوارزمییەکان هەبوو، لە ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤٠ز) لەگەڵیاندا بەهاوبەشی لەگەڵ (الملک جواد کوڕی مودود کوڕی الملک حافظ) و کۆمەڵێک لە خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکەش پەیوەندیان پێوە کردبوون توانیان هێزێکی گەورە کۆبکەنەوە، کە نزیکەی (١٢) هەزار چەکدار دەبوون، هێرشیان کردە سەر شاری حەلەب، سەرەتا دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکی دەور و بەری شارەکەدا گرت، لەبەرامبەردا سوپای حەلەبیش بە سەرکردایەتی (المعظم عیسی) و (توران شاە کوڕی الملک ناصر) ڕووبەڕوویان بوونەوەو پاش شەڕێکی قورس ژمارەیەکی زۆر لە حەلەبییەکان کوژران لە نێویاندا (الملک صالح کوڕی الملک الأفضل) میری حەلەب هەروەها (المعظم عیسی)و (توران شاه)یان دەستگیر کرد و لە (دارا)[٤] زیندانیان کردوە[٥].

---

(١) ابن النظيف : التاريخ المنصوري، تح : ابوالعيد دودو ، د .ط ، مطبعة الحجاز ، (دمشق – ١٩٨١م) ، ص ١٤١ ، ١٤٣ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B- زانستە مرۆڤایەتییەکان،(سلێمانی_٢٠٠٩ز)، ژ٢٥، ل ٩٦.

(٢) لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ساڵی مردنی نەکراوە، تەنها ساڵی مردنی دیارە.

(٣)الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٣٣٣ ؛ عبدالسلام الترمانيني : احداث التاريخ الاسلامي ، مج٣/ج٣/ص٩٨٣.

(٤) دارا : شارێکە لە نێو چیاکانی نێوان نوسەیبین و ماردین دا، سەربە هەرێمی جزیرەی فوراتییە.(ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٢/ص٤١٨).

(٥) ابن العديم : زبدة الحلب من تاريخ حلب ، تح: سامي دهان ، د.ط ، المطبعة الكاثوليكية ، ( دمشق-١٩٦٨م)، ج٣/ص ص٢٤٩_٢٥١ ؛ عفاف سيد صبرة : التاريخ السياسي للدولة الخوارزمية ، ط١ ، دار الكتاب الجامعي ، (القاهرة–١٩٨٧) ، ص ٢٧٩ .

(صالح اسماعيل) له ساڵی (٦٥٢ک/١٢٥٤ز) دەستی بەسەر شاری (ڕەقەدا) گرت، فەرمانڕەوایەتی تیادا کرد تا ساڵی (٦٥٥ک/١٢٥٧ز) که لەو ساڵەدا مەغۆلەکان ئەو شارەیان وێران کرد[١]، دوای ئەوەی مەغۆلەکان دەستیان بەسەر شامدا گرت لەگەڵ (الملک ناصر یوسف) هەڵات بۆ لای سوڵتان (سیف الدین قطز)ی فەرمانڕەوای مەمالیکەکان[٢].

دوای ماوەیەک پەیوەندی بە مەغۆلەکانەوە کرد و چووەتە لای (هۆلاکۆ) ئەویش ڕێزی لێگرتووە، بەڵام دوای تێکشکانی مەغۆلەکان لە شەڕی (عین جالوت) (هۆلاکۆ) زۆر توڕە بووە لە (الملک صالح اسماعیل) فەرمانی کردووە بیکوژن، لە ساڵی (٦٥٩ک/١٢٦٠ز) لەسەر فەرمانی (هۆلاکۆ) کوژراوە[٣] .

**٢. یعقوب:** (منذرحایک) لە بارەی (یعقوب)ەوە دەڵێت : (ئێمە پێمان وایە(یعقوب) (الملک مظفری کوڕی الملک المجاهد)ە کە (ابن النظیف)باسی کردووە)[٤]، ئەویش بە پشت بەستن گێڕانەوەیەکی (ابن نظیف)، کە لە ڕووداوەکانی ساڵی (٦٣٠ک/١٢٣٢ز)باسی کردووە، کاتێک نوسیویەتی (لەو ساڵەدا (الملک مظفری کوڕی الملک مجاهد) دوو کوڕی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییان کردووە)[٥]، لە ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) لەگەڵ خوشکێکی (الملک معظم عیسی کوڕی الملک عادل) هاوسەرگیری کردووە[٦] .

**٣. الملک المسعود احمد:** کوڕی دووەمی (اسدالدین شیرکو) بووە، لەگەڵ کچێکی (الملک العادل) هاوسەرگیری کردووە، کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد ئەم فەرمانڕەوایی ڕەحبە بووە[٧]، لە دوای کۆچی دوایی باوکی هەوڵی داوە شارەکە بە تەواوی بۆ خۆی دابڕێت، بەڵام شکستی هێناوە، لەلایەن (الملک المنصور ابراهیم)ی برایەوە دەستگیر کراوە و هەر لەو شارە زیندانی کردووە[٨].

**٤. الملک الافضل:** (موسی کوڕی اسدالدین شیرکو) لە ساڵی(٦٤٢ک/١٢٤٤ز) لە ترسی (المنصور ابراهیم)ی هەڵات بۆ بەغداد و چۆتە دەرباری خیلافەت[٩].

---

(١) ابن شداد : الاعلاق الخطیرة في ذکر امراء الشام و الجزیرة، تح : یحیی زکریا عبارة ، د .ط، وزارة الثقافة ، (دمشق - ١٩٩١م)، ج٣/ ق١/ ص ٨٢ .

(٢)ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص ٢٤٢ .

(٣)ابي الفدا : المختصر، ج٣/ص٥٣٩ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص٣٣٣ ؛ الزبیدي : ترویح القلوب ، ص٣٨ ؛ عبدالسلام الترمانیني: احداث التاریخ الاسلامي ، مج٣/ج٣/ص٩٨٣.

(٤)مملکة حمص في العصر الایوبي ، ص١٢٦ .

(٥) التاریخ المنصوري ، ص٢٥٧ .

(٦) منذر الحایک : مملکة حمص في العصر الایوبي ، ص١٢٦ .

(٧) الزبیدي : ترویح القلوب ، ص٣٨ .

(٨) منذر الحایک : مملکة حمص في العصر الایوبي ، ص١٢٦ .

(٩) الغساني : العسجد المسبوک ، تح:شاکر محمود ، دار التراث الاسلامي ، (بیروت-١٩٧٥م) ، ج٢/ص٥٢٩ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات عن الأسرة والشخصیات الکوردیة في العصور الاسلامیة ، ط١،التفسیر، (اربیل-٢٠٢٢م)، ص١٥٦.

٥. **الملک الزاهر داود (الزاهر مجیرالدین داود) :** له دەوربەری ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) له شاری حمص له دایک بووه، له دوای مردنی باوکی له ساڵی (٦٣٧ک/١٢٣٩ز) حمصی بەجێهێشتووه چووەته دیمەشق و له (دار الاسرة الاسدیة) نیشتەجێ بووه، لەگەڵ کچێکی (الملک القاهر بهاءالدین کوڕی الملک المعظم عیسی کوڕی الملک العادل) هاوسەرگیری کردووه[١] .

له ساڵی (٦٤٨ک /١٢٥٠ز) دوای ئەوەی مەمالیکەکان دەستیان بەسەر مصردا گرت (المعظم تورانشاه)یان کوشت، (الزاهر داود) لەگەڵ (الملک ناصر یوسف) و بەشێکی زۆر له میرەکانی شام بەمەبەستی دەستبەسەردا گرتنەوەی مصر بەرەو ئەو وڵاتە ڕۆشتن، بەڵام له بەرامبەر سوپای مەمالیکەکان توشی شکست هاتن، و لەگەڵ بەشێک له میرەکانی تر لەلایەن مەمالیکەکانەوە به دیل گیرا تا ساڵی (٦٥١ک/١٢٥٣ز) به نێوەندگیری خەلیفەی عەباسی له زیندان ئازادکرا[٢] .

له ساڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) لەگەڵ کۆمەڵێک له میرەکانی شام خۆی گەیاندە لای سوڵتان (الظاهر بیبرس) و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ ڕاگەیاند، بڕیاریاندا خزمەت به بەرژەوەندییەکانی بکەن و به ناوی ئەوەوە فەرمانڕەوایی بکەن[٣] .

له ساڵی (٦٩٢ک/١٢٩٢ز) له تەمەنی(٨٠) ساڵیدا له شاری دیمەشق و له نێو باخچەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد[٤] ، سێ کوڕی هەبووه :

١. **الاوحد شادی :** پێشی وتراوه (الاوحد تقی الدین) له ڕۆژی چوارشەمەی (٢ صفر)ی ساڵی (٧٠٥ک/١٣٠٦ز) کۆچی دوایی کردووه و لای گۆڕی باوکی بەخاک سپێردراوه .

٢. **الملک المعظم عیسی :** به (شرف الدین) ناسراوه له ساڵی (٦٥٥ک/١٢٥٧ز) له دیمەشق له دایک بووه، دواتر ڕۆشتووه بۆ مصر له ساڵی (٧١٩ک/١٣١٩ز) هەر له مصر کۆچی دوایی کردووه .

٣ . **حسن :** هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەم کوڕەیان نیە تەنها (الحنلبي) ناوی هێناوه[٥].

## شەشەم: الاشرف موسی:

(الاشرف موسی کوڕی المنصور ابراهیم) به (الملک الاشرف) ناسرابوو، له ساڵی (٦٢٧ک/١٢٢٩ز) له شاری حمص له دایک بووه، هەرلەوێش پێگەیشتووه و گەورە بووه، وتراوه ئەو ڕۆژەی له دایک بووه مژدەی لەدایک بوونیان به باوکی داوه ئەویش ڕاستەوخۆ چووەتە لای (الاشرف موسی کوڕی الملک العادل) ئەم هەواڵەی پێداوه و پێی وتووه قوربان مژدەبێ لێت

---

(١) الیونیني : ذیل مراة الزمان ، مج١/ص٢٧٢ .

(٢) المقریزي : سلوک ، ج٢/ص ٨ ؛ ابن تغري بردي : النجوم زاهرة ، ج٧ / ص ٤٦٨ .

(٣) ابن عبدالظاهر :الروض الزاهر في سیرة الملک الظاهر ، تح : عبدالعزیز الخویطر ، ط١، (الریاض– ١٩٧٦م) ، ص ١١٩ ؛ العیني : عقد جمان في التاریخ اهل الزمان (عصر سلاطین الممالیک) ، تح:د.محمد محمد امین ، د.ط ، دا الکتب والوثائق القومیة ، ( القاهرة–٢٠٠٩م)، ج١ / ص ٣١٧ .

(٤)ابن کثیر : البدایة والنهایة، ج١٥/ص ٥٧٢ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ٣٣٣ ؛ النعیمي : الدارس في تاریخ المدارس ، ط١ ، دارالکتب العلمیة ، (بیروت–١٩٩٠م) ، ج١ / ص٤٤٦ .

(٥)الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ٣٩٥ .

خزمەتکارێکت زیادی کردووە، ئەویش پێی وتوو بە ناوی منەوە ناوی لێ بنێن، (المنصور ابراهیم)یش ناوی ناوە (الاشرف موسى)[١].

(الاشرف موسى) کوڕی تاقانەی (المنصور ابراهیم) بوو، لەدوای مردنی باوکی لە ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز)، ڕاستەوخۆ بوو بە میراتگری دەسەڵاتەکەی، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی تەنها (١٧) ساڵ بوو، هەربۆیە کاروبارەکانی وڵاتەکەی لەلایەن کەسێکی نزیکی باوکییەوە بەناوی (مخلص الدين ابراهيم کوڕی سليمان کوڕی قرناص) سەرپەرشتی دەکرا، کە یەکێک لە پیاوە ناودار و گەورەکانی شاری حمص بوو، لە سەردەمی (اسدالدين شيركوى دووەم) دا لە گەڵ کەس وکارەکەی لە هۆزی (بني قرناص) لە زیندانی حمصدا بوون، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن (المنصور ابراهيم)ەوە ئازادکران، لەوە بەدوا هەر لە شاری حمص مایەوە، هەر ئەمەش وایکرد (الاشرف موسى) لە دوای مردنی باوکی ئەو ئەرکەی بەوسپارد، (ابن قرناص) ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە حمص و هەروەها لە ئارستەکردنی (الاشرف موسى)، تا لە فرمانڕەوایەتیدا بەهەمان ڕێچکەی باوکیدا بڕوات ، بەتایبەت لەگوێڕایەڵیکردن و هاوپەیمانییەتی لە گەڵ (الملك صالح أيوب)ی فرمانڕەوای مصر، لەوماوەیەدا چەندین نامە ئاڵوگۆڕکراوە لە نێوانیاندا[٢]، هەروەها (الاشرف موسى) لەساڵی (٦٤٦ک/١٢٤٨ز) هاوسەرگیری لەگەڵ (امة اللطيف) دا کردووە[٣].

(الاشرف موسى) کەسێکی بەخشندە و دەستکراوە و خێرومەند بووە، گەنجێکی پاک بووە، هەروەها ڕێک پۆش بووە و زۆر گرنگی بە جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەکانی داوە و، دەوترێت چێژی لە ئاهەنگ و گۆرانی دەبینین، بەڵام دوور بووە لە خواردنەوەی شەراب[٤].

(١) ابن خلكان : وفيات الأعيان، ج٢/ص٤٨١.

(٢)ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٥/ص ص٢٧٢-٢٧٣.

(٣)امة اللطيف: کچی (الشيخ الناصح الحنبلي) بوو ئەم ئافرەتە بە زانست و نوسین بەناوبانگ بوو، خوێندنگەی (المدرسة العالمة)ی دامەزراند و وەقفی کردووە بەناوی حەنبەلییەکانەوە، لەساڵی (٦٤٣ک/١٢٤٥ز) دوای مردنی (ڕەبیعة خاتونی) خوشکی (صلاح الدين) (امة اللطيف) لەدیمەشق خراوەتە زیندانەوە و بۆماوەی سێ ساڵ (دیار نییە هۆکاری زیندانکردنی چی بووە)، پاش ئازادبوونی هاوسەرگیری کردووە لە گەڵ (الاشرف موسى)، دواتر لەگەڵی ڕۆشتووە بۆ ڕەحبە و دواتر تل باشر، لەوێ ماوتەوە تائەوکاتەی لەساڵی(٦٥٣ک/١٢٥٥ز) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە :(ابن كثير : البداية والنهاية ، ج١٥/ص٢٥٧ ؛ النعيمي : الدارس، ج٢/ص٨٧ ؛ صلاح الدين المنجد: خطط دمشق ، د. ط ، المطبعة الكاثوليكية ، (بيروت–١٩٤٩م) ، ص٩٢).

(٤) ابي شامة : تراجم ، ص٣٤٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية ، ج١٥/ ص٣٩٨ .

## تەوەری دووەم: سنووری قەڵەمڕەوییان:

سنوری دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە بە پێی سەردەم و هێزوتوانایان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆنمونە لەسەردەمی فرمانڕەوایەتی (اسدالدين شيركو كوڕی ناصرالدين محمد٥٨١-٦٣٧ک/١١٨٥-١٢٣٩ز)، کەبە (اسدالدين شيركوی دووەم)ناسرابوو، سنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە لەوپەڕی فراوانیدا بووە، بە جۆرێک کە لە باشورەوە لە ڕوباری (النبک)ەوە دەستی پێدەکرد تا ڕوباری فورات لە باکورەوە، و سنوری ڕۆژهەڵات لە (الوادي الشرقي)یەوە تا دۆڵی تەدمور بوو، و لە ڕۆژئاواشەوە سنوریان درێژ دەبووەوە تا سنوری ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی سوپای (ئەسپتاریە) [1]ی خاچییەکاندا بوو، بە پێی بەهێزی هەریەک لە خاچییەکان و پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە سنورەکە لە و ناوچەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕوبای عاصی هێڵی نێوان ئەم دوو هێزە بووە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نەوەکانی (اسدالدين شيركو) بە گشتی دوو جۆر بووە، جۆرێکیان ئەو ناوچانە بوو کە بە میرات و نەوە بەنەوە لە (اسدالدين شيركوی یەکەم)ەوە تا دوا فرەمانڕەوایان (الاشرف موسى) لە ژێر دەستیاندا بوو بە بەردەوامی وەکو ناوچەکانی (حمص و ڕەحبە و تەدمور)، جۆری دووەمی وەکو (الاقطاع)[2] بوو، کە ئەمجۆرەیان بە پێی کات و سەردەم دەگۆڕا[3] .

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر سنوری قەڵەمرەوی ئەم بنەماڵەیە و سنوری دەسەڵاتیان، هەروەها چیساڵێک بوون بە بەشێک لە سنوری قەڵەمڕەوییان، لەم بارەوە بە پێی ڕیزبەندی مێژووییان شوێنەکان دەخەینە ڕوو:

---

(١)ئەسپتاریە : یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوە ئاینی و سەربازییەکانی خاچییەکان، لەلایەن کۆمەڵێک بازرگانی شاری (ئەمالفی) ئیتالیاوە دامەزرا، بەمەبەستی پاراستنی زیارەتکارانی مەسیحی، کە دەچوونە خاکی پیرۆز .(مصعب حمادي نجم : دور التنظيمات العسكرية في حروب الصليبيين ضد مصر(٥٥٨-٦٤٨هـ / ١١٦٢-١٢٥٠م) ، مجلة كلية العلوم الإسلامية ، (جامعة الموصل-٢٠١٣م) ، مجلد٧/العدد١٣،ص٢٧).

(٢) الإقطاع : سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کارگێڕیی و سەربازیی باو بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیڕەو دەکرا، کە بەهۆیەوە هەندێک ناوچە دادەبڕدرا و دەدرایە هەر کەسێک دەوڵەت بیویستایە، لە بەرامبەر هەندێک مەرج، بەتایبەت لەو وڵاتانەی، کە ئابوورییان زیاتر پشتی بە کشت وکاڵ دەبەست، لەم سیستەمەدا زەوی گەورەترین هۆکاری وەبەرهێنانە، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر(الإقطاع)هەیە : (الاستغلال و التمليک)، لە سەردەمی (صلاح الدين)دا خاوەنی (الاقطاع)سەربەخۆییەکی زۆری هەبوو لەو ناوچەیەی، کە پێیدرابوو . (الماوردي : الأحكام السلطانية الولايات الدينية ، تح : احمد مبارک ، ط١ ، دار ابن قتيبة ، (الكويت – ١٩٨٩م) ، ص٢٤٨ ؛ عبود الراضي : موقف الإسلام من الأرض والإقطاع، د . ط ، مطبعة النعمان ، (النجف – ١٩٧٠م )، ص٥ ؛ يحيى نبهان : معجم مصطلحات التاريخ، ط١، دار يافا العلمية ، ( عمان – ٢٠٠٨م )، ص ٣٢ ؛ عطا عبدالرحمن، ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لە سەر دەسەڵات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ٢٠١٣ز، ژ٤٢، ل١٤٤)

(٣) منذر الحايک : حمص في العصر الأيوبي ، ص٢٩٥ .

**یەکەم: حمص:**

ئەم شارە دەکەوێتە نێوان شارەکانی دیمەشق و حەلەبەوە لە نێوان ڕێگاکەدایە کە پێنج ڕۆژ لە حەلەب و پێنج ڕۆژ لە دیمەشقەوە دوورە، دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی شامەوە[١]، سەبارەت بە ناوی حمص بۆچونی جیاواز هەیە هەندێک دەڵێن ناوێکی یۆنانیە و یۆنانییەکان ئەم شارەیان بنیات ناوە ناوەکەیشی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ( Emesa ،Hamesa ، Emessa)[٢]، هەروەها بۆچونێکی تر هەیە دەڵێت وشەی حمص وشەیەکی ئەعجەمییە و لە بنەڕتدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی کەسایەتیەک دەوترێت ئەو کەسە یەکەم کەس بووە ئەو شارەی بنیات ناوە و ئاوەدانی کردووەتەوە کە ئەویش (حمص بن المهر بن خاف بن منكف)، یان دەوترێت دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێک بە ناوی (حمص بن مهر بن جان بن مكشف) گوایە ئەم کەسە ئەم شارەی بنیات ناوە، زۆربەی مێژونوسان هاوڕای ئەم بۆچونەن، مێژوونوسان لە ستایشی شاری حمصدا دەڵێن شارێکی بە پیتە و تەلارسازیەکی دروستی هەیە و لە کەش و هەوایەکی دروست دایە و بە یەکێک لە تەندروستترین شارەکانی ئیسلام دادەنرێت، سەوزایی و بێستان و دارسانی زۆری تێدایە، واباسکراوە هیچ مار و دوپشکێکی تێدا نەبووە، ئەگەر هەر مار و دوپشکێک بچونایەتە نێو ئەم شارە یەکسەر لەناو دەچوون[٣].

لە ساڵی (٥٣٢ک/١١٣٧ز ) ئەم شارە کەوتە دەست (عمادالدين الزنكي) ئەویش دوای ئەوەی (زمرود خاتوون)ی کچی جێگری فەرمانڕەوای دیمەشقی مارەکرد، لە دوای مردنی (جمال الدين ابق)ی فەرمانڕەوای دیمەشق لە ساڵی (٥٣٤ک/١١٣٩ز) (مجيرالدين)ی کوڕی جێگەی گرتەوە کە هێشتا منداڵ بوو، لەم کاتەدا (عمادالدين الزنكي) چاوی بڕیبووە دیمەشق و بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیاری پێدانی حمصی بۆ (مجيرالدين) کرد لە بەرامبەر وەرگرتنی دیمەشق لێی بەڵام ئەو پێشنیارەی سەری نەگرت و (عمادالدين الزنكي) نەیتوانی دەست بەسەر دیمەشقدا بگرێت تا ساڵی (٥٤١ک/١١٤٥ز)، بەڵام لە دوای مردنی ناوبراو لە ساڵی (٥٤١ک/١١٤٨ز)

---

(١) ابن حوقل : صورة الارض ، د.ط ، دارمكتبة الحياة ، (بيروت – ١٩٩٢م) ، ص ١٧٠ ؛ الحموي : معجم البلدان ، مج ٢/ ص ٣٠٢ .

(٢) القلقشندي : صبح الاعشى ، د . ط ، دار الكتب الخديوية ، (القاهرة–١٩١٤م) ، ج ٤/ص١١٢ ؛ مهند نايف: حمص منذ فتح العربي ألإسلامي حتى نهاية العصر الأموي ، د.ط ، دار مؤسسة رسلان ، (دمشق–٢٠١٠م ) ، ص ص٢٨–٢٩ ؛ محمود عمر و نعيم سليم : حمص دراسة وثائقية في الحقبة من ١٢٥٦– ١٣٣٧ هـ/ ١٨٤٠– ١٩١٨م ، ط١ ، مطبعة الروضة (حمص – ١٩٩٢م) ، ج ١/ ص ١ ؛ مهدي صالح : أعلام حمص في كتاب تاريخ ديمشق لابن عساكر ، رسالة الماجستير ، جامعة الدول العربية ، (القاهرة–٢٠١٤م ) ، ص٧ .

(٣)الاصطخري : المسالك والممالک ، د . ط ، مطبعة بريل ، (مدينة ليدن المحروسة – ١٩٢٧م) ، ص٦١ ؛ ابن حوقل : صورة الارض ، ص ص ١٥٤ ، ١٦٢ ؛ شيخ الربوة : نخبة الدهر في عجايب البر والبحر ، د . ط ، ( بغداد–د . ت ) ، ص٢٠٢؛ ابن الشحنة : الدر المنتخب في تاريخ مملكة الحلب ، د . ط، المطبعة الكاثوليكية، (بيروت–١٩٠٩م) ، ص٢٧٢.

سنووری قەڵەمڕەوییەکەی بەسەر هەردوو کوڕەکەیدا دابەش بوو، بە جۆرێک (سیف الدين غازي الاول٥٤٤ک/١١٤٩ز)فەرمانڕەوای موصل و دەوروبەری دەکرد ، (نورالدين محمود٥٦٩ک/١١٧٤ز) بوو بە فەرمانڕەوای حەلەب و دەوروبەری، بەم شێوەیە حمص بوو بە بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (نورالدين)، لە ساڵی (٥٤٩ک/١١٥٤ز) (نورالدين محمود) بە هاوکاری (اسدالدين شيركو و نجم الدين أيوبی) برای توانی دەست بەسەر دیمەشقدا بگرێت، دواتر (نورالدين محمود) وەکو قەرەبوی دیمەشق حمصی بەخشی بە (مجيرالدين ابق)، بەڵام ئەو بەوە ڕازی نەبوو حمصی لێ وەرنەگرت بەڵکو ڕۆشت بۆ بەغداد و تامردن لەوێ مایەوە[1] .

لە دوای سەرکەوتنی(اسد الدين شيركو) لە هەڵمەتی دووەمی بۆ سەر مصر هێندەی تر سەنگ و قورسایی لای (نورالدين محمود) پەیدا کرد و پێگە و لێهاتویی ناوبراوی بۆ دەرکەوت، بۆیە بیری لەوە کردەوە پاداشتی بکات ئەویش بە پێدانی چەند ناوچەیەک[2]، لە هەمان کاتدا (نورالدين مەحمود) هەستی بە گرنگی پێگەی حمص کردبوو وە دەیزانی، کە هەمیشە لە بەردەم مەترسی هەڵمەتی خاچییەکاندایە بۆیە بە پێویستی دەزانی ئەو شارە بە کەسێکی وەها بسپێرێت، کە دڵنیا بێت لە پاراستنی، هەر بۆیە باشترین کەسێک لای (نورالدين محمود) تا شارەکەی پێ بسپێرێت (اسدالدين شيركو)بوو ئەوە بوو لە ساڵی (٥٦٢ک/١١٦٦ز) لەدوای هەڵمەتی دووەمی بۆ سەر مصر شارەکەی ڕادەستکرد و وەکو (الاقطاع) بۆی بڕییەوە[3].

بەم شێوەیە حمص بوو بە ناوەندی فەرمانڕەوایی (اسدالدين شيركو) و نەوەکانی دواتری و بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک فەرمانڕەوایی ئەم شارەیان کرد، لە ساڵی (٥٦٢ک/١١٦٦ز) تاکو مردنی (الملک الاشرف موسى کوڕی المنصورابراهيم) لە ساڵی (٦٦٢ک/١٢٦٣ز)[4].

دوای ئەوەی (اسدالدين شيركو) بۆ جاری سێیەم هەڵمەتی بردەوە سەر مصر و بوو بە وەزیری دەوڵەتی فاطمی نزیکەی دوو مانگ و چەند ڕۆژێک وەزیر بوو لە ساڵی (٥٦٤ک/١١٦٨ز) بە شێوەیەکی کت و پڕ کۆچی دوایی کرد، (نورالدين محمود)ڕاستەوخۆ (ناصرالدين محمد)ی

---

(١) ابن الاثير : الكامل في التاريخ ، ج ٩/ ص ٢١٧ ؛ خوري عيسى : تاريخ حمص من ظهور الأسلام حتي يومنا ٦٢٢ – ١٩٧٧م، ط١، مطرانية حمص الأرثذوكسة،(حمص-١٩٨٤م)، ق٢/ ص ص٢٠٠-٢٠١ ؛ الحويري : بناء الجبهة الاسلامية ، ص ١١٤ ؛ رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، مجلة مؤرخ العربي ، الأتحاد المؤرخين العرب في الجمهرية العراق، (بغداد – ١٩٧٦م)، عدد ١٠، ص ١٧٦ .

(٢)ابن الاثير : الكامل في التاريخ ، ج ٩/ص ٣٢٩ ؛ النويري : نهاية الارب ، ج ٢٨ / ص٢٣٥ ؛ هەروەها بڕوانە عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ، ل ل١١٣-١١٩ .

(٣) البنداري : سنابرق الشامي ، ص ٢٢٤؛ الذهبي : العبر ، ج ٣/ ص ٣٩ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ٣١ ؛ محمد امين زكى : مشاهير الكرد والكردستان في العهد الإسلامي ، د . ط، مطبعة السعادة، (القاهرة – ١٩٤٧م).

(٤)خوري عيسى :تاريخ حمص ، ق٢/ص ص ٢١٦ ، ٢٣٣ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٨٤ .

کوڕی لە جێگەی باوکی کرد بە فەرمانڕەوای حمص و ناوچەکانی تری، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج دوای چەند مانگێک لە مردنی (شیرکو) (نورالدین محمود) حمص و سەرجەم ناوچەکانی تری لە (ناصرالدین محمد) وەرگرتەوە و بەخشی بە (فخرالدین الزعفراني)[(١)] وەک پێشتر باسمان لێوە کردوە.

بارودۆخ بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)و دوای مردنی (نورالدین محمود)، کاتێک (صلاح الدین) لە مصرەوە گەڕایەوە بۆ شام دەستی بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت، هەر لەو ساڵەدا دەستی بەسەر حمصیشدا گرتەوە و جارێکی تر بەخشییەوە بە (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزای، لەو کاتە بە دواوە حمص بێدابڕان لە دەستی نەوەکانی (شیرکو)دا ماوەتەوە، بەڵام لەساڵی (٦٤٦ك/١٢٤٩ز) بۆماوەی (١٢ساڵ) لەلایەن (الملك ناصر)ی فەرمانڕەوای حەلەبەوە دەستی بەسەردا گیرا تا ساڵی (٦٥٨ك/١٢٦٠ز) جارێکی تر (الاشرف موسى) بەهاوکاری مەغۆلەکان گەراندیەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و تا ساڵی (٦٦٢ك/١٢٦٤ز) فرمانڕەوایەتی تێدا کرد، دوای مردنی (الاشرف موسى) دەسەڵات و قەڵەم ڕەویی ئەیوبییەکان لە بنەماڵەی (اسدالدین شیرکو) کوژایەوە و کۆتایی هات، کە ماوەی نزیکەی سەدەیەک بوو فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەیان دەکرد (٥٥٨-٦٦٢ك/١١٦٣ز_١٢٦٤ز)[(٢)]، سەرباری ئەوەی چەندین گوند و ناوچەی دیکە هەبوون، ئەوکاتە سەر بە ویلایەتی حمص بوون و لە سنوری قەڵەمڕەوی ئەم بنەماڵەیەدا بوو، وەکو[(٣)]:

١. **الغسولة:** ئەم گوندە یەکەم پێگەی کاروانییەکانی نێوان حمص و دیمەشق بوو لە ئێستادا نزیکەی (٣٥کم) لە حمصەوە دوورە، کە جێگای حەوانەوەو خانی تێدابووە، کە وەکو کاروانسەرا بووە لەو کاتەدا[(٤)].
٢. **البريج:** بەهەمان شێوە لە سەر ڕێگای نێوان حمص و دیمەشقدا بوو، بە دووری (٦٠کم) لە حمصەوە، هۆکاری ناولێنانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی ڕۆمانییەکان دا کۆمەڵێک تاوەری بچوک لە ناوچەدا هەبووە، لەم گوندەدا خان و شوێنێکی حەوانەوەی تایبەت بە (الملك الاشرف موسى)ی دوا فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیەی تێدا بوو[(٥)].

---

(١)ابن خلكان : وفيات الاعيان، مج٢/ص٤٨٠ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٣١ ؛ امية مرعي : امية مرعي : تراجم حمصيين في تاريخ ابن عساكر ، منشورات الجمعية التاريخية السورية ، د.ط ، (حمص–٢٠٢٠م)، ص٢٠.

(٢)بيبرس المنصوري : مختار الاخبار، تح:عبدالحميد صالح ، ط١، دارالمصرية اللبنانية، (القاهرة-١٩٩٣م)، ص٣؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٤/ص٢٦٦ ؛ الحنبلي: شفاء القلوب ، ص٨ ؛ محەممەد ئەمین زەکی : خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ب٢/ل١٦١ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٨٤ .

(٣) تێبینی: دووری نێوان ناوچەکان بە پێوەری ئێستا نوسراوە، واتە بە(کم).

(٤) ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٤/ص٢٠٤ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٢٩٦ .

(٥) القلقشندي : صبح الأعشي ، ج١٤/ص٣٨١ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٢٩٦ .

٣. **قاره :** گوندێکی گەورە بوو لە سەر ڕێگای حمص دیمەشق، بەدووری (٦٥کم) لە حمصەوە[١]، سەرجەم دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون، کە چەندین تاوەری کۆتری نامە بەری تێدا بوو، یەکەم وێستگەی نامەبەری نیوان حمص و دیمەشق بوو، هەروەها خانی گەورەی تێدا بوو[٢]، جگە لەمانەیش دەوترێت (اسدالدین شیرکوی دووەم)، شوێنێکی تایبەتی لەم گوندە هەبوو کە پلانی کوشتنی نەیارەکانی تیدا دادەڕشت، یەکێکک لەوانە کوشتنی (عمادالدین بن الشیخ) وەزیری (الملک العادلی کوڕی الملک الکامل٦٣٥-٦٣٧ک/١١٣٨-١١٤٠ز) بوو[٣] کە لە گەڵ (الملک جواد کوڕی الملک العادل) پێکەوە پلانی کوشتنیان داڕشت و لە ساڵی (٦٣٦ک/١٢٣٩ز) کوشتیان[٤] .

٤. **النبک :** گوندێکی دڵڕفێن و کۆنی نیوان حمص و دیمەشق بوو، بە دووری (٨٠کم) لە کۆتای سنوری باشوری حمصەوە، کە بێستانی گەورەو کانی سازگار و دڵڕفێنی تێدا بوو، ئەم گوندە لەگەڵ گوندی قارە هەمیشە بە موڵکی (اسدالدین شیرکوی دووەم) ژمێردراوە[٥].

٥. **القریتین :** گوندێکی کۆن بوو لە ناوەڕاستی دەشتاییەکانی باشوری خۆرهەڵاتی حمص (٧٥کم) لە حمصەوە دوور بوو، لە ناوەڕاستی ڕێگەی نێوان دیمەشق و تەدمور بوو، بارەگای تاوەرەکانی کۆترەنامەبەرەکانی نێوان دیمەشق و حمص و تەدمور بوو[٦].

**دووەم: ڕەحبـە:**

شارێکی سەر بە دیمەشق بوو لە نێوان حەلەب و دیمەشقدایە و لە سەر ڕوباری فورات لە خوارووی (قرقیسا)[٧] وە، لە نێوان ڕەقە و عانەدایە[٨]، نێوان ڕەحبە و دیمەشق هەشت ڕۆژ ڕێگایە وە لەگەڵ حەلەب پێنج ڕۆژ ڕێگایە، بە ناوی کەسێکەوە ناو نراوە، کە دەوترێت خاوەنی

(١)منذر الحایک : مملکة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٦ .

(٢)ابن جبیر : رحلة ابن جبیر، دارالصادر ، (بیروت – د . ت)، ص٢٣٣ ؛ یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج ٤ / ص٢٩٥.

(٣) منذر الحایک : مملکة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٦.

(٤)الذهبي : تاریخ الأسلام ، تح:بشار عواد معروف ، ط١، دارالغرب الإسلامي ، ( بیروت-٢٠٠٣م) ، مج١٤/ص٢١ .

(٥)ابن جبیر : رحلة ابن جبیر، ص٢٣٣ ؛ ابن نظیف :التاریخ المنصوري،ص١٢٥ .

(٦)منذر الحایک : مملکة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٧ .

(٧) قرقیسا : شارێکە لەسەر ڕوباری خاپور لە نزیک ڕەحبەیە و لە سێگۆشەی نێوان فورات و خاپور دایە، بە ناوی کەسێکەوە ناونراوە بەناوی (قرقیسیا کوڕی طهمورث الملک )، تا ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) قرقیسا لە دەستی نوێنەرەکانی (الملک الاشرف موسی کوڕی الملک العادل)دا بوو، دوای ئەوە خەوارزمییەکان داگیریان کرد بەڵام دواتر لە لایەن الملک (ناصر صلاح الدین یوسف) وە دەستی بەسەردا گیرایەوە و بەخشی بە (المنصور ابراهیم کوڕی اسدالدین شیرکو الثاني)، و تا ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٧ز) لە دوای مردنی (المنصور ابراهیم) جارێکی تر (الملک ناصر صلاح الدین یوسف) دەستی بەسەر قرقیسادا گرتەوە . (ابن حوقل : صورة الارض ، ص ٢٠٤؛ یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج ٤/ ص ٣٢٨ ؛ ابن شداد : الاعلاق الخطیرة، ج٣/ ق١/ ص١٥٢ .

(٨) القلقشندي : صبح الأعشي ، ج٤/ص١١٥ .

ئەو گوندە بووە کە ناوی (الرحبة بن الغوث بن سعد بن عوف بن حمیر) بووە، هەروەها ڕەحبە سەد فەرسەخ لە بەغدادەوە دوورە وە لە حەلەبەوە بیست فەرسەخ دوورە[1].

(ابن بطلان) لە باسی گەشتێکی دا گە لە بەغداوە بۆناوەچەکانی شام و جەزیرە ئەنجامی داوە لە ساڵی (٤٤٠ک/١٠٤٨ز) نوسیویەتی : (لە بەغدادەوە بەرەو حەلەب دەرچووین لەمانگی ڕەمەزان گەیشتینە ئەنبار، دواتر بەڕێکەوتین گەیشتینە ڕەحبە، کە شارێکی جوان بوو جۆرەها میوەی تێدا بوو نۆزدەجۆر ترێی تێیدا بوو، چوار ڕۆژ ڕێگا لە ڕەسافەوە دووورە)[2].

لە ساڵی (٥٦٣ک/١١٦٣ز) (نورالدین محمود)ئەم شارەی بەخشی بە (اسدالدین شیرکو)[3]، دەوترێت لەساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٨ز) کاتێک ڕەحبە وێران بووە (اسدالدین شیرکو) (شێرکۆی دووەم) شارێکی بچوکی بەناوی ڕەحبەی نوێوە لە باشوری شارە کۆنەکەوە بنیاد ناوە و هەروەها قەڵایەکیشی لەسەر گردێک بەناوی (تل تراب)[4]بنیاد ناوە، ئەویش دوای ئەوەی قەڵاکەی ڕوخابوو[5].

دوای وەرگرتنی ڕەحبە (اسدالدین شیرکو) کەسێکی بە ناوی (یوسف کوڕی الملاح الحلبی) کرد بە بەرپرس و فەرمانڕەوای ڕەحبە و چەند گوندێکی دەور و بەری، لە بارەی ڕەحبەوە شاعیرێک بە ناوی (یحیی کوڕی النقاش الرحبی ) شیعرێکی نوسیوە و تیایدا گلەیی لەوکەسە دەکات، کە (اسدالدین) دایناوە وەکو بەر پرسی شارەکە :

| | |
|---|---|
| کم لک في الرحبة من الاثم | یا اسدالدین و من لاح |
| دمرتها من حیث دبرتها | برأي فلاح و ملاح |
| یا اسدالدین اغتم اجرنا | وخلص الرحبة من یوسف |
| تغز الی الکفر و تغز به | الاسلام ، ماذاک بهذا یفي[6] |

دوای مردنی (اسدالدین شیرکو) لە ساڵی (١١٦٨/٥٦٤ک)، (نورالدین محمود)ڕاستەوخۆ (ناصرالدین محمد)ی کوڕی لە جێگەی باوکی کرد بە فەرمانڕەوای ڕەحبە و ناوچەکانی تری، بەڵام دوای چەند مانگێک لە مردنی (شیرکو) بە هەمان شێوەی حمص ڕەحبەشی لە (ناصرالدین

---

(١) یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج ٣ / ص ٣٤ .

(٢) ابن بطلان : رحلة ابن بطلان، ط١ ، دار السویدي للنشر والتوزیع، (الإمارات العربیة المتحدة – ٢٠٠٦م)،ص٧٥ .

(٣)الذهبي: العبر، ج٣/ص٣٩ ؛ النویري : نهایة الارب ، ج ٢٨/ص٢٣٥ ؛ محمد سهیل طقوش : تاریخ الایوبیین ، ص١٩.

(٤)بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٩)

(٥)ابن نظیف : التاریخ المنصوري، ص ص ٥٥ – ٥٦ ؛ القلقشندي : صبح الأعشي ، ج٤/ص١١٥.

(٦)یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج ٣ / ص ص ٣٥ – ٣٦ .

| | |
|---|---|
| (چەند سەرزەنشت دەکرێن لە ڕەحبە | ئەی ئەسەدەدین و دارودەستەکەی |
| وێرانت کردوە گوایە، دەڵێن چاکتکردەوە | بە تێڕوانینی پیاو چاکان و ئەوانی تر |
| ئەی ئەسەدەدین پاداشتمان بدەوە بەوەی | ڕەحبە ڕزگار بکە لە یوسف |
| ئەو هێرشانەی لە پیناو ئیسلامدا کردوتە | جیاوازن لە هێرشەکانی تر) |

محمد) وەرگرتەوە وەک پێشتر باسمان لێوە کردوە، تا ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٥ز) کەوتەوە ژێر فرمانڕەوایی (ناصرالدين محمد)، هەروەها لە دوای مردنی (ناصرالدين محمد) (صلاح الدين) ڕەحبەی بەخشی بە شیرکوی کوڕی دواتریش نەوە بە نەوەی بنەماڵەی (اسدالدين شيركو) فەرمانڕەوای ڕەحبە بوون[١] . هەندێ ناوچەی (الاقطاع)ی تریش هەبوون، کە سەربە ڕەحبە بوون و موڵکی ئەم بنەماڵەیە بوون، لەوانە :

١- **زلبيا** : شارێکی کۆن بوو لە سەر قەڵایەک دروستکرابوو لە سەر ڕوباری فورات، کە کەوتبووە باکوری خۆرئاوای شاری ڕەحبە، بە دووری (٩٠کم)[٢] .

٢- **عانه** : شارێکی بەناوبانگ بوو لە نێوان ڕەقە و هیت[٣] دا سەر بە ویلایەتی جەزیرە بوو لە سەر ڕوباری فورات، قەڵایەکی قایمی تێدا بوو، لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) بوو بە بەشێک لە موڵکی شیرکوی دووەم، ئەویش دوای ئەوەی بەڕێککەوت لە گەڵ الملک ناصری خاوەنی حەلەب، کەسێکی بەوالی دانا لەسەر ئەو شارە [٤].

## سێیەم: ارتــاح:

شارێکی بچوکی سەر بە حەلەب بووە کە قەڵایەکی تێدا بووە دەوترێت فەرمانڕەوایێتی قەڵاکە دەگەڕایەوە بۆ کەسێک بە ناوی (حسين کوڕی عبدالله الارتاحي )، لە ساڵی (٥٤٥ک/١١٥١ز) سوپای (نورالدين محمود) بە سەرکردایەتی (اسدالدين شيركو) دەستیان بەسەر ئەم شارەدا گرت و لە دەستی خاچپییەکانیان دەرهێنا، لەوە بە دوا (نورالدين محمود) بەخشی بە (اسدالدين شيركو) دواتریش بۆ (ناصرالدين)ی کوڕی مایەوە دواتریش لە دەستی نەوەکانی تریاندا مایەوە تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە[٥].

## چوارەم: تل باشر:

قەڵایەکی قایم و گەورە بوو لە باکوری حەلەب لە نێوان حەلەب و تل باشردا دوو ڕۆژ ڕێگا بوو دانیشتوانەکەی مەسیحی ئەرمەنی بوون[٦]، تل باشر سەر بە میرنشینی حەلەب بوو لەو کاتەوەی (نورالدين محمود) لە دەست خاچپییەکانی دەرهێنا تا ساڵی (٦٤٦ک/١١٥٢ز)، کاتیک (الملک ناصری کوڕی الملک عزيز) بەخشی بە (الاشرف موسى کوڕی المنصور ابراهيم) لە بەرامبەر حمصدا، تا ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) لە دەستیدا مایەوە لەو ساڵە بەدواوە (هۆلاکۆ)

---

(١)ابن خلكان : وفيات الاعيان، مج ٢/ ص ٤٨٠ ؛ ابن كثير : البداية و النهاية ، ج ١٤/ ص ٢٦٥ .

(٢)منذر الحايك : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٣٠١ .

(٣) هيت :شارێکە لە سەر ڕوباری فورات لە نزیک بەغداد . (ياقوت الحموي : معجم البلدان، مج٥/ص٤٢١)

(٤)ياقوت الحموي : معجم البلدان، مج٤/ص٧٢ ؛ الذهبي : تاريخ الأسلام، مج١٤/ص١٦ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٣٠١ .

(٥)ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج ١ / ص ١٤٠ ؛ ابن شداد : الاعلاق الخطيرة ، ج١/ ق١/ ص ص٤٢٣- ٤٢٧ .

(٦)ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٢/ص٤٠ .

هێرشی کردە سەر شام دەستی بەسەر قەڵای تل باشردا گرت هەرچی تیادا بوو تالآنی کردووە، دوای ئەوە بەخشیەوە بە (الاشرف موسى) و تا ساڵی (٦٦٢ک/١٢٦٤ز) لە دەستیدا مایەوە تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد[١].

**پێنجەم: ڕەقە:**

لە ساڵی(٦٥٢ک/١٢٥٤ز)ەوە ڕەقە کەوتە دەست (صالح اسماعیل کوڕی اسدالدین شیرکو الثاني) و تا ساڵی (٦٥٥ک/١٢٥٧ز) لە دەستیدا مایەوە و لەو ساڵە بە دواوە ناوچەکەیان کەوتە بەر شاڵاوی مەغۆلەکان، ڕەقەش وێران کرا و کەسی تێدا نەما[٢].

**شەشەم: عین تاب:**

قەڵایەکی قایم بووە لە ناوچەیەکی فراوان لە نێوان حەلەب و ئەنتاکیەدا کە سەر بە حەلەب بوو، چەند مانگێک لە دوای مردنی (اسدالدین شیرکو) لە ساڵی (٥٦٤ک/١١٦٨ز) (نورالدین محمود) لە قەرەبووی وەرگرتنەوەی حمص و ڕەحبە لە (ناصرالدین محمد) عین تابی بۆ ماوەیەکی کاتی پێ بەخشی، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لێی وەرگرتەوە[٣].

**حەوتەم: سلمیە:**

سلمیە شارێکە سەر بە حمصە لە نێوان بالیس و قلزم، دەوترێ لەلایەن (عبدالله کوڕی صالح کوڕی علی کوری عبدالله کوڕی عباس کوڕی عبدالمطلب)ەوە بنیات نراوە[٤].

لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٣٠ز) کاتێک (الملک المنصور محمد کوڕی تقي الدین عمر) فەرمانڕەوای حەما کۆچی دوایی کرد، پێش ئەوە پیاوانی شار و سەرکردە سەربازییەکانی دەوری باوکی، کوڕە گەورەکەی ناوی (محمود) بوو، کە نازناوی (الملک المظفر) بوو، وەک جینشینی باوکی دیارییان کرد و سوێندیان خوارد، کە دەچێتە شوێنی باوکی، لەو کاتەدا لە مصر لەلای (الملک الکامل کوڕی الملک العادل) بوو، هەروەها (الملک المنصور) کوڕێکی دیکەی هەبوو بە ناوی (قلج ارسلان) نازناوی (صلاح الدین) بوو، هەر زوو و بە پەلە لە دوای مردنی باوکی دەستی بەسەر شاری حەما و قەڵاکەیدا گرت، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی کێشە و لەوکاتەدا (الملک الکامل) لە مصرەوە گەڕایەوە بۆ شام و چووە دیمەشق، و دواتر پەیوەندی بە (اسدالدین شیرکو الثاني)وە کرد و بەشێک لە لەشکرەکەی دا بە (اسدالدین شیرکو) تا لە گەڵ لەشکری حمص بیانکات بەیەک لەشکرو گەمارۆی شاری حەما بدات، کە (قلج ارسلان) دەستی

---

(١)ابن شداد : الاعلاق الخطيرة، ج ١/ق٢/ ص ص١٠٦-١٠٧ ؛ ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص٢١٣.

(٢) ابن شداد : الاعلاق الخطيرة ، ج٣/ق١/ص٨٢ .

(٣)ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٤/ص١٧٦ ؛ ابن شداد : الاعلاق الخطيرة، ج١/ق٢/ص ١١٠ .

(٤) ابن حوقل : صورة الارض ، ص١٥٤؛ ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٣/ص٢٤٠ ؛ القلقشندي : صبح الاعشى، ج٤/ص١١٤ .

بەسەردا گرت بوو، (اسدالدین شیرکو) هەریەکە لە (محمود کوڕی تقي الدين عمر) و میرێکی تری سەربازی لەگەڵ بوو ناوی (فخرالدين عثمان) بوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک گەمارۆی شاری حەمایان دا، و لەم کاتەشدا (الملک الكامل) لە دیمەشق چووە دەرەوە و ڕووی کردە جەزیرە و تاگەیشتە سلمییە و گەمارۆی دا، (قلج ارسلان) زانی دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەودا نیە و باشترە خۆی لە (الملک الكامل) نزیک بکاتەوە، هەرچەندە هاوڕێکانی دژی وەستانەوە داوایان لێکرد کاری وا نەکات و پێیان وت لە شامدا لە قەڵاکەی تۆ قایمتر و باشتر و پتەو تر نیە و هەروەها زەخیرەی باشمان هەیە بۆیە پێویست ناکات بڕۆیت بۆ لای (الملک الكامل) و ئەمە کارێکی باش نییە، بەڵام ئەو گوێی لێنەگرتن و سوور بوو لە سەر بڕیاری خۆی و وتی (ئەگەر ڕێگەم نەدەن لە قەڵاکەوە خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە) ئەوانیش بەناچاری ڕازی بوون و ئەویش ڕۆشت بۆلای، بە گەیشتنی (الملک الكامل) ڕاستەوخۆ دەستگیری کرد و شاری حەمای ڕادەست (الملک محمود کوڕی تقي الدين عمر) کرد، و قەڵایەکی تری نزیک حەمای دا بە (قلج ارسلان)، کە ناوی قەڵای بارین بوو، هەروەها شاری سلمییەشی وەکو دیاری بەخشی بە (اسدالدین شیرکو الثاني) وەک پاداشتێک بۆ ئەو کۆششەی کە لەم بارودۆخەدا کردبووی[1]، بەڵام لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) (الملک الكامل) ئەم شارەی لێ وەرگرتەوەو بەخشی فەرمانڕەوای حەما و تا ئەو کاتەی (الملک الكامل) لە ڕۆژی (٢٢ی ڕەجەب)ی هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد و (اسدالدین شیرکو) جارێکی تر لەشکرێکی ئامادە کرد بۆ گەڕاندنەوەی سلمیە و گەمارۆی دا و تا جارێکی تر شارەکەی گەراندەوە[2]، هەروەها (اسدالدین شیرکو) قەڵایەکی لە سلمیە دروستکرد کە ناوی قەڵای (شمیمش)[3]، کە بەماردینی شام ناسرا بوو، چونکە لە سەر شێوەی قەڵای ماردین دروست کرابوو[4]، هەروەها دەوترێت (اسدالدین شیرکو الثاني) ویستویەتی سلمیە وێران بکات و بیڕوخێنێت بۆ ئەو مەبەستە خەڵکەکەی گواستوەتەوە بۆ حمص، بەڵام دوای مردنی لە ساڵی (٦٣٧ک/١٢٤٠ز) خەڵکەکەی دیسان گەڕانەوە بۆ سلمیە[5].

---

(١) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠/ص٤٣٨ ؛ ابو الفداء : المختصر ، ج٣/ص ص١٧٧–١٧٨؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام ، ل٩٢.

(٢)ابي شامة :تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتين ، ط١ ، دارالكتب العلمية ، (بيروت – ٢٠٠٢م )، ص٢٥٤.

(٣)بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨).

(٤) ابن نظيف :التاريخ المنصوري، ص ص ٢٢٠ – ٢٢١ .

(٥)ابن العديم : زبدة الحلب من تاريخ حلب ، تح: سامي دهان ، د.ط ، المطبعة الكاثوليكية ، ( دمشق-١٩٦٨م)، ج٣/ص٢٣٤ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٣٦٩.

**هەشتەم: تەدمور:**

یەکێکە لە شارە کۆن و دێرینەکانی شام کە پێنج ڕۆژ لە حەلەبەوە دوورە، دەوترێت ئەم شارە بە ناوی (تدمر کچی حسان کوڕی اذینە کوڕی السمیدع کوڕی مذید کوڕی عملیق کوڕی لاوذ کوڕی سام کوڕی نوح (د.خ) )ەوە ناو نراوە، دەکەوێتە سەر هێڵی نێوان بالس و قلزم لە شام[١] لە نێوان (القریتین و ڕەحبە)ەوە[٢]، ئەم شارە لە سەردەمی (ناصرالدین محمدی کوڕی اسدالدین شیرکو) دا بووەتە بەشێک لە سنوری قەڵەمڕەوی ئەم بنەماڵەیە، لە ساڵی (٥٧٣ک/١١٧٨ز)، (ناصرالدین محمد) تاوەرێکی بەرگری لێ دروستکرد، و داوای لە (الحاجب ناصح الدولة أبا سعید) کرد تا سەرپەرشتی دروستکردنەکەی بکات، هەروەها لە ساڵی (٥٧٦ک/١١٨١ز)، دوو مزگەوتی لە تەدمور دروستکرد[٣]، هەروەها لە سەردەمی (شیرکو کوڕی ناصرالدین)دا تەدمور یەکێک بووە لەو شارانەی کە گرنگی پێدراوە، بینا وباڵەخانەی تێدا دروست کردوە، و لەهەمووی گرنگتر دروستکردنی (قەڵایەک)[٤]بوو لە سەر چیایەکی بەرز و سەخت ئەویش دوای تێکچوون و ڕوخانی قەڵای کۆنی تەدمور[٥]، جگە لەوەش چەند گوند و ناوچەیەکی تر هەبوون کە سەر بە تەدمور بوون لەوانە :

١- **السخنة:** شارێک بوو لە نێوان تەدمور و ڕوباری فوراتدا، کە نزیکەی (٧٥کم) دوورە لە تەدمورەوە، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون[٦] .

٢- **الوادي الشرقي (دۆڵی ڕۆژهەڵات) :** پێیشی وتراوە (وادی بنی حصین )، کە ناوچەیەکی بەپیت بووە، لە چەندین سەرچاوە دا ئاماژە بەوە کراوە کە موڵکی اسدالدین شیرکوی دووەم بووە[٧]

**نۆیەم: ماکسین:**

شارێکە لەسەر ڕووباری خاپور لە نزیک ڕەحبە[٨]، لە ساڵی (٦٠٥ک/١٢٠٩ز) کاتێک (الملک العادل) ویستی هێرش بکاتە سەر کەرەج داوای لە میر و دەسەڵاتداران کرد کە سەرجەم سوپاکانیان کۆ بکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستە، ئەوە بوو سوپایەکی زۆر لە دەوری (الملک العادل) کۆ بوونەوە، لەوانە (الملک المنصور) فەرمانڕەوای حەما و (الملک امجد)ی فەرمانڕەوای بەعلەبەک و (الملک صالح کوڕی الملک الکامل) فەرمانڕەوای ئامەد و سوپای (الملک ظاهر) و

---

(١) ابن حوقل : صورة الارض ، ص ١٥٤ ؛ یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٢/ص ص١٧-١٨ .

(٢) القلقشندي : صبح الأعشي ، ج٤/ص١١٤.

(٣)منذر الحایک : مملكة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٨ .

(٤)بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١٠)

(٥)ابن نظیف :التاریخ المنصوري، ص ٢٢١ .

(٦)منذر الحایک : مملكة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٩ .

(٧)ابي شامة : الروضتین ، ج٣/ص١٦٣ ؛ منذر الحایک : مملكة حمص في عصر الایوبي ، ص٢٩٩ .

(٨) یاقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٥/ص٤٣ .

سوپای سنجار، هەروەها (اسدالدين شيركو الثاني) بە سوپاكەیەوە ئامادەی ئەو هەڵمەتە بوو، لەم کاتەدا (الملک العادل) خاپور و سەرجەم ناوچەکانی سەر بەخاپوری بە سەر ئەو میرانە دا دابەشكرد كە بە دەم بانگەوازەكەیە چوون، لەو دابەشكارییەدا ماكسین بەر (اسدالدين شيركو) کەوت[1].

## دەیەم: حەران:

شارێکی گەورە و بەناونگ بوو لەنێوان حەران روهادا بوو، [2]، لە دوای شکستی هێرشی خوارزمییەکان بۆ سەر هەرێمی جزیرە لە ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤١ز)، (الملک المنصور ابراهيم کوڕی اسدالدين شيركوی الثاني) دەستی بەسەردا گرت[3] .

## یازدەیەم: معربا والتل ومنين:

کۆمەڵە گوندێک بوون لە باکوری دیمەشق بە دووری (٥کم) لە دیمەشقەوە، چەند ناوچەکەیەکی بە پیت بوون و کانیاوی زۆریان تیدا بوو، ئەم گوندانە ئیقتاعی (اسدالدين شيركو الثاني) بوون، کاتێک مەغۆلەکان لە ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز)، دەستیان بەسەر دیمەشقدا گرت، (الملک الاشرف موسى کوڕی الملک المنصور ابراهيم کوڕی اسدالدين شيركو الثاني) پەیوەندی پێوە کردن چووە لای (هۆلاکۆ) و ئەویش (الملک الاشرف موسى) وەک نوێنەری خۆیان دیاریکرد، و چەند ناوچەیەکی پێدایەوە وەکو حمص و ڕەحبە و تەل باشر و هەروەها گوندەکانی (معربا و التل و منين)یشی پێدا[4].

---

(١)ابن نظيف :التاريخ المنصوري، ص ص٥٨ – ٥٩ ؛ منذر الحايک : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٣٠٤ .

(٢)الحموي : معجم البلدان، مج٢/ص٢٣٥ ؛

(٣)منذر الحايک : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٣٠٤ .

(٤) اليونيني : ذيل مرآة الزمان ، ط١ ، مطبعة مجلس دار المعارف العثمانية ، (حيدر آباد – ١٩٥٤م) ، مج١/ص٣٧٧ ؛ ؛ منذر الحايک : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص٣٠٤ .

# بـــەشـــی دووەم :
# ناصرالدين محمد كوڕی اسدالدين شيركو و ڕۆڵی لە ڕووداوەكانی وڵاتی شام (٥٧٠-٥٨١ك/١١٧٥-١١٨٥ز)

باسی یەكەم : بارودۆخیماڵباتی اسدالدين شيركو دوای مردنی ناوبراو

باسی دووەم : ڕۆڵی سياسی و سەربازی ناصرالدين محمد لە ڕوداوەكانی وڵاتی شامدا

باسی سێیەم : مردنی ناصرالدين محمد (٥٨١ك/١١٨٥ز)

## باسی یەکەم : بارودۆخیماڵباتی اسدالدین شیرکو دوای مردنی ناوبراو:

لە دوای هەڵمەتی دووەمی (شیرکو) بۆ سەر مصر لە ساڵی (٥٦٢ک/١١٦٦ز) پێی بەخشی بوو، دوای مردنیشی بەخشی بە (ناصرالدین محمد)ی کوڕی، بەڵام تەنها دوای مانگێک لە کۆچی دوایی (اسدالدین شیرکو) هەموو ئەو ناوچانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی (ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو)دا بوو لێیوەرگرتەوە، بەخشی بە (الأمیر فخرالدین مسعود الزعفرانی)[١].

لەبەرامبەر وەرگرتنەوی ئەو ناوچانەش وەکو قەرەبوو کردنەوە و دڵڕاگرتنی (ناصرالدین محمد) ناوچەکانی (تل باشر ، عین تاب)ی پێبەخشی، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەوناوچانەشی لێسەندەوە و بەخشی بە (اسماعیل خزندار)، بە لیوردبوونەوەو لێکدانەوەی بارودۆخەکە، پێدەچێت (نورالدین محمود) لە پێدانی ئەو ناوچە دوورانە بە (ناصرالدین محمد) دوو مەبەستی هەبوو بێت ئەوانیش :

یەکەم/ ڕازیکردنی بوو، چونکە نەیدەویست لێی دڵگران ببێت، دووەم/ دەکرێت مەبەستی دورخستنەوەی (ناصرالدین محمد) بێت، یاخود مەبەستی لێدان بوو بێت لە (صلاح الدین)، چونکە دەیویست تاڕادەیەک ئەیوبییەکان پەرتەوازە بکات و لێکیان دوور بخاتەوە[٢]، بەوەی دوەترێت (نورالدین محمود) پەشیمان بووە لەوەی ڕێگەی بە ئەیوبییەکان داوە، کە ئاوا بەو شێوە فراوانە دەسەڵاتیان هەبێت لە ناو دەوڵەتەکەیدا تەنانەت لە ناردنی (شیرکو) بۆ مصر و وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی مصر پەشیمان بووە، هەروەها پێی وابووە هەڵەی کردوە ڕێگەی داوە لە دوای مردنی (شیرکو) (صلاح الدین) ببێتە وەزیر، چونکە ئەو (صلاح الدین)ی بە مەترسی زانیوە بۆ سەر بنەماڵەکەی و پێی وابووە هەوڵی سەربەخۆیی دەدات، بۆیە وەکو کاردانەوەیەک دژی ئەو هەوڵانە، ئەو ناوچانەی لە (ناصرالدین) وەرگرتوەتەوە[٣]، تەنانەت لە کاتی نەخۆشکەوتنی ئەوەی بە زمانی خۆی درکاندوە، کە پەشیمانە وبە ئاشکرا گویەتی :(یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی ژیانم ئەوەبوو (اسدالدین شیرکو)م نارد بۆ مصر دوای ئەوەی زانیم خۆی حەزی بەو سەفەرەیە، هەروەها شتێک زیاتر غەمبارم دەکات ئەوەیە دەزانم (یوسف کوڕی أیوب) دەستدەگرێت بەسەر بنەماڵەکەمدا، هەروەها ڕووی کردووەتە نزیکەکانی و وتوویەتی ئەگەر من مردم (ئیسماعیل)ی کوڕم ببنەن بۆ حەڵەب)[٤].

---

(١) الذهبي : دول الأسلام ، ط٢، مطبعة جمعية دائرةالمعارف العثمانية، (حيدرآباد، الدكن –١٩١٨م)، ج٢/ص٥٥؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٣١.

(٢)ابن شداد : الأعلاق الخطيرة، ج١/ ق٢/ص١١٠ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ص٧٨ .

(٣)منذر الحايک : العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية، ص٧٠ .

(٤)البنداري : سنابرق الشامي، ص٤٩ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج٢/ ص ٧٨ ؛ سهيل زكار : الموسوعة، ج١٨/ص٨١ ؛ منذر الحايک : العصر الأيوبي قرن من الصراعات الداخلية، ص٧٠ .

پێدەچێت (نورالدين محمود) لەم هەڵوێستەی مەبەستی ئەوە بوو بێت (ناصرالدين محمد) بخاتە ژێر چاودێرییەوە، چونکە یەکێک بووە لە بەهێزترین و دیارترین کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەی ئەیوبی، کە نەیوستووە لەگەڵ (صلاح الدين) نزیکی یەکتر بن، هەروەها (ناصرالدين محمد) خۆی بە میراتگری شەرعی باوکی زانیوە و ویستویەتی دەسەڵاتەکانی ئەوی هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (نورالدين محمود) ڕاستەوخۆ خستویەتییە ژێر چاودێری خۆیەوە ئەویش بە دانانی لە ڕیزی ئەفسەرانی سوپا، لەم بارەیەوە (ابي شامة) نوسیویەتی : (عماد الأصفهاني) دەگێڕێتەوە : (ڕۆژێک (نورالدين محمود) بانگی کردم و پێی وتم بەناوی ئەوەوە نامەیەک بنوسم و بینێرم بۆ دیوانی خیلافەتی عەباسی لە بەغداد، و فرمانی بە (ناصرالدين محمد) کرد پارێزگاری لە وەفدەکەمان بکات و کەسانێکمان لە گەڵدا بنێرێت تا لە چوون و هاتنەوەماندا پارێزگارمان بێت، (ناصرالدين) خۆی تا ڕەحبە لەگەڵمان هات و دواتر کەسانێکی ڕاسپارد تا لە سەفەرەکەماندا لەگەڵمان بێت ئەم ڕوداوەش ساڵی (٥٦٦ک/١١٧١ز) بووە)[١].

بێگومان (ناصرالدين محمد) لە دوای کۆچی دوایی باوکی ڕووبەڕووی بارودۆخی سەخت بۆوە، چونکە هەستی بەوە کردبوو کەوتبووە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی (نورالدين محمود)ەوە، بەر لەوەی پشکەکانی لێ زەوت بکات، بەڵام دوای ئەوە بارودۆخەکەی قورستر بوو، چونکە (نورالدين) سەرجەم ناوچەکانی لێ زەوت کرد و بە مەش تەواو بێ دەسەڵات کرا، چونکە میر بێ ئیمارەت داهاتی جێگیری نابێت و ناتوانێت ڕابەرایەتی ڕاستەوخۆی سەربازەکانی بکات، بەڵکو دەبێت چاوەڕێی سوڵتان بکات تا ئەرکەکانی پێ بسپێرێت و لەسەر بەخششەکانی ئەو دەژیا، لەگەڵ ئەوەشدا (ناصرالدين محمد) چۆکی نەدا و دەستەوەسان نەبوو بەڵکو بەردەوام هەوڵی دەدا لە ناو خەڵکدا تا بیسەلمێنێت کە شایەنی نازناوەکەیەتی (القاهر) و هەمیشە لەناو خەڵکیدا خەریکی چاکەکاری بووە، هەر بۆیە لە ناو خەڵکیدا قورسایی و کەسایەتی خۆی لە دەست نەدابوو[٢] .

هەرئەوەش وای لە شاعیران کردووە ستایشی بکەن، ئەوەتا (عماد الأصفهاني) لەم بەیتەدا پیاهەڵدانی (ناصرالدين)ی کردووە :

| | |
|---|---|
| قد اذل الكفر قاهرة | و أعزالدين ناصرة |
| كم ساع فى الزمان | له كرمت منها عشايرة[٣] |

(١) الروضتين، ج٢/ ص١١٠ .

(٢)منذر الحايك : العصر الأيوبي قرن من الصراعات، ص٧٠ .

(٣)البنداري : سنابرق الشامي، ص٢٧٢ .

(دەسەڵات و هێزەکەی بێباوەڕانی دەستەوسان کرد     بەیارمەتی و نوسرەتەکەشی ئاینی سەرخست
بەدرێژایی ڕۆژگار هەرچی هۆزوتاقمە بەهۆی ئەوەوە قەدر گران بوون     تەنانەت چەشنی پاشاکان قەدروڕێزی لێدەگیرێت)

له ڕاستیدا ئەم کارانەی (نورالدین محمود) وەک پەرچە کردارێک بووە، دژ بە (صلاح الدین) لە بەرامبەر هەوڵەکانی بە ئاراستەی سەربەخۆی دەیویست لەم ڕێگەیەوە لاوازی بکات و و پشتیوانی کەم بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕاستەوخۆ لێدان بوو لە (ناصرالدین محمد کوڕی اسدالدین شیرکو) و دوورخستنەوەی بوو لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسیەکان.

له دوای ئەو ڕووداوانەی باسمان کرد، شتێکی ئەوتۆ لە سەرچاوەکاندا نییە سەبارەت بە (ناصرالدین محمد کوڕی شیرکو) ناویان لە مێژوودا ون بووە تا ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٤ز ) و لە مصر (اسدالدین شیرکو کوڕی ناصرالدین)، کە ناسراوە بە (اسدالدین شیرکو الثاني) لە دایک بووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە (ناصرالدین محمد)یش ڕۆشتووە بۆ مصر بۆ لای (صلاح الدین)ی ئامۆزای هەم خەزوری بەو هیوایەی بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵی بگەڕێتەوە شام، بەڵام نازانرێت کەی ڕۆشتووە، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە  تا ساڵی (٥٦٦ک/١١٧١ز) لەشام بوو[1].

(١)منذر الحايک: مملكة حمص في العصر الأيوبي، ص٩٤ .

## باسی دووەم : ڕۆڵی سیاسی و سەربازی ناصرالدین محمد لە ڕووداوەکانی شامدا

### تەوەری یەکەم : هەوڵەکانی ناصرالدین محمد بۆ دەسەڵات:

کەسایەتی (ناصرالدین محمد) بەجۆرێک بووە، زۆر حەزی بە دەسەڵات کردووە و هەوڵیشی بۆ داوە و هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووە، کە هەرکاتێک بارودۆخ لەبار بێت خەونەکەی بهێنێتە دی، هەر بۆیە (صلاح الدین)ی ئامۆزای زۆر ڕێزی لێگرتووە و لە هەمان کاتدا سڵیشی لێکردۆتەوە، چونکە خۆی بە شایستە تر دەزانی، ئەمەش گەیشتبووەوە بەرگوێی (صلاح الدین)، هەربۆیە ئەویش حیسابی تایبەتی بۆ کردووە[١].

جگە لەمەش لە لایەن خەلیفەی عەباسیشەوە ڕێزی لێگیراوە و وەکو سەرکردەیەک هاوشانی (صلاح الدین) ئەژمار کراوە، کاتێک (صلاح الدین) گەیشتە شاری حەما نێردراوی خەلیفەی عەباسی (المستضیء بامرالله ٥٦٦-٥٧٥ک/١١٧١-١١٨٠ز) گەیشتە لای و دیاری خیلافەتیان بۆ هێنابوو، ئەوە لە کاتێکدا دیارییان بۆ (ناصرالدین محمد)یش برد، کە ئەمەش مانای دانانی بوو بە دەسەڵاتیدا، هەروەها بە شایستە زانینیی بوو تا جێگەی باوکی بگرێتەوە، دەکرێت ئەمەش هۆکارێکی دیکەی ترسی (صلاح الدین) بێت لە (ناصرالدین محمد)[٢].

(ناصرالدین) هەمیشە شانازی بە خۆیەوە دەکرد پێی وابوو ئەو هیچی کەمتر نییە لە (صەلاحەدین)ی ئامۆزای، بگرە هاوشان و یەکسانی یەکترین، ئەمەش لە چەند نوسراوێکدا دەرکەوتووە، کە لە (ناصرالدین محمد)ەوە بەجێماون و لەسەر بەردێک نوسراون و مێژووەکەی بۆ ساڵی (٥٧٦ک/١١٨١ز) دەگەڕێتەوە، کە تێیدا هەموو ملکەچیەکی (صلاح الدین) پشتگوێ دەخات و ئاماژە بە هیچ ناونیشانێکی تایبەت نادات جگە لە نازناوی تایبەتی ( سیف الامیر المؤمنین)[٣] .

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێک هەوڵی ئاشکرا هەوڵی بۆ دەسەڵات نەداوە، چونکە زانیبووی ڕکابەرەکەی کێیە و چ کەسایەتیەکی بەهێز ڕووبەڕووی دەبێتەوە تەنانەت سەرکەوتنەکانی و لێهاتوویەکانی وای لێکردبوو لەنێو خەڵکدا ببێتە پاڵەوان و بەچاوی فریادڕەس و کاریزما تەماشا دەکرا، خۆشەویستیەکی تەواوی لەنێو خەڵکدا هەبوو، دەکرێت گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی، کە ڕکابەرایەتی کردنی(صلاح الدین) کارێکی هەڵەیە، هەربۆیە وای بە باش زانیووە ئەو هەستە ڕکابەرییە بشارێتەوە و هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا لێی نزیک بێتەوە، ئەویش لەبەر چەند هۆکایێک بوو:

---

(١) ابن تغری بردی : النجوم الزاهره ، ج٦/ ص٩١ ؛ الحنبلی : شفاء القلوب، ص٤٨ ؛ ابن العماد : شذرات الذهب ، ج٦/ ص٤٤٧ ؛ عبدالسلام الترمانيني : احداث تاريخ الإسلام، مج١/ج٣/ص٥٦٤ .

(٢) البنداري : سنابرق الشامي، ص ص ٨٨-٨٩ ؛ منذر الحایک : عصر الایوبی قرن من الصراعات الداخلية ، ص٨١.

(٣) منذر الحایک : مملكة حمص في العصر الايوبي ، ص ١٠٣.

١. نزیک بوونەوە لە (صلاح الدین) وای لێدەکرد هەمیشە لە ناو جەرگەی ڕووداوەکان بێت و ئاگاداری هەر گۆڕانکارییەک بێت، کە ڕوودەدات و ئامادەی هەر دەرفەتێک بێت بێتە پێشەوە بۆ سەرکەوتن.

٢. چاودێریکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە (صلاح الدین)ەوە نزیک بوون و مەترسی بوون بۆ ئەوەی ببنە ڕێگر لە بەردەمیدا .

٣. بوونی لە نێو میر و سەرکردەکان وای لێدەکرد، کە ڕێگە خۆش بکات لێیان نزیک ببێتەوە متمانەیان بەدەست بهێنێ .

٤. بۆ ئەوەی برا و کوڕەکانی (صلاح الدین) زیاتر لێی نزیک نەبنەوە، چونکە دەیزانی ئەوان کەمتر لەو بە پەرۆش نین بۆ دەسەڵات[١].

جگە لەوەش بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لێی خوشکێکی (صلاح الدین)ی مارە کردبوو، کە ناوی (ست شام) بوو پێشتر هاوسەری کەسێک بووە بە ناوی (عمر کوڕی لاجین)[٢]، دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد، (ناصرالدین) مارەی کردوە و کردویەتی بە هاوسەری خۆی[٣].

---

(١) منذر الحايک : العصر الايوبي قرن من الصراعات الداخلية ، ص٨٣ .

(٢) عمر کوڕی لاجین : سەرچاوەکان زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارەی ئەم کەسایەتییەوە باس نەکردووە بەڵکو زیاتر باسی کوڕەکەیان کردووە (حسامالدین)، کە کوڕی (ست شام)ی خوشکی (صلاح الدین) بووە، و کەسێکی زۆر ئازا و بە جەرگ بووە خاوەنی نابلس بووە، لە گەڵ (تقي الدين عمر)ی برای (صلاح الدین) بەیەک ڕۆژ کۆچی دواییان کردووە لە ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز). (ابي شامة : عيون الروضتين ق٢/ص٢٦٤ ؛ ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات، د . ط ، دارالطباعة الحديثة ، (البصرة – ١٩٦٩م)، مج٤/ج٢/ص٤٩ ؛ سامان نامق : ژن خوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، ل٨١ ).

(٣) ابي شامة : تراجم، ص ١٨٠ ؛ ابن خلكان :وفيات الاعيان ، ج٣/٢٤٤ ؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة ، ج٦/ص٩١ ؛ عبدالسلام الترمانيني : احداث تاريخ الإسلام، مج١/ج٣/ص٥٦٤ .

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی سەربازی ناصرالدین محمد

وەک ئاشکرایە کە (ناصرالدین محمد) سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو و بوێر و چاونەترس بووە، هاوشێوەی (اسدالدین شیرکو)ی باوکی، هەر ئەمەش وایکردبوو کە (نورالدین محمود) خستبویە ڕیزی ئەفسەرانی سوپاکەیەوە، ئەرکی سەربازی گرنگی پێسپاردبوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئازایەتی (ناصرالدین محمد) پیشاندەدات[١].

دوای چەند ڕۆژێک لە دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق لەلایەن (صلاح الدین)ەوە لە ساڵی (٥٧٠ک/١١٧٥ز) کۆمەڵێک لە سەرکردە و میرەکان گەشتنە لای و پشتگیری خۆیان بۆ دووپات کردەوە، یەکێک لەوانە (ناصرالدین محمد) بوو، کاتێک گەشتە لای (صلاح الدین) سوپایەکی (سێ هەزار) چەکداری لەگەڵ بوو، خێوەتگەی سەربازییان لەسەر ڕووباری (النبک)[٢] لە نێوان دیمەشق و حمصدا هەڵدا، دواتر کەوتنە ڕێ بەرەو حمص و حەما و دەستیان بەسەردا گرت و دوای ئەوەش بەرە و حەلەب بەڕێ کەوتن[٣].

دوای دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق و حمص و حەما پاشان بەعلەبەک لەلایەن (صلاح الدین)ەوە، (صالح اسماعیل کوڕی نورالدین محمود) داوای هاوکاری لە (سیف الدین غازي) ئامۆزای فەرمانڕەوای موصل کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، بەڵام (صلاح الدین) داوای ڕێککەوتنی لێکردن، چونکە نەیدەویست خوێنی موسڵمانان بە دەستی یەکتر بڕژێ، بەڵام ئەوان داوای ڕەحبەیان کرد، کە موڵکی (ناصرالدین محمد) بوو، بۆیە (صلاح الدین) بەوە ڕازی نەبوو، ئەمەش وایکرد ڕێککەوتن نەکرا[٤].

دوای ئەوەی ڕێککەوتنەکە سەری نەگرت لە جێگایەک بە ناوی (قرون حەما) هەردوو سوپا بەیەک گەیشتن شەڕێکی سەخت ڕوویدا، تێیدا سوپای (صلاح الدین) توانیان سەرکەون بەسەر سوپای حەلەب و موصڵدا و سەروەت و دەستکەتێکی زۆریشان دەست بەسەردا گرت و ژمارەیەکی زۆر لە سوپای موصڵ و حەلەب کوژران، بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسان لەم شەڕەدا (ناصرالدین محمد) ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە و یەکێک بووە لە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای (صلاح الدین) بە جۆرێک (عمادالدین الأصفاني) هۆنراوەیەکی

---

(١) بروانە :توێژینەوەکە ، ل٦٣.

(٢) ڕوباری النبک : دەکەوێتە گوندێکەوە بە هەمان ناو واتە گوندی (النبک) کە گوندێکی جوان و سەرەنجڕاکێش دەکەوێتە نێوان حمص و دیمەشق . (یاقوت الحموی : معجم البلدان، مج٥/ ص٢٥٨)

(٣) سهیل زکار : الموسوعة الشاملة ، ج١١/ص٣٠٨ .

(٤)ابن الأثیر : الکامل في التاریخ ، ج٩/ص٤١٠ ؛ ابي شامة : الروضتین، ج٢/ص٢٤٨ ؛ البنداري : سنابرق الشامي ، ص٨٦ ؛ محمد کرد علي : خطط الشام ، ط١، مکتبة النوري ،(دمشق-١٩٨٣م) ، ج٢/ص٤٨ ؛ سهیل زکار : الموسوعة الشاملة، ج١٨/ص٣٢٢ .

درێژی هۆنیوەتەوە تیایدا ستایشی ئازایەتی و ڕۆڵی (ناصرالدین محمد) دەکات لەم شەڕەدا:

لم يخش من خطر الهوى حتى حمى ذاک القوام شبيهه الخطار
يذرى الدموع كأنهن عوارف لابن المملک شيركوه غزار
من ال شاذي الشائدين بني العلا اركانهن لهاذم و شفار[١]

هەروەها وەرگرتنەوەی شاری حمص لەلایەن (ناصرالدین محمد)ەوە لە کاتێکدا بووە کە (صلاح الدين) سەرقاڵ بووە بە تێکچوونی بارودۆخی ساسی شام و جەزیرە، کە بە هۆی مردنی (نورالدين محمود)ەوە هاتبووە ئاراوە، بۆیە (صلاح الدين) لەم دۆخەدا دەبوو لە دوو قۆڵەوە بجەنگێت، لەلایەک لەگەڵ میرەکانی حەلەب، کە لە دەوری (الملک صالح اسماعيل) کۆبووبوونەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لە لاکەی تریش قۆڵی خاچییەکان، کە بەردەوام هاوپەیمانێتیان دەبەست لەگەڵ میرەکانی حەلەب دژی (صلاح الدين) بە تایبەتیش بۆ دەرکردنی (ناصرالدين محمد) بوو و گێڕانەوەی بۆ بەرەی خۆیان، چونکە شاری حمص شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەبوو بۆ بنکەکانیان لە وڵاتی شام و بەتایبەتی تەرابلس[٢] .

(عمادالدين الأصفهاني) گێڕاویەتییەوە: (لە ساڵی (٥٧١ک/١١٧٦ز) کاتێک، کە لە عەزاز بووین سوپای حەلەب هێرشیان کردە سەرمان هەندێک تالانیان برد و هەڵهاتن و هەندێک لە سەربازانی هاوەڵمان دوایان کەوتن و سەربازێکیان بە دیل گرت و هێنایانەوە، (صلاح الدين) فەرمانی کرد دەستی ببڕنەوە بە تۆمەتی دزیکردن، بەڵام داوام لێکرد کە بەزەیی پێدا بێتەوە و لێی خۆش بێت چونکە ئاینەکەی تۆ لەوە گەورە ترە، (صلاح الدين) لێی خۆش بوو بەڵام فەرمانی کرد بیخەنە زیندانەوە، لەم کاتەدا (ناصرالدين محمد) زۆر بە توڕەییەوە خۆی کرد بە ژوردا و وتی : ئەم شکستە چییە؟ ئەگەر ئێوەش بێدەنگ بن ئەوا من بێدەنگ نابم، هەروەها هاواری کرد و بە دەنگی بەرز وتی ئەم پیاوەتان بۆ نەکوشتووە ؟ ئەگەر نایکوژن بۆ دەستگیرتان کردووە؟ بەڵام (صلاح الدين) ئامۆژگاری کرد و توڕەییەکەی دامرکاندەوە و ئەو ئایەتەی بەسەردا

---

(١)البنداري : سنابرق الشامي ، ص ٨٨ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج٢ / ص٢٤٨ ؛ الذهبي : دول الاسلام ، ج٢ / ص٦٢ ؛ محمد كرد علي : خطط ، ج٢ /٤٨ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة، ج ١٨ / ص ٢٤٧ .

(سڵی نەکرد لە مەترسی و جۆش وخرۆش و ئارەزووی هەتا لێکچوویەکی مەترسیداری وەک خۆی

قەد وباڵاکەی پاراست ئەسرین لەچاوی بەشێوەیەک دەڕژا، وەک ئەوەی ئەسرینەکان زانیبێتیان

بەو خورەمە کوڕی شێرکۆ دەڕژێت

بنەماڵەی شادی سەربەرزن و بە چەشنی چەقۆ و شفرەی تیژ، دوژمن دەبەزێنێن و لەناوی دەبەن)

(٢) رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، ص ١٧٨ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٨٥ .

خوێندەوە، کە خودا دەفەرموێت :{وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى}[١]، دواتر سەربازە دیلەکەیان ئازاد کرد"[٢].

(إبن أبی طی) ئاماژەی بەوە کردووە دوای دەستبەسەرداگرتنی قەڵای بەزاغە و مەنبەج،(سنان)ی فەرمانڕەوای حەشیشیەکان بۆ جاری دووەم لە ساڵی (٥٧١ک/١١٧٦ز) هەوڵی دا (صلاح الدین) بکوژێت، بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکی بە جلی سەربازانی (صلاح الدین)ەوە ناردە ناو سوپاکەی و چەند ڕۆژێک مانەوە و لە هەلێک دەگەڕان تا سوڵتان بکوژن، تا ڕۆژێکیان (صلاح الدین) لە ناو ڕەشماڵەکەیدا دانیشتبوو و هەڵیان کوتایە سەری، یەکیک لە حەشیشیەکان هێرشی کردە سەر ی و هەوڵی دا بە چەقۆکەی دەستی لە سەری بدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی سوڵتان (زەردیە)[٣]ی لەسەر بوو هەوڵەکەی شکستی هێنا، و بەڵام لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیدا کەمێک دەستی بریندار بوو، ئەوانەی لە دەرەوە بوون خێرا چوونە نێو ڕەشماڵەکەوە و یەک یەک بکوژەکانیان کوشت، یەکێک لەو کەسانەی بەشدار بوو لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا (ناصرالدین محمد) بوو هەر زوو بە شمشێرەکەی هەڵیکوتایە سەر بکوژەکان وبە شمشێرەکەی یەکێک لەوانەی کوشت، کە ویستبووی (صلاح الدین) بکوژێت[٤].

لە ساڵی (٥٧٣ک/١١٧٨ز) کاتێک (صلاح الدین) گەڕابووەوە بۆ مصر (تورانشاە)ی برای وەکو جێگری خۆی لە دیمەشق دانا، (تورانشاە) سەربازی زۆری لە بەردەستدا نەبوو بۆیە فەرەنکە خاچییەکان نەبوونی (صلاح الدین) لە شام و کەمی ژمارەی سەربازانی (تورانشاە)یان بە هەل زانی و دەستیانکرد بە هێرشکردن بۆ سەر چەند ناوچەیەکی شام، لەلایەک هێرشیان کردە سەر شاری حەما، کە لەو کاتەدا (شهاب الدین محمود) خاڵی (صلاح الدین) فەرمانڕەوای حەما نەخۆش بوو، شارەکەیان تاڵان کرد و ژمارەیەک خەڵکی ئەو شارەیان کوشت و بۆ ماوەی چوار مانگ گەمارۆی شارەکەیان دا[٥] .

هەر لەو ساڵەدا (٥٧٣ک/١١٧٨ز) خاچییەکان هێرشیان کردە سەر شاری حمص و تاڵانیان کرد و ژمارەیەک لە خەڵکی شارەکەیان کوشت و ژمارەیەکیشیان بریندار کرد و کۆمەڵێکیشیان بە دیل گرت، لەم کاتە (ناصرالدین محمد) بەشێوەیەکی ژیرانە و بە پلانێکی سەربازی لێهاتووانە لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆسەی بۆ دانان و بەزمانی شمشێر وەڵامی دانەوە و لێیان هاتە

(١) هیچ کەسێک باری گوناهی کەس لە ئەستۆ ناگرێت سورة (فاطر) ، الآیة (١٨)، و: مامۆستا هەژار.

(٢)وەرگیراوە لە : البنداري : سنابرق الشامي ، ص ص ١٠٢ -١٠٣ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج ٢/ ص ٢٦٨ ؛ الطباخ الحلبي : اعلام النبلاء، ج ٢/ ص ٩٢ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة ، ج ١٨ / ص ص ٢٧٢ – ٢٧٣ .

(٣) زەردیە: جۆرێکە لە قەڵغان . (ابن منظور : لسان العرب ، ص١٨٢٤ ؛ ابي شامة : الروضتين ، ج ٢/ ص٢٧٠)

(٤) ابي شامة : الروضتين، ج ٢/ ص ٢٦٩- ٢٧٠ ؛ الطباخ الحلبي : اعلام النبلاء ، ج٢/ ص٩٢-٩٣ .

(٥) الأصفهاني : البرق الشامي ، ج ٣/ ص ص ٥٢ -٥٣ ؛ ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج ٩/ ص ٤٣٠ ؛ ابي شامة: الروضتين ، ج ٢ / ص٣٠٩ ؛ الذهبي : دول الاسلام ، ج ٢/ ص٦٣ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٩٤ .

دەست و ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن و ژمارەیەکیشی لێ بەدیلگرتن ئەوەشی مابوویەوە بە برینداری هەڵهاتن و هەرچییان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو و تالآنیان کردبوو گەڕاندییەوە بۆ خاوەنەکانیان[1]، هەر بۆیە (صلاح الدین) هەمیشە لە ڕووی سەربازییەوە سودی لە ناوبراو بینیووە و پشتی پێدەبەست، زۆر جار یەکێک بووە لەو سەرکردە پێشەنگانەی، کە(صلاح الدین) زۆرجار بۆ کاری گرنگی سەربازی و پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەستی ڕایسپاردووە، بۆ نمونە دوای ئەوەی (صلاح الدین) لە مصرەوە گەڕایەوە بۆ شام بە هۆی هێرشەکانی خاچییەکانەوە، کاتێک لە بانیاس بوو (تقي الدين عمر)ی برازای نارد بۆشاری حەما و ئەویش دوای ئەوەی (شهاب الدین حارم٥٧٢ک/١١٧٦ز)ی فەرمانڕەوای ساڵی پێشووتر کۆچی دوایی کردبوو، هەروەها (ناصرالدین)ی ئامۆزایشی نارد بۆ شاری حمص و فرمانی پێکردن کە ئەو وڵاتانە بپارێزن و سنورەکان تۆکمە بکەن تا لە هێرشی دوژمن پارێزراو بن[2] .

یەکێکی تر لەو هەڵمەتانەی (ناصرالدين محمد) تێیدا بەشدار بووەو ڕۆڵی کارای تێدا هەبووە ئەو کاتە بوو، (صلاح الدین) گەمارۆی (بيت الأحزان)[3]ی دا لە ساڵی (٥٧٤ک/١١٧٩ز)[4]، سوپاکەی بە جۆرێک دابەشکرد کە لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کرد، (عزالدين فروخشاه) لە قۆڵێکەوە و (صلاح الدين) خۆشی لە قۆڵیکەوە هێرشیان دەست پێکرد، و هەروەها (ناصرالدين محمد)یش لە قۆڵێکی ترەوە سەرکردایەتی بەشێکی تری سوپاکەی کرد[5]،بێگومان (ناصرالدين محمد) لە زۆربەی هەڵمەتە سەربازییەکانی (صلاح الدين)دا بەشدار بووە بەتایبەتی لە هەموو هەڵمەتەکانی شام و سەر جزیرە و موصڵ بەشدار بووە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کوڕی (اسدالدين شيركو) و ئامۆزای (صلاح الدين) بوو، بەڵکو لە بەر ئازایەتی و لێهاتووی خۆی بووە.

---

(١) الأصفهاني: البرق الشامي، ج٣/ص٧٢ ؛ ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ص٤٣٤ ؛ عطا عبدالرحمن : ئەسەدەدین شێرکۆ، ل٣٨ .

(٢) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج٩/ص٤٣٨ ؛ ابي الفدا : المختصر، ج٣/ص٧٩ ؛ العمري : مسالك الابصار وممالك الأمصار، تح : مهدي النجم، ط١، دارالكتب العلمية ،(بيروت – ٢٠١٠م)، ج٢٧/ص٦٥ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٩٥ ؛ خوري عيسى : تاريخ حمص، ص٢٢٠.

(٣) بيت الأحزان : شارێکە لە نێوان دیمەشق و کەناراوەکان، دەوترێت بۆیە بەو ناوە نراوە، چونکە شوێنی دانیشتنی (یەعقوب)ی پێغەمبەر بووە، کاتیک (یوسف)ی کوڕی لێی دابڕاوە .(ياقوت الحموى : معجم البلدان، مج١/ص٥١٩) .

(٤) دريد عبدالقادر : سياسة صلاح الدين الأيوبي في بلاد مصر والشام والجزيرة٥٧٠-٥٨٩هـ ، مطبعة الأرشاد ، (بغداد–١٩٧٦م) ، ص٢٧٥ .

(٥) الأصفهايي : البرق الشامي ، ج١٨٧/٣؛ البنداري : سنابرق الشامي ، ص١٦٩ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة ، ج ١٨ / ص٣٦٠ .

شاری موصڵ یەکێک بوو لەو شارانەی (ناصرالدین محمد) هەوڵی دەستبەسەراگرتنی دەدا، چونکە هەستی بە گرنگی پێگەی ئەو شارە کردبوو، هەربۆیە لە پێناو ئەوەی دەسەڵاتی خۆی زیاتر بەهێز و چەسپاوتر بکات، هەمیشە ئەو شارە یەکێک بوو لە خەونەکانی، درکی بەوە کردبوو حمص و سامانەکەی و سەربازەکانی ئەو ئامانجەی ناهێنێتە دی تا بیگەیەنێتە پایەی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی، هەربۆیە بیری کردەوە باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بگات بەو مەبەستەی دەستبەسەرداگرتنی شاری موصڵە ، چونکە لە گرنگی ئەو شارە تێگەیشتبوو بۆ سەرخستنی پرۆژەکەی[1]، هەربۆیە هەوڵیداوە (صلاح الدین) قایل بکات و هێرشی بکەنە سەر و دەستی بە سەردا بگرن بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زۆری تەخان کردووە، ئەویش کاتێک (صلاح الدین) دەستی بەسەر نوسەیبین دا گرت، میر و سەرکردەکانی کۆکردەوە و ڕاوێژی پێ کردن تا بۆ چوونیان وەربگرێت، کە لە کوێوە دەست پێبکەن و هێرش بکەنە سەر چ شارێک، موصل یان سنجار یان جەزیرەی فوراتی لە نێو سەرکردەکاندا بیر و بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر ئەو بابەتە، لە نێویاندا (مظفرالدین کوکبري)[2] و (ناصرالدین محمد) پێیان باش بوو ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەر موصل .

هەر بۆئەو مەبەستە پارە و سامانێکی زۆری بەخشی بە (صلاح الدین) و گفتی لێوەرگرت، کە دەستیان بەسەر موصلدا گرت بیدات بەو[3]، ئەویش بۆچوونەکەی (ناصرالدین)ی ئامۆزای پەسەند کرد و بڕیاریاندا هێرش بۆ سەر موصل دەست پێبکەن، بەڵام سەرەتا بڕیاریدا لە نزیکەوە بارودۆخی شارەکە ببینێت و هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکە بکات، بۆ ئەو مەبەستە (مظفرالدین) و (ناصرالدین)ی ئامۆزای بانگ کرد تا لەگەڵی بن، ئەوە بوو دوای ڕۆیشتنیان لە نزیکەوە بارودۆخەکەیان بەچاوی خۆیان بینی، بەڵام بەبینینی ئامادەکارییەکانی دەسەڵاتدارانی شارەکە سەرسام بوون، بەوەی کاتێک شارێکی گەورەیان بینی دیوارەکانی بەهێز و پڕ بوون لە پیاوانی پاسەوان و پڕ چەک ، بۆیان ڕوون بووەوە کە ناتوانن بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرن بۆیە بە نائومێدیەوە گەڕانەوە بەرەو سەربازگەکەیان، (صلاح الدین) ڕوویکردە ئامۆزاکەی و

---

(١) منذر الحايک : مملكة حمص في عصر الأيوبي ، ص ١٠٥.

(٢)مظفر الدين كوكبرى :- (الملک المعظم مظفر الدين ابو سعيد كوكبري) لە ساڵی (٥٤٩ک/١١٥٥ز) لە قەڵای موصل لەدایک بووە، زاوای (صلاح الدین) بوو ، فەرمانڕەوایەتی هەولێر و شارەزروور بووە، هەروەها (صلاح الدين) هەریەک لە شارەکانی ( ڕوها و سمیساط و حەڕان )ی پێدابوو ، لە ساڵی (٦٣٠ک/١٢٣٣ز) کۆچی دوای کردوە. (ابي شامة : تراجم ،ص٢٤٥) ، لەوبارەوە (حوسین حوزنی) نوسیویەتی: (مظفر الدين) کورد بووە ، نازناوی کۆکبۆری، واتە ( بەرگی جوان و پۆشتە) چونکە هەمیشە بەرگی جوانی لەبەر کردووە بۆیە ئەو نازناوەی لێنراوە ، بەڵام مێژوونوسە تورکەکان بە مەبەست کۆکبەریان کردووە بە گۆگبۆری ، واتە : (گورگی بۆر ) و (مظفر الدين)یان بە تورک لە قەڵەم داوە . (بڕوانە : ئاوڕێک لە پاشەوە ، ب٢/ ل٢٩٩)

(٣)ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٢/ ص١١٩ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام ، ل٨٥ .

وتـی: (هەر کە گەڕایـنەوە بـۆ سـەربازگەکەمان ئەو سـەروەت و سـامانەی خەرجـت کـردووە هەمـووی ببەرەوە ، (ناصـرالدین)یش وتـی: ئەوەی خەرجکـرا وەریدەگرمـەوە، چـونکە ئەم وڵاتە ئەمان نیە و بەکەڵک نایە، هەروەها ڕووی کردە (صلاح الدین) و (مظفر الدین) و پێی وتن : ئێوە منتان ڕاکێشا، و بە ناڕاستەوخۆ چاوی تەماحتان بڕیوەتە سەروەت و سامانی من، ئەگەر جگە لە ئێوە پەنام ببردایەتە کەسانی تر ئەوا کارم ئاسانتر دەبوو و ناوبانگ و شورەتم لەوەی ئێستا هەیە زیاتر دەبوو، ئەگەر بگەڕێنەوە و پاشگەز ببینەوە لەو بەڵێنەی، کە دابوومـان ئەو شکۆ و ناموسمان دەشکێ و سنورمان پارێزراو نابێت)[١] .

دوای بێهیوا بـوون لە دەسـت بەسـەرداگرتنی موصـل (صـلاح الـدین) وای بە بـاش زانـی بگەڕێتەوە بۆ دیار بەکر و لە ڕێگادا ڕوویکردە سنجار، لەم کاتەدا (مجاهد الدین) بە هێزێکەوە بۆ بەهانـاوە چـوونی فەرمـانڕەوای سـنجار (شـرف الـدین) بەڕێکەوت، بەڵام (صـلاح الـدین) ڕێگەی لێگــرتن و لەگەڵیـــان بەشـــەڕ هـــات و دەســـتی بەســـەر تەواوی کەل و پەل و هاوکـــارییە سـەربازیەکاندا گـرت کە بڕیـار بـوو بیبەن بـۆ سـنجار، دوای بیسـتنی ئەم هەواڵە فەرمـانڕەوای سنجار زانی، کە ناتوانێ شارەکە بپارێزێ بۆیە بڕیاریدا شارەکە بدات بەدەست (صلاح الدین)ەوە لە بەرامـبەردا داوای پاراسـتنی لێکـرد و ئـەویش بـەڵێنی پێدا و چـووە نێو شـارەکەوە و دەسـتی بەسەردا گرت[٢].

لە سەرەتای ساڵی (٥٨١ک/١١٨٦ز) کاتێک (صلاح الدین) لە شاری حەما بوو خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم هێرش بکاتە سەر موصل، لەم کاتەدا (مظفر الدین کوکبوري)، لە نزیک ئەو شارە پێشتر سوپای دامەزراندبوو، هاواری بۆ (صلاح الدین) برد، کە فەرمانڕەوای موصل (عزالدین مسعود) نیازی هێرشکردنی هەیە بۆیە (صلاح الدین) سوپای نارد بۆ ئەو مەبەستە، بە حمص و بەلەعلەبەک و حەمادا تێپەڕی و ئینجا گەیشتە حەلەب و لەگەڵ (عادل)ی برای یەکتریان بینی و سوپای سەرجەم ئەو شارانە یەکیان گرت و بەمەستی ئامادەکاری بۆ گرتنی شاری موصل، هەرکە لە فورات پەڕینەوە و گەیشتنە حەران دەستبەجێ (مظفرالدین کوکبوري) دەستگیر کرد[٣] ، کە پێشتر باسی هۆکاری دەستگیرکردنەکەیمان کرد، لەم هەڵمەتەشدا (ناصرالدین محمد) یەکێک بوو لە سەرکردەی سوپاکەی (صلاح الدین)، بەڵام نەیانتوانی شاری موصل بگرن، هەربۆیە لە کۆتای مانگی (ڕبیعی دووەم)ی هەمان ساڵدا بەڕێکەوتن بەرەو خەلات (ناصرالدین محمد) پێشڕەوی سوپاکە بوو، هەروەها (مظفرالدین

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج٩/ ص٤٦٤ / ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٢/ ص١١٩ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون ، ج٥/ص٣٠٥ .

(٢)ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج٩/ ص٤٦٦.

(٣) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠ / ص ٥ ؛ ابن شداد : النوادر السلطانية، ص١١٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية، ج ١٤/ص٣٢٧ ؛ العيني : عقد الجمان عصر الايوبي ، ج٢/ص٣٣ .

کوکبری) و (تقی الدين عمر)ی برازای (صلاح الدين)ی لەگەڵ بوون، دواتر چوون بەرەو میافارقین ویستیان دەستی بەسەردا بگرن بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا (قطب الدين)ی فەرمانڕەوای شارەکە کۆچی دوایی کردبوو، هەربۆیە ژنەکەی کە ناوی (خاتوون) بوو لە جێگەی فەرمانڕەوا بوو، بەڵام سەرکردایەتی سوپاکە لە دەستی کەسێکدا بوو بە ناوی (اسدالدين برنقش)، وەکو بەخێوکەری منداڵەکانی (قطب الدين)یش بوو، سەرەتا ڕێگری لە سوپاکەی (صلاح الدين) کرد بچنە نێو میافارقین، لەگەڵ دانیشتوانەکەی بەرگرییەکی سەختیان کرد و شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕویدا تیایدا مەنجەنیق بەکارهێنرا، بەڵام دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت ناتوانن لە بەرگریکردن بەردەوام بن، بۆیە داوای ڕێککەوتنیان لە (صلاح الدين) کرد، ئەویش لەگەڵیان ڕێککەوت لەسەر ئەوەی دانیشتوانی شارەکە بپارێزێت، هەروەها بەڵێنی ئەوەشی دا یەکێک لە کچەکانی (خاتوون)ی ژنی فەرمانڕەوای کۆچکردوو بۆ یەکێک لە کوڕەکانی مارە بکات، ئەوە بوو دوای دەست بەسەرداگرتنی میافارقین بەڵێنەکەی خۆی بەجێگەیاند و یەکێک لە کچەکانی لە کوڕێکی خۆی مارە کرد[1] ، هەر لە بارەی ئەم هێرشەوە (ابن شاهنشاه)، کە کوڕە ئامۆزای (صلاح الدين)بوو نوسیویەتی : (کاتێک سوڵتان (صلاح الدين) گەیشتە میافارقین (ناصرالدين محمد) داوای لێکرد ڕێگەی بدات بچێتە نێو شارەکەوە ئەویش ڕێگەی دا و بە سەربازەکانییەوە چووە نێو شارەکەوە)[2].

لە دوای دەستبەسەراگرتنی خەلات و میافارقین لە مانگی ڕەجەبدا (صلاح الدين) و سوپاکەی بەڕێکەوتن بەرەو نوسەیبین و چەند ڕۆژێک تیایدا مانەوە تاکو تەواوی سوپاکە گەشتن، بەمەبەستی گەمارۆدانی شاری موصل بۆ جاری سێیەم، کاتێک لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە گەشتنە شوێنێک بە ناوی (کفرزمار)[3]، (عزالدين مسعود)ی فەرمانڕەوای موصڵ سەرجەم دەرگاکانی شاری داخست و سوپاکەی خستە ئامادەباشیەوە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی شار بەڵام ئامادەکارییەکانی ئەمجارەی (صلاح الدين) بە جۆرێک بوو، کە سوپای موصڵ توانای پاراستنی شاریان نەبوو، بەشێوەیەک لە نزیکەوە چاودێری شاری موصڵی دەکرد وە کاتێک گەیشتنە نزیکی شارەکە(عزالدين مسعود) داوای ڕێککەوتنی کرد و ژمارەیەک لە ئافرەتانی زەنگیەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە میرەکاندا نارد بۆ لای، بەڵام (صلاح الدين) سور بوو

---

(١)ابن شاهنشاه : مضمار الحقائق و سر الخلائق، تح : الدكتور حسن حبشي ، عالم الكتب، ( القاهرة – ١٩٦٨م)، ص ص ٢١٧–٢١٨ ؛ ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج ١٠/ص ٩ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ص ١١٤– ١١٥ ؛ العيني : عقد الجمان عصر الايوبي ، ج٢ /ص ص ٣٤-٣٥.

(٢)مضمار الحقائق، ص ٢١٩ .

(٣) كفر زمار : گوندێکی فراوان بوو لە گوندەکانی موصڵ، سەرجەم دانیشتوانەکەی کورد بوون . ( الحموى : معجم البلدان، مج ٤/ ص ٤٦٩ ؛ ابن شاهنشاه : مضمار الحقائق ، ص ٢٢٣) .

لەسەر گەمارۆدانی موصڵ و پێی وتن: (دەبێت بناغەیەک هەبێت کە بابەتەکانی لەسەر بنیات بنێین، دڵ و ڕوحەکان دڵنیا بن)[1].

کاتێک بارودۆخ بەم شێوەیە جێگیر بوو، (عزالدین مسعود) فەرمانڕەوای موصڵ بۆی ڕوون بووەوە، کە توانای بەرگریکردن و پاراستنی شاری نییە، بۆیە بڕیاری ڕیککەوتنی دا لەگەڵ (صلاح الدین) بۆ ئەم مەبەستەش (عمادالدین الزنکي دووەم)ی برای فەرمانڕەوای سنجار بوو ناردی تا نێوەندگیری بکات و بەڵێنی دا لە موصڵ بە ناوی ئەوەوە فەرمانڕەوایی بکات و لە وتارەکانیدا ناوی (صلاح الدین) بهێنیت، بێگومان (صلاح الدین)یش ئەمەی پێ باش بوو، چونکەڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو، کە چەندین ساڵە خەونی بە دەستبەسەراگرتنی موصلەوە دەبینی، چونکە شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەبوو، هەروەها ئەو یەکێتیەی چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدا بە بوونی موصڵ بەهێزتر و تۆکمەتر دەبوو، ئەوەتا ئێستا ئەو شارە بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن بووە بە بەشێک لە وڵاتەکەی هەر بۆیە بە ڕێککەوتن قایل بوو لە بەرامبەردا شارەزوور بە سەرجەم شار و قەڵاکانیەوە بەخشی بە (عزالدین مسعود)ی فەرمانڕەوای موصڵ کە بە ناوی صلاح الدینەوە فەرمانڕەوایی هەموو ئەو ناوچانەی دەکرد، ئەم ڕێککەوتنە لە مێژوودا ناو نراوە (ڕێکەوتننامەی حەڕان)[2] .

دوای ئەوەی ڕێککەوتن کرا و (عزالدین مسعود) موصڵ بڕیاریدا سەرجەم داواکاریەکانی (صلاح الدین) بەجێ بگەیەنێت وەک خوێندنەوەی وتار و لێدانی سکە بە ناوی ئەوەوە لە موصڵ و سەرجەم قەڵەم ڕەوییەکانی سەر بە موصڵ ئیدی (صلاح الدین) بەسەرکەوتویی گەڕایەوە بۆ حەڕان[3] .

---

(١)ابن شاهنشاه : مضمار الحقائق ، ص ٢٢٣ ؛ العيني : عقد الجمان عصر الايوبي ، ج٢ / ص ٣٥ ؛ محمد فريد ابو حديد : صلاح الدين ايوبي و عصره ، مؤسسة هنداوي سي اي سي ، ( المملكة المتحدة- ٢٠١٧ م) ، ص ٧٣.

(٢)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج ١٠/ ص ص ٩- ١٠ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب، ج ٣/ ص ٨٢؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ص ١١٥- ١١٦ ؛ عباس عمر : کوردە ئەیوبییەکان، ل ٦٥ .

(٣) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ص ٨٢ -٨٣ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ١١٦ ؛ محمد امين زكي : تاريخ دول و الامارات الكردية في العهد الاسلامي ، ت : محمد علي عوني ، د . ط ، مطبعة السعادة ، (مصر – ١٩٤٨م) ؛ وفاء محمد : قيام الدوله الايوبيه فى مصر و الشام، ص ١٢٣ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٨٦.

## باسی سێیەم: مردنی ناصرالدین محمد (٥٨١ک/١١٨٥ز)

(صلاح الدین) لە هەڵمەتی سێیەمی بۆ سەر موصڵ توانی بە سەرکەوتوویی شارەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیکاتە بەشێک لەو شانشینە یەکگرتووەی، کە سالانێک بوو (عمادالدین الزنكي) و (نورالدین محمود)ی کوڕی بۆیان نەکرا، بەڵام (صلاح الدین) توانی ئەو خەونەی بکات بەڕاستی، و بەرەیەکی یەکگرتووی مصر و شام وجزیرە و یەمەنی دروستکرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی خاچپیەکان ئامادە بوو، دوای تەواو کردنی کاری موصڵ گەڕایەوە بۆ حەڕان، لە مانگی شەوالی هەمان ساڵدا (٥٨١ک/١١٨٥ز) توشی نەخۆشییەکی سەخت بوو بە جۆرێک بوو کە هەستی کرد ئەمە نەخۆشی مەرگیەتی، تەنانەت هەندێک لە سەرچاوەکانی مێژوو ئاماژەیان بەوە کردووە بەشێکی زۆر لە مووەکانی سەر و ڕیشی هەڵوەریون، لەکاتی نەخۆش کەوتنیدا هەریەک لە (الملک عزیز عثمان)ی کوڕی و (الملک العادل)ی برای و (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزای لە گەڵی بوون، کە هەر لە سەرەتای هێرشەکەی سەر موصڵەوە لە گەڵی بوون[1].

هەر کە نەخۆشییەکەی زیاتر قورس بوو ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بێئومێد بوون لێی و لەو بڕوایەدا نەبوون جارێکی تر (صلاح الدین) بتوانێت لە سەر پێیەکانی خۆی بووەستێتەوە و سەرکردایەتییان بکات، هەر بۆیە چەند کەسێک لە بنەماڵەکەی کەوتنە جموجۆڵ بە ئاراستەی وەرگرتنی دەسەڵات لەوانە (الملک العادل)ی برای و (تقي الدین عمر)ی برازای و (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزای بوون، بەڵام(صلاح الدین) خۆی وەسییەتی کردبوو (العزیز عثمان)ی کوڕی لە جێگەی دابنرێت، لەو لاشەوە کۆمەڵێک لە میرەکان بەڵێنیان بە (الملک العادل)ی برای دابوو لە پشتگیری لێبکەن، هەروەها (تقي الدین عمر)، کە جیگری (صلاح الدین) بوو لە مصر کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی مصر بۆ خۆی داببڕێت، لەم نێوەندەدا (ناصرالدین محمد)یش بە خۆ کەوت و هەستی کرد ئەمە ئەو دەرفەتەیە، کە چەندین ساڵە بە دوایدا وێڵە، هەرکە زانی نەخۆشی ئامۆزاکەی قورسە و ئەگەر چاکبوونەوەی مەحاڵە بۆیە دەست بەجێ حەڕانی بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ حمص و لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بە حەلەبدا تێپەڕی و دەوترێت پارەیەکی زۆری داوەتە میرەکانی حەلەب و لە بەرانبەردا ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان پێداوە لە ئەگەری مردنی (صلاح الدین) پشتگیری لێبکەن تا ببێتە سوڵتانی ئەیوبییەکان[2].

---

(١) ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج١٠/ص١٠ ؛ العيني : عقد الجمان عصر الايوبي ، ج٢/ص٣٧؛ ابن العماد : شذرات الذهب ، ج٦/ص٤٤١ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٨٦ .

(٢)ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص٨٣ ؛ النويري : نهاية الأرب، ج٢٨/ص٢٥٩.

(ناصرالدين) خۆی بە خاوەنی شەرعی ئەو پۆستە دەزانی و زۆر جار ئەوی دووپات کردبووەوە، کە ئەوە مافی ئەوە نەک (صلاح الدين)، کاتێک گەیشتە حمص کۆمەڵێک لە میر و سەرکردەکانی دیمەشق خۆیان گەیاندە لای و بەڵێنی پشتگیرییان پێدا[١].

بەم شێوەیە (ناصرالدين) لە حمص دانیشت و چاوەڕێی گەیشتنی هەواڵی مەرگی (صلاح الدين) بوو تا ئاواتە لە مێژینەکەی بە دی بێت، کە ساڵانێک بوو خەونی پێوە دەبینی و هەستی دەکرد وا خەریکە ئەو خۆرە هەڵدێت، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەواڵی چاکبوونەوەی (صلاح الدين)ی لە نەخۆشییەکەی پێگەیشت، بە بیستنی ئەم هەواڵە تووشی شۆک بوو چونکە ئەو چاوەڕوانی مردنی بوو، کەچی ئێستا هەواڵی پێچەوانە دەبیستێت[٢] .

لە دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە چاکبوونەوەی (صلاح الدين) لە نەخۆشییەکەی لە ڕۆژی (٩ی ذی الحجةی ساڵی ٥٨١ک/٣ی ئازاری ١١٨٥ز) و لە شەوی جەژنی قوربان بە شێوەیەکی کت و پڕ و تەم و مژاوی (ناصرالدين محمد) کۆچی دوایی کرد[٣] .

---

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠/ص١٠ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص٨٣ ؛ خوري عيسى : تاريخ حمص ، ص٢٢٠

(٢)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج ١٠/ص١٠ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب، ج ٣/ ص٨٣ ؛ النويري : نهاية الأرب، ج٢٨/ص٢٥٩ ؛ خوري عيسى : تاريخ حمص ، ص٢٢٠ .

(٣)ابي شامة : الروضتين، ج ٢/ ص١٥٣ ؛ النويري : نهاية الأرب ، ج٢٨/ص٢٥٩ ؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط ، ج١/ص١٧١.

## بۆچوونی مێژوونووسان لەبارەی هۆکاری مردنی ناصرالدین محمدەوە:

مردنی (ناصرالدین محمد) ئاوا بە کت و پڕ وبەخێرایی هەروا بە ڕوداوێکی ئاسایی دانانرێت لە نێو مێژوونوساندا لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ کراوە چونکە ئەوان پێیان وایە ئەم ڕوداوە لەم کات و بارودۆخە سیاسیە ئاڵۆزەدا جێگەی گومان و تێڕامانە، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە هەمووان چاوەڕێی مردنی (صلاح الدین)یان کربوو، بە (ناصرالدین محمد)یشەوە، کە دەیویست جێگاکەی بگرێتەوە، کەچی بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە و خۆی مرد و (صلاح الدین) چاک بووەوە، بێگومان ئەم بارودۆخە تەم و مژو ئاڵۆزە دەرگای کۆمەڵێک پرسیار دەکاتەوە، کە پێویستە لە سەری بووەستین و بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین، چونکە مێژوونوسانی هاوسەردەم و نوێش بە گومانەوە دەڕواننە ئەم ڕوداوەو زۆرێکیان بە مردنێکی ئاسایی نازانن، لە نێو خۆیان دا بۆ چەند گروپێک دابەش بوون و هەر گروپێک بە جۆرێک لە ڕوداوەکە دەڕوانن و شیکردنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن.

هە ربۆیە بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان و تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکان هەوڵ دەدەین باس لە چونێتی و هۆکاری مردنی (ناصرالدین محمد) بکەین، بۆیە لێرەدا سەرەتا پۆلێنی مێژوونوسان دەکەین بە پێی بۆچوونەکانیان دابەشمان کردوون بەسەر دوو گروپدا :

**گروپی یەکەم:**

بە شێکی مێژوونوسان پێیان وایە کە مردنێکی ئاسایی بووە (ناصرالدین) بە شێوەیەکی کت و پڕ مردووە و بێ ئەوەی باس لە هیچ هۆکارێک بکەن، بۆ نمونە (عمادالدین الأصفهاني) دەڵێت لە ڕۆژی (٩ی ذی الحجة) (ناصرالدین محمد) کۆچی دوایی کرد، بە بێ هیچ نەخۆشییەک کە هەستی پێبکرێت[١]، هەروەها ابن شەداد نوسیویەتی "کاتێک (صلاح الدین) لە حەڕان بوو هێشتا لە نەخۆشییەکەی بەتەواوی چاک نەبووەوە هەواڵی مردنی (ناصرالدین محمد)ی ئامۆزای پێگەیشت"[٢]، بێئەوەی باسی هیچ هۆکارێک بکات، دوای ئەوانیش هەریەکە لە (ابن العديم و ابی شامة و الدوادری و ابن كثير) بە هەمان شێوە لە باسی مردنیدا باسی هیچ هۆکارێکیان نەکردووە[٣]، جگە لەمانەیش (ابن شاهنشاه)، کە خۆی لە بنەماڵەی ئەیوبییەکانە بە هەمان شێوەی ئەوانی تر هیچ هۆکارێکی نەنوسیوە تەنها ئاماژەی بە ڕیکەوتی مردنەکەی کردووەو ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە (ڕۆژی ٩ی ذی الحجە)دا مردووە، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی باس کردبێت[٤].

---

(١) البنداري: سنابرق الشامي، ص٢٧٢.

(٢) النوادر السلطانية، ص١٢٠.

(٣)زبدة الحلب ، ج٣/ص٨٣ ؛ الروضتين ، ج ٣/ ص١٥٣ ؛ كنز الدرر، ج٧/ص٨٠ ؛ البداية والنهاية ، ج١٤/ص٣٣٠ .

(٤) مضمار الحقائق ، ص ٢٢٨.

**گروپی دووەم:**

ئەم گروپەی مێژوونوسان بە هەمان شێوە پێیان وایە، کە بەشێوەیەکی کت و پڕ بووە، بەڵام ئەمانیش لە نێو خۆیاندا دابەش دەبن بۆ سەر دوو کۆمەڵ و هەریەکەیان هۆکاری جیاواز باس دەکەن، بەشیکیان پێیان وابووە بە هۆی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری شەرابەوە کۆچی دوایی کردوە[1]، بەشێکی ترلە مێژوو نووسان پەنجەی تۆمەت بۆ (صلاح الدین) درێژ دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بە کوشتنی، باس لەوە دەکرێ کەسێکی بە ناوی (ناصح بن العمید) ناردوە بۆ حمص ئەو شەوە لەگەڵ (ناصرالدین) بووە و سەرخۆشی کردوە و دواتر ژەهر خواردی کردووە و بەو هۆیەوە مردووە، لەم باسەشدا (ابن الاثیر) پێشەنگی سەرجەم ئەو مێژوونوسانەیە، باسی لەوە کردووە، کە ڕۆژ بووەتەوە (ناصح بن العمید) دیار نەماوە، پرسیاری لەبارەوە کراوە و وتراوە هەر ئەو شەوە گەیشتوەتە لای (صلاح الدین) یان وتراوە بۆ بەیانیەکەی لای (صلاح الدین) هەمان کەس بینراوە[2].

لێرەدا دەبێت ئێمە لێکۆڵینەوە بکەین لەبارەی ئەو هۆکارانەی باس دەکرێن لەبارەی مردنی (ناصرالدین محمد)ەوە، سەرەتا هۆکاری خواردنەوەی زۆری شەراب، بە بۆچوونی ئێمە ناکرێ خواردنەوەی شەراب ببێتە هۆی مردنی کەسێک، دەکرێ ئەمە تۆمەتێک بێت هەڵبەسترابێت بۆ (ناصرالدین محمد) ئیتر ئەگەر هۆکاری هەڵبەستنی ئەم تۆمەتە هەرچی بێت، دەکرێت تەنها گریمانە بێت یان بەمەبەستی داپۆشینی گومانی تر بێت، بۆ نمونە لابردنی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی (صلاح الدین)کراون یان بۆ ناشیرین کردنی (ناصرالدین محمد)بێت، ئەویش بە پشت بەستن بەوەی لە هیچ دەقێکدا باس لە ئالودەبوونی (ناصرالدین) بە خواردنەوەی شەراب نەکراوە، بەڵام باسی کەسایەتی دیکەی ئەیوبییەکان کراوە بە نمونە (الملک معز اسماعیل) فەرمانڕەوای یەمەن، هەروەها ناکرێت خواردنەوەی مەی و شەراب کەسێکی پێگەیشتوو بکوژێت، ئەگەر (ناصرالدین) ئالودە بوو بێت بە مەی خواردنەوە ئەوا مەی کەسی ئالودە ناکوژێت، هەرچەندە (ناصرالدین) ئالودە نەبووە بە مەی هەر وەک پێشتر باسمان کرد کە لە هیچ سەرچاوەیەک ئەوەی نەسەلماندووە ئالودەی مەی خواردنەوە بووبێت، تەنانەت ئەگەر زۆریشی خواردبێتەوە هەر نابێتە هۆی کوشتنی، سەرباری ئەمەش گونجاو نیە بۆ پیاوێکی بەهێزی وەک (ناصرالدین) لەکاتێکدا زۆربەی مێژوونوسان بە ئازا و بوێر و جەنگاوەر ستایشیان کردوە ناکرێ ئەم سەرکردە ئازایە بیر لە خۆ کوشتن بکاتەوە ئەمە هەرگیز لەگەڵ کەسایەتی ئەودا یەکناگرنەوە، لەکاتێکدا ویستویەتی ببێتە کەسی یەکەمی ئەیوبییەکان، هەر وەک خۆی زۆرجار

---

(١)ابن الأثیر : الکامل في التاریخ، ج١٠/ص؛ ابن سباط : تاریخ ابن سباط ، ج١/ص١٧١ ١٠ ؛ ابن العماد : شذرات الذهب ، ج٦/ص٤٤٧ ؛ خوري عیسی : تاریخ حمص ، ص٢٢٠.

(٢)الکامل في التاریخ، ج١٠/ص١٠ ؛ ابن سباط : تاریخ ابن سباط ، ص٤٢٨ ؛ خوری عیسی : تاریخ حمص ، ص٢٢٠؛ رشید عبدالله الجمیلي: حمص في عصر الامراء الایوبین ، ص ص١٨٠-١٨١ .

ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە ئەو شایستەی ئەو جێگەیەی (صلاح الدین)ە، تەنانەت دەوترێ ئەم قسە بەر گوێی (صلاح الدین) کەوتووە[1]، هەروەها ئەگەر ئالودەی مەی خواردنەوە نەبوبێت ئەوا بیرۆکەیەکی وای بۆ نەدەهات، کە بیر لەوە بکاتەوە لە ڕێگەی خواردنەوەی مەیەوە خۆی بکوژێت[2].

هەر سەبارەت بە مردنی (ناصرالدین محمد) زۆرێک لە مێژوونوسان بڕوایان وابووە ژەهر خوارد کراوە، لەوانە : (ابن الاثیر، ابن تغری بردی، احمد حنبلی) تەنانەت مێژوونوسان (الحنبلي، ابن تغري بردي) ئاماژە بەوە دەکەن، کە دوای مردنی گۆشتی لاشەی شی بووەتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ژەهر خوارد کردنی، هەروەها دەشڵێن وتراوە ژەهر خوارد کراوە[3].

سەبارەت بەو بۆچوونانەی لەبارەی مردنی (ناصرالدین)ەوە، کە ئاماژە بە تاوانبارکردنی (صلاح الدین) دەکەن هەوڵماندا وە لێرەدا هەڵسەنگاندنێک بکەین بۆ ئەو زانیاریانەی، کە پێمان گەیشتوون لەسەر مردنی ئەم کەسایەتیە ئەو کاتە ڕەنگە بتوانین بۆچوونێکی ڕاست دەربارەی بابەتەکە پێشکەش بکەین، سەرەتا دەڵێن (ناصرالدین محمد) خودی خۆی زۆر حەزی بە پلە و پایە و دەسەڵات کردووە، هەروەک (الحنبلي) ئاماژەی پێکردوە (صلاح الدین) خۆیشی سڵی لێکرددوەتەوە و لێی ترساوە، چونکە خۆی بە شیاوتر زانیوە بۆ دەسەڵات [4].

هەر بۆیە پێمان وایە بەو پێیەی ئەو ساتەی( ناصرالدین) لە حەڕان گەڕاوەتەوە (صلاح الدین) نەخۆش بووە، ئەویش ئەم بارودۆخەی بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فراوانتر بکاتەوە و پلانی بۆ داڕشتووە، وەک پێشتر باسمان کرد پارە و سامانی داوەتە میرەکانی دیمەشق و حمص و حەلەب تا قایلیان بکات پشتگیری بکەن لە ئەگەری مردنی (صلاح الدین)، دەگونجێت هەر ئەمە وای لە (ابن الاثیر) کردبێت، کە (صلاح الدین) بە کوشتنی (ناصرالدین)ەوە تاوانبار بکات، تەنانەت بە گێڕانەوەیەک بۆچونەکەی بەهێز دەکات و نوسیویەتی (دوای مردنی (ناصرالدین)، کاتێک (صلاح الدین) لە حەڕان دەرچوەو گەیشتوەتە حەلەب و چوار ڕۆژ تیا ماوتەوە لە (١٤ی محرمی  ساڵی ٥٨٢ک/٦ی نیسانی ١١٨٦ز)، پاشان لە گەڕانەوەیدا بۆ دیمەشق بە حمصدا تێپەڕیوە و (اسدالدین شیرکو کوڕی ناصرالدین) (شێرکۆی دووەم) چووەتە پێشوازی، پاشان هەرچی سەروەت و سامانێک لە باوکیەوە بۆی بە جێماوە (صلاح الدین) هەمووی لێی زەوتکردووە و زۆربەی بردووە و ئەوەشی سوودی بۆی نەبووە بەجێی هێشتووە)[5].

---

(١)ابن تغري بردي : النجوم زاهرة ، ج ٦/ ص ٩١ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٤٨ .

(٢) منذر الحايک : عصر الايوبي قرن من صراعات الداخلية ، ٨٦ .

(٣)الكامل في التاريخ، ج١٠/ص١٠ ؛ النجوم زاهرة ، ج ٦ / ص٩١ ؛ شفاء القلوب ، ص ٤٨ .

(٤)شفاء القلوب ، ص ٤٨.

(٥)ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج١٠/ص١٠.

هەر لەم بارەوە (ابن الاثیر) زیاتر بەڵگە دەخاتە ڕوو نوسیویەتی دوای ساڵێک لە مردنی (ناصرالدین) (شیرکو)ی کوڕی چووەتە دیمەشق و لەوێش چووەتە لای (صلاح الدین)، ئەویش لێی پرسیووە لە قورئان بە کوێ گەیشتوی ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتویەتی : گەیشتومەتە ئەو ئایەتەی، کە خوای گەورە دەفەرموێت : {إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا}[١]، هەر بۆیە(صلاح الدین) و ئەوانەشی لەگەڵی بوون سەریان سوورما لە زیرەکی ئەو کوڕە[٢].

دوای ابن الاثیر کۆمەڵێکی تر لە مێژوونوسان ئەم گێڕانەوەیەیان لێوەرگرتووە وەک (ابی الفدا، ابن الوردی، ابن تغري بردي ) و ئەوانیش پێیان وابووە ( ناصرالدین) ژەهر خوارد کراوە[٣]، تەنانەت (ابن تغری بردی) وتویەتی (صلاح الدین) لە (ناصرالدین محمد) ترساوە، بەوەی خۆی بە خاوەن حەق زانیوە بۆ دەسەڵات[٤].

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە مێژوونوسان (صلاح الدین) بە تاوانبار نازانن و پێیان وایە ئەو هۆکاری مردنی (ناصرالدین محمد) نییە، تەنانەت ئەو گێڕانەوە و باسانەی سەرەوە بە هەڵبەستراو و تۆمەت خستنە پاڵ (صلاح الدین)یان لە قەڵەم داوە، بەڵکو ئەوان پێیان وابووە بە نەخۆشی کت و پڕ مردووە، و ئەوە لە ڕەوشتی (صلاح الدین)ەوە دوورە، کە ڕکابەرەکانی بکوژێت ئەو تەنانەت دیلەکانی دوژمنی نەکوشتووە، ئیتر چۆن کوڕە مامی خۆی دەکوژێ ؟ لێرەوە پێویستە ئەو بەڵگانە بخەینەڕوو کە لەو بارەوە هەن:

سەرەتا گێڕانەوەیەکی مێژوونوس (ابی شامة) دەخەینە ڕوو، کە تیایدا باسی نامەیەکی (القاضي الفاضل)[٥]ی کردووە، کە بۆ (تقي الدین عمر)ی ناردوە و باسی لە کاتی مردنی (ناصرالدین) کردووە و لە نامەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە و نوسیویەتی (بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە نەشێوینرێ و بە جۆرێکی تر باس نەکرێ بۆیە دەست و بردم کرد لە گەیاندنی و ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتان و ئەم دەستپێشخەرییەم کرد، هەر چەندە هەواڵێکی ناخۆشە بەڵام پێویست بوو ئەم هەواڵەتان پێبگەیەنم)[٦].

---

(١)(بەڕاستی ئەو کەسانەی کەبە ناڕەوا ماڵ وسامانی هەتیوان دەخۆن ، بابزانن کە ئاگرێک دەخەنە هەناویانەوە و ئەو ماڵە دەبێتە ئاگر لە هەناویاندا، لە قیامەتیشدا دەچنە دۆزەخەوە) سورة نساء / الآية (١٠) ، و:مامۆستا هەژار.

(٢)الكامل في التاريخ، ج١٠/ص ١١ .

(٣) المختصر، ج ٣/ ص ٨٩ ؛ تاريخ ابن الوردي ، ج ٢/ ص ١٣٦ ؛ النجوم الزاهرة ، ج ٢ / ص ٩١ ؛ شذرات الذهب ، ج ٦/ ص ٤٤٧

(٤)النجوم الزاهرة ، ج ٢ / ص ٩١ .

(٥) بۆ بینینی نامەکە بڕوانە : پاشکۆی ژمارە(٤)

(٦) الروضتين ، ج ٣/ ص ١٦٠ .

ئەگەر تێبینی بکەین لێرەدا (القاضي الفاضل) نوسیویەتی بۆ ئەوەی هەواڵەک نەشێوێنرێ و بە جۆرێکی تر باس نەکرێت بۆیە دەستپێشخەریم کرد، کەواتە ئەگەین بەو ڕاستییەی مردنی (ناصرالدین) لەو کاتەدا ڕوداوێکی ئاسایی نەبووە و دیارە گومان و قسە و قسەلۆک بڵاو کراوەتەوە و کەسانێک تاوانبار کراون، بۆیە بەپەلە ئەو نامەیەی ناردووەو ڕوونکرنەوەشی داوە، نەوەک هەواڵەکە بەشێوەیەکی تر بڵاو بێتەوە.

هەرسەبارەت بەو بۆچوونەی دەوترێت (صلاح الدین) (ناصرالدین)ی لەبەر ئەوە کوشتووە، چونکە کاتێک نەخۆش بووە لە حەران هەوڵی سەربەخۆیی داوە، ئەوە دەتوانین بڵێین تەنها (ناصرالدین) نەبووە ئەو کارەی کردبێت، بەڵکو سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لەوە کردووە، کە (تقي الدین عمر)ی برازاشی لەو کاتەدا لە مصر بووە و هەوڵی داوە مصر بۆ خۆی داببڕێ ، بەڵام کاتێک (صلاح الدین) لە نەخۆشیەکەی چاک بووەتەوە، نەیکوشتووە بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی دووری خستووەتەوە و دوای ماوەیەک گەڕاندویەتیەوە و کردوویەتی بە فەرمانڕەوای حەما، جگە لەوەش (ناصرالدین) زاوای (صلاح الدین) بووە و (ست شام)ی خوشکی (صلاح الدین) خێزانی بووە[1]، هەروەها (عادل)ی برای (صلاح الدین)یش هەوڵی داوە میرەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی پشتگیری بکەن تا بچێتە جێگەکەی، کەچی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت حەلەبی لێوەرگرتووەتەوە و داویەتی بە (الملك الظاهر)ی کوڕی و لە بەرامبەردا حەڕان و ڕوهای پێداوە[2] .

سەبارەت بە دەست بەسەرداگرتنی موڵک و سەروەت و سامانی (اسدالدین شیرکو کوڕی ناصرالدین) ئەوا دەوترێت (صلاح الدین) مەبەستی پاراستنی بووە، کە لەو کاتەدا (شیرکو کوڕی ناصرالدین) تەمەنی تەنها (١٢ ساڵ) بووە، (صلاح الدین) ترسی ئەوەی هەبووە نەتوانێ پارێزگاری لەو هەموو ماڵ و سامانە بکات، بەڵگەشمان بۆ ئەمە گێڕانەوەیەکی (ابی شامة)یە، کە نوسیویەتی : (کاتێ (ناصرالدین) کۆچی دوایی کرد(اسدالدین)ی کوڕی بوو بە جێگری باوکی، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا لە تەمەندا بچووک بوو، (صلاح الدین) ترسی لەوە هەبوو نەتوانێ دەوڵەتەکەی سەروەت و سامانەکەی بپارێزێت، بۆیە هەندێک بڕیاری دەرکرد و فەرمانی کرد خێرا فرمانەکانی جێبەجێ بکرێن)[3]، کە خۆی لە پاراستنی ئەو سەروەت و سامانە دەبینیوە، چونکە باس لەوە کراوە (ناصرالدین محمد) دوای مردنی سەروەت و سامانێکی زۆری بەجێهێشتووە کە پێکهاتووە لە پارە و دراو ئەسپ و خشڵ و ئاڵتون و زێڕ و شتی دیکەی

(١)ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج١٠/ص ١٤ -١٦ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب، ج ٣/ ص ٨٥ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام ، ل٨٨ .

(٢)؛ ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ٨٩ ؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط ، ج١/ص ١٧٢ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص ١٠٩٠.

(٣) الروضتين ، ج٣/ص١٦٣

گرانبەها، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە ئەو پارانەی (ناصرالدین) لە دوای خۆی بەجێهێشتووە زیاتر بووە لە هەزار هەزار دینار (یەک ملیۆن)[1] .

هەر لەم بارەوە (ابی شامة) نوسیویەتی : ((عماد الکاتب) دەڵێت :لە دوای مردنی (ناصرالدین) کاتێک گەشتینە حمص (صلاح الدین) فرمانی کرد هەموو سەروەت و سامانەکەی دابەش بکەین بەسەر میراتگرەکانیدا، ئێمەش هەشت یەکی ماڵ و سامانەکەیمان دا بە (ست شام)ی خێزانی و ئەوەشی مایەوە لە نێوان و کورو کچەکەیدا دابەشمان کرد)[2]، کە تەنها کورێکی هەبوو بە ناوی (شیرکو) لەگەڵ کچێک بەناوی (سعدیة خاتون)[3]، پاش بڕیارەکەی (صلاح الدین) (الملک العادل)ی برای سەروەت و سامانەکەی (ناصرالدین)ی دابەش کرد بەسەر میراتگرەکانیدا، (قاضی نجم الدین بن ابی عصرون) ئامادەی ئەو دابەشکردنە بووە[4].

ئەم فرمانە تەنها بۆ موڵک و ماڵی (ناصرالدین محمد) نەبووە، بەڵکو بۆ سەروەت و سامانەکەی (عصمةخاتون)[5]یش بووە، کە لە دوای خۆی سەروەت و سامانێکی زۆری بەجێ هێشتبوو، کە خۆی دەبینیەوە لە (شتی کەلەپوری، کەل و پەلی ناو ماڵە، شت و مەکی تری گرانبەها)، (صلاح الدین) دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نوسراوێکی بۆ (اسدالدین شیرکو کوڕی ناصرالدین) بەجێهێشت تیایدا نوسیویەتی: "لە ئازارەکانت تێدەگەین بە هۆی مردنی باوکتەوە، خودا سەبوری و پاداشتی ئێمە و تۆش بداتەوە، و خودا (اسدالدین)ی کوڕمان بپارێزێت ڕێنوێنی بکات، لە جێگەی باوکی کۆچکردووی جێگیری بکات، و ئەم لە جێگەی باوکی بووە خاوەنی پلەوپایەی بەرز، ویلایەت و وڵاتەکانی وەکو خۆی ماوەتەوە، لە دوای مەرگی باوکی هەمووان گوێڕایەڵی فرمانەکانی ئەم دەبن، وە ئەم کوڕەمان بیلبیلەی چاومانە، و هۆکاری سەقامگیرییە، سوپاس بۆ خوا، کە ساڕێژکەری برینەکانە، دە با کوڕەکەمان خۆی وهاوڕێکانی بناسێت،

---

(١) الذهبي : دول الاسلام ، ج ٢/ ص ٦٧ ؛ العيني : عقد الجمان عصر الأيوبي ، ج٢/ ص ٤٢ ؛ سامان نامق : ژن و ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبی، ل ٣٠ .

(٢) الروضتين، ج ٣ / ص ١٦٤.

(٣) سعدیة خاتون : لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەند شێوازێک ناوی هاتوە، لەوانە : (ابن تغری بردی) و (ابن سباط) بە (سفری خاتون) ناویان هێناوە، هەروەها (ابن شداد) بە (بیدة خاتون) ناوی هێناوە. (مراة الزمان، ج٢١/ص٣١٠ ؛ الاعلاق الخطیرة، ج١/ص٤٢٦ ؛ نجوم زاهرة، ج٦/ص٩٣ )

(٤) سهيل زكار : الموسوعة الشاملة ، ج ١٥ / ص ٣٩٩ .

(٥)عصمة خاتون : (عصمة الدین کچی معین الدین آنر) فەرمانڕەوای دیمەشق بوو، کە پێشتر هاوسەری (نورالدین محمود) زەنگی بوو، دوای مردنی (نورالدین محمود) و لە ساڵی (٥٧٢ک/١١٧٣ز) شووی کرد بە (صلاح الدین)، لە ساڵی (٥٨١ک/١١٨٦ز) کۆچی دوایی کرد . (العيني : عقد الجمان عصر الأيوبي ، ج ٢/ ص ؛ عبدالسلام الترمانيني : احداث تاريخ الإسلام، مج١/ج٣/ص٥٦٣ .)

هەروەها فەرمانڕەوای ویلایەتەکان و جێگرەوەکانی خۆی بناسێت لە حمص و ڕەحبە و شوێنەکانی تر . کە لە سەر خوو ڕەوشتی خۆیان ماون" [(١)].

بۆیە دەکرێ بگوترێت تاوانبارکردنی (صلاح الدين) بە کوشتنی ئامۆزاکەی ئاوا بە زەقی لەلایەن (ابن الاثير)ەوە ڕەنگە پەیوەست بێت بە جۆرێک ڕق و کینەی بێت بەرامبەر ناوبراو بەهۆی ئەو گەمارۆ و هێرشانەی سەر موصڵ و کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی ئەتابەگیەی زەنگی، چونکە (ابن الاثير) خەڵکی موصڵ بووە و پەیوەندی زۆری بە میرەکانی ئەم دەوڵەتەوە هەبووە[(٢)].

هەربۆیە دەتوانین بڵێین ناکرێ (صلاح الدين) ئامۆزای خۆی ژەهر خوارد بکات لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. ژەهر خواردکردن کارێکە دووربووە لە ڕەوشتی (صلاح الدين)ەوە، نە لە پێش مردنی (ناصرالدين محمد)و نە لە دوای مردنیشی ژەهر خوارد کردن دوورترین کار بووە لە (صلاح الدين)ەوە .

٢. تەنها (ناصرالدين) نەبوو هەوڵ بۆسەربەخۆیی بدات لە کاتی نەخۆش کەوتنی (صلاح الدين) ، بەڵکو (الملك العادل)ی برای و (تقي الدين)ی برازاشی هەمان کاریان ئەنجامداوە و کەچی (صلاح الدين) نەیکوشتوون و تەنانەت توند و تیژییەکی نەنواندووە بەرامبەریان[(٣)].

٣. هەروەک ابن شداد ئاماژەی پێدەکات کاتێک (ناصرالدين محمد) کۆچی دوایی کرد (صلاح الدين) لە حەڕان بوو، هێشتا بە تەواوی لە نەخۆشیەکەی چاک نەبووەوە، ئەی چۆن دەبێت کەسێک لەسەرە مەرگدا بێت دەتوانێت پیلانی کوشتنی کەسێکی دی دابنێت؟ یاخود چۆن توانی ئاوا بە زوویی پیلانی کوشتنەکە دابنێت؟ مەگەر پێشتر داڕێژرابێ؟ تەنانەت نەیتوانیوە بەشداری پرسەکەی بێت (الملك العادل)ی برای بۆ بەشداریکردن لە پرسەی (ناصرالدين) ڕاسپاردووە، هەربۆیە ئەویش چۆتە حمص وبەشداری پرسەکەی کردووە[(٤)] .

سەرباری هەموو ئەمانەش کۆمەڵێک پرسیار دروست دەبێ لەسەر ئەم ڕووداوە، کە وامان لێدەکات گومانمان لادروست دەبێت سەبارەت بە گێڕانەوەکەی (ابن الأثير) لە بارەی(ناصح بن عميد)ەوە:

---

(١)ابی شامة : الروضتين، ج٣ / ص ١٦٠ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة ، ج ١٨ / ص ٥٢٠ – ٥٢١ . بۆ بینینی دەقی نوسراوەکە : بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٤)

(٢)عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام ، ل ٨٨ .

(٣)رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبين ص ١٨٣ ؛ منذر الحايک : العصر الايوبي قرن من الصراعات الداخلية ، ص ص ٨٦ – ٨٧ .

(٤)نوادر السلطانية ، ص ١٢٠ .

أ. (ناصرالدین محمد) چۆن بە دۆستایەتی کەسێکی متمانەپێنەکراوی وەک (ناصح بن عمید) ڕازی دەبێ، بەجۆرێک هێندە لێی نزیک بێتەوە و بێتە نێو کۆشکەکەی ؟

ب. (ناصح) چۆن توانی لە نێو کەس و کارەکەی و کۆشکەکەی (ناصرالدین محمد) ژەهر خواردی بکات؟

ت. ئەی چۆن توانی ئاوا بە ئاسانی لە کۆشکەکەی (ناصرالدین محمد) هەڵبێت بەبێ ئەوەی گومانی لێبکرێت؟

د. کێ هەواڵەکەی ڕاگەیاند، کە ناصح هەڵهاتووە بۆ لای (صلاح الدین) ئاوا بە بەخێرایی؟ چونکە وتراوە بەیانی پرسیار دەربارەی کراوە وتراوە لای (صلاح الدین) بینراوە ؟

ج. هەروەها جگە لە (ابن الاثیر) هیچ کەسێک باسی (ناصح بن عمید) ناکات، ئەوانەی لە دوای ئەوەوە باسی دەکەن هەواڵەکەیان لە (ابن الاثیر)ەوە وەرگرتووە و گواستویانەتەوە، ئەمەش جێگەی پرسیار و گومانە[1].

هەروەها ئەگەر تێبینی ئەو بۆچوونەی (ابن الاثیر) بکەین لە بارەی (ناصح بن عمید) ەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەویش زۆر دڵنیا نەبووە لە بوونی ئەو کەسایەتییە، بەڵکو وشەی (یقال)ی بەکارهێناوە کە ئەمیش مانای وایە ئەویش دڵنیا نەبووە، بۆیە دەڵێت (وتراوە کەسێک بەناوی ناصح بن العمید) ژەهری داوە بە (ناصرالدین)، بەڵام لە بارەی ژەهر خواردکردنی زیاتر دڵنیایە[2].

بێگومان ئەم ڕووداوەش پێچەوانەی کاری (صلاح الدین) بووە، چونکە کەسێکی دنیانەویست بووە و دوور بووە لە خراپەکاری، و هیچ کاتێک خزم و کەس و کاری هێندە توند نەبووە، کە سزایان بدات چ جای بگات بە کوشتنیان، بگرە زۆر کەس و کارەکەی خۆی خۆشویستووە و هەمیشە دەوری خۆی کۆی کردونەتەوە، دەبینین لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٨ز ) دوای مردنی (ناصرالدین) لە کاتی بینینی (شیرکو)ی کوڕیدا دوعای بۆ کردوەو بە جۆرێک گوتوویەتی : (خودایە اسدالدین شیرکوی کوڕمان بپارێزە و ڕێنوێنی بکە)[3].

جگە لەمانەش سەبارەت بە وەی گوایە (صلاح الدین) دەستی بەسەر سەروەت و سامانەکەی (ناصرالدین محمد)دا گرتووە بەشێک لە مێژوو نوسان پێیان وایە مەبەستی پاراستنی بووە، ئەگینا کەسێکی ئەوەندە دنیا ویست و تەماحکار نەبووە، بەڵکو چەندین وڵاتی دەوڵەمەندی لە ژێر دەستدا بووە وەکو (مصر و شام و یەمەن و جەزیرە)، بۆیە هیچ پێوستی بە سەروەت و سامانی

(١) منذر الحایک : مملکة الحمص في العصر الایوبي ، ص ص١٠٩–١١٠ ؛ عطا عبدالرحمن ، ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دەسەلات، ل١٣٣.

(٢)ابن الأثیر : الکامل في التاریخ، ج١٠/ص١٠ ؛ سامان نامق : ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا ، ل ١٣ .

(٣) ابی شامة : الروضتین، ج٣/ص١٦٠ ؛ سهیل زکار : الموسوعة الشاملة ، ج١٨/ص٥٢٠ ؛ عطا عبدارحمن : ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لە سەر دەسەلات، ل١٣٣.

ئامۆزاکەی نەبووە، بەڵکو مەبەستی پاراستنی بووە وەک پێشتر باسمان کرد (شیرکو کوڕی ناصرالدین محمد) هێشتا منداڵ بووە و تەمەنی لە ١٢ ساڵ تێپەڕی نەکردووە، وەک ئاشکراشە حمص و ناوچەکانی ژێر دەستی نزیک بوونە لە خاچپییەکانەوە، هەر بۆیە هەمیشە مەترسی هێرشی خاچپییەکان لەسەری بووە[١].

هەر (ابن الاثير) خۆی لە باسی مردنی (صلاح الدین)دا نوسیویەتی (کاتێک، کە کۆچی دوایی کرد تەنها یەک دیناری صوری و چل درهەمی ناصریەی پێ بووە)[٢]، هەروەها (السيوطي) نوسویەتی: (یەک دینار و سی درهەمی لەدوا بەجێماوە)[٣]، (عمادالدين الأصفهاني)یش ئاماژەی بەوە کردووە (صلاح الدین) لە دوای مردنی تەنها یەک دینار و سی و شەش درهەمی لێبەجێماوە[٤]، ئەمانەش ئاماژەن بۆ دنیا نەیویستی (صلاح الدین).

لە دوای مردنی (ناصرالدين محمد) تەرمەکەی لە لایەن (ست شام)ی خێزانیەوە گوازرایەوە بۆ شاری دیمەشق لە ( مدرسة الشامية الجوانيه)[٥] لە پاڵ گۆڕی (تورانشاه)ی برای بە خاکی سپارد[٦].

کاتێک (صلاح الدین) لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە، لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٨ز) لە حەلەبەوە ڕووی کردە دیمەشق لەم کاتەدا (اسدالدين شيركوی کوڕی ناصرالدين) و خوشکەکەی (سعدیە خاتون) چوونە پێشوازی، لەوکاتە دا (صلاح الدین) چاوی بە کچەکەی (ناصرالدين) کەوت بڕیاری دا لە یەکێک لە کوڕەکانی مارە بکات، هەر ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر بە خەمەوەبوونی بۆ بنەماڵە و منداڵەکانی و ئامۆزاکەی، بەهێزکردنەوەی ڕایەڵەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتییە، لەهەمانکاتدا لەبەرژەوەندی(اسدالدين شيركو)دا بووە، وەک پشت وپەنایەکی بە هێز بۆ پارێزگاری لێکردن و پارستنی.

---

(١)ابی شامة : روضتين، ج٣/ص١٦٠ ؛ سهيل زكار : موسوعة شاملة ، ج١٨/ ص٥٢٠ ؛ منذر الحايك : عصر الايوبي قرن من الصراعات الداخلية ، ص ٩٠.

(٢) الكامل في التاريخ، ج١٠/ص١١٩

(٣) تاريخ الخلفاء ، ص ٣٥٦ .

(٤) فتح القسي ، دارالمنار ، ( القاهرة-د.ت) ، ص ٣٢٧ ؛

(٥) مدرسة الشامية الجوانية : (ابن شداد) نوسیویەتی : ئەم قوتابخانەیە لە لایەن (ست شام کچی نجم الدين أيوب)ەوە بنيات نراوەو تەواو کراوە، و کاتێک مرد تەرمەکەی لەم قوتابخانەیە بەخاک سپێردراوە و دوای خۆی فەرمانڕەوایەتی قوتابخانەکە گواستراوەتەوە بۆکوڕەکەی (زمرد خاتونی کچی حسام الدين لاجين)، دواتریش بۆ نەوەکانی (زمرود خاتون) . (الدمشقي : الدارس ، ج١ / ص٢٢٧)

(٦) الذهبي : دول الإسلام، ج٢/ص٦٧ ؛ الصويركي : معجم اعلام الكرد، ص٦٠٧ .

ئەوە بوو لە مانگی شەوالی هەمان ساڵدا کچەکەی (ناصرالدین محمد)ی لە (الملک الأفضل) کوڕی مارە کرد، بێگومان ئەم ژنخوازییە سیاسییە لە داهاتودا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، لە پەیوەندی نێوان (اسدالدین شیرکوی دووەم) و (الملک الافضل کوڕی صلاح الدین)[1] .

(١)ابی شامة : روضتین، ج٣ / ص١٦٨ ؛ سامان نامق : ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، ل ل ١٣١- ١٣٢ ؛ منذرالحایک : العصر الأیوبی قرن من الصراعات الداخلیة، ص ص ٨٨ – ٨٩ .

# بەشی سێیەم :
# ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی
# (اسدالدين شيركو الثاني) و
# کوڕ و نەوەکانی لە وڵاتی شام
# لە نێوان ساڵانی
# (٥٨١-٦٦٢ک/١١٨٥-١٢٦٤ز)

**باسی یەکەم : ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدين شيركو لە ڕووداوەکاوەکانی شام(٥٨١-٦١٥/١١٨٥-١٢١٨ز)**

**باسی دووەم: ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدين شيركو لەنێوان ساڵانی(٦١٥-٦٣٧ک/١٢١٨-١٢٤٠ز)**

**باسی سێیەم : الملك المنصور ابراهيم(٦٣٧-٦٤٤ک/١٢٤٠-١٢٤٧ز)**

**باسی چوارەم : الاشرف موسى (الاشرف مظفرالدين ابوالفتح موسى) (٦٤٤-٦٦٢ک/١٢٤٧-١٢٦٣ز)**

## باسی یەکەم: ڕۆڵ وپەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لەشام (٥٨١-٦١٥ک/١١٨٥-١٢١٨ز)

ئەگەر بەگشتی ئەگەر سەرنج بدەینە ژیانی (اسدالدین شیرکو) دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین سەردەمی فەرمانڕەوایەتی دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغدا:

**قۆناغی یەکەم (٥٨١-٥٨٩ک/١١٨٦ز-١١٩٣ز)** : ئەم قۆناغە قۆناغێکی کورت خایەن بوو لە مێژووی فەرمانڕەوایەتی (شیرکو)دا بە مردنی باوکی دەستی پێکردووە، لە ساڵی (٥٨١ک/١١٨٦ز) ئەویش کاتێک لە جێگەی باوکی بە فەرمانڕەوای حمص و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دیاری کرا، ئەم قۆناغە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی (صلاح الدین) لە ساڵی (٥٨٩ک/١١٩٣ز) لەم ماوەیەدا لە سەرەتاکانی تەمەنیدا بووەو زیاتر خەریکی خوێندن و فێربوونی زانست بووە لە حمص و دیمەشق وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سەربارى گرنگیدان بوارى سەربازیشی، کەپێشتر چەند نمونەیەکمان باسکردووە[1].

یەکەم ڕۆڵگێڕانی سەربازی (اسدالدین شیرکو) (شێرکۆی دووەم) لە ڕووداوەکانی شامدا لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٨٦ک/١١٩٣ز) ئەویش کاتێک بوو خاچییەکان گەمارۆی شاری عەکایان دا، لەم کاتەدا بەشێکی زۆری میر و دەسەڵاتدارانی شام پەیوەندییان بە (صلاح الدین)ەوە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچییەکان و پاراستنی ئەو شارە، لەوانە هەریەکە لە (سابقالدین عثمان)ی فرەمانڕەوای (شیزر)[2]، و (عزالدین ابراهیم کوڕی المقدم) فەرمانڕەوای بەعرەین و فامیە و کفرتاب، وە (اسدالدین شیرکو)یش یەکێک بوو لەوانەی بە سوپای حمصەوە خۆی گەیاندە عەکا جگە لەوەیش خەڵکێکی زۆری چەکدار و شەڕکەری عەرەب و تورکمان بەشدار بوون[3].

**قۆناغی دووەم (٥٨٩-٦٣٧ک/١١٩٣-١٢٤٠ز)** : بە گشتی و بە شێوەیەکی کردارەکی و دیار ڕۆڵی (اسدالدین شیرکو) لەم قۆناغەدا تەواوی بە دیار کەوت، ئەویش لە دوای کۆچی دوایی (صلاح الدین) لە ساڵی (٥٨٩ک/١١٩٣ز)، وردە وردە وەک سەرکردە و کەسایەتی دیاری گۆڕەپانەکە کەوتە ڕۆڵ گێڕان و قایمکردنی دەسەڵاتی و فراوانکردنی سنوورەکەی، هۆکاری ئەمەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕایەوە ئەوانیش:

---

(١) بڕوانە : فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١١٧.

(٢) قەڵایەک بوو لە شام لەنزیک شاری حەما، یەک ڕۆژەڕێ لە شارەکەوە دوور بوو. (یاقوت الحموي : معجم البلدان،مج٣/ص٣٨٣)

(٣) ابن واصل : التاريخ الصالحي، ط١ ، المكتبة العصرية ، (بيروت – ٢٠٢٠م) ، ج٢/ص٢٤٢ ؛ ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات ، مج ٤/ ج٣/ ص ٢١ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون ، ج٥/ص٣٠٩ ؛ منذر الحايك : عصر الايوبي قرن صراعات الداخلية ، ص ٩٥ . (بەڵام (ابن فورات) ئەم ڕووداوەی لە ڕووداوەکانی ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز) باس کردووە. تاريخ ابن الفرات، مج٤/ج٢/ص٢١)

**یەکەم/** لە ڕووی تەمەنەوە بەرەو کامڵبوون چوو زیاتر هەستی بە بوونی خۆی دەکرد.

**دووەم/** قۆناغی دوای (صلاح الدین) بە قۆناغی پەرتەوازەیی وململانێی ناوخۆیی بنەماڵەی ئەیوبی دادەنرێت، هەربۆیە (شیرکو) وەک سەرکردەیەکی دیاری گۆڕەپانی ململانێکان ڕۆڵی خۆی هەبوو بە تایبەت لە کێشەکانی نێوان کوڕانی (صلاح الدین) و (الملک العادل)ی برای[1].

(١)منذر الحایک : مملكة حمص في العصر الأيوبي، ص ١٢٢.

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی لە ڕووبەڕووبوونەوەی خاچپییەکاندا:

بەهۆی ئەوەی شاری حمص نزیک بووە لە سنوری خاچپییەکانەوە، بۆیە هەمیشە مەترسی ئەوە هەبووە هێرشی بکەنە سەر، هەربۆیە (صلاح الدین) ئەم مەترسییەی بۆ (شیرکو) ڕوون کردبووەوە و زۆرجاریش خۆی پلانی ئەوەی بۆ داڕشتووە، کە چۆن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وترسییەکان گرنگی بەئامادەکارییەکان بدات، بەتایبت خاچپییەکانب تەرابلوس، چونکە زۆرجار دەبوونە مەترسی بۆسەر شاری حمص، (شیرکو) هەمیشە لە ناوچەکانی سنوری قەڵەمڕەویدا خۆی سەر وماڵ و سامانی موسڵمانان و جوتیارانی دەپاراست، هەروەک ئەو ڕووداوەی ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز)ڕوویدا، کە کاروانێکی خاچپییەکان لە تەرابلوسەوە بەرەوە ناوچەی مەرەج بەڕێکەوتون و ژمارەیەکی زۆر وڵاخ و ئەسپ و ماین و مەڕو ماڵاتیان لەگەل خۆیان بردووە، (شیرکو)ش هێرشێکی بەپەلەی کردە سەریان و دەستی بە سەر سەرجەم کاروانەکەدا گرت، ئەوەی گرنگ بوو لەم هێرشەدا هەموو هاوڕێ و چەکدارەکانی بە پارێزراوی گەڕانەوە و کەسیان نەکوژران[١].

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناوبراودا هیچ کاتیک خاچپییەکان نەیانتوانیوە وڵاتەکەی داگیر بکەن، یاخود هیچ هێرشێکیان نەکردوە، کە وەڵامی نەدابێتنەوە، بۆنمونە کاتیک کۆمەڵێک لە خاچپییەکان لە ساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٨ز) هێرشیان کردە سەر شاری حمص، (اسدالدین شیرکو) بە یارمەتی (ظاهر غازي کوڕی صلاح الدین) توانی هێرشەکەیان تیکبشکینێ[٢]، هەرسەبارەت بەم ڕووداوە (ابن الاثیر) ئاماژەی بەوە کردووە : (جگە لە(ظاهر غازي) هیچ یەکێک لە ئەیوبییەکان ئامادە نەبوون یارمەتی بدەن، نزیک بوو لەوە لە بەرامبەر خاچپییەکان شکست بهێنێت، بەڵام ئەو یارمەتی داو شارەکەیان لە داگیرکاری خاچپییەکان پاراست)[٣].

هەرکاتێک خاچپییەکان هێرشیان کردبێتە سەر هەر ناوچەیەک، زۆر جار (اسدالدین شیرکو) خێرا بەسوپاکەیەوە خۆی گەیاندووەتە ئەو شوێنە، بەنمونە لە ساڵی (٥٩٤ک/١١٩٨ز) خاچپییەکان هێرشیان کردە سەر ناوچەی (تبنین)، (الملک العادل) کەسێکی نارد بۆ مصر تا داوای یارمەتی لە (الملک العزیز کوڕی صلاح الدین ٥٨٩-٥٩٥ک/١١٩٣-١١٩٨ز)، ئەویش بە سوپاکەیەوە بەڕێکەوت، لەو لاشەوە داوای یارمەتی لە میرەکانی شام کرد، (اسدالدین شیرکو) لەگەڵ بەشێک لە میرەکانی تر بەدەم داواکارییەکەیەوە چوون، سەرەڕای باران بارینێکی زۆر توانییان شکست بە هێرشی خاچپییەکان بهێنن[٤].

---

(١) ابي شامة : الروضتين، ج٤/ ص ص١٤١ – ١٤٢ ؛ ابن شداد : النوادر السلطانية ، ص٢٣٢ ؛ سهيل زكار : الموسوعة الشاملة ، ج١٥/ ص١٦٨ .

(٢) رشيد عبدالله الجميلي : حمص في العصر الأمراء الأيوبيين، ص١٨٧ .

(٣) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠/ص ص٢٦٢ – ٢٦٣ .

(٤) سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢٢/ص٥٨.

له ساڵی (٥٩٩ك/١٢٠٢ز) خاچییەكان هێرشیان كردە له(حصن الأكراد)[١]و تەرابلس كۆبوونەوە بەمەبستی هێرشكردنە سەر بەعرین، هەربۆیە (الملک المنصور) [٢] فەرمانڕەوای حەما داوای یارمەتی له شێركۆ كرد، ئەویش یارمەتی دا و پێكەوە هێرش خاچییەكانیان تێكشاند[٣].

له ساڵی (٦٠١ك/١٢٠٤ز) (اسدالدین شیركو) هێرشی كردە سەر (حصن الأكراد) دەستی بەسەر ژمارەیەكی زۆر مەڕوماڵاتدا گرت، هەر ئەمەش وایكرد خاچییەكان له هەمان ساڵدا پەرچەكرداریان هەبێت و هێرشیان كردە سەر شاری حمص، هەركە ئەم هەواڵە گەیشتە (الملک العادل) ڕاستەوخۆ هاوكاری سەربازی نارد بۆ(اسدالدین شیركو) شارەكەیان لەو هێرشە پاراست[٤].

له ساڵی (٦٣٧ك/١٢٤٠ز) خاچییەكان له دۆڵی ڕەبیعە (وادی الربیعة) هێرشیان كردە سەر كاروانییەكی حمصی هەموویان تاڵان كردووە كاروانچییەكانیشیان بەدیلی له گەڵ خۆیان برد بەرەو (حصن الاكراد)، ئەم هەواڵە گەیشتە (شیركو)، ئەویش بە پەلە هێرشی كردە سەریان و پێش ئەوەی بگەنەوە (حصن الأكراد) پێشی پێگرتن و هەموویانی دەستگیر كرد و هەرچیشیان تاڵانكردبوو لێی وەرگرتنەوە، لەو كاتەدا پیاوێک له حمصییەكان كەپێی وتراوە (صۆفی) گلەیی بردوەتە لای (شیركو) و پێی وتووە پیاویک له خاچییەكان زۆر ئازاری داوەو بەزللە لێی داوە تا ئەوكاتەی (شیركو) گەشتوە پێیان، هەربۆیە (شیركو)یش پێی وتووە ئەوەی پێبكە، كە پێی كردوویت، پیاوە صۆفییەكەش بەهەمان شێوە له پیاوەكەی داوەتەوە تا گەشتونەتە دەرگای حمص[٥].

---

(١)حصن الاكراد(قەڵای كوردان) : قەڵایەكی سەخت بوو له سەر چیایەک لەبەرامبەر حمص له بەشی ڕۆژئاواوە، كەبەسترابوو بە زنجیرە چیای لوبنانەوە له نێوان حمص و تەرابلوسدا بوو، دانیشتوانەكەی كورد بوون، هەر ئەوەش وایكردوە ناوبنرێت قەڵای كوردان .(یاقوت الحموي : معجم البلدان، مج٢/ص٢٦٤ ؛ ابي الفدا: تقویم البلدان ، تصحیح : ماک كوكین دیسلان ، دار الطباعة السلطانیة ، (باریس-١٨٥٠م)، ص٣٥٩ )، بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٦) .

(٢)الملک المنصور : (المنصور ناصر الدین محمد كوڕی الملک المظفر تقي الدین عمر كوڕی شاهنشاە كوڕی نجم الدین ایوب)بوو له دوای مردنی (الملک صالح ناصر صلاح الدین)ی برای بوو بە فرمانڕەوای حەما و له ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) كۆچی دوایی كرد .(ابي شامة : تراجم ، ص١٨٨؛ الترمانیني : احداث التاریخ الإسلامي، ج٣/ص٧٤٣).

(٣) ابن واصل : مفرج الكروب، ج٣/ص١٤١؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٦٢.

(٤)ابن واصل : مفرج الكروب،ج١٦٨/٣ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٦٢.

(٥)سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢٢/ ص ص ٣٨٨-٣٨٩ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب، ص٢٥٥ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٢٣٢.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی لە ململانێی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دەسەڵات :

لە دوای مردنی ( صلاح الدين) وردە وردە کێشە لە نێوان کوڕ و برا و بنەماڵەکەیدا لەسەر دەسەڵات سەریهەڵدا، لەو کاتەدا (الملك العزيز کوڕی صلاح الدين) فەرمانڕەوای مصر بوو لە ساڵی (٥٩٠ک/١١٩٤ز) هەوڵی دا دیمەشق بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە (الأفضل)ی برای فەرمانڕەوای بوو، بۆیە بە سوپایەکەوە لە مصرەوە بەرەو دیمەشق بەڕێکەوت گەمارۆی دا، ئەمەش وای لە (الافضل)ی برای کرد داوای یارمەتی لە کۆمەڵێک سەرکردەی ئەیوبی بکات تا بە هانایەوە بچن، لەوانە (الملك العادل)ی مامی و (الملك ظاهر)ی برای و (ناصرالدين محمد کوڕی تقي الدين عمر) و (اسدالدين شيركو)یش یەکێک بوو لەوانەی بەدەم داواکاریەکەی (الأفضل)ەوە چوون و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پێکەوە دیمەشق بپارێزن، ئەمەیش وایکرد تەرازووی هێز بەلای (الأفضل)دا شکایەوە، هەربۆیە (الملك العزيز)یش ناچار بوو داوای ڕێککەوتن بکات، چونکە بۆی دەرکەوت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانەی نیە، بۆیە دوای ڕێککەوتن گەڕایەوە مصر[١].

لە ساڵی (٥٩٥ک/١١٩٩ز) (الملك عزيز) کۆچی دوایی کرد، جارێکی دیکە ناکۆکییەکی نوێی ناوخۆیی لە نێو بنەماڵەی ئەیوبی سەریهەڵدایەوە، ئەویش بەهۆی ئەوی (الملك العزيز) تەنها کوڕێکی لە دوا بە جێمابوو، هێشتا تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ بوو، ناوی (ناصرالدين محمد)بوو، کە بە (الملك المنصور) ناسرابوو، بەهۆی بچوکی تەمەنیەوە ناکۆکی لە نێو ئەندامانی خێزانی ئەیوبی دروست بوو لە سەر دیاریکردنی کەسێک بۆ جێگەکەی، چونکە بەشێک لە میرەکان پێیان وابوو کوڕەکەی ناتوانێت وڵات بەڕێوە بەرێت، بۆیە پێویستە کەسێک بکرێتە سەرپەرشتیار (وصي)کارەکانی تا ئەوکاتەی پێدەگات، یەکێک لەوانە (فخرالدين جهاركس)[٢] بوو پشتگیری (الملك العادل)ی کرد بۆ ئەو پۆستە، لەهەمات کاتدا بەشێکی دیکەیان لایەنگری (الملك الافضل کوڕی صلاح الدين) بوون، خێرا نامەیان بۆنارد تا بچێتە مصر بۆ ئەو مەبەستە، ئەویش ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە مصر و بوو بە سەرپەرشتیاری کارەکانی برازاکەی[٣].

---

(١) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠/ص١٣٠ ؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢٢/ص٣٣ ؛ سعيد عبدالفتاح عاشور : الأيوبيون والمماليك في مصر والشام ، د.ط ، دار النهضة العربية ، (القاهرة–١٩٩٦م )، ص ص٧٥-٧٦ ؛ علي محمد الصلابي : الأيوبيون بعد صلاح الدين ، ط١، دار المعرفة ، (بيروت–٢٠١٠م ) ، ص٢٣ ؛ ئاکۆ برهان : مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی، ل ل١٨٤–١٨٥.

(٢) فخرالدين جهاركس: (ابوالمنصور جهاركس بن عبدالله الناصري االصلاحي) نازناوی (فخرالدين)بوو، لە ساڵی (٦٠٨ک/١٢١١ز) لە دیمەشق کهۆچی دوایی کرد. (ابن خلكان : وفيات الاعيان،مج١/ص٣٨١)

(٣)سبط ابن الجوزي : مراة الزمان، ج٢٢/ص٦٩ ؛ ابن نظيف : التاريخ المنصوري ، ص ص٨-١٠ ؛ العمري : مسالك الأبصار، ج٢٧/ ص ص١١١-١١٢ ؛ محمد سهيل طقوش : تاريخ الأيوبيين ، ص ص٣٣٦–٣٣٧ .

له لایەکی تریشەوە (فخرالدین جهارکس) خۆی گەیاندە لای (الملک العادل) بەمەبەستی ئەوەی قایلی بکات تا بچێتە مصر و ببێتە سەر پەرشتیاری کوڕەکەی (الملک العزیز)، کە لەو کاتەدا (الملک العادل) لەگەڵ (کامل)ی کوڕی گەمارۆی ماردینیان دابوو، لەم بارودۆخەدا و لەساڵی (٥٩٦ک/١١٩٩ز) (الظاهر غازي کوڕی صلاح الدین) هەوڵەکانی خستبووە گەڕ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەک لەگەڵ (الافضل)ی برای و (اسدالدین شیرکو)، مەبەستیش لەم کارەی هێرشکردن بۆ سەر دیمەشق بوو، چونکە پێیان وابوو (الملک العادل) بەهۆی گەمارۆی ماردینەوە ناتوانێت فریای دیمەشق بکەوێت و دەتوانن بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرن، هەربۆیە (الافضل) لە مصرەوە بە سوپاکەیەوە بەرەو دیمەشق بەڕێکەوت بە دووری نزیکەی دە کیلۆمەتر لەدیمەشقەوە ئۆردوی دامەزراند، لەهەمان کاتدا (الظاهر غازي)ش بەسوپاکەیەوە بۆ هەمان مەبەست بەڕێکەوت، لەولاشەوە (اسدالدین شیرکو) بە سوپای حمصەوە پەیوەندی پێوە کردن، بەڵام هەواڵی ئەم پیلانگێڕییە بەزوویی گەیشتە (الملک العادل)، بۆیە (کامل)ی کوڕی لەگەڵ بەشێک لە سوپاکەی لەماردین بە جێهێشت تا بەردەوام بێت لە گەمارۆدانی ئەوشارە، خۆیشی بەپەلە بەشێکی سوپای لەگەڵ خۆی خست و بەرەو دیمەشق بەڕێکەوت، پێش ئەوەی سوپای بەرامبەر بگەن ئەو خۆی گەیاندە دیمەشق و دەستیکردە ئامادەکاری بۆ پاراستنی شار[1]، لەهەمان کاتدا داوای یارمەتی لە مەمالیکەکانی صەلاحیە لە قودس کرد تا یارمەتی بۆ بنێرن، ئەوانیش هەر زوو بەدەم داواکارییەکەیەوە چوون، و سوپایان خستە ڕێ بەرەو دیمەشق، (الملک الافضل)یش داوای لە (اسدالدین شیرکو) کرد هەرچۆنێک بێت ڕێگە بە سوپای مەمالیکەکان نەدات خۆیان بگەیەننە دیمەشق، (شیرکو)یش ڕوویکردە ڕێگەی سەرەکی مەمالیکەکان تاڕێگەیان لێبگرێت، بەڵام وادیاربوو ئەوان بە هەواڵەکەیان زانیبوو، بۆیە ئاراستەکەیان گۆڕی و بەڕێگایەکی تردا خۆیان گەیاندە دیمەشق، سوپای (الافضل و الظاهر و شیرکو) بۆماوەی شەش مانگ گەمارۆی دیمەشقیان دا، بەڵام نەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن، چونکە (الملک العادل) زیرەکانە توانی کێشە لەنێوان هەردوو براکەدا (الافضل و الظاهر)ی کوڕانی (صلاح الدین) دروست بکات و هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکەیانی هەڵوەشاندەوە و سەرەڕای هاتنی وەرزی زستانیش، بەمەش گەمارۆکەیان کۆتایی پێهێنا و سوپاکانیان کشاندەوە، (شیرکو)یش بەناچاری گەڕایەوە حمص[2].

---

(١) ابن الأثیر : الكامل في التاریخ ، ج١٠ / ص١٥٩ ؛ ابن واصل : التاریخ الصالحي ، ج ٢/ص ص٢٦٣-٢٦٤ ؛ محمد سهیل طقوش : تاریخ الأیوبیین، ص٢٣٧ ؛ ئاكۆ برهان : مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی، ل ل ١٩٦-١٩٧ ؛ عطا عبدالرحمن: ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دەسەلات، ل١٣٥.

(٢)ابن الأثیر : الكامل في التاریخ ، ج١٠ / ص ص١٦٠-١٦١ ؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج٢٢/ص٧٠ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب، ج٣/ ص٩٩ ؛ سعید عبدالفتاح عاشور : الأیوبیون في مصر والشام ، ص٨٠ ؛ عطا عبدالرحمن: ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دەسەلات، ل١٣٥.

دوای ئەوەی (الافضل) نەیتوانی دەست بەسەر دیمەشقدا بگرێت و کشایەوە بەرەو مصر، بەڵام ئەمجارەیان (الملک العادل)ی مامی وازی لێنەهێنا، بەڵکو لە گەڵ سوپای مەمالیکەکان تا مصر دوای کەوت، تا گەیشتنە شاری قاهیرە، لە هەمان کاتدا پەرتەوازەیی لە نێو سوپاکە (الافضل) دروست بوو، زۆربەیان بڵاوەیان لێکرد، سوپای (الملک العادل) و هاوپەیمانەکانی لەشەوی (٧ ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٩٦ک/١١٩٩ز) گەشتنە شارەکە، لەهەمان شەودا (القاضی الفاضل)[١] کۆچی دوایی کرد، لەوکاتەدا (الافضل) ئامادەی نوێژی جەنازە بوو، (الملک العادل) گەمارۆی دان، بۆیە (الافضل) ناچار بوو داوای ڕێککەوتنی لە مامی کرد، و مصری ڕادەست کرد، بەم شێوەیە (الملک العادل) دەستی بەسەر مصریشدا گرت و (الافضل)ی بۆ (صرخد)[٢] دوور خستەوە[٣] .

لەساڵی (٥٩٧ک/١٢٠٠ز) جارێکی تر (الملک الافضل و الظاهر)ی برای هێرشیان کردەوە سەر دیمەشق، لەوکاتەدا (الملک العادل) لە مصر بوو، (المعظم عیسی)ی کوڕی لە دیمەشق دانابوو، بەسەرکەوتوویی توانی پارێزگاری لە شارەکە بکات و نەیهێشت(ئامۆزاکانی ) شارەکە بگرن تا ئەوکاتەی باوکی لە مصرەوە کۆمەکی سەربازی پێگەیاند، و جاریکی تر شکستی پێهێنان، هەربۆیە بەناچاری (ظاهر غازي) گەڕایەوە بۆ حەلەب و(الأفضل)ی برایشی چووە حمص و خێزان و منداڵەکانی بردە لای (شیرکو) وماوەیەک لەوێ مایەوە[٤] .

(١) القاضی الفاضل : (عبدالرحيم کوڕی علي کوڕی محمد العسقلاني البيساني) ناسرابوو بە (القاضي الفاضل) لە عەسقەلان لە دایک بووە و دواتر ڕۆشتووە بۆ ئەسکەندەریە، لەسەردەمی (اسدالدی شیرکو(ی یەکەم نوسەر و وەزیری دەوڵەتی فاطمی بوو، لە سەردەمی (صلاح الدين)یشدا ئەو هەر لە پۆستەکەیدا مایەوە و زۆر ڕێزی لێدەگرت هەمیشە پرسی پێدەکرد، لە ساڵی (٥٩٦ک/١١٩٩ز) لە مصر کۆچی دوایی کرد . (ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠ / ص١٧٢ ؛ الترمانيني: احداث التاريخ الإسلامي ، ج٣/ص ص٦٥٠ – ٦٥١).

(٢) صرخد : شارێکی پەیوەست بوو بە حەرانەوە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە دیمەشق بوو. (ياقوت الحموي، مج٤/ص٤٠١)

(٣)ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠ / ص ص ١٦٩ – ١٧٠ ؛ ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات، مج٤/ج٢/ص ص١٧٤– ١٧٥ السيوطي: حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة ، تح : محمد ابوالفضل ابراهيم ،ط١ ، دارالأحياء العربية ، (القاهرة–١٩٦٨م)، ج٢/ص٢٢ ؛ الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين ، ص ص٤٤–٤٥ .

(٤)ابن العديم : زبدة حلب، ج٣/ ص١٥١ ؛ الطباخ الحلبي: الأعلام النبلاء، ج٢/ص١٦٦ .

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ الملک العادل(٥٩٦-٦١٥ک/١١٩٩-١٢١٨ز):

لەگەڵ ئەو ڕووداوانەشدا کە باسمان کرد وادیارە پەیوەندییەکانی نیوان (الملک العادل) و (اسدالدین شیرکو) دواتر بەرەو ئاسایی بوونەوە ڕۆشتووە، ئەویش دوای ئەوەی (الملک العادل) تەواوی مصر و شامی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە لە ساڵی (٥٩٩ک/١٢٠٣ز) کاتیک خاچییەکان هێرشیان کردە سەر شاری حەما، (الملک المنصور) فەرمانڕەوای شارەکە داوای یارمەتی لە (الملک العادل) کرد تا فریای بکەوێت، ئەویش دەست بەجێ نامەی بۆ (اسدالدین شیرکو) نارد تا سوپاکەی بەرێت بۆ حەما و لەگەڵ (الملک المنصور) پاریزگاری لێ بکەن، سەرەتا داوای فرمانڕەوای حەمای ڕەتکردەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین بابەتەکە پەیوەندی بە نێوانی (الملک العادل و اسدالین شیرکو) نەبووە، بەڵکو وەک دەوترێت پەیوەندی بە ویستی یارمەتی نەدانی (اسدالدین شیرکو)وە بووە بۆ فەرمانڕەوای حەما[1]، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، لەهەمان ساڵدا (الملک المنصور) هێرشی کردە سەر بەعرین دیسان داوای یارمەتی لە (الملک العادل) کرد، ئەویش جارێکی تر نامەی نارد بۆ (اسدالدین شیرکو) و(الملک الأمجد)ی فرمانڕەوای بەعلەبەک تا یارمەتی ناوبراو بدەن، ئەمجارەیان لەگەڵ فرەمانڕەوای بەعلەبەک بە سوپاکانیانەوە خۆیان گەیاندە حەما و دوای شەڕێکی قورس لە گەڵ خاچییەکان توانییان شکستیان پێبهێنن و شارەکەیان لە مەترسی دوورخستەوە[2].

لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی (٦٠٣ک/١٢٠٧ز) (الملک العادل) بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر چەند ناوچەیەکی ژێر دەستی خاچییەکان، کاتێک بەم پیلانەیان زانی لە تەرابلسەوە دەستیان بە ئامادەکاری کرد و هێرشیان کردە سەر شاری حمص، (الملک العادل)یش لە دیمەشقەوە بەرەو حمص بەڕێکەوت، کاتێک گەیشتە دەریاچەی قودس، هەریەک لە (الملک المنصور) و (اسدالدین شیرکو) و (الملک الظاهر) و (الملک الأمجد)ی و سوپای سنجار خۆیان گەیاندە لای و پێکەوە ڕووبەڕووی خاچییەکان بوونەوە و پاش شەڕێکی قورس توانیان توشی شکستیان بکەن[3].

لەساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٨ز) (الملک العادل) فەرمانی کرد بە دروستکردنی قەڵای دیمەشق و هەروەها داوای لە (الملک المنصور) و (اسدالدین شیرکو) و چەند کەسێکی تر کرد بەو کارە هەستن و هەروەها داوای ئەوەی کرد تاوەرێک لە سەر قەڵاکە دروست بکرێت، ئەوانیش لە سەر ئەرکی خۆیان تێچووی کارەکەیان لە ئەستۆ گرت[4].

---

(١) علي نجم : حماه في ظل الأيوبيين ، ط١، دارالكتب العلمية ، (بيروت – ٢٠٠٩م) ، ص٧٤.

(٢)ابن واصل : مفرج الكروب، ج٣/ص١٤١ ؛ ابن نظيف : التاريخ المنصوري ، ص٤٣ ؛ ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص١٢٨ ؛ خوري عيسي : تاريخ حمص ، ص٢٢٥ .

(٣) النويري : نهاية الأرب، ج٢٩ / ص٢٤.

(٤)ابن نظيف : التاريخ المنصوري، ص٥٦ .

هەر لەو ساڵەدا (الملك العادل) نوێنەری خۆی نارد بۆ دیوانی خیلافەت و داوای لێکرد وەک دەسەڵاتداری مصر و شام و خەلات و سەرجەم ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی دانی پێدا بنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش خەلیفە (ناصر لدين الله٥٧٥ک-٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز)ی عەباسی نوێنەری نارد تا دیاری تایبەتی دیوانی خیلافەت بە (الملك العادل) بدات و وەک دەسەڵاتداری ئەو ناوچانەی بناسێنێت، کە داوای کردبوو، کاتێک نوێنەری خەلیفە گەشت بەشێک لە سەرکردەکانی ئەیوبی چوونەپێشوازی و یەکیک لەوانەی ئامادەی پێشوازییەک بوو (اسدالدين شيركو) بوو[١].

جگە لەمانەش (اسدالدين شيركو) بەشداری کردووە لە هەڵمەتە سەربازییەکانی (الملك العادل) بۆ سەر چەند ناوچەیەک لە وڵاتی شام و جەزیرە، کەدژی میرنشینە بچووکەکان ئەنجامی دا، بۆ نمونە بەشدار بووە لەو هەڵمەتەی بۆ سەر سنجار لە ساڵی (٦٠٦ک/١٢٠٩ز) کە لە سەر داوای (نورالدين أرسلان شاه٥٨٩-٦٠٧ک/١١٩٣-١٢١٠ز)ی فەرمانڕەوای موصڵ بوو، تیایدا هەریەکە (الملك المنصور)ی فەرمانڕەوای حەما و (الملك صالح) فرەمانڕەوای ئامەد و(الملك الأمجد)ی فرەمانڕەوای بەعلەبەک و (الملك ظاهر) و (اسدالدين شيركو) بەشدار بوون، توانییان دەستبگرن بەسەر نوسەیبین و خاپوردا، بەڵام دەستیان لە گرتنی سنجارهەڵگرت، چونکە نێردراوی خەلیفە نێوەندگیری کردوە و داوای لە (الملك العادل) کرد کۆتایی بەهەڵمەتەکەی بهێنێت، هەروەها دەوترێت (مظفرالدين كوكبري)ش ڕێککەوتنی لەگەڵ هەندێک لە میر و سەرکردەکانی نزیک (الملك العادل) کردوە و پاشگەزی کردونەتەوە[٢]، هەروەها باس لەوەش کراوە (اسدالدين شيركو)ش یەکێک بووە لەوانەی هەڵوێستی گۆڕیوەو پەشیمان بووەتەوە لە دەستبەسەرداگرتنی سنجار، بەمەش (الملك العادل)ی بێهیوا کردووە لە گرتنی سنجار[٣] .

---

(١) النويري : نهاية الأرب، ج٢٩ / ص٢٦ ؛ ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات ، مج٥/ج١/ ص ص٦٣-٦٤ .

(٢) ابن الأثير : الكامل في التاريخ ، ج١٠ / ص٢٧٤ ؛ سبط ابن الجوزي : مراة الزمان، ج٢٢/ص ص١٦٨ – ١٦٩ ؛ ابن نظيف : التاريخ المنصوري، ص٥٨ ؛ هدار سليم : الكرد في كتاب الأعلاق الخطيرة لأبن شداد ، د . ط، مطبعة الحاج هاشم ، ( اربيل – ٢٠٠١م )، ص١٥٤ .

(٣) عطا عبدالرحمن : نەوەکانی شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل١١ .

## باسی دووەم : ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی اسدالدین شیرکو لەنێوان ساڵانی (٦١٥-٦٣٧ک/١٢١٨-١٢٤٠ز)

### تەوەری یەکەم : پەیوەندی لەگەڵ الملک الاشرف موسی کوڕی الملک العادل(٦١٥-٦٣٥ک/١٢١٨-١٢٣٨ز) :

لەڕاستیدا پەیوەندیەکانی نێوان (شیرکو) و (الاشرف موسی) هەمیشە پەیوەندییەکی دۆستانە بووە و زۆربەی کات هاوپەیمانی یەکتربوون، تەنانەت پێش کۆچی دوایی (الملک العادل)یش، نمونەش بۆئەمە لە سەردەمی (الملک العادل) و لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) کاتێک کۆمەڵێک لە خاچییەکان مەترسییان بۆ سەر حەلەب دروستکرد، لەو کاتەدا (الملک العادل) نامەی بۆ (الاشرف موسی)ی کوڕی نارد تا بە سوپاکەیەوە بەرەو حەلەب بڕوات و ڕێگە لە خاچییەکان بگرێت، کاتێک (الاشرف موسی) گەیشتە حەلەب لە شوێنێک بە ناوی (میدان الاخضر) بە شێکی زۆر لە میرەکان گەیشتنە لای بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچییەکان، یەکێک لەوانە (اسدالدین شیرکو) بوو بە خۆی و سوپاکەیەوە لە حمصەوە خۆی گەیاندە لای[(١)].

لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) کاتێک الملک العادل کۆچی دوایی کرد (الاشرف)ی کوڕی بوو بە فەرمانڕەوای ناوچەکانی خەلات و روها و حەران و چەند ناوچەیەکی تری هەرێمی جزیرە[(٢)]، پەیوەندییەکانی (اسدالدین شیرکو) بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکی دۆستانە بوو لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و هاوپەیمانیەتیان بەردەوام بوو، بۆ نمونە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٧ز) کاتێک (الاشرف موسی) ویستی هێرش بکاتە سەر مصر، کە موڵکی (الملک الکامل)ی برای بوو لەو کاتەدا لەگەڵ (اسدالدین شیرکو) ڕێک کەوتن ئەو کارە پێکەوە ئەنجام بدەن لە هەمان کاتدا بەشێک لە میرەکانی نزیک لە (الملک الکامل)یان هەڵگەڕاندەوە، کاتێک ئەم هەواڵەی پێگەیشت خێرا دەستی بە ئامادەکاری کرد بۆ شکست هێنان پیلانەکەیان، بۆ ئەو مەبەستەش داوای هاوکاری لە (ناصر داود)ی برازای کرد، کە فەرمانڕەوای حەلەب بوو و کۆمەڵێک بەڵێنی پێدا تا یارمەتی (الاشرف موسی) نەدا بەمەش شکستی بە پیلانەکەیان هێنا[(٣)].

---

(١) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج٣/ص ص ١٨٢-١٨٢ ؛ ابن العميد : أخبار الأيوبيين، د . ط ، مكتبة الثقافة الدينية ، (مصر – ١٩٩٧م) ، ص ٩ .

(٢)ابن العميد : أخبار الأيوبيين ، ص ١٠ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص١٧٤ .

(٣)ابن العميد : أخبار الأيوبيين ، ص ص ٢٠-٢١ .

هەر لەو ساڵەدا (الملک المعظم عیسی) هێرشی کردە سەر حەلەب،کە (ناصر داود)ی کوڕی فەرمانڕەوای بوو، ئەویش داوای یارمەتی لە (الاشرف)ی مامی کرد، ئەویش داوای هاوکاری لە (اسدالدین شیرکو) کرد، (شیرکو)ش خێرا (الملک المنصور ابراهیم)ی کوڕی بە سوپایەکەوە نارد بۆ حەلەب و پێکەوە حەلەبیان لە هێرشی (المعظم عیسی) پاراست[1] .

لە ساڵی (١٢٢٩/٦٢٦زک) بەپێی ڕێککەوتنی نێوان ئیمپراتۆر (فریدریکی دووەم) لەگەڵ(الملک الکامل) قودسی ڕادەستی خاچییەکان کرد، بەم کارەی ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا لە جیهانی ئیسلامیدا، هەر بۆیە بۆ داپۆشینی ئەو کارەی دەستی کرد بە جوڵە بەرەو شام، سەرەتا بەسوپایەکەوە بەرەو فەلەستین بەڕێکەوت، ئەمەش ترسی لای (ناصر داود کوڕی الملک المعظم عیسی) دروستکر، کە لەوکاتەدا فەرمانڕەوای دیمەشق بوو، چونکە دڵنیا بوو لەوەی لە دوای فەلەستین مامی هێرش دەکاتە سەر دیمەشق، هەروەک پێشبینی کردبوو وا ڕوویدا، هەر بۆیە خێرا داوای یارمەتی لە مامەکەی دیکەی (الاشرف موسی) کرد تا فریای بکەوێت، ئەویش پەیوەندی بە (اسدالدین شیرکو)وە کرد پێکەوە دەستیان بە ئامادەکاری کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی (الملک الکامل)، کە ئەو کاتە گەیشتبووە (عوجاء)[2]، (الاشرف موسی) و (اسدالدین شیرکو) لە جیاتی ئەوەی بەرەو دیمەشق بچن ڕۆشتن بۆ عوجاء و لەگەڵ (الملک الکامل) کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکان کرد و بە ئاشتی کێشەکانیان چارەسەر کرد لەسەر چەند خاڵێک پێکهاتن:

١. وەرگرتنەوەی دیمەشق لە (ناصر داود) و بەخشینی بە (الاشرف موسی) .
٢. سلمیە لە (قلج أرسلان)ی فەرمانڕەوای حەما وەرگیرایەوە و بەخشرا بە (ئەسەدەدسن شیرکو).
٣. (الاشرف موسی) دەستی لە ناوچەکانی (ڕەققە و ڕوها و حەڕان) هەڵگرت بۆ (ناصر داود).
٤. حەماییان لە (قلج أرسلان) وەرگرتەوە بەخشییان بە (المظفر)ی برای لە بەرامبەردا (بارین)یان بەخشی بە (قلج أرسلان)[3].

لە ساڵی (٦٢٧ک/١٢٣٠) (جلال الدین خوارزم شاه٦١٧-٦٢٨ک/١٢٢٠-١٢٣٠ز) ویستی هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی (سوڵتان علاءالدین٦١٦-٦٣٢ک/١٢١٩-١٢٣٧ز) سوڵتانی سەلاجقەی ڕۆم، بۆیە داوای یارمەتی لە (الملک الکامل) کرد ئەویش (الاشرف موسی)ی برای ڕاسپارد تا فریای بکەوێت، لەم کاتەدا سەرجەم میرەکانی شام گەیشتنە لای (الاشرف موسی) تا پێکەوە یارمەتی (علاءالدین) بدەن لەوانە (شهاب الدین غازي) میری میافارقین و (الملک العزیز عثمان)

---

(١) ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص ١٤٣ .

(٢) عوجاء : ڕووبارێکە لە نێوان ئەرسوف و ڕەملە لە فەلەسطین .(یاقوت الحموي : معجم البلدان، ج٤/ص١٦٧)

(٣) ابن العديم : زبدة الحلب، ج ٣/ ص ص ٢٠٧- ٢٠٨ ؛ ابن العميد : أخبار الأيوبيين ، ص١٦ ؛ العمري : مسالك الابصار، ج ٢٧/ ص ١٧١ ؛ منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص ص ١٦٨-١٦٩.

میری بانیاس، هەروەها (اسدالدین شیرکو)یش (المنصور ابراهیم)ی کوڕی بە سوپایەکەوە نارد، پێکەوە بەرپەرچی هێرشی (جلال الدین خوارزم شاه)یان دایەوە[١].

لە ساڵی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) (بهرام شاه کوڕی فروخ شاه کوڕی شاهانشاه کوڕی أیوب) میری بەعلبەک کۆچی دوایی کرد، لە دوای مردنی کوڕەکەی (الملک الأمجد) شوێنی گرتەوە، هەر لەو ساڵەدا (الاشرف موسی) هێرشی کردە سەری، لە هەمان کاتدا (اسدالدین شیرکو)یش لە حمصەوە دەرچوو بۆ یارمەتیدانی (الاشرف موسی)، پێکەوە دەستیان گرت بەسەر بەعلەبەکدا و بوو بە بەشێک لە سنوری دەسەڵاتی (الاشرف موسی)[٢]، بەڵام نازانرێت بۆچی هاوکاری (الاشرف)ی کردووە ، ئایا شتێک یان ناوچەیەکی وەرگرتووە یان تەنها وەک هاوپەیمانێک یارمەتی داوە[٣].

لە ساڵی (٦٢٩ک/١٢٣٢ز) مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر چەند ناوچەیەکی جزیرە وەک (ئامەد، حەران)، کە موڵکی (الاشرف موسی) بوو ترسێکی زۆر لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، چونکە پێشتر مەغۆل هێرشی کردبووە سەر ناوچەی (گەنجە)[٤] و داگیریان کردبوو و تەواوی خەڵکەکەیان کوشتبوو، ئەمەش سەرچاوەی ترسی خەڵکی جزیرە بوو، ترسی هێرشی مەغۆلەکان جۆرێک لە یەکگرتوویی لە نێو میرەکانی ئەیوبییەکان دروستکرد، لە مصرەوە (الملک الکامل) سەرکردایەتی سوپایەکی کرد و بەرەو جزیرە بەڕێکەوت، لەولاشەوە هەریەکە لە (اسدالدین شیرکو) بە سوپای حمصەوە و (ناصر داود) و (مظفر تقیالدین) و (الملک عزیز عثمان کوڕی الملک العادل) و (الملک صالح اسماعیل) برای خۆیان گەیاندە (الاشرف موسی) و پێکەوە لەنزیک حەران شکستیان بەو هێرشی مەغۆلەکان هێنا[٥].

---

(١) ابن العميد : أخبار الأيوبيين ، ص ١٧ .

(٢) ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة، ج٦ / ص ٢٤٥ .

(٣) منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص١٧٤ .

(٤)گەنجە(كنجة): شارێکی گەورە بوو لەوڵاتی ئاران لە نێوان خوزستان و ئەسفەهان لە دەوروبەری لوڕستان، هەروەها پێشی وتراوە (جنزة) . (الحموي : معجم البلدان ، ج٤/ص٤٨٢).

(٥)؛ ابن واصل : تارخ الصالحي ، ج٢/ص٣٠١ ؛ ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص٢٣٣ ؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة، ج٦/ص ص٢٤٧-٢٤٨.

## تەوەری دووەم : پەیوەندی لەگەڵ الملک المعظم کوڕی الملک العادل(٦١٥-٦٢٤ک/١٢١٩-١٢٢٧ز) :

لە سەرەتادا پەیوەندییەکانی نێوان (المعظم عیسی)و (اسدالدین شیرکو) پڕ بوو لە کێشە و ململانێ تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە (المعظم عیسی) ڕێککەوتنی لەگەڵ نەیارانی ئەیوبییەکاندا کرد تا لە ململانێکاندا پشتگیری بکەن، ئەوەتا لە ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز) ڕێککەوتنی کرد لەگەڵ هەریەک لە (جلالالدین خوارزمشاە) و (مظفرالدین کوکبوری)[(١)]، لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن :

١. (المعظم عیسی)دەست بەسەر حمص و حەمادا بگرێت .
٢. (مظفرالدین کوکبوری) دەست بەسەر موصڵدا بگرێت .
٣. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (الملک المنصور) لە ماردین کە پێشتر لە ژێر فەرمانڕەوایی (الاشرف موسی) دا بوو .
٤. (جلال الدین)یش بەرەوە خەلات بڕوات و دەستی بەسەردا بگرێت[(٢)] .

هەرسێ لا دەستیان بە ئامادەکاری کرد و بەئاراستەی جێبەجێکردنی پیلانەکەیان هەنگاویان نا، لەم کاتەدا میرەکانی ئەیوبی بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکی کەمیان پشتگیریان لە (المعظم عیسی)کرد لەوانە ( الملک صالح عمادالدین اسماعیل) میری بصری و (الملک امجد بهرامشاە) میری حەلەب و (الملک العزیز عثمان)، میر و ئەندامانی تری سەر بە ئەیوبی پشتگیری (اسدالدین شیرکو) و (الاشرف موسی) یان کرد، ئەوەی وای لە (المعظم عیسی) کرد تا زیاتر سوور بێت لەسەر ئەو هێرشەی بۆ سەر حمص و حەما ئەوەبوو دڵنیا بوو لەوەی (الملک الکامل)ی برای ناتوانێت مصر جێبهێڵێت، تەنانەت دەوترێت نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ نارد پێی وت: (ئەگەر بمەوێت دەستگیرت بکەم ئەوە پێویستم بەوە نییە خۆم ئەو کارە بکەم بەڵکو هەر بە سەربازەکانی خۆت قۆڵ بەستت دەکەم)[(٣)]، ئەمەش وای لە (کامل) کرد نەوێرێت مصر جێبهێڵێت بۆ پشتگیری کردنی (الاشرف موسی) و (اسدالدین شیرکو)، (المعظم عیسی) کاتێک هێرشی دەست پێکرد سەرەتا لەگەڵ چەند گروپێک لە خێڵە عەرەبەکانی نزیک دیمەشق هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی نزیک حمص و وێرانیان کردن، لەلایەکی ترەوە بەشێکی دیکەیان کە نزیک لە (الاشرف موسی)بوون بە سەرۆکایەتی (امیر مانع کوڕی حدیثة) میری بنەماڵەی آل الفضل) خۆیان گەیاندە لای (شیرکو)، لەلایەکی تریشەوە ئەتابەک (شهاب الدین طغریل) بە سوپایەکەوە ئەویش لە

---

(١) ابي الفدا : المختصر ، ج ٣/ ص ١٦٩ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٣١٠ .

(٢) ابن واصل : مفرج الكروب، ج ٤/ ص ١٧٥ ؛ نافع توفيق العبود : الدولة الخوارزمية نشأتها و علاقاتها مع الدول الأسلامية و نظمها العسكرية والإدارية، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، كلية الآداب ،(العراق-١٩٧٤م)، ص١٥٤ ؛ حسين رجا : الملك معظم عيسى الايوبي و دوره في مقاومة الغزو الصليبي ، اطروحة الدكتوراه ، قسم التاريخ ، جامعة المؤتة ، (الاردن-٢٠١٤) ، ص ١١٧؛ محمد غسان : دراسات في العدوان الفرنجي والمغولي رؤية معاصرة، ط١ ، سلسلة الابحاث و دراسات ، ( دمشق-٢٠١٧) ، ص٣٩٤ .

(٣) العيني : عقد جمان (العصر الايوبي) ، ج٤ / ص ص ١٤٠ -١٤١ .

حەلەبەوە خۆی گەیاندە (شیرکو)، پێش ئەوەی (المعظم عیسی) بگاتە حمص لەگەڵ سوپاکەی (مانع بن حدیثة) چوونە ناو حمصەوە و شەڕێکی قورس لەگەڵ (المعظم عیسی) دەستی پێکرد و ژمارەیەک لە هەردوو لا کوژران، لەو کاتەدا (سوڵتان علاءالدین)فەرمانڕەوای سەلاجیقەی ڕۆم هێرشی کردبووە سەر ئامەد، هەر بۆیە (الاشرف موسی)، کە لە ڕەقە بوو ناچار بوو بەرەو ئامەد بەڕێ بکەوێت، بەڵام لەبەرامبەر سوپای (سوڵتان علاءالدین) توشی شکست بوو، بۆیە بەناچاریی خۆی و بەشێک لە سوپاکەی گەڕانەوە حەڕان و بەشەکەی تریشی نارد بۆ یارمەتیدانی (شیرکو) لە حمص[1].

لە هەمان کاتدا جگە لە وێران کردنی ژمارەیەک لە گوند باخ و بێستانەکانی سەر بە حمص، لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە سوپاکەی (المعظم عیسی) گەمارۆی سلمییەشیان دابوو، کە موڵکی الملک (مظفر کوڕی الملک المنصور تقي الدین) بوو، بەڵام لەو کاتەدا خۆی لە مصر بوو لای (الملک الکامل)ی خاڵی، هەرچەندە گەمارۆی حمص لەلایەن (المعظم عیسی)ەوە درێژەی کێشا، بەڵام نەیتوانی شارەکە داگیربکات و ناچار بوو بکشێتەوە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک:

١. هەر یەکە لە (اسدالدین شیرکو) و (الملک ناصر)ی میری حەما و حەلەبییەکان و (بدرالدین لوئلوء٦٣١-٦٥٧ک/١٢٣٣-١٢٥٩ز) میری موصڵ بەرەیەکی یەکگرتویان لە دژی (المعظم عیسی) دروست کرد.
٢. بەهۆی بڵاوبوونەوە پەتایەکی کوشندە لە نێو سوپاکەی (الملک المعظم)دا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی مردن ، هەر بۆیە (المعظم عیسی) بە شکست خواردویی گەڕایەوە دیمەشق[2].

دوای ئەو ڕوداوانە و لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٧ز) (الاشرف موسی و المعظم عیسی)ی برای ڕێککەوتن لەسەر کۆتایی هێنان بە ناکۆییەکانی نێوانیان لە هەمان کاتدا کەسێکیان بەناوی(کمال بن المهاجر) وەک نوێنەری خۆیان نارد بۆلای (اسدالدین شیرکو) و (الملک ناصر)ی میری حەما و داوایان لێکرد کە ئەوانیش بچنە ناو ڕێککەوتنەکە و بۆ کۆتایی هێنان بەوەی ڕوویدا لە نێوانیاندا، بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان بڕیاریان دا دووبارە پێکەوە دەست بکەن بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەڕەوە وێران ببوون[3]، هەر لەو ساڵەدا الملک (المعظم عیسی) کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی (ناصر داود)ی کوڕی بوو بە جێنشینی، بەڵام (اسدالدین شیرکو) تۆڵەی خۆی لەو کردەوە، کاتێک لەگەڵ (الملک الکامل) و (الملک الاشرف)ڕێککەوتن و دیمەشقیان لێ وەرگرتەوە و بەخشییان بە (الملک الاشرف)[4]

(١)ابن العدیم : زبدة الحلب، ج٣/ص١٩٧ ؛ العمري : مسالک الابصار ، ج٢٧/ص١٦٤ ؛ سمیر حسن عبدالکریم: خلفاء صلاح الدین عند ابن واصل ، رسالة الماجستیر ، قسم تاریخ و الاثار ، الجامعة الاسلامیة ، (غزة -٢٠١٣م) ، ص ص١٢٣-١٢٤ .

(٢) ابن واصل : مفرج الکروب، ج٤/ص١٧٦-١٧٩؛ حسین رجا : الملک المعظم عیسی الایوبي ، ص١١٩ .

(٣) ابن النظیف :التاریخ المنصوري ، ص ١٤٠ .

(٤) ابن الاثیر : الکامل في التأریخ ، ج١٠ / ص ص ٤٢٥-٤٢٦ ؛ المقریزي : سلوک، ج ١/ ص ٣٤٦ .

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ الملک الکامل کوڕی الملک العادل(٦١٥-٦٣٥ک/١٢١٨-١٢٣٨ز) :

(الملک الکامل) لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیدا پەیوەندییەکانی لە گەڵ کەس و کار و خزمە نزیکەکانی و دەسەڵاتدارانی دەوروبەریدا باش بوو لە نێویشیاندا (اسدالدین شیرکو) بە تایبەتی ئەم پەیوەندیانەش لە بواری سەربازیدا ڕەنگیدایەوە، هۆکاری ئەم سیاسەتەی (الملک الکامل) دەگەڕایەوە بۆ سەرکەوتنی بەسەر خاچییەکاندا لە دمیاط، کاتێک لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز) بە هاوکاری سەرجەم میر و سەرکردەکانی دیکەی دەوڵەتی ئەیوبی توانیان بەسەریاندا سەربکەون و (دمیاط)یان لێوەربگرنەوە یەکێک لەو سەرکردانەی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەم هەڵمەتەدا (اسدالدین شیرکو) بوو، کە بە سوپای حمصەوە بەشدارییەکی کارا و کاریگەری کرد[1]، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی پایەی و ڕێزی لای (الملک الکامل) بەرز بکاتەوە، تەنانەت لەزۆر کۆڕ وکۆبوونەوەیدا لەلای ڕاستی خۆیەوە دایدەنا و پێشی براکانی خستبوو، لەمیانەی کۆبوونەوەو ڕێککەوتنی لە گەڵ خاچییەکاندا [2].

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی وای کردبوو پەیوەندیەکانی نێوانیان باش بێت بۆ بەشداریکردنی (شیرکو)بوو لەهەڵمەتە سەربازییەکانی (الملک الکامل)، ئەویش کاتێک چەند چالاکیەکی سەربازی دژی هەندێک لە میرانی شام ئەنجامدا، کە ناوبراو بەشدارییەکی کارای کرد لەو هەڵمەتانە، بۆ نمونە لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٩ز) (الملک الکامل) هێرشی کردە سەر حەما هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە پێشتر و لە ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) کاتێک(الملک المنصور تقي الدين عمر)ی فەرمانڕەوای کۆچی دوایی کرد پیاوانی شار و گەورە سەرکردە و سەربازەکان بڕیاریان دابوو (الملک المظفر)ی کوڕە گەورەی بخەنە شوێنەکەی، بەڵام ئەو لەو کاتەدا لە مصر بوولە لای (الملک الکامل)ی خاڵی، لە هەمان کاتدا کوڕێکی تری هەبوو بەناوی (قلج أرسلان)، کە نازناوی (صلاح الدين)ی هەبوو، ئەویش لەلای (المعظم عيسى) خاڵی بوو لە دیمەشق بە یارمەتی خاڵی لە دیمەشقەوە گەڕایەوە حەما و دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، بۆیە (الملک الکامل)لە هەلێک دەگەڕا تا ئەو بارەی پێشووتر ڕێک بکاتەوە، ئەوە بوو ئەو دەرفەتە لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٩ز) بۆ ڕەخسا، ئەویش کاتێک بوو الملک (المعظم عيسى) ماوەیەک بوو کۆچی دوایی کردبوو، ئەوەبوو بە سوپایەکەوە لە مصرەوە بەڕێکەوت بەرەو حەما، لەولاشەوە (اسدالدین شیرکو) بۆ یارمەتیدانی لە حمصەوە بەڕێکەوت، کە لە سلمیە یەکیان گرت بەشێک لە سوپاکەی خستە ژێر فەرمانی (اسدالدين

---

(١)ابن واصل : تاريخ الصالحي ، ج٢/ص٢٨٤ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون ، ج٥/ص٤٠٢ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٣٠٦ ؛ ابراهيم ياسين الخطيب : القدس بين اطماع الصليبيين و تفرط (الملك الكامل) الايوبي ، ط١ ، دار المناهج ، (عمان-٢٠٠١م ) ، ص ١٤٣ .

(٢) منذر الحايك : مملكة حمص في العصر الايوبي ، ص ١٦١ .

شیرکو)وه و کردی به سەرکردەی سوپاکەی[1]، ئەمەش ترسێکی زۆری لای (قلج أرسلان) دروستکرد هەر بۆیە نامەیەکی بۆ (اسدالدین شیرکو) نارد و تیایدا بۆی داوای ئەوەی کردبوو، کە دەیەوێت یارمەتی بدات تاکو بیبات بۆ لای (الملک الکامل) بۆ ئەوەی لێی خۆش بێت و بیپارێزیت، پاش وەڵامدانەوەی (اسدالدین شیرکو) لە شەوێکدا خۆی گەیاندە لای ئەویش بردی بۆ لای (الملک الکامل)، بەڵام زۆر لێی تورە بوو و فەرمانی کرد زیندانی بکەن، دواتر داوای لێکرد داوا لە نوێنەرەکانی بکات لە حەما تا شارەکەی ڕادەست بکەن، ئەویش هێما و نیشانەی خۆی بۆ ناردن و داوای ڕادەستکرنی شارەکەی لێکردن، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە، چونکە برایەکی دیکەی (قلج أرسلان)، کە ناوی (عزیز) بوو پێی دەوترا (المعز) فەرمانڕەوای قەڵاکەی دەکرد و میرەکانی حەما پشتگیریان لێدەکرد و بە (الملک الکامل)یان وت حەما ڕادەستی هیچ کەسێک ناکەین جگە لە نەوەکانی (تقي الدین عمر)، هەر بۆیە (الملک الکامل) لەگەڵ (اسدالدین شیرکو) هێرشیان کردە سەر شارەکە و لە دەستیان بەسەردا گرت و ڕادەستی (الملک المظفر کوڕی تقي الدین عمر)یان کرد[2].(الملک الکامل) بەو شێوەیە توانی دەست بەسەر حەمادا بگرێت و هەروەها دواکاری خەلکەکەشی جێبەجێکرد بەوەی (الملک المظفر کوڕی تقي الدین عمر) کردە فەرمانڕەوای شارەکە، لە هەمان کاتدا لایەنگری خۆیشی بوو.

دوای ئەم ڕووداوانە (الملک الکامل) سلمیەی بەخشی بە (اسدالدین شیرکو)، ئەویش داوای لێکرد مۆڵەتی بدات تا قەڵایەکی تێدا دروست بکات، ئەویش مۆڵەتی پێدا و (شیرکو)ش قەڵایەکی لەسەر گردێکی بەرز دروستکرد بەناوی (قەڵای شمیمش)، کە هەر بە ناوی گردەکەوە ناونرا، ئەگەر چی لەو کاتەدا (الملک مظفر)ی فەرمانڕەوای حەما ویستی ڕێگری لەو کارە بکات ، بەڵام بۆی نەکرا، چونکە (شیرکو) پشت ئەستور بوو بەوەی لەلایەن (الملک الکامل)ەوە مۆڵەتی درابوو بۆ ئەو کارە[3] .

لە دوای ڕێکخستنی کاروبارەکانی شام و مصر (الملک الکامل) جۆرێک لە یەک خستنی دەوڵەتی ئەیوبی دروست کرد، بۆیە بیری لەوە کردەوە هەڵمەت بۆ سەر چەند ناوچەیەکی سەلاجقەی ڕۆم ببات، ئەوەبوو لە ساڵی (٦٣١ک/١٢٣٤ز) بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر خەلات کە لەو کاتەدا لە ژێر فەرمانڕەوایی (علاءالدین کیقوباد)ی سەلاجیقەی ڕۆمدا بوو، بۆ ئەو مەبەستە

---

(١)ابن الاثیر : الکامل في التاریخ ، ج١٠/ص ص٤٣٧-٤٣٨ ؛ ابن العدیم : زبدة الحلب، ج٣/ص ص٢٠٧–٢٠٨ ؛ الدواداري : کنز الدرر ، ج٧/ص٢٩٢ ؛ ابن خلدون : تاریخ ابن خلدون ، ج٥/ص٤٠٧ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام ،ل ٩٢ .

(٢) الحنبلي : شیفاء القلوب، ص ص ٣٩٨ – ٣٩٩ ؛ الدواداري : کنز الدرر، ج ٧ / ص ٢٩٣ ؛ ابي الفدا: المختصر، ج ٣ / ص ص ١٧٦ – ١٧٧؛ العمري : مسالک البصار، ج ٢٧ / ص ١٧٥ ؛ د. ابراهیم یاسین الخطیب : القدس بین اطماع الصلیبیین و تفرط (الملک الکامل) الایوبي ، ص ١٥٨ .

(٣)ابي الفدا: المختصر، ج ٣ / ص١٧٩ .

هاوپەیمانیەتی لەگەڵ زۆربەی میر و سەرکردە ئەیوبییەکاندا دروستکرد، باس لەوە کراوە (١٦) میر بەشداری ئەو هاوپەیمانیەتییەیان کردووە، تیایدا (اسدالدين شيركو) ڕۆڵێکی کارای هەبووە، بەجۆرێک پیلانیان داڕشت کە لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بکەن، سەرەتا (الملك المظفر) میری حەما بە سوپایەکی (٢٥٠٠) سەربازەوە هێرشی کردە سەر ناوچەیەک بەناوی (خرت برت)[1]، بەڵام (علاءالدين كيقوباد) بەرپەرچی دانەوە و شکستی پێهێنان، بەشێکی تر لە سوپاکەی (الملك الكامل) لە ناوچەیەک بوون بە ناوی (سویداء)[2] لەوێش (علاءالدين كيقوباد) گەمارۆی دان، بۆیە ئەوانیش ناچاربوون داوای پاراستنیان لێی کرد[3].

لەم بارودۆخەدا بەشێک لە میر و پاشاکانی دەوروبەری (الملك الكامل) لێی بە گومان بوون، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکی شکستهێنانی بوو لەم هەڵمەتەدا، دەوترێت یەکێک لەوانەی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی گومان و ساردکردنەوەی میرەکان (اسدالدين شيركو) بووە، بەشێک لە مێژوونووسان پێییان وابووە، کە کارەکتەری سەرەکی ئەو بارودۆخە بووە، بە تایبەت پەیوەندی بە (الاشرف موسى)وە کردووە پێ ڕاگەیاندووە سەرکەوتنی (الكامل) لەم هێرشەدا لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە پێی وتووە : (ئەگەر دەست بگرێت بەسەر وڵاتی ڕۆمدا ئەو کاتە بیر لەوە دەکاتەوە هەموو مصر و شام بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بەمەش ئەوەی بە دەستمانەوەیە لێمان زەوت دەکات)، ئەمەش وایکرد نێوانی (الملك الكامل) و (الاشرف موسى)ی برای تێک بچێت، بە تایبەت دوای ئەوەی (الاشرف موسى) داوای ڕەقەی کردوە، بەڵام بەو داواکارییەی قایل نەبوو[4].

لێرە بەدوا وردە وردە پەیوەندییەکانی (اسدالدين شيركو) لەگەڵ (الملك الكامل) وەکو جاران بەو پتەوییە نەماویەوە، وادیارە (اسدالدين شيركو) بەم کارەی ویستویەتی دەسەڵاتی ناوبراو هەر لە مصردا بمێنێتەوە و دوور بێت لە ڕووداوەکانی شام، چونکە پێی وابووە بە نزیک بوونەوە لێیان دەست وەردەداتە کاروباریان و دەسەڵاتیان کەم دەکاتەوە، ئەگەرچی (الملك الكامل) هەستی بە گۆڕانی هەڵوێستی (اسدالدين شيركو) کردبوو لەو کاتەدا، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوە بووە هەلێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێت تا تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە، ئەم دەرفەتەی لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) بۆ ڕەخسا ئەویش کاتێک (الاشرف موسى)ی برای کۆچی

---

(١) خرت برت : قەڵایەکی گەورە و بە ناوبانگ بووە لەوسەردەمەدا، لەوپەڕی سنوری نیوان دیاربەکرو وڵاتی ڕۆم، نزیکەی دوو ڕۆژە ڕێ دوور بووە لە مەڵاتیەوە .(ياقوت الحموي : معجم البلدان ، ج٢/ص٣٥٥)

(٢) سویداء : شارێکی بەناوبانگ بووە لەنێوان وڵاتی ڕۆم و شاری حەڕان، هەروەها (ياقوت الحموي) ئاماژەی بەوەش کردووە گوندێکیش هەبوو لە نزیک حەڕان بەهەمان ناو .( معجم البلدان ، ج٣/ص٢٨٦).

(٣) ابي الفدا: المختصر في اخبار البشر ، ج ٣/ ص ص ١٨٩ – ١٩٠ .

(٤)ابن العميد : اخبار الايوبيين ، ص١٩ ؛ ابي الفدا: المختصر، ج٣ /ص١٩١ ؛ محمد سهيل طقوش : تاريخ الايوبيون، ص ٣٢٨ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٩٣ .

دوایی کرد، چونکه (الاشرف موسی) هاوپەیمانی شیرکو بوو، هەر لەو ساڵەدا هیرشی کردە سەر دیمەشق و گەمارۆی دا، ئەمەش وایکرد(الملک صالح)ی فەرمانڕەوای داوای هاوکاری لە میری حەلەب و (اسدالدین شیرکو) بکات، ئەویش لە حمصەوە(پەنجا) چەکداری پیادەی بۆ دیمەشق نارد، بەڵام هەموویان لەلایەن (الملک الکامل)ەوە دەستگیر کران و لە نێو باخەکانی دیمەشقدا کوژران[1]، لە هەمان کاتدا سلمیەشی لە (شیرکو) وەرگرتەوە بەخشی بە (الملک مظفر)ی فەرمانڕەوای حەما، دوای ئەوەی (الملک صالح) بۆی ڕوون بووەوە، کە ناتوانێ پارێزگاری لە دیمەشق بکات ناچاربوو شارەکەی ڕادەستی براکەی کرد، لە بەرامبەردا (بەعلەبەک و بەقاع)ی وەرگرت[2]، دوای دەست بەسەرداگرتنی دیمەشق ئینجا بەرەو حمص پێشڕەویی کرد، لە هەمان کاتدا داوای لە (الملک المظفر)یش کرد ئەویش لە حەماوە بە سوپاکەیەوە بەهەمان ئاراستە پێشڕەویی بکات، ئەمەش ترسی لەدەستدانی شارەکەی لای (اسدالدین سیرکو) دروستکرد،چونکە ناوەندی دەسەڵاتەکەی بوو، هەر بۆیە کۆمەڵێک ئافرەتی نارد بۆ لای (الملک الکامل) تا لە دەستبەسەردا گرتنی حمص پەشیمانی بکەنەوە، هەروەها لەگەڵیاندا سەروەت و سامانێکی زۆری ناردبوو، بەڵام (الملک الکامل) هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت بۆیە لە پێشڕەویی کردن بەردەوام بوو، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە شاری حمص لە مانگی ڕەجەبی هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد، بەمەش مەترسی لەسەر نەما، دەوترێت (شیرکو) بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بووە، بەوەی بارودۆخی لە ترس و دڵەڕاوکێوە گۆڕا بۆ خۆشی و ئارامی[3].

دوای ئەوە ڕاستەوخۆ هێزی ناردە سەر سلمیە تا بیگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، تەنانەت دەوترێت هەموو سەرچاوە ئاوییەکانی شارەکەی بڕیبوو بەوەی بەربەرستی لەبەردەم ئاوی ڕووباری عاصی دانابوو تاکو بیرەکانیان وشک بکەن و ئاشەکانیان لە کار بکەون[4].

---

(١) ابن واصل : مفرج الكروب ، ج ٥/ص١٥٢ ؛ ابي الفدا : المختصر ، ج٣/ ص١٩٦ ؛؛ سمير حسن : خلفاء صلاح الدين عند ابن واصل ، ص١٣٢.

(٢) الحنبلي : شيفاء القلوب، ص٣١٨ ؛ رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، ص١٩٠ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٣ .

(٣) ابي الفدا : المختصر ، ج٣/ ص١٩٧ ؛ العمري : مسالك الابصار: ج ٢٧/ص٢٠٠ ؛ رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، ص١٩١ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٤.

(٤) ابي الفدا : المختصر، ج ٣ / ص ١٩٧ ؛ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٤ .

**تەوەری چوارەم: پەیوەندی لەگەڵ سەلجوقییەکاندا:**

سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان (اسدالدین شیرکو) و لەگەڵ سەلجوقییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(٦٢٤ک/١٢٢٦ز)، کاتێک (کمال الدین کیمیار٦٣٥ک/١٢٣٧ز) نێردراوی سوڵتان (علاءالدین)ی سەلجوقی سەردانیان کرد، ئەویش لەگەڵ کوڕەکانی پێشوازییان لێکردن، لە هەمان ساڵدا (اسدالدین شیرکو)یش نێرداروی خۆی نارد بۆلای سەلجوقییەکان، مەبەست لە ناردنی ئەم وەفدانە بۆ ڕێگریکردنی بوو لە مەترسییەکانی (الملک المعظم)، دوای گەڕانەوەی وەفدەکەی (اسدالدین شیرکو) سوڵتان (علاءالدین) وەڵامی نامەکەی بە (نجم الدین مهمندار)دا بۆ ناردەوە، دوای کۆبۆوە و دانوستان (مهمندار) پێی وت:(ئەم نامەیە لە فەرمانڕەواکەمەوە هاتوو، بۆ تەواوکردنی کارەکەت لەگەڵ (الملک المعظم)ولابردنی ڕێگرییەکان لەبەردەم سەروەتەکەت)[(١)].

هۆکاری نزیکبوونەوەی سەلجوقییەکان لە ئەیوبییەکان دەگەڕایەوە بۆ دوای دەست بەسەراگرتنی خەلات لەلایەن خوارزمییەکانەوە، چونکە مەترسییەکەیان هاوبەش بوو، بەڵام دوای کەمبوونەوەی مەترسی خوارزمییەکان، سەلجوقییەکان وردە وردە چاویان بڕییە خاکی ئەیوبییەکان، ئەمەش (الملک الکامل)ی ناچار کرد داوای یارمەتی لە میرەکانی تری ئەیوبییەکان بکات، لە نێویاندا (اسدالدین شیرکو)[(٢)].

(الملک الکامل) لە ساڵی)(٦٣١ک/١٢٣٤ز) بەهاوکاری (اسدالدین شیرکو) و بە}یک لە میرە ئەیوبییەکان هێرشی کردە سەر خەلات، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی (علاءالدین)دا بوو، بەڵام (علاءالدین کیقوباد) بەرپەرچی دانەوە و شکستی پێهێنان بۆیە ناچار بوون بکشێنەوە[(٣)].

دوور نیە هەماهەنگی پیلانێک لە نێوان (اسدالدین شیرکو و علاءالدین کیقوباد)دا هەبێت بە بەڵگەی ئاڵوگۆڕی وەفدی نێوان هەردوولا پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی (الملک الکامل) بۆ سەرخاکی سەلجوقییەکان لە ساڵی(٦٣١ک/١٢٣٤ز)، هەروەها ڕێکەوتنی نێوان (اسدالدین شیرکو) لەگەڵ (الملک الاشرف موسی) لەدژی (الملک الکامل)، دەوترێت ئەو هەواڵەیان بە سوڵتان (علاءالدین)گەیاندوە کە دەیانەوێ لە هاوپەیمانێتی (الملک الکامل) دەکشێنەوە، وادیارە (الملک الکامل)یش تێگەیشتووە چی ڕوویداوە، بۆیە پاشەکشەی کرد و هۆکاری شکستەکەشی بۆ چەند میرێکی بنەماڵەکەی گەڕاندەوە، ڕوونتر مەبەستی شێرکۆ بوو[(٤)].

---

(١) ابن النظیف: التاریخ المنصوري ، ص١٤٦ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٥٦.

(٢) ابي الفدا : المختصر ، ج٣/ص١٨٩-١٩٠ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٥٦.

(٣) ابي الفدا: المختصر في اخبار البشر ، ج ٣/ص١٩٠ .

(٤) ابن النظیف: التاریخ المنصوري ، ص٢٥٦ ؛ المقریزي: السلوك ، ج١/ص١٦٩ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٥٧.

پەیوەندییەکانی (اسدالدین شیرکو) لەگەڵ سەلجوقییەکان بەو شێوە مایەوە تا دوای ساڵی (١٢٣٥/٦٣٤ز)، بەهۆی هەستکردن بە مەترسییەکانی (الملک الکامل)، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی پەیوەندییەکی سێ قۆڵی لەگەڵ هەریەک لە (علاءالدین کیقوباد و الاشرف موسی)دا بەست دژی (الملک الکامل)، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە زۆر درێژەی نەکێشا بە هۆی مردنی هەریەک لە (الملک الکامل) و (علاءالدین) و (الاشرف موسی) [١].

(علاءالدین کیقوباد) کۆچی دوایی کرد[٢] کوڕەکەی (غیاث الدین کیخسرو الثاني٦٣٤-٦٤٤ک/١٢٣٧-١٢٤٦ز)) جێگەی گرتەوە،پەیوەندییەکانی (اسدالدین شیرکو) لەگەڵی بەردەوام بوون، (غیاث الدین) بڕیاریدا لەدژی ( صالح نجم الدین ایوب) دەسەڵاتی فراوان بکات، بۆ ئەم مەبەستە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند میرێکی ئەیوبیدا بەست لەنێویاندا (اسدالدین شیرکو) هەروەها شاری (عانە)ی پێبەخشی[٣]، لەسەر ئەم بنەمایانە دەتوانیین بڵێین پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەلجوقییەکان هەمیشە لەسەر بەرژەوندی دوولایەنە بوو.

---

(١) فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٥٨.

(٢) ابي شامة : تراجم ،ص٢٥٢؛ ابن العماد: شذرات،ج٧/ص٢٩٤،

(٣) محمد سهیل طقوش:مێژووی سەلجوقییەکان ، و:دەوەن حەسەن ، چ١ ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر-٢٠١١ز)، ل٢٩٤؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١٥٦.

## تەوەری پێنجەم : ڕۆڵی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتیدا:

### یەکەم: بواری ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری:

(اسدالدين شيركۆ) جگە لەوەی کەسایەتییەکی سەربازی و سەرکردەیەکی لێهاتوو و بوێر بووە، لە هەمان کاتدا بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی و کشتوکاڵیشی فەرامۆش نەکردبوو، بەڵکو گرنگی تەواوی بەو بوارانەش داوە و جێی دەستی دیارە، بەتایبەت گرنگییەکی تایبەتی بە شاری حمص داوە بەو پێیەی ناوەندی دەسەڵاتەکەی بووە، بۆ نمونە لەساڵی (٦٢٤ک/١٢٣٤ز) خەندەقی دەوری قەڵاکەی قوڵتر و فراوانتر کرد، کە پێشتر تاڕادەیەک بچوک بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی حمص ناوچەیەکی ستراتیژ و گرنگی سنوری نیوان خاچییەکان و دەوڵەتی ئەیوبی بووە، جگە لەوەش جۆگای ئاوی بۆ ناو خەندەقەکە ڕاکێشا بوو[١]، هەروەها نەخۆشخانەیەکی گەورە و گرنگی لەشارەکەدا دروستکرد و پێشوازی لەباشترین پزیشکەکانی ئەو سەردەمە کردوە، لەوانە پزیشک(علي الآمدي٦٣١ک/١٢٣٣)[٢]، هەروەها گرنگی بە بواری پیشەسازی پزیشکی دەدا، لەوبوارەدا پزیشکێکی بەناوبانگ بەناوی(نجم الدين أبو زكريا بن الحكم اللبودي٦٧٠ک/١٢٧٢ز) هێناوەتە نەخۆشخانەکە و خزمەتی کردوە، خوێندنگەیەکی جوانیشی لە شارەکە دروستکردبوو، مێژوونوسان باس لەوە دەکەن شاری حمص بە جۆرێک ئاوەدان بووە پێشترو هیچ کاتێک وە لە سەردەمی هیچ پاشایەکی تردا بەو جۆرە ئاوەدان نەبووە[٣].

هەروەها بایەخی بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەش داوە، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕوباری عاصییەوە لە ڕێگەی جۆگەوە ئاوی ڕاکێشابوو بۆ مزگەوت و نەخۆشخانەکان و چەند گەڕەکێکی شارەکە و هەروەها بۆ هەندێک لەگوندەکانی دەورو بەری حمص[٤]، گرنگترین ئەو پرۆژانەی لە سەرڕووباری عاصی دروستکرا بوون لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

**١- ئاشی ئاو (الطواحين):** ئەمە یەکێک بووە لەو پرۆژە گرنگانەی سەر ڕوبارەکە، دانیشتوانی حمص بەهۆی نزیکی ڕووبارەکە و هەروەها تیژڕەوییەوە سودیان لێوەر دەگرت لە بواری

---

(١)ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص ص٢٢٠ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب، ج٣/ص٢٣٤ ؛ العمري : مسالك الأبصار، ج٢٧/ص٢٣٤ .

(٢) علي الآمدي : (ابوالحسن علي بن ابي علي بن محمد التغلبي) لە ساڵی (٥٥١ک/١١٥٦ز) لەدایک بووە، لەساڵی(٦٣١ک/١٢٣٣ز) لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (ابن خلكان: وفيات الاعيان،مج٣/ص٢٩٣-٢٩٤ ؛ ابن كثير: البداية والنهاية ، ج١٥/ص٢٠١)

(٣)ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص ٢٢٢ ؛ محمود ياسين التكريتي : الأيوبيون في شمال الشام والجزيرة ٥٦٤-٦٤٨هـ ، د.ط، دارالرشيد للنشر ، (الجمهورية العراقية – ١٩٨١م) ، ص٤١٩ .

(٤)ابن العديم : بغية الطلب في تاريخ الحلب ، تح:سهيل زكار، د.ط، دارالفكر، (بيروت-د.ت) ، ج١/ص٣٩٠-٣٩١ .

دامەزراندنی ئاشی ئاوی بەمەبەستی هاڕینی دانەوێڵە و دروستکردنی ئارد و بەرهەمەکانی تری دانەوێڵە[١].

(ابن النظيف) ئاماژەی بەوە کردووە لە ساڵی (٦٢٣ک/ ١٢٢٦ز) ولەکاتی هێرشی هاوپەیمانێتی هەریەک لە (الملک العظم کوڕی الملک العادل و مظفرالدين کوکبری و جلال الدين خوارزمشاه) گەمارۆی حمصیان دا و وێرانکارییەکی زۆریان کرد، لەوانە هەرچی ئاشی ئاوی هەبوو تێکیاندا[٢]، ئەگەرچی لێرەدا باسی وێرانکاری کراوە، بەڵام ئەکرێ ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز بێت بۆ بوونی ئاشی ئاو لەو شارەدا.

**٢- كارێز**[٣] **:** كارێزەكان یەكێكی ترن لە پرۆژە گرنگەكانی شاری حمص، كە لە بوارەی كشتوكاڵی و هەروەها سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەدا بە كار دەهێنران، ( الأدريسی م:٥٥٩ک/١١٦٦ز) نوسیویەتی : دانیشتوانی حمص بۆ ئاوی خواردنەوە سودیان لە كەناڵێكی ئاوی وەردەگرت لە نزیک گوندی (جوسية)[٤]، ئەگەرچی دروستکردنی ئەم كارێزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانیەكان، بەڵام (اسدالدين شيركو الثاني) نۆژەنی كردەوە و فراوانتری كردەوە[٥]، هەروەها باس لەوە دەكرێت چەندین كارێزی تر هەبوون، بەجۆرێک دەترێت ئەو كارێزانە بەژێر زۆربەی خانوەكانی حمصدا تێپەڕیون، هەر ماڵێک دەرچەیەكی لێكردوەتەوە ئاویان لێوە ڕاكێشاوە بەو دەرچانەش وتراوە (الساطورة)[٦]، لەبارەی ئەوكارێزانەوە (شيخ الربوة، م:٧٢٧ک/١٣٢٧ز) نوسیویەتی: (هیچ ماڵێكی حمص نەبووە كارێزێک یان دوانی بەژێردا نەڕۆشتبێت، كە ئاوی خواردنەوەی پێدا ڕۆشتووە)[٧].

**٣- چەرخی ئاو :** دوو چەرخی ئاوی هەبوون لە حمص پێیان وتراوە ( الساقية المجاهدية)، یەكێكان لە بواری ئاودێری و ئەویتریان بۆمەبەستی خواردنەوە بەكارهێنراون كە بریتی بوون لە:

**أ- چەرخی گەورە ( الساقية الكبرى) :** پرۆژەیەكی گەورەی ئاودێری بوو لە بواری كشت وكاڵی و ئاودێریدا سودیان لێوەرگرتوە، لە ڕووباری عاصییەوە جۆگەوكەناڵی ئاوی لێدرابوو و لەڕێگەی

---

(١) منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص٢٨٤.

(٢) التاريخ المنصوري ، ص ص١٢٥-١٢٦.

(٣) لەسەرچاوە عەرەبییەكاندا وشەی (قنوات) بەكارهێنراوە، بەڵام ئێمە كردومانە بەكارێز(توێژەر).

(٤) جوسية : گوندێكی سەر بەدیمەشق بووە، لە نێوان چیای لوبنان و چیای سەنیر، سەرچاوەی ئاوی كانیاوی زۆری تێدابووە . ( الحموی : معجم البلدان، مج٢/ص١٨٥).

(٥) نزهة المشتاق في اختراق الآفاق ، د . ط ، مكتبة الثقافة الدينية ، ( القاهرة – ٢٠٠٢م) ، مج١/ص٣٧١ ؛ منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص٢٨٥ .

(٦)منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الأيوبي ، ص٢٨٥ .

(٧) نخبة الدهر ، ص٢٠٣.

ئەم چەرخەوە ئاو سەر دەخرایە ناو جۆگەکانەوە، مێژووی دروستکردنی ئەم چەرخە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فرمانڕەوایەتی یۆنانیەکان، بەڵام (اسدالدین شیرکو) جارێکیتر نۆژەنیکردوەتەوە[1].

**ب- چەرخی بچووک ( الساقیة الصغری)** : لە ساڵی( ٦٢٤ک/١٢٢٧ز)دا (اسدالدین شیرکو) دەستی کرد بە چاکسازی لە قەلای حمصدا و خەندەقی دەوری قەڵاکەی قولتر و فراوانکرد، دوای ئەوە چەرخێکی دیکەی ئاوی دروست کردووە، بە مەبەستی گواستنەوەی ئاوی خواردن بۆ شارەکە و بە تایبەت بۆ دانیشتوانی قەڵاکە[2].

جگە لەمانەش قەڵای ڕەحبەی نۆژەنکردەوە و قەڵایەکی بتەویشی لە تەدمور لەسەر شاخێکی سەخت دروستکرد[3]، هەروەها لەساڵی (٦٢٧ک/١٢٣٠ز) لە سەرگردێکی بەرز و سەخت لە سلمیە قەڵایەکی نوێی بنیادنا، پاش ئەوەی قەڵاکەی(قەڵای شمیمش) کۆن و خراپ بوو، ژمارەیەکی زۆر لە میر و سەربازان و کۆیلەکان تیایدا بەشدار بوون، مێژوونوسان باس لەوە دەکەن لە ماوەی حەوت ڕۆژدا دیواری چواردەوری قەڵاکە تەواو کراوە و قەڵاکەش ناونراوە (ماردینی شام)[4].

## دووەم: بواری کۆمەڵایەتی:

(اسدالدین شیرکو) کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و پیاو ماقوڵێکی دیار بووە، لەپاڵ بوارەکانی سەربازی و ئاوەدانکردنەوەدا لایەنی کۆمەڵایەتیشی پشتگوێ نەخستبوو، بەڵکو گرنگییەکی تایبەتی پێدەدا، زۆر بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵکی دەکرد، خەڵک گوێییان بۆ دەگرت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەشی چارەسەر کردووە، بۆنمونە لە ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٧ز) کێشەیەک دروست بوو لەنێوان ( الأمیر مانع بن حدیثة ) لەگەڵ (الأمیر منیعی) ئامۆزایدا دروست بوو کار گەیشتە ئەوەی شەڕی سەربازی لە نێوانیان ڕوویدا و ژمارەیەک سەربازی هەردوولا کوژران، لەوکاتەدا ئەم هەواڵە گەیشت بە اسدالدین شیرکو، ئەویش خێرا نێوەندگیریکردن و کێشەکەی نێوانی چارەسەرکردن و کۆتایی پێهێنا[5].

جگە لەوەش (اسدالدین شیرکو) بەوە ناسرابوو پیاوانی زانا و زانستخوازانی خۆشویستوە و هەمیشە پشتگیری کردوون و گفتوگۆی لەگەڵ کردون لە کۆڕ و مەجلیسیاندا بەشدار بووە و بەردەوام هانی داون بۆ زیاتر خزمەتکردن لە بواری پەروەردەکردنی ڕۆڵەی موسڵمانان[6]،

---

(١) منذر الحایک : مملکة حمص في العصر الأیوبي ، ص٢٨٦.

(٢) ابن النظیف : التاریخ المنصوري ، ص١٣٧ ؛ منذر الحایک : مملکة حمص في العصر الأیوبي ، ص٢٨٦.

(٣)التکریتي : الأیوبیون في شمال الشام والجزیرة، ص٤٠٠.

(٤)ابن النظیف : التاریخ المنصوري ، ص٢٢١ ؛ ابن العدیم : زبدة الحلب، ج٣/ص٢٣٤ ؛ واصل : مفرج الکروب ، ج٤/ص٢٨٢ ؛ العمري : مسالک الابصار : ج٢٧/ص١٧٩.

(٥) ابن النظیف : التاریخ المنصوري ، ص ص١٣٥- ١٣٦.

(٦) عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٩٥.

هەروەها وەکو ئەمیرەکانی تری ئەیوبی حەز و خولیای یاریکردنی هەبوو، وەکو یاریکردن بە تۆپ، ئەسپ سواری و وەرزشکردن، ڕاوکردن...هتد [١].

هەروەها گرنگی بە پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی داوە و بە تەنگ پارستنیەوە بوو،بۆنمونە لەساڵی (٦٠٤ک/١٢٠٨ز) بەمەبەستی نزیکبوونەوەی زیاتر و پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی (الشمس الكشغريدی)[٢] نارد بۆلای (الملک الافضل) و داوای لێکرد کچەکەی بدات بە (المنصور ابراهیم)ی کوڕی، وادیارە تا ئەو کاتەش خێزانی (الملک الافضل) هەر لە حمص بوونە، چونکە (ابن العدیم) نوسیویەتی: (کاتێک (الأفضل) ڕۆشت بۆ حمص، لەو کاتەدا (المنصور ابراهیم کوڕی شیرکو) هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەی(الأفضل)دا کرد)[٣].

لە ساڵی (٦٣٧ک/١٢٤٠ز) و دوای نزیکەی ٥٦ساڵ فەرمانڕەوایی، کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی پێنج کوڕی بەجێهێشت بەناوەکانی (المنصور ابراهیم ، صالح اسماعیل، زاهر داود)[٤] هەروەها احمد(الملک مسعود)[٥]، یعقوب (الملک المظفر)[٦] بەڵام (المنصور ابراهیم) بوو بە جێنشینی.

---

(١) الحنبلي: شفاء القلوب ، ص٢٣٢ ؛ فائزة محمد عزت : دراسات ، ص١١٦.

(٢)الشمس الكشغريدی : نوسەری (اسدالدین شیرکو کوڕی ناصرالدین محمد)بوو، هەروەها مامۆستای سەردەمی منداڵیشی بووە . (ابن نظيف : التاريخ المنصوري، ص٥٤)

(٣)ابن العديم : زبدة حلب، ج٣/ ص١٥١ ؛ هەروەها: ابن نظيف : التاريخ المنصوري، ص٥٤ ؛ ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات ، مج٥/ج١/ ص٦٦ .

(٤)ابن خلكان : وفيات الأعيان،ج٢/ص٤٨٠ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٦/ص٢٨٠ ؛ ابي الفدا: التبر المسبوك ، ص٧٧ ؛ الحنبلي : شفاءالقلوب ، ص٢٣٢ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٩٥.

(٥) الزبيدي : ترويح القلوب ، ص ٣٨ .

(٦)ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص ٢٥٧

## باسی سێیەم : الملک المنصور ابراهیم (٦٣٧-٦٤٤ک/١٢٤٠-١٢٤٧ز):

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی لە ڕووبەڕوونەوەی خوارزمییەکاندا:

لە سەردەمی حوکمڕانی( الملک المنصور ابراهیم) دەوڵەتی ئەیوبی بەرەو لاواز بوون و لێک ترازان دەڕۆشت و دەستێوەردانی دەرەکی زیادی کردبوو بە تایبەتی دەستێوەردانی میرە خوارزمییەکان، تەنانەت کار گەیشبووە ئەوەی هەندێک لە میرانی ئەیوبی بوون بە هاوپەیمانی خوارزمییەکان و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان دژی میرانی دیکەی ئەیوبی وەستا بوونەوە، ئەم بارودۆخەی نێو دەوڵەتی ئەیوبی وای لە خوارزمییەکان کرد هەوڵ بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئەیوبی بدەن، بۆ نمونە لە ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤١ز) (الملک صالح)ی برای لەگەڵ خوارزمییەکان و (الملک جواد) وکۆمەڵێک لە خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە لە دژی فەرمانڕەوای حەلەب، ڕێککەوتن و هێرشیان کردە سەر شارەکە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە[1].

خوارزمییەکان لەو ماوەیەدا چەندین هێرشیان بۆ سەر خاکی ئەیوبییەکان ئەنجامدا، بۆنمونە دەستیان بەسەر ناوچەکانی وەک (تل باشر، برج رصاص، جبل سمعان) گرت، دواتر بەرەو (باب و بزاغه) ڕۆیشتن و تالانیەکی زۆریان کردووە، هەروەها ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکەکەیاندا، دواتر دەستیان بەسەر مەنبەجدا گرت و ئەوێشیان تالان کرد و سوکایەتییەکی زۆریان بەرامبەر بەخەڵکەکەی کرد بە تایبەت ئافرەتەکان، کاتێک الملک (المنصور ابراهیم) ئەم ڕەفتارانەی خوارزمییەکانی بیستووە، بڕیاری ڕووبەڕوو بوونەوەیانی دا و پاراستنی حەلەبی بە پێویست زانی، بۆیە بە سوپایەکی گەورەوە لە حمصەوە بەرەو حەلەب بەڕێکەوت، لە هەمان کاتدا هێزێکی دیمەشقیش پەیوەندیان پێوە کردن و ژمارەیان نزیکەی (هەزار) سوار دەبوو، هەروەها هێزێکی حەلەبیش خۆیان گەیاندە لای ناوبراو لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکانی گەیشتە حەلەب و لەگەڵ (الملک ناصر یوسف)ی میری حەلەب کۆبووەوە و دواتر لەگەڵ سوپای دیمەشق و حەلەب بەرەو ڕووی خوارزمییەکان دەرچوون لە ڕوباری فورات پەڕینەوە و گەیشتنە ڕوها[2]، کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە خوارزمییەکان بەپەلە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام (الملک المنصور ابراهیم) وازی لێنەهێنان، تا حەڕان دوایان کەوت ، دواتر لەوێش خۆیان بۆ نەگیرا و هەڵاتن بەرەو (عانه) لەوێش دەریکردن، دوای ئەوەی دەستی بەسەر حەڕاندا گرت ڕادەستی (الملک ناصر)ی میری حەلەبی

---

(١) بڕوانە : توێژینەوەکە، ل٤٦.

(٢)ابن العدیم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ص ٢٥٢ – ٢٥٣ ؛ المقریزي : السلوك ، ج/١ص ٤٠٦ ؛ عفاف سيد صبرة : التاريخ السياسي للدولة الخوارزمية ص ٢٧٩– ٢٨١ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٦.

کردەوە[(١)]، پاشان خوارزمییەکان  بەرەو خاپور هەڵاتن لەوێش لێی نەگەڕان و دەستی بەسەر خاپوریشدا گرت، لەو لاشەوە (بدرالدين لؤلؤ) هێرشی کردە سەر (دارا و نوسەیبین) کە لە ژێر دەستی خوارزمییەکاندا بوون و دەستیان بەسەردا گرت و (الملک المعظم توران شاه)یان ئازاد کرد، کە لە دارا لە زیندانی خوارزمییەکاندا بوو، بەم جۆرە شکستپێهێنانی خوارزمییەکان، لەخاپورەوە گەڕایەوە بۆ حمص[(٢)].

لە ساڵی (٦٤٠ک/١٢٤٣ز) جارێکی تر خوارزمییەکان لەگەڵ (الملک المظفر شهاب الدين غازي) میری میافارقین گەڕانەوە بەرەو میافارقین دەستیان بە ئامادەکاری کردن کرد بەو مەبەستەی جارێکی تر هێرش بکەنەوە سەر حەلەب، لەو کاتەدا (الملک المنصور ابراهيم) لە (رأس العين)[(٣)]بوو بەرەو ئامەد ڕۆشت، کە سوپای سەلجوقییەکانی ڕۆم تێدا بوو بە مەبەستی کۆبوونەوە لە گەڵیاندا تا پێکەوە ڕووبەڕووی خوارزمییەکان ببنەوە، بەڵام بارودۆخەکە لە سوودی (الملک المنصور ابراهيم) نەبوو، چونکە سوپای سەلجوقی لە بارودۆخێکی وەهادا نەبوون تا پشتیان پێ ببەسرێت لە پاراستنی حەلەبدا، ئەویش بە هۆی ئەوەی مەغۆلەکان هێرشیان کردبووە سەر چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتیان لەوانە شاری (ئەرزن)[(٤)] و کوشتارێکی زۆریان کردبوو دواتر بەرەو (خرتبرت) ڕۆشتن، ئەوەش (الملک المنصور ابراهيم)ی ناچار کرد بگەڕێتەوە بەرەو (رأس العين)، لەولاشەوە خوارزمییەکان هانی (الملک المظفر)یاندا تا هێرش بکاتە سەر ناوچەی (دنيسر)[(٥)]، کە سەر بە ماردین بوو، هەروەها ژمارەیەک لە تورکمانەکانی ناوچەکە بە سەرکردایەتی کەسێک بە ناوی (بن دودی) پەیوەندیان پێوە کردن پێکەوە بەرەو حەلەب کەوتنە ڕێ، هەر بۆیە (الملک المنصور ابراهيم) دیسانەوە بە سوپایەکەوە خۆی گەیاندە ئەو شارە و لەگەڵ سوپای شارەکەدا بە سەرکردایەتی (الامير لؤلؤ الحلبی) پێکەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خوارزمییەکان و (الملک المظفر) دەرچوون، پاش شەڕێکی سەخت جارێکی تر سوپای خوارزمییان توشی شکست کردو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، لەهەمان کاتدا هێرشی کردە سەر چادرگەکەی

---

(١) ابي الفدا: المختصر، ج ٣ / ص ٢٠٤ ؛ عفاف سيد صبرة : التاريخ السياسي للدولة الخوارزمية ، ص ٢٣٨ .

(٢) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ٢٥٩ ؛ (٢)  ابي الفدا: المختصر ، ج ٣ / ص ٢٠٥ ؛ رشيد عبدالله الجملي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، ص ١٩٣ ، عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٦.

(٣) رأس العين (سەری کانی) : شارێکی گەورە و بە ناوبانگ بووە لە هەرێمی جزیرە، لە نێوان (حران و نوسەیبین دنيسر)دا بوو، ژمارەیەکی زۆر کانی لەو شارەدا هەبووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە نابنرێت رأس العين (سەری کانی)، گرنگترینی ئەو کانیانەش (عين الآس، عين الصرار، عين الرياحية، عين الهاشمية ) . (ياقوت الحموي : معجم البلدان، مج٣/ص١٤).

(٤) ئەرزن : شارێکی بەناو بانگ بوو،  نزیک خلاط و قەڵایەکی گرنگی تێدا بوو .(ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج١/ص١٥٠).

(٥) دنيسر : شارێکی گەورە و بەناوبانگ بووە لە هەرێمی جزیرەی فوراتی، لە نزیک ماردین . (ياقوت الحموي : معجم البلدان ، مج٣/ص٤٧٨).

(الملک المظفر) و چی تێدا بوو دەستی بەسەردا گرت، بەم شێوەیە و بۆ جاری دووەم شکستی بە هێرشی خوارزمیەکان و هاوپەیمانەکانی هێنا[١]، دوای ئەم سەرکەوتنە ڕۆشت بۆ حەلەب و (الملک ناصر یوسف)ی فەرمانڕەوای حەلەب لەنزیک مەنبەج پێشوازی لێکرد و پێکەوە گەڕانەوە و دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە گەڕایەوە بۆ حمص[٢] .

سەرەڕای ئەم شکستانەیان، بەڵام وادیارە خوارزمییەکان بەردەوام بوون، لە هەوڵدان و پەلاماردانی دراوسێکانیان وازیان نەهێنابوو، بۆیە جارێکی دیکە لە ساڵی (٦٤١ک/١٢٤٤ز) هێزەکانیان کۆکردەوە و لەگەڵ کۆمەڵێک لە تورکمانەکان هێرشیان کردەوە سەر چەند ناوچەیەکی جەزیرە و وێرانیان کرد و تا نزیک حەلەب ڕۆشتن،(جمال الدولة)ی سەرلەشکری شارەکە بۆیان دەرچوون، بەڵام ئەمجارەیان نەیانتوانی شکست بە خوارزمییەکان بهێنن[٣]، بێهودە گەڕانەوە بۆ حەلەب، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک بوو :

١. بەشدار نەبوونی سوپای حمص و هەروەها نەبوونی ئەو هاوکارییانەی لە هێرشەکانی پێشوودا دەکران .
٢. نەبوونی کاراکتەری سەرکردەی سەربازی خاوەن پلان و ئازای وەکو الملک (المنصور ابراهیم)[٤].

ئەوەی جێی سەرنجە لەم سەردەمەدا بارودۆخی سیاسی وڵاتی شام زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار بوو، سەرەکیترین هۆکاریش میرەکانی ئەیوبی خۆیان بوون، چونکە لە نێو خۆیاندا دابەش بوون، بوون بە هاوپەیمانی نەیارەکانیان، بەجۆرێک ئەیوبییەکانی مصر لەگەڵ خوارزمییەکان هاوپەیمانێتیان بەستبوو، ئەیوبییەکانی شام لەگەڵ هێزە خاچییەکان بوو بوون بە هاوپەیمان، ئەمەش لە ساڵی (٦٤١ک/١٢٤٤ز) بە ڕوونی دەرکەوت، ئەویش کاتێک (الملک صالح نجم الدين أيوب)ی فەرمانڕەوای مصر لەگەڵ خوارزمییەکان پەلاماری دیمەشقیاندا، لەو کاتەدا لەشکری حمص لەگەڵ (صالح اسماعيل)ی فەرمانڕەوای دیمەشق و خاچیەکانی عەکا هاوپەیمانیەتیەکیان دروست کرد بە سەرکردایەتی (الملک المنصور ابراهيم) بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای مصر و

(١) الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ص ٣٣١-٣٣٢ ؛ ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ص ٢٦٤-٢٦٥ ؛ عفاف سيد صبرة : التاريخ السياسي للدولة الخوارزمية ، ص ص ٢٨٥-٢٨٦؛ الصويركي : معجم اعلام الكرد ، ص ١٢ ؛ نافع توفيق العبود : الدولة الخوارزمية، ص ص ١٧٤ – ١٧٥ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٦.

(٢) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ٢٦٥ ؛ رشيد عبدالله الجميلي : حمص في عصر الامراء الايوبيين ، ص ١٩٣.

(٣) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣/ ص ٢٦٧ .

(٤) منذر الحايك : مملكة حمص في عصر الايوبي ، ص ٢٢١ .

خوارزمییەکان[1]، بەشداریکردنی خاچییەکان لەم هەڵمەتەدا لە بەرزترین ئاستدا بووە، بەجۆرێک گەورەترین سەرکردە سەربازییەکانیان بەشدار بوون، لەوانە سوپای (ڕۆبێرت پەترێرکی) قودس و سەرۆکی ئەسقوفەکانی صور و ئوسقوفی ڕەملە، هەروەها سوپاکانی (داوية)[2] و (اسبتارية) بەشدار بوون، کە ژمارەیان نزیکەی (٣٠٠) هەزار سەرباز دەبوو، کاتێک خوارزمییەکان گەشتنە ناوچەی غەززە (صالح نجم الدين أيوب) پەیوەندی پێوە کردن و خەڵات و دیارییەکی زۆری پێ بەخشین، لەولاشەوە (صالح اسماعيل) فەرمانڕەوای دیمەشق و لەگەڵ هەریەکە لە (ناصر داود) فەرمانڕەوای کەرەک و (المنصور ابراهيم) فەرمانڕەوای حمص و سوپای خاچییەکان دەستیان کرد بە ئامادە باشی، بەجۆرێک پلانیان دارشتبوو سوپاکەیان دابەش بکەن و لە سێ قۆڵەوە هێرش بکەنە سەر سوپای مصر، سوپای خاچییەکان لە قۆڵی ڕاست و سوپای (ناصر داود) لە قۆڵی چەپەوە و سوپای حمص و دیمەشقیش بە سەرکردایەتی (الملك المنصور ابراهيم) لە ناوەڕاستەوە، لە نزیک غەززە هەردوو سوپا پێکیاندادا دوای شەڕێکی سەخت لە نیوانیاندا سوپای حمص و دیمەشق و خاچییەکان بە خراپی تێکشکان ژمارەیەکی زۆر لە خاچییەکان کوژران و نزیکەی (٨٠٠) کەسیشیان لەلایەن خوارزمیەکانەوە بەدیل گیران ، (المنصور ابراهيم) و (صالح اسماعيل) هەڵهاتن بەرەو دیمەشق، ئەمەش لە مێژوودا بە(شەڕی غەززە) ناسراوە[3].

لە بارەی ئەو ڕۆژەوە (سبط ابن جوزی) نوسیویەتی : (بەڕاستی ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی هێندە گەورە ڕوویدا کە هیچ کاتێک شتی وا ڕووی نەدابوو نە لە سەردەمی (صلاح الدين) و نە لە سەردەمی (نورالدين محمودیشدا) )[4]، (ابن واصل)یش نوسیویەتی : (لەبارەی الملك (المنصور ابراهيم)ەوە پێیان وتم، دوای ئەو شکستە گریاوە و وتویەتی : سوێند بە خودا هەر ئەو ڕۆژەی بەشدار بووم لە شەڕەکە خوای گەورە ئەوەی خستبووە دڵمەوە، کە من ناتوانم بە هۆی کافرەکانەوە بەسەر موسوڵمانادا سەربکەوم)[5] .

---

(١) عفاف سيد صبرة : التاريخ السياسي للدولة الخوارزمية ، ص ٢٩٠ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٦ .

(٢) داوية : سەرەتای دروست بوونیان ڕێکخراوێکی خێرخوازی بوون، لە ساڵی (٥١٢ک/١١١٨ز) لە لایەن ( Hugh Payns– هيو پاينز)ەوە دامەزرا، بەمەبەستی پاراستنی حاجییانی مەسیحی ڕێگاری نێوان شارەکانی ( يافا و قودس)، بەڵام دهواتر گۆڕاون بۆ ڕێکخراوێکی سەربازی، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە تیرۆرکردن و کوشتنی موسڵمانان و پشتگیری شەڕە خاچییەکان بوو لە مصر شام دژی موسڵمانان .(مصعب حمادي نجم : دور التنظيمات العسكرية، ص٢٨).

(٣)سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج ٢٢/ ص ص ٢٨١-٢٨٢

(٤) مراة الزمان، ج٢٢/ص٣٨٢ ؛ منذر الحايك : العلاقات الدولية ، ج٢/ص ص١٧٠-١٧١ ؛ احمد الأوتاني : دمشق في العصر الأيوبي ، ط١ ، التلوين، (دمشق-٢٠٠٧م) ، ص١٣٥ ؛ سليمان بن الحمد العودة : كيف دخل تتر بلاد المسلمين ، ط٢ ، دارالطيبة ، (رياض-٢٠٠١م)،ص٤٢.

(٥)سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج ٢٢/ص٣٨٢ ؛ مفرج الكروب ، ج٥ / ص٣٣٩ .

## تەوەری دووەم :پەیوەندی لەگەڵ صالح نجم الدین ایوب فەرمانڕەوای مصر:

دوای ئەوەی سوپای مصر توانیان لە غەززە و قودس و بەشێک لە ناوچە کەناراوەکان سەربکەون بەشێک لە سوپاکەیان نارده سەر دیمەشق و گەمارۆیاندا، تا ساڵی (٦٤٣ک/١٢٤٥ز) گەمارۆکەیان بەردەوام بوو، بۆیە ناچار بوون بڕیاری ڕادەستکردنی شارەکە بدەن، لەو کاتەدا (المنصور ابراهیم)یش لەوێ بوو، ئەوەبوو چوو بۆ لای (حسام الدین برکةخان)ی خوارزمی و بەڵێنی ڕادەستکردنی شارەکەی پێدان و ئەوانیش چوونە نێو شارەکە، (المنصور ابراهیم) گەڕایەوە بۆ حمص، سلمیەشی لێوەرگیرایەوە)، (صالح اسماعیل)یش (بەعلەبەک و بصری)ی پێدرا[١] .

دوای ئەوەی (صالح نجم الدین أیوب) چودەستی بەسەر دیمەشقدا گرت ڕێگری لە خوارزمییەکان کرد بچنە نێو شارەکەوە، ئەمەش وایکرد لێی هەڵگەڕانەوە، چونکە پێیان وابوو بەڵێنەکانی، کە پێی دابوون جێبەجێی نەکردوون، بۆیە دایانە پاڵ (صالح اسماعیل)، لە هەمان کاتدا (ناصر داود)ی فەرمانڕەوای کەرەکیش چووە پاڵیان، بڕیاریاندا دیمەشق بگرنەوە، ئەوەبوو لە ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) گەمارۆیاندا، بەڵام ئەمجارەیان (المنصور ابراهیم) پێچەوانەی پێشووتر بوو بە هاوپەیمانی (صالح نجم الدین أیوب) و دژی خوارزمییەکان و (الملک صالح اسماعیل) وەستایەوە، پێکەوە توانیان شکستێکی سەخت بە خوارزمییەکان و (صالح اسماعیل) بهێنن، لەم شەڕەدا (برکة خان)ی سەرکردەی خوارزمییەکان کوژرا و سەریان لە لاشەکەی جیاکردەوە و بردیان بۆ حەلەب[٢]، ئەم هەڵوێستەی (المنصور ابراهیم) وایکرد فەرمانڕەوای مصر هەڵوێستی بەرامبەری بگۆڕێت و ئەو ڕقەی پێشووی بەرامبەری نەمێنێت و پەیوەندییەکانیان لە ڕکابەرییەوە بۆ دۆستانە گۆڕانکاری بەسەردا هات[٣].

---

(١) سبط ابن الجوزي : مراة الزمان ، ج ٢٢/ ص ص ٢٨٨ – ٢٨٩ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٥ / ص ٣٤٨؛ ابي الفدا: المختصر ، ج ٣ / ص ٢١١ ؛ سعيد عبدالفتاح عاشور ، الأيوبيون والمماليک في مصر والشام ،ص١٢٥ .

(٢)ابي شامة : تراجم، ص٢٧٤ ؛ ابن واصل : مفرج الكروب ، ج٥ / ص ٣٥٨ ؛ الدواداري : كنز الدرر، ج٧/ص٣٥٨ ؛ ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص٢١٢ ؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط ، ج١/ص٣٣٥ ؛ قاسم عبدة قاسم : في تاريخ الايوبيين والمماليک ، ص١٣٢.

(٣) ابن سباط : تاريخ ابن سباط ، ج ١ / ص ٣٣٦؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل ٩٧.

دواتر له ساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٧ز) لەسەر داوای (الملک صالح أیوب) سەردانی مصری کرد، بەڵام نەخۆشی ڕێگەی پێنەدا زۆر بمێنێتەوە، بۆیە بەزوویی گەڕایەوە بۆشام، چونکە نەخۆشییەکەی وردە وردە زیادی کرد، کاتێک گەیشتەوە دیمەشق نەخۆشییەکەی تەواو توند بوو، هەر لەوێ و له ساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٧ز) کۆچی دوایی کرد، سەبارەت بە هۆکاری مردنی دەوترێت نەخۆشی سیلی هەبووە، دوای مردنی تەرمەکەیان گواستەوە بۆ شاری حمص و له مزگەوتی (النبی الخضر) به خاکیان سپارد[١]، له دوای خۆی کوڕەکەی (الاشرف موسی) جێگەی گرتەوە[٢] .

(١) ابن خلكان : وفيات الاعيان ، ج٢/ص٤٨١ ؛ ابي الفدا: المختصر ، ج٣/ص٢١٣ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٣٣٢ ؛ سهيل زكار: الموسوعة الشاملة، ج٢٢/ص١٦٨ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی شێرکۆ له وڵاتی شام، ل ٩٧ .

(٢) الدواداري : كنز الدرر ، ج٧/ص٣٥٩ ؛ الذهبي : سير اعلام النبلاء ، ج٢٣/ص٢١ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ص ٢٣١- ٢٣٢ ؛ ابن سباط : تاريخ ابن سباط ، ج١/ص٣٣٧ .

## باسی چوارەم : الاشرف موسی (الاشرف مظفرالدین ابوالفتح موسی)
## (٦٤٤-٦٦٢ک/١٢٤٧-١٢٦٣ز)

### تەوەری یەکەم : پەیوەندی لەگەڵ صالح نجم الدين ايوب فرمانڕەوای مصر(٦٤٤-٦٤٧ک/١٢٤٧-١٢٥٠ز):

پەیوەندی نێوان (الاشرف موسى) و(صالح ايوب) هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێز و دۆستانە بووە و هاوپەیمانی یەکدی بوون، لەساڵی (٦٤٥ک/١٢٤٧ز) کاتێک (صالح نجم الدين أيوب) ڕۆشت بۆ شام، (الاشرف موسى) چووتە پێشوازی و لەهەمان کاتدا (قەڵای شمیمش)ی ڕادەستکرد[١]، ئەم کارەی بووە هۆی تووڕەبوونی (الملک ناصر)ی فرمانڕەوای حەلەب، هەر بۆیە لەشکرێکی ئامادە کرد بە سەرکردایەتی (شمس الدين لؤلؤ الأرمني) لە ساڵی (٦٤٦ک/١٢٤٨ز) هێرشی کردە سەر شاری حمص و سەرەتا شارەکەیان گەمارۆدا بۆ ماوەی دوو مانگ، ئەمەش الملک (الاشرف موسى)ی ناچار کرد شارەکەی ڕادەست کردن، لە بەرامبەردا تل باشری پێدرا و لەگەڵ ڕەحبە و تەدموردا فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەی دەکرد بەبێ حمص[٢].

کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە فەرمانڕەوای مصر زۆر تورەبوو بڕیاریدا حمص بگەڕێنێتەوە بۆ (الاشرف موسى)، بۆیە خێرا بە لەشکرێکەوە بەڕێکەوت بەرەو شام، کاتێک گەیشتە دیمەشق سوپاکەی بە سەرکردایەتی (حسام الدين کوڕی ابي علي فخر الدين) نارد بۆ حمص و گەمارۆیەکی توندیان خستە سەر شارەکە، جۆرێک مەنجەنیقی ڕۆژئاواییان بەکارهێنا، کە جۆرە بەردێکی دەهاویشت کێشەکەی (١٢٠ڕەتڵ)[٣]بووە، هەروەها جۆرەها مەنجەنیقی دیکەیان لە هێرشەکەدا بەکاردەهێنا، بەڵام پاش ماوەیەک لە گەمارۆدان نەیانتوانی شارەکە بگرن، بۆیە بە ناچاری پاشەکشەیان کردەوە بەرەو مصر گەڕانەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک :

١. هاتنی وەرزی زستان، سەرچاوەکانی مێژوو ئاماژە بەوە دەکەن زستانی ئەو ساڵە زستانێکی زۆر سارد و سەختی هەبووە بەفرێکی زۆر باریوە .
٢. لەولاشەوە خاچییەکان هێرشیان کردبووە سەر (دمياط) .

---

(١)ابن واصل : مفرج الكروب، ج٥/ص٣٧٧ ؛ ابي الفدا: المختصر ،ج٣/ص٢١٤.

(٢) ابي الفدا: المختصر ،ج٣/ص ٢١٥ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب ، ص ٤١٢.

(٣) ڕەتڵ (رطل): یەکەی پێوانەکردنی کێش بوو، زانایانی هەر ولاتێک بەشێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بۆنمونە لە شام لای حەنەفییەکان هەر (رطل)ێک نزیکەی ١٨٧٥ گرام بووە، واتە ئەگەر بە پێوەری شام لێکی بدەینەوە (١٧٨٥×١٢٠=٢١٤٠٠٠گرام)هەر بەردێک نزیکەی ٢١٤ کیلۆ گرام دەبوو، بەڵام لە بەغداد کە پێی دەوترا (رطل البغدادي) کە زیاتر بڕوا پێکراو تر بووە، یەک ڕەتڵ بە نزیکەی ٤٠٨گرام بووە، (١٢٠×٤٠٨=٤٨.٩٦٠)، واتە هەر (رطل)ێک نزیکەی ٤٩ کیلۆگرام بووە .(الأنصاري : الإيضاح والتبيان في معرفة المكيال و الميزان ، تح: محمد أحمد السماعيل ، د . ط ، دار الفكر ، (دمشق–١٩٨٠م) ، ص٥٧ ؛ علي جمعة محمد : المكيال و الموازين الشرعية ، ط٢ ، المطبعة القدس ، (القاهرة–٢٠٠١م) ، ص ص٢٩-٣٠).

٣. خەلیفەی عەباسی نێوەندگیری کردن و نوێنەری خۆی نارد بۆ لای هەردوولا و داوای کۆتای هێنانی شەڕی کرد .

٤. (صالح نجم الدین ایوب) توشی نەخۆشیەکی سەخت بوو، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن تووشی وەرەم بووە و لەو کاتەدا نەخۆشیەکەی لێی توند کردبوو[١].

ئەمەش (صالح نجم الدین ایوب)ی ناچار کرد لەگەڵ سوپای حەلەب ڕێکبکەوێت، بەم شێوەیە حمص لەدەستیاندا مایەوە .

جارێکی تر و لە مانگی سەفەری ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز) (صالح نجم الدین ایوب) هەوڵی دایەوە شاری حمص بگێڕێتەوە بۆ (الاشرف موسی)، بۆیە بەسوپایەکەوە بەرەو شام کەوتە ڕێ، کاتێک گەیشتە (المنصورة) لەسەر ڕێگای نێوان شام و مصر، ئیدی نەخۆشیەکەی لێی توند تر بوویەوە و زۆری بۆ هێنا بە ناچاری دەستی لە حمص هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ مصر، لە هەمان ساڵدا و لە (ڕۆژی ٢٤ی شەعبان)دا کۆچی دوایی کرد و (المعظم تورانشاه)ی کوڕی بوو بە فەرمانڕەوای مصر[٢].

---

(١)ابي الفدا: المختصر ،ج٣/ص٢١٥ ؛ ابن کثیر : البدایة والنهایة ، ج١٥/ص٢٦٥ ؛ ابن خلدون : تاریخ ابن خلدون ، ج٥/ص٤١٥ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص٤١٢ ؛ باز العریني : الشرق الادنی ، ج١/ص ص١٤٣، ١٤٥.

(٢) ابي الفدا: المختصر ،ج٣/ص ١٧ ؛ ابن خلدون : تاریخ ابن خلدون ، ج٥/ ص٤١٦ ؛ محمد کرد علي : الخطط ، ج٢/ص١٠١ .

## تەوەرەی دووەم : پەیوەندی لەگەڵ الملك ناصر فەرمانڕەوای حەلەب (٦٤٤-٦٥٨ک/١٢٤٧-١٢٦٠ز):

لە دەستدانی حمص بە لای (الاشرف موسی)وە تەنها لەدەستدانی پایتەختەکەی نەبوو، بەڵکو شکۆی فەرمانڕەوایەتیشی شکا، چونکە تا دەهات دۆخی حمص بەرەو خراپی دەڕۆیشت، بە جۆرێک لە سەردەمی هیچ کام لە فەرمانڕەوانی پێشودا بەو شێوەیە نەبووە، بەو پێەی ئارامی و ئاسایشی شار کەوتبووە دەست حەلەبییەکان، وای لێهاتبوو سەرجەم ڕێگاکان لە مەترسیدا بوون کەس نەیدەتوانی بەتەنها و بەبێ هێزی سەربازی هاتوچۆی لەو ڕێگایانەوە بکات، چونکە دیاردەی دزی و ڕێگری زیادی کردبوو، هەروەها عەرەب و تورکمانەکانی ناوچەکە بەردەوام چاویان تێبڕیبوو، ئەمەش (الاشرف موسی)ی ناچار کرد ببێتە لایەنگر و شوێنکەوتەی (الملك ناصر)ی فەرمانڕەوای حەلەب[١] .

زۆری پێنەچوو لە ساڵی (٦٤٨ک/١٢٥٠ز) هەواڵ گەیشتە فەرمانڕەوای حەلەب، کە مەمالیکەکانی مصر (المعظم تورانشاه)ی فەرمانڕەوایان کوشتووە و دەستیان بەسەر کار و باری مصردا گرتووە و کۆتاییان بە فەرمانڕەوایەتی ئەیوبییەکانی مصر هێناوە، ئەمەش (الملك ناصر)ی تورە و نیگەران کرد، بۆیە بڕیاری هێرشکردنی بۆ سەر مصردا سوپاکەی ئامادەکرد و بەشێکی زۆر لە میرەکانی شام لەوانە ( الملك صالح اسماعیل کوڕی العادل و الاشرف موسی ...هتد) پەیوەندییان پێوە کرد و بەشدار بوون لەو هەڵمەتەدا، دوای ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانیان بە سەرکردایەتی (شمس الدين لؤلؤ أرمني) بەرەو مصر بەڕێکەوتن، کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە مەمالیکەکان خێرا لە مصرەوە بۆیان دەرچوون و لە ناوچەی (عباسية)[٢] هەردوو سوپا بەیەک گەیشتن، سەرەتا سوپای شام سەرکەوتن، بەڵام دواتر سوپای مەمالیکەکان بە سەرکردایەتی (المعز ايبک) هێزەکانیان ڕێکخستەوەو و توانیان سوپای شام بە خراپی تێک بشکێنن و (شمس الدين لؤلؤ أرمني)یان دەستگیر کرد و دواتر سەریان پەڕاند، جگە لەوەش بەشێکی دیکە لە سەرکردەکانیان بە دیل گرت لەوانە : (الاشرف موسی و زاهر داود)ی مامی و ژمارەیەکیشیان کوژران، (الملك ناصر)یش هەڵات وگەڕایەوە بەرەو شام[٣].

---

(١) منذر الحايک : مملكة حمص في العصر الايوبي ، ص ١٤٦ .

(٢) عباسية : گوندێک بوو سەر بەناوچەی صعیدی مصر .(ياقوت الحموي : معجم البلدان ، ج٤/ص٧٥)

(٣) ابي شامة : تراجم ، ص٢٨٦ ؛ ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة، ج٧/ص٨ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ص ٤١٣- ٤١٤.

(الاشرف موسى) و ئەوانەی لە گەڵی دەستگیر کرابوون تا ساڵی (٦٥١ک/١٢٥٣ز) لە زیندانی مەمالیکەکاندا بوون، هەر لەو ساڵەدا بە نیوەندگیری خەلیفەی عەباسی مەمالیکەکان و (الملک ناصر) ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵێک:

١. شام دابەشکرا بەسەر هەردوولایاندا و بەجۆرێک قودس و غەززە خرایە سەر مصر و بوو بە بەشێک لە ناوچەی فەرمانڕەوایی (معز ایبک) و ناوچەکانی تری شام لە دەستی (الملک ناصر)دا مانەوە .
٢. هەرچی زیندانی هەبوو لەلای مەمالیکەکان ئازاد کران[١] .

کاتێک (الاشرف موسى) لە زیندانی مصر ئازاد بوو گەڕایەوە شام و ڕاستەوخۆ چووە لای (الملک ناصر) و داوای حمصی لێکردەوە، بەڵام داواکەی ڕەتکردەوە، هەر بۆیە بێهیوا بوو و گەڕایەوە بۆ (تل باشر)، بەم شێوەیە تەنها (تل باشر و ڕەحبە و تەدمور)ی بە دەستەوە مایەوە و تا ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) و هاتنی مەغۆلەکان بۆ شام جارێکی تر توانی لە ڕێگەی ئەوانەوە دەست بگرێتەوە بەسەر حمصدا[٢].

(١)ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة ، ج٧/ص١٠ ؛ اليونيني : ذيل مراة، مج١/ ص ص ٥٧- ٥٨ .

(٢) منذر الحايک : مملکة حمص في العصر الايوبي ، ص١٤٨ ؛ عطا عبدالرحمن : نەوەکانی ئەسەدەدین شێرکۆ لە وڵاتی شام، ل٩٧.

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلەکان

مەغۆلەکان هەر لەسەرەتاوە پیلانی ئەوەیان دانابوو دەست بە سەر جیهانی ئیسلامی بگرن، سەرەتاش چاویان بڕیبووە ناوچەکانی شام و جزیرەی فوراتی و وڵاتی مصر، بۆیە ناوبەناو سیخوڕەکانیان لە شێوەی نێردراویان دەنارد بۆ ئەوناچانە، پێدەچێت ویستبێتیان هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بکەن و لە هەمانکاتدا شارەزای ناوچەکەش ببن، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) نێردراوێکیان نارد بۆ شام و سەرەتا چوونە حمص و لەگەڵ (اسدالدین شیرکوی دووەم) کۆبوونەوە و دواتریش ڕۆشتن بۆ دیمەشق، ئەمانە لە شێوەی نێردراودا بوون[1]، بەڵام یەکەم بەرکەوتنی سەربازی مەغۆلەکان لەگەڵ شانشینەکانی شام دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦٤٠ک/١٢٤٣ز)، ئەویش کاتێک (المنصور ابراهیم) سەرکردایەتی سوپای حمص و حەلەبی دەکرد دژ بە خوارزمییەکان، کاتێک هێرشیان کردە سەر حەلەب، لەو کاتەدا مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر (خرتبرت) ئەمەش ناچار کرد بگەڕێتەوە بۆ (رأس العین) تا ئامادەکاری بکات لە دژی مەغۆلەکان[2].

پەیوەندی (الاشرف موسی) لەگەڵ مەغۆلەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) ئەویش لە دوای گرتنی بەغداد و کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی عەباسی، (هۆلاکۆ) هێرشێکی بەر فراوانی بۆ سەر شام دەست پێکرد، سەرەتا هێرشیان کردە سەر حەلەب هەرچەندە (المعظم تورانشاه)ی فەرمانڕەوای شارەکە بڕیاری ڕادەستکردنی شاری دابوو، بەڵام خەڵکی بە پێچەوانەی فەرمانڕەواکەیان بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆلەکانیاندا، بەڵام لەلایەن مەغۆلەکانەوە فریودران و کەوتنە نێو بۆسەیانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، دوای ئەوە (هۆلاکۆ) خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی کرد و هێرشی کردە سەر شارەکە، سەرەتا گەمارۆیەکی توندی خستە سەر شارەکە و داوای لێکردن خۆیان ڕادەست بکەن، بەڵام خەڵکی شار ڕەتیان کردەوە و وتیان (ئێمە تەنها شمشێرمان هەیە) بەم شێوەیە و دوای حەوت ڕۆژ لە گەمارۆدانی (هۆلاکۆ) دەستی بەسەر شارەکەدا گرت چوونە نێو شارەکە کوشتارێکی زۆریان ئەنجامدا، ژمارەیەکی زۆریان لە ئافرەتانی شارەکە بە دیل گرت، وێرانکاریەکی زۆریان کرد و شورای شارەکە و سەرجەم مزگەوت و خوێندنگاکانیان ڕوخاند، هەروەها سەرجەم باخ و بێسانەکانیان وێران کرد[3].

---

(١) ابن النظيف : التاريخ المنصوري ، ص ٢٣١.

(٢) ابن العديم : زبدة الحلب ، ج ٣ / ص ٢٦٣ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٣٣١ .

(٣)ابي الفدا: المختصر،ج٣/ص ٢٤١ ؛ الهمذاني : جامع التواريخ (تاريخ المغول) ، تح : محمد صادق و اخرون ، د . ط، دارالحياء الكتب العربية ، (القاهرة – د. ت) ، مج ٢ / ج١ / ص ٣٠٦ ؛ المقريزي : سلوك لمعرفة ، ج ١/ ص ٥١١ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ص ٤١٦ –٤١٧؛ منذر الحايک : العلاقات الدولية ،ج٢/ ص ٧١ .

دواتر هەر یەکە لە شارەکانی حەمما و حمصی بەبێ شەڕ داگیر کرد و لە (مانگی شەعبان)ی ئەو ساڵەدا (الاشرف موسی) لەگەڵ بەشێک لە میرەکانی شام و جزیرە خۆیان گەیاندە لای (هۆلاکۆ) و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ ڕاگەیاند، ئەویش ڕێزی لێگرتن و شاری حمصی ڕادەستی کردەوە، کە ماوەی نزیکەی (١٢)ساڵ بوو لە دەستی نەمابوو، لەوە بەدوا بە ناوی مەغۆلەکانەوە لە حمص فەرمانڕەوایی دەکرد و (هۆلاکۆ)ش بە مەرسومێکی تایبەت کردی بە نوێنەری خۆی لە دیمەشق و شام، لە هەمان کاتتدا (کتبغانوین)یش نوێنەری فەرمی بوو لە شام[١]، بەو شێوەیە (الاشرف موسی) بوو بە نوێنەری (هۆلاکۆ) لە شام، هەروەها جگە لەحمص هەریەکە رحبە و تدمر و تل باشر و قەڵاکانی پێدا[٢].

(الاشرف موسی) بە جۆرێک پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلەکان بەهێز کردبوو خۆی بەبەشێک لە ئەوان لە قەڵەم دەدا، بەجۆرێک بەهەموو شێوەیەک بەرگری لێدەکردن، بۆنمونە لە (مانگی شەعبانی ٦٥٨ک/١٢٦٠) هەندێک لە هۆزە عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر چەند هۆزێکی مەغۆلەکان لە ناوچەی (تل راهط)، هەرکە هەواڵەکەی پێگەیشت ڕاستەوخۆ لە حمصەوە بۆیان دەرچوو تا فریای مەغۆلەکان بکەوێت، لە هەمان کاتدا مەغۆلەکانی دیمەشقیش بەرەو (تل راهط) کەوتن، بەڵام (الاشرف موسی) پێش ئەوان گەیشت، بەگەیشتنی عەرەبەکان کشانەوە و بێ ئەوەی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕوو بدات، مەغۆلەکان گەڕانەوە دیمەشق و (الاشرف)یش لەگەڵیان ڕۆشت بۆ دیمەشق[٣] .

دواتر (هۆلاکۆ) فەرمانی پێکرد تا بەرەو حەما بڕۆن، سەرەتا قەڵاکەیان داگیر کرد و دیوارەکانیان وێران کرد و هەرچی میوانخانە هەبوون سوتاندیان، هەموو کتێبەکانی (دار السلطنة)یان هەرزانفرۆش کرد، بەڵام دیوارەکانی شاریان نەڕوخاند، چونکە پیاوێکی لێبوو لە حەما پێی دەوترا (ابراهیم ابن الافرنجیة) پارەیەکی زۆری دا بە (خسرو شاه)ی نوێنەری (هۆلاکۆ) تا شوراکان نەڕوخێنن، بەم شێوەیە توانی بیانپارێزێت، لە هەمان کاتدا (هۆلاکۆ) فەرمانی بە (الاشرف موسی) کرد تا قەڵای حەما بە تەواوی بڕوخێنێت، بەڵام فەرمانەکەی بە تەواوی جێبەجێ نەکرد، جگە لە چەند بەشێکی کەمی قەڵاکە نەبێت، کە ڕوخاندی، چونکە ئەو شارەی بە هی خۆی دەزانی، بۆیە ویستی پارێزگاری لە قەڵاکەی بکات[٤].

---

(١) ابي الفدا: المختصر ،ج٣/ص ٢٤٢ ؛ المقريزي : سلوك ، ج ١/ ص ٥١٣ ؛ الحنبلي : شفاء القلوب، ص ٤١٧ ؛ منذر الحايك : العلاقات الدولية، ج٢ /ص ٧٢ .

(٢) ابن شداد : الأعلاق الخطيرة، ج١/ق٢/ص١٠٧؛ اليونيني : ذيل مراة، مج١/ص٣٥٥ ؛ محمد غسان : دراسات في العدوان الفرنجي والمغولي رؤية معاصرة ، ص٤٠٦.

(٣) اليونيني : ذيل مراة، مج ١/ ص ٣٦٠ .

(٤)ابي الفدا: المختصر،ج٣/ص٢٤٣ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون، ج٥/ص٤٢٣.

سەرباری ئەمانەش پەیوەندی نێوان (الاشرف موسی) و مەغۆلەکان زۆر درێژەیی نەکێشاو هەر زوو بەرەو تێکچوون ڕۆشت بە تایبەت لە دوای شکستی مەغۆلەکان لە شەڕی (عین جالوت)، چونکە هەر دوای شەڕەکە (الاشرف موسی) خۆی گەیاندە لای (سیف الدین قطز)ی سوڵتانی مەمالیکەکان و بوو بە هاوپەیمانی، تەنانەت وتراوە لە کاتی شەڕەکەدا (الاشرف موسی) پەیوەندی لەگەڵ (سوڵتان سیف الدین) هەبووە لە ڕێگەی (صارم ازبک)ی خزمەتکارییەوە، هەر ئەمەش هۆکارێکی شکستی مەغۆلەکان بووە لەو شەڕەدا، چونکە وا باسکراوە (الاشرف)زانیاری گرنگی بە سوپای موسڵمانان داوە، ئەمەش مەغۆلەکانی توڕە و نیگەران کردووە لێی[1].

شکستی مەغۆلەکان لە شەڕی (عین جالوت) کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ورەی مەغۆلەکان، هەر بۆیە هەوڵیانداوە ئەو شکستەیان ڕاست بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیاندا جارێکی تر پێگەی خۆیان لە شام بەهێز بکەنەوەو دەستی بەسەردا بگرنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش شاری (حمص و حەلەب)یان کردە ئامانج و سەرەتاش هێرشیان کردە سەر شاری حمص، ئەویش دەکرێت لەبەر دوو هۆکار بێت:

یەکەم: گرنگی پێگەی جوگرافی شاری حمص، بەوەی قورساییەکی تایبەتی هەبوو لە ناوچەکەدا بەتایبەتی ئەگەر بیانەوێت دیمەشق داگیر بکەنەوە، بە پێویستیان زانی سەرەتا دەست بەسەر (حمص)دا بگرنەوە.

دووەم: کوژرانی سوڵتان (سیف الدین قطز) وای لە مەغۆلەکان کرد وا بیر بکەنەوە ئەو ڕووداوە ڕیزەکانی موسڵمانانی تێکداوە و ئەو تۆکمەییەی پێشوویان نەماوە، بۆیە بڕیاریان دا هێرش بکەنەوە سەر شام[2].

ئەوەبوو سەرەتا لە ڕۆژی هەینی (٥ی موحەڕڕەم ساڵی ٦٥٩ک/١٢٦١ز) هێرشیان کردە سەر شاری حمص، هەر کە ئەم هەواڵە گەیشتە شاری حمص (الاشرف موسی) بە سوپایەکەوە بۆیان دەرچوو، لە نزیک گۆڕی (خالدی کوڕی ولید) هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) ڕووبەڕوی یەکتر بوونەوە، لەو شەڕەدا ژمارەی سوپای مەغۆلەکان شەش هەزار دەبوو، لە بەرانبەردا ژمارەی سوپاکەی (الاشرف موسی) (هەزار و چوارسەد) سەرباز تێپەڕی نەکردوە، زۆری پێنەچوو جارێکی دیکە شکستێکی سەخت توشی مەغۆلەکان بوو، ژمارەیەکی زۆریان کوژراو ئەوەشی مابووەوە هەڵهاتن،

---

(١)بڕوانە: سەرباز محەمەد:ڕەشەبای مەرگ(هێرشی مەغۆل بۆ سەر جیهانی ئیسلامی)، چ١،(هەولێر–٢٠٢٠ز، ل٣٥٠.

(٢) ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص٢٥٠ ؛ اليافعي: مراة الجنان ، ج٤/ص١١٤ ؛ ابن كثير: البداية والنهاية ، ج١٥/ص٣٧٠ ؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة ، ج٧/ص٩٦ ؛ عمار مرضي علاوي :حمص في العصر المملوكي دراسة في الأوضاع السياسية و الأقتصادية ، مجلة كلية الآدب ، قسم التاريخ ، جامعة العراقية ، (بغداد–٢٠١٢م) ، عدد٩٩، ص١٢٢.

لەوانە (بیدرا)ی سەرکردەی سوپاکەیان هەڵهات، لە بەرامبەر دا سوپای حمص بە کەمترین زیان و سەرکەوتن کۆتاییان بە شەڕەکە هێنا[1].

دەتوانین ئەم سەرکەوتنەی (الاشرف موسی) بە یەکێک لە گرنگترین سەرکەوتنەکانی ئەژمار بکرێت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک:

١) بیدرای سەرکردەی مەغۆلەکان یەکێک بوو لە بەناوبانگترین سەرکردەکانی مەغۆل وە ئەزموونێکی زۆری هەبوو لە شەڕدا.

٢) جیاوازی نێوان ژمارەی سەربازانی هەردوو لا بە جۆرێک ژمارەی سەربازانی مەغۆل چەند هێندەی سەربازانی سوپای حمص بوو.

٣) ژمارەیەکی زۆر لە میرەکانی مەغۆل لەگەڵ بیدرا بوون لەو شەڕەدا بەشێکی زۆریان کوژران، زیاتر لەوەی لە شەڕی(عین جالوت) ڕوویدا.

٤) ژمارەیەکی زۆر لە مەغۆلەکان کوژران لە بەرانبەردا کەمترین زیانی سەربازی بەر سوپاکەی (الاشرف)کەوتووە[2].

---

(١) ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص٢٥٠ ؛ اليافعي: مراة الجنان ، ج٤/ص١١٤ ؛ ابن كثير: البداية والنهاية ، ج١٥/ص٣٧٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة ، ج٧/ص٩٦؛.

(٢)اليافعي: مراة الجنان، ج٤/ص١١٥ .

## تەوەری چوارەم: ڕۆڵی لە شەڕی عین جالوتدا:

لە ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی (مظفر سیف الدین قطز) لە مصر کۆبوونەوە و دەستیان بە ئامادەسازی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای مەغۆل، کە شامیان داگیر کردبوو، لەهەمان کاتدا (هۆلاکۆ)یش وەفدێکی ناردبوو بۆلای (سیف الدین قطز) لەگەڵیاندا نامەیەکی ناردبوو تێیدا داوای خۆبەدەستەوەدانی لێکردبوون، دوای گەشتنی نامەکە (سیف الدین قطز) ڕاوێژکارانی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن ئەم نامەیەی مەغۆل ئێمەی خستووەتە بەردەم سێ ئەگەر:

١) پێکهاتن و خۆبەدەستەوەدان.

٢) چۆڵکردنی مصر و چوون بۆ مەغرب.

٣) ڕووبەڕووبوونەوە و جیهادکردن.

هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بڕیاری جیهاد بدەن، لەم کاتەدا (الظاهر بیبرس) پێشنیازی کرد نوێنەرانی مەغۆل بکوژن، ئەوەبوو کوشتنیان و سەرەکانیان بە دەرگاکانی قاهرەدا هەڵواسی[١].

خۆی لەخۆیدا ئەم کارەی مەمالیکەکان ڕاگەیاندنی شەڕ بوو، هەربۆیە ڕاستەوخۆ دوای ئەم ڕووداوە هۆلاکۆ بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر مصر، لەولاشەوە (سیف الدین قطز) هێزەکانی ڕێکخستەوە و هەریەک لە (الملک المنصور) فەرمانڕەوای حەما و (الأفضل)ی برای بە سوپاکەیانەوە پەیوەندییان پێوە کردن، لەولاشەوە (کتبغا نوین)ی جێگری (هۆلاکۆ) لە شام سوپاکەی بەڕێکرد بەرەو مصر، کە هەریەکە لە (الاشرف موسی) و (الملک سعید کوڕی الملک عزیز کوڕی الملک العادل) فەرمانڕەوای (صبیبة) بە سوپاکانیانەوە لە گەڵ سوپای مەغۆل بوون[٢].

لەڕۆژی هەینی (٢٥ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥٨ک/١٢٦٠ز) لە ناوچەی (عین جالوت) هەردوو سوپا بەیەک گەیشتن، پاش شەڕێکی خوێناوی سوپای مەغۆلەکان بەخراپی تێکشان و (کتبغا نوین)ی سەرکردەی سوپاکەیان و لەهەمان کاتدا جێگری (هۆلاکۆ) بوو کوژرا و هەروەها کوڕێکیشی دەستگیرکرا وسوپاکەشیان پەرش و بڵاو بووەوە[٣] .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسکردنی ڕۆڵی (الاشرف موسی)یە لەم شەڕەدا، ئەگەر چی بەڕواڵەت لەگەڵ سوپای مەغۆلەکان بوو بەڵام هەمانکاتدا ڕۆڵی هەبوو لە شکستی سوپاکەشیان، چونکە وادیارە دڵی لای سوپای مصر و شام بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لە کاتی شەڕەکەدا

---

(١) سەرباز محەمەد:ڕەشەبای مەرگ، ل ل٣٤٥-٣٤٦.

(٢)ابي الفدا: المختصر، ج٣/ص٢٤٥ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون، ج٥/٤٢٤.

(٣)اليونيني : ذيل مراة، مج ١/ص٣٦١ ؛ ابي الفدا: المختصر ، ج٣/ص٢٤٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٥/ص٣٥٣ ؛ ابن خلدون : تاريخ ابن خلدون، ج٥.

یارمەتی سوپاس موسڵمانانی داوە، لێرەدا بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە باسی کەسایەتی (صارم ازبک)ی خزمەتکاری (الاشرف موسی) دەکەین، کە خۆی گێڕاویەتییەوە چەندین زانیاری گرنگی داوە بە (سیف الدین قطز) لە کاتی شەرەکەدا، (صارم) لە زۆربەی شەڕەکاندا هاوشانی (الاشرف موسی) بەشدار بووە، لەو کاتەی سوپای (سیف الدین قطز) بەڕێوەبوون بۆ (عین جالوت) چەند زانیارییەکی گرنگی ناردبوو بۆیان، لەوانە پێی وتبوون لەم کاتەدا سوپای مەغۆل زۆر بەهێز نین، چونکە بە هۆی مردنی براکەیەوە (هۆلاکۆ) گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، هەروەها بەشێکی زۆر لە سوپاکەشی لەگەڵ خۆی بردووە و (کتبغا نوین)ی کردووە بە جێگری خۆی، هەروەها ئەوەشی پێوتبوون بەشی لای چەپی سوپاکە لاوازترن و بۆیە ئێوە هەوڵ بدەن لەولایەوە زیارتر هێرش بکەن وئەوبەشەی سوپاکەتان زیاتر بەهێز بکەن، کە لەولایەوە هێرش دەکەن، لە هەمووشی گرنگتر پێی وتبوون، کە ئەو لەگەڵ (الاشرف موسی) لەگەڵ سوپای مەغۆلن و بەڵام لە کاتی شەڕەکەدا هەڵدێن و مەیدانەکەیان بۆ چۆڵ دەکەن، بەوەش ورەی سوپای مەغۆلەکان دەڕوخێنن[(١)].

بێگومان ئەمانە کۆمەڵێک زانیاری گرنگ بوون و هۆکارێکی سەرەکی شکستی مەغۆلەکان بوو، دەکرێت بوترێت ئەمە پیلانی نهێنی (الاشرف موسی) و (صارم) بووبێت بۆ شکست پێهێنانی مەغۆلەکان، هەروەها دەتوانین بڵێین (الاشرف موسی) خۆی (صارم)ی ڕاسپاردووە تا ئەم زانیارییانە بدات بە سوڵتان (سیف الدین قطز)، چونکە خۆیشی بەشێک بووە لە پیلانەکە بەوەی لەکاتی شەڕەکەدا مەیدانیان چۆڵ کردوە، هەروەها یەکێکی تر لەو خاڵانەی وامان لێدەکات بگەین بەو بڕوایە، هەڵسوێستی (سیف الدین قطز) بوو بەرامبەر بە (الاشرف موسی)، ڕاستەوخۆ دوای شەڕەکە (الاشرف موسی) پەیوەندی پیوە کرد، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرت وبە فرمانڕەوای حمص هێشتییەوە، کەچی ڕاستەوخۆ فرمانی کرد( الملک سعید کوڕی الملک عزیز) بکوژرێت[(٢)].

---

(١) الدواداري : كنز الدرر، ج٨/ص٥٧ ؛ سەرباز محەمەد: ڕەشەبای مەرگ، ل ل ٣٤٩-٣٥٠.

(٢)اليونيني : ذيل مراة، مج ١/ص٣٦٦ ؛ ابي الفدا: المختصر ، ج٣/ص٢٤٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٥/ص٣٥٣ .

## تەوەری پێنجەم: پەیوەندی لەگەڵ مەمالیکەکاندا:

پەیوەندی (الاشرف موسى) لەگەڵ مەمالیکەکان بە دیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی شەڕی (عين جالوت) و بەتایبەتیش دوای شکستی مەغۆلەکان لەو شەڕە، وەک باسمان کرد هەر لە کاتی شەڕەکەدا جۆرێک لە پەیوەندی و پیلان لە نێوان (الاشرف موسى) و (سيف الدين قطز) هەبووە ئەویش لە ڕێی (صارم ازبک)ی خزمەتکارییەوە، کە ئاڵوگۆڕی زانیاریەکانی دەکرد، هەروەها لە دوای شەڕەکە، کاتێک هەواڵی سەرکەوتنی مەمالیکەکان گەیشتە (الاشرف موسى)، کە لەو کاتەدا لە دیمەشق بوو ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە لای، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرت و حمص و ناوچەکانی تری کە بە دەستیەوە بوو دەسەڵاتی بەسەریانەوە هێشتەوە[١].

لەو کاتە بەدواوە وەک نوێنەری مەمالیکەکان لە حمص و ناوچەکانی دیکە فەرمانڕەوایی دەکرد وە پەیوەندییەکانی نێوانیشیان هەمیشە بەهێز بوو تاکو مردنی هیچ پێکدادانێک لە نێوانیاندا ڕوووینەدا، لە دوای مردنی سوڵتان (سيف الدين قطز)یش ئەم پەیوەندییانە درێژەیان هەبوو لەگەڵ سوڵتان (بيبرس)، پەیوەندییەکان پێیان ناوە قۆناغێکی نوێوە و زیاتر پتەو بوون، ئەویش دوای ئەوەی لە ساڵی (٦٥٩ک/١٢٦١ز) نوێنەری هەریەک لە (الملک منصور) فەرمانڕەوای حەما و (الاشرف موسى) فەرمانڕەوای حمص ڕۆشتن بۆ لای سوڵتان، ئەویش ڕێزێکی زۆر لێگرتن و دیارری و هێمای سوڵتانیەت و ئەسپی تایبەتی پێبەخشین و فرمانی کرد بەڕێزەوە بەڕێ بکرێن، لە هەمان کاتدا نیشانەی فەرمانڕەوایەتی بەسەر ئەو ناوچانەوە بە دەستیانەوە بوو پێبەخشین، جگە لەوەش چەند ناوچەیەکی تری بەخشی بە (الملک المنصور) و تل باشریشی بەخشی بە (الاشرف موسى) لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەوە (هەشتا هەزار) درهەم و جل و بەرگی تایبەتی بەدیاری بۆ ناردن[٢] .

هەر لەو ساڵەدا و دوای سەرکەوتنی (الاشرف موسى) و (الملک المنصور) بەسەر مەغۆلەکاندا لە شەڕی یەکەمی حمص ڕۆشتن بۆ دیمەشق، کە لەو کاتەدا کەسێک بەناوی (سنجر الحلبي) ناسراوە بە (سلطان الملک المجاهد) فەرمانڕەوای بوو جیابوونەوەی خۆی لە سوڵتان (بيبرس) ڕاگەیاندبوو، داوای لێکردن پشتگیری بکەن لە دژی سوڵتان (بيبرس)، بەڵام ئەوان نەچوونە ژێر باری ئەو داواکاریەو نەیانویست دڵی سوڵتان (بيبرس) لە خۆیان برەنجێنن، بۆ ئەو مەبەستەش سوڵتان لە مصرەوە بە سوپایەکەوە بەڕێکەوت ڕووبەڕووبوونەوەی (سنجر الحلبي) و لە (ڕۆژی١٣صفر)ی ئەو ساڵەدا گەیشتە دیمەشق، ئەویش لەشار بۆیان دەرچوو، بەڵام هەر یەکە

---

(١) اليونيني : ذيل مراة، مج ١/ص٣٦٦ ؛ ابن كثير : البداية والنهاية، ج١٥/ص٣٥٥ ؛ محمود ياسين أحمد التكريتي : الأيوبيون في شمال الشام والجزيرة ، ص٣١٥ .

